PDF4Kurd

# شاری دەستە و تاقمەکان

شارام قەوامی

PDF4Kurd


ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب:......شاری دەستە و تاقمەکان

نووسەر:......شارام قەوامی

بابەت:......شیکردنەوەی کتێبی شاری مۆسیقارە سپیەکان

ئاراستن و ئامادەکاری:......سنە، ئاری، ڤیان کامپیوتر

پیتچنین:......پەرەستوو ئەمینئاقایی

چاپ:......گلبرگ

لیتوگرافی:......پارسا

ئەژمار:......٦٠٠٠ بەرگ

شابک:......٩٨٧-٩٦٤-٠٤-٠٢٦٨-٩

ژمارەی فیپا:......م٨٥-٤٧٠٧٧

نـــــرخ:......٢٥٠٠

تمـــــــــــــــەن

PDF4Kurd

﴿مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر﴾

وەکو کتێبەکانی پێشترم بە بێ یارمەتی هیچ دەستە و لایەنێک لە چاپ دراوە.

PDF4Kurd

PDF4Kurd

ئەگەر چیرۆکە بەناوبانگەکەی ئاندرسێنتان نەخوێندبێتەوە، لانیکەم زۆربەتان ئەو چیرۆکەتان بیستووە و لەوانەیە لە دڵیشەوە چەپڵەتان بۆ ئەو منداڵە لێدابێت وا بەرەنگاری ڕای گشتی ئەبێتەوە کە تێکەڵێکە لە وەهم و فریو و ترس لە زۆڵ بوون. زۆڵ بوون ئەو زاراوە تۆقێنەرەیە مێژووی دەسەڵاتەکان بەرامبەرمانی ئەکەنەوە. ئەوەی وا بیر نەکاتەوە زۆڵە، ئەوەی نەیێتە نێو ئەم بازنەیەوە زۆڵە؛ ئەوەی تخووبەکانی ئەم جەغزە بشکێنێ زۆڵێکە شیاوی هەموو هەیترِ لێ کردنێ.

من لەم دەقەدا بەدوای سەلماندنی زۆڵ بوون یان زۆڵ نەبوونی خۆمەوە نیم؛ چۆن لام وایە بوونەوەری خاوەن زمان لە ئەساسدا زۆڵە. مرۆڤ بە زمان خەڵک ئەخلەتێنێ؛ بە زمان دەسەڵات پێک دێنێ؛ لە بڵێندگۆی زمانی دەستەوتاقمەکانەوە نەیاران بە داخی زۆڵ بوون دائەپلۆسێنێت؛ بۆیە لەگەڵ دیان پیانان بە زۆڵ بوونی خۆما قسەیێکی منالانەشم پێیە: ئەکرێ ئەو کراسە ئاورێشمینەی لە بەر پاشادا ئەیبینین لە ئەساسدا کراس نەبێ؟ دیارە پێناسەی کراس بۆ منالّ ئەوەیە لە تانوپۆیێک پێک هاتبێت و جەستەیێک داپۆشێنێ. هەر بەم مەنتیقە منالانەیەوە دانراوەیێکتان ئاراستە ئەکەم. ئاخۆ ئەگونجێ ئەم کتێبە ٦٢٥ لاپەڕەییەی بەختیار وا دەیان کۆڕی لە سەر گیراوە و دەیان وەزیر و گزیری ئەدەبیی سەرسام کردووە ڕۆمان نەبێ؟ بەپێ

PDF4Kurd



مەنتیقی منالآنەی مـن ئـەم دانراوەیـە هێنـدەی گریمانـەی نـەبوونی خـودا ڕەوایە. پاش ئەم گریمانەیە هەوڵ ئەدەم واز لـە بـڕیاری منالآنـە بێـنم و بـە زمانێ کە گەورەکانیش لێی تێبگەن، پێناسـەی خـۆم بـۆ ڕۆمـان ئاراسـتەتان بکەم.

وەک هەزاران جار وتراوە ڕۆمان دیاردەیێکی مودێڕنە (بـۆ خۆشـم بێـزم لەم قسەیە دێتەوە). مودێڕن بوون لای من ئامادەبوونی بەردەوام لـە شـوێنە تازەکاندا نییە؛ بەڵکوو ئەو هەنگاوانەیە بەرەو مەترسی و بڤەکان هەڵـیدێنین. ڕۆمان گەورەترین شـەقاوێکە هـەتا ئێـستای مێـژوو لـە زمانـدا ڕووی دابـێ. شەقاوێ کـە بـە یـەکجاری خـۆی لـە سـنوورەکانی حیکایـەت دەربـازکرد. سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان ئەگێڕمەوە بۆ یەکەم چرکەساتەکانی مـەرگی خۆدا لە خەڵوەتی نووسەراندا. جورج لـۆکـاچ لـە نەزەریـەی ڕۆمانـدا ئەڵـێ: «ڕۆمان حیماسەی جیهانی بێ خودایە.» ڕۆمان لەو کاتەوە سەرهەڵـئەدا کـە ئێمە لە خۆماندا بەدوای وڵامی پرسەکانی خۆمانـدا ئەگـەڕێن و ئـەو کاتـەش ئەبێ بە زمانی کۆمەڵگا وا خوێنەران لە دەقەدا بە دوای پرسیارەکانی خۆیاندا ئەگەڕێن، نەک لە خەیاڵی خوداکانی دەرەوەی دەقدا. ڕۆمـان ئەوکاتـە دێتـە ئافراندن وا دون کیشوت بە دوای پرسەکانی خۆیدا سەفەر ئەکات و ئێمـە لـە ڕێگای ئەم سەفەرەوە پرس و زرە پـرس، وڵام و زرە وڵامـەکانی ئـەم مرۆڤـە یاخییە ئەبینین.

یەکەم هەنگاوی دروست بوونی ڕۆمـان مرانـدنی خوداکـانی دەرەوەیـە؛ مراندنی ئەو زرە وڵامانەیە وا کێشەکانی دەقمان بۆ پاسـاو ئـەدەن. ڕاپـەڕینی مرۆڤ لە هەمبەر خودا و یاخی بوونی مرۆڤ لە وڵامە نـەگۆڕەکان لـە دایـک بوونی ڕۆمانی بەدواوە بووە. دیـارە کوشـتنی خـودا قەیرانێکـە و چـارەسـەر نەکردنی هەموو ئەو دەردانەی بە دواوە ئەبێ وا مرۆڤی ئەمرۆ گـیرۆدەیـەتی. مرۆڤ کە خودای لە خۆیدا کوشت، کە پتەوترین کۆڵەکەی مێژووی ڕووخاند،

PDF4Kurd



هەموو مێـژوو بـە سـەریدا هـەرەس دێنـێ. ڕۆمـان بـۆ چـارەسـەر کـردنی دەردەکانی، جارێکی‌تر پەنا ناباتەوە بەر خودا؛ لە بەر ئەوەی مەرجی دروست بوونی ڕۆمان تووڕدانە دەرەوەی خودایە لە نێو دەق. نووسەری خـودا مـردوو لە خۆیدا بە دوای وڵامەکاندا ئەگەڕێ، هەموو ئەو هێز و تەوژمەی تا بەر لـەوە بە هۆی خوداوە دەقیان ئەژیاند، ئەبێ فڕک بدرێت و هێزی لە بن نـەهاتووی مرۆڤ جێگای بگرێتەوە. ڕۆمان لای من هـیچ نییـە جگـە لـە هەوڵـدان بـۆ سازدانی ژیانی بێ خودا. هەوڵدانە بۆ سازدانی دەسەڵاتێ کە هەموو شـتێکی خۆی لە مرۆڤ وەرئەگرێ. وەرچەرخانی گێڕانەوە لە حیکایەتـەوە بـۆ ڕۆمـان تەنیا گۆڕانێکی ڕوخساری و جوانناسانە نییە؛ بەڵکوو ڕاپەڕینێکی مێژووییە بـە هەمان تایبەتمەندییەکانی ڕونیسانسەوە. ئەو نووسەرەی پاڵپشتی خودای لـە دەست دا، ئەبوایا پشت بە هەندێ کۆڵەکەی‌ترەوە ببەستێت و لـە سـەر ئـەم کۆڵەکەگەلە ژیانی خۆی بسازێنێ. ئەم کۆڵەکانە ئـەو تایبەتمەندیگـەلـەن وا ڕۆمان لە حیکایەت جیا ئەکەنـەوە. لێـرە بـە دواوە لـە ڕێگـەی دەسنیـشان کردنی ئـەو کۆڵـەکانەوە هـەوڵ ئـەدەین پێناسـەی ڕۆمـان لـەم دەقـە ٦٢٥ لاپەڕەییەی بەختیار بخەینە بەر باس.

## یەکەم کۆڵەکە: گەلاڵە (**plot**)

گەلاڵە گەورەترین جیاوازی داستان وحیکایەتە. ئەو شتەی داسـتان لـە حیکایەت و ڕۆمان لە حیکایەتی درێژ جیـا ئەکاتـەوە ئـەو زنجـیرە هۆکـار و بەرهۆییەیە گەلاڵەی پێ ئەوترێ. ڕۆمان ئەو کاتە لە حیکایەت جودا ئەبێتەوە کە لە سەر ئەساسی ئەم زنجیرەیە داڕێژرابێـت و ئەمـە دیـسانەوە بـە مانـای ئەوەیە دەق ببێت بە خاوەنی سیستەمێک لە وڵامەکان و بـە پێچەوانەشـەوە، وڵامە ڕاستەقینەکانی دەق ببن بە تان و پۆی فەزا و کەسێتی تێی‌بئاڵێن.

بۆ گەیشتن لە گەلاڵەی دەقەکەی بەختیار عەلی بـە هـەمان ئاراسـتەی

PDF4Kurd



خەتیی دەقەکەیدا ئەڕۆینە پێش و لە توانامەنـدی و لاوازییـەکانی گەلاڵـەی ورد ئەبینەوە.

سەرەتای ئەم کتێبە باسی چۆنیەتی دروست بوونی ئەم کتێبـە ئەکـەن. عەلی شەرەفیار کەسـێکە لـە دەرەوەی جیهـانی حیکایـەت و ڕاسـتەوخـۆ و ناڕاستەوخۆ هیچ کاریگەرییێکی لە سەر ژیانی کەسـێتییەکانـەوە نییـە. بۆیـە چۆنیەتی ژیان و تایبەتمەندییەکانی ئـەم نووسـەرە گریمانـەییـە ئەکەوێتـە دەرەوەی کەش‌وهەوای ناوەکی دەق و هیچ پێوەندیێکی بە گەلاڵـەوە نییـە؛ واتە ئەم بەشە پرۆلۆگ (بـەرایی) ێکـی پەتییـە و هـەمان تایبەتمەنـدی ئـەو پرۆلۆگانـەی هەیـە وا لـە سـەردەمی کـۆنی یۆنانـدا ئەکەوتـە پـێش سـیانە دراماییەکان (تریلۆژی). کە وابوو سەرەتای ڕاستەقینەی ئەم دەقە لـە دایـک بوونی جەلادەتی کۆترە و لێـرە بـەدواوە ئـەبێ بـە دوای گەلاڵـەدا بگـەڕین. سەرەتای ئەم دەقە لە ڕووی گەلاڵەوە بێ گرفتە؛ لەبەر ئـەوەی لـە ئەساسـدا گەلاڵە، بوونی نییە. ئەوەی کە کەسێ کەی لە دایک بێـت و کـەی دایـک و باوکی بمرێت و چەن برا و براژنی هەبێ، پرس هەڵـناگرێ. پرسـی یەکـەمی دەق لەو کاتەوە سەر هەڵدێنێ وا جەلادەت لە تەمـەنی هەشـت سـالاندا لـە دراوسـێیێکـی ماڵـیانەوە فلـووتێکی پـێ ئـەگات و دەسـبەجێ ئاهـەنگێکی سیحراوی لێ ئەدا. جەلادەت چلۆن فێری ئەم مۆسیقایە ئـەبێ؟ نووسـەر بـە دەیان شێوە ئەتوانێ وڵامی ئەم پرسیارە بداتـەوە؛ بـۆ وێنـە بـڵێ مـن حـەزم کردووە پاڵەوانی چیرۆکەکەم لە ئان‌وساتێکدا بکەم بـە مۆسـیقار، بـەڵام ئـەم وڵامە وڵامێکی فاشلە؛ لە بەر ئەوەی نووسەر لەم دەقـەدا دەسـەڵاتی وای بـە دەستەوە نییە. چونکـە لـە دەرەوەی ژیـانی کەسـەکاندا ڕاوەسـتاوە و تـەنیا ئەتوانێ بویژی گێڕانەوە بێت و مافی خودا•یـی مرانـدن و زینـدوو کردنـەوە، سەرخستن و سەروبن کردنی کەسـەکانی نییـە. وڵامێکـیتـری ئـەم پرسـە ئەوەیە بڵێن ڕەنگە جەلادەت مۆسیقاییێکی ئاسایی لێ دابێت، بەڵام خەڵکەکە

PDF4Kurd


لە چاو تەمەنی جەلادەت و بە پێ بۆچوونی خۆیان بۆ مۆسیقا هونەرەکەیان بەرز نرخاندبێ. ئەمە ولامێکی داستانی گونجاوە. هونەر چۆنیەتی‌یێکە و نرخی بە هیچ پێوەرێک دیاری ناکرێ. لەوانەیە مۆسیقای هایدن لای کوردێ توور نەهێنێ و شمشاڵ ژەندنی دەروێش عەبدولاییێک لای گۆران لە سەمفونیاکانی بتهۆڤێن سەرەنج ڕاکێشتر بێت؛ بەڵام گرفت لەوەدایە نووسەر ڕێبازێکی دیاریکراوی مۆسیقایی دەسنیشان ئەکات و کۆمەڵێ پێوەری بۆ دائەنێت و لە لایەن خۆی و دیکەی پاڵەوانەکانیشەوە شەرعیەت بەم پێوەرانە ئەبەخشێ. نووسەر هەر لە دووهەم لاپەڕەوە بە ناساندنی دوازدە مۆسیقازانی بە ناوبانگ ڕای خۆی سەبارەت بە مۆسیقا دەربڕیوە و بە پێوانەی بەرهەمەکانی ئەم بلیمەتانەی مۆسیقا و چەنەها کەسیتر کە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەی پێ ڕەش کردۆتەوە ئەپێوێ. نووسەر سەبارەت بە جەلادەتی دە دوازدە ساڵ تەمەن ئەڵێ «زۆربەی ئامێرەکان فێربوو، شەو و ڕۆژ لە تۆمارێکی بچووکەوە گوێی لە سۆناتاو سەمفونیاکانی دونیا دەگرت، بە بیستن دەیتوانی پەنجەی عازیفەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە، دەیتوانی هەموو مۆسیقارە گەورەکانی دونیا و ئاوازەکانیان لە دوورەوە بناسێتەوە». لێرەدا پرسەکە کێشەسازە و لانیکەم دوو پرسیاری‌تری بە دواوە ئەبێ. یەکەم: فێر بوونی مۆسیقاییێکی لە چەشنی کارەکانی هایدن و شوپێن، پێویستی بە سیحر و جادووی هیچ نووسەرێک نییە. ئەم مۆسیقایە دەرەنجامی مێژووییێک تەقالای زانستیی و جوانناسانەی کۆمەلایەتییە کە سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بەر لە قەرەجەکانی‌ترووبادور و تروڤێرەکان. کابراییێکی ڕۆژهەلاتی بۆ گەیشتن بەم مۆسیقایە ئەبێ ڕوانینی خۆی بۆ مۆسیقا بگۆڕێ. ئەبێ بیری خۆی لە چارەکەپەردە و بارودۆخی تاکیانەیی مۆسیقای ڕۆژهەلاتی دەرباز بکات و پاشان خۆی ئامادەی مەیدانێ بکات کە بێجگە زانست و تێکۆشان هیچ ڕێبازێ ناناسێت؛ دووڕێیانێ کە تەنیا یەکیان لە بەردەم فیزیک زانێکدایە.

PDF4Kurd


گرفتی دووهەمی ئەم ولامە ئەوەیە کە گریمانەی بە مۆسیقار بـوونی خێـرای جـەلادەت هـیچ ناگۆڕێـت. گریمـان واش بـێ؛ ئـەو ولاتـەی نووسـەر و کەسێتییەکان بە درێژایی حیکایەتەکە لێ ئەنالێنن و لە ڕاستیشدا هەر وایـە، کەی ئەتوانێ مۆسیقایێکی وا وەرگرێ. مرۆڤی ڕۆژهەلاتی بە گشتی و مرۆڤی کورد بە تایبەت کە مێشکیان بە مۆسیقای بەرتەسکی مەقامی ڕاهاتووە کـەی ئەتوانێ چێژ لە مۆسیقاکەی لودویک جەلادەت وەرگرێـت و پێـی ئەفـسوون بێت. کە وابوو یەکەم پرسیارێ کە گەلالە ئاراسـتەی دەقەکـەی ئـەکات بـێ ولام ئەمێنێتەوە؛ لە بەر ئەوەی نووسەر بە پێوەر کردنی موسیقایێک کە هـیچ ئاشنایەتییێکی لێ نییە، پرسی وا ئاراستەی دەقەکەی خۆی ئەکاتەوە بە هـیچ سیحر و ئەفسوونێکی درامایی ولام نادرێتـەوە. خوێنـەر لـە خـۆی ئـەپرسـێ ئەرێ کاکی شەرەفیار نانت نەبوو ئاوت نەبوو، ئەم هەموو ناوە زەبەلاحانەت بۆ هێناوەتە ناو ڕۆمانەکەتەوە؟ با لە باتی کوارتێتێکی ڤیڤالدی بە شمـشالەکەی دەروێـش عەبـدولا خەلـکت ئەفـسوون کردبـا و بـۆ خـۆت مـارت لـەکون دەربهێنایا. پرسی دووهەمێک کە گەلالە قامکی دەخاتە سەر ئەوە نییـە کـە چلۆن جەلادەت و دوو دۆستەکەی بە مۆسیقا خەلک چاک ئەکەنـەوە؛ گـوڵ ئەڕوێنن؛ یان تەنانەت بە یارمەتی ئەم مۆسیقایە بە سەر ئاودا هـەنگاو ئـەنێن. ئەمە پرسێکی نابەجێیە؛ ئێمە لە ولاتێکدا ئەژین نەک بە مۆسیقا بەلـکوو بـە هۆکاری خورافیانـە کـاری لـەمـە گـەورەتریش ئـەکرێ؛ ئیتـر مۆسـیقایێکی ئاسمانی شوێنی خۆی هەیە. پرسەکە لەوێدایە ئەم سێحری مۆسیقایە کە لـە شوێنێکدا ئاو ئەوەستێنێ، بە کامە مەنتیقی داستانی و بە پێ کامە هێـز یـان بیانووی داستانی لە شوێنێکی تـردا نـاخوات. ئـەم سـێ پالـەوانەی ڕۆمـان وا بێخەم بە سەر ئاودا ئەڕۆن، لە بەرچی کە ئەگەنە ئـەو زێـیەی لـە لێواریـدا ئەگیردرێن و بەرەو مردن ئەبنەوە، سیحریان پێ نامێنێ؟ دیارە لێرەدا من بـە دوای مەنتیقێکی داستانیەوەم نەک مەنتیقێکی واقیعی. مـەنتیقێک لانیکـەم

PDF4Kurd


وەک ئەو مەنتیقەی جوناتان سویفت لە سەفەرەکانی گالیوردا ئاراستەی ئەکات و پاڵەوانەکانی لە ڕێگەی خواردنی ئاوی کانیاوێکەوە بچووک ئەکاتەوە؛ یان مەنتیقی ساراماگۆ بۆ کوێر بوونی کەسەکانی ناو ڕۆمان لە ڕێگای دیتنەوە. نووسەر لەوێ ئەیتوانی پاڵەوانەکانی خۆی ترسنۆک پیشان بدات و هۆی والابوونی سیحرەکەیانی بگێڕاباياتەوە بۆ ئەم ترسەیان.(هەرچەن ئەمە مەترسی ئەوەی بە دواوە ئەبوو خوێنەر بڵێ پاساوەکەی وەک پاساوی ئەو دەروێشانە وایە وا ئەگەر گوللە بیانکوژێ یان شیر بیانبڕێ، هۆیەکەی ئەگێڕنەوە بۆ کۆمەڵێ خەوشی وەکوو لەش‌پیسی و ترس و شتی لەم بابەتە). دووهەمین پرسی گەلاڵەش بێ وڵام ئەمێنێتەوە، لە بەر ئەوەی بە پێی ئەو پلانەی نووسەری هەوەڵ و ئاخری دەق واتە بەختیار عەلی داڕشتووە پاڵەوانەکانی ئەبێ لە لێواری ئەو زێیەدا حوکمی کوشتنیان بدرێت و بۆ خۆشیان ڕازی بن. ئەم ڕازی بوونە بە مردنیش بۆ خۆی لاوازییێکی‌تری ئەم دەقەیە و بە بێ هیچ هۆکارێک لە دەقەکەدا ئەمێنێتەوە. لە لاپەڕەی ٥٥ دا باسی ئەوە ئەکرێت جەلادەت بە دڵ هەست بە مەترسی ئەکات و چەن جار لە ئیسحاق ئەپارێتەوە لە زێیەکە نەدەن و بگەڕێننەوە؛ کەچی ئەپەڕنەوە. کە ئەگیردرێنیش ئەزانن ئەگەر لە باتی مۆسیقار بە هەر شتێکی‌تر خۆیان بناسێنن دەرباز ئەبن؛ کەچی ئیسحاق بە وڵامەکەی خۆی مۆر بە حوکمی مردنی هەرسێکیاندا ئەنێت. هەتاکوو ئێرە بێ‌گرفتە؛ لەوانەیە ئیسحاق لە درێژەی سەفەرەکانیدا بیهەوێ بە ئەزموونی مەرگیشدا بیانپەڕێنێتەوە، بەڵام درێژدادڕی ئەم پاساوەش پووچەڵ ئەکاتەوە. لە لاپەڕەی٦٤دا تێ ئەگەین ئێسحاق هەوياییێکی زۆری بۆ مانەوە هەیە و بۆیە ناونیشانی قەبرستانێکیان پێ ئەڵێت تا هەرکامەیان زووتر دەرباز بێت بڕوات و لەوێ دارێک داچەقێنێت و ناونیشانی خۆی لە سەر بنووسێ. لە سەر هەمان زەمەنی ئاسایی ڕۆمان کە لە سەر هێڵێکی ڕاست ئەڕوات، ئەڕۆینە

PDF4Kurd



پێشەوە. جەلادەت و دۆستەکەی و مامۆستاکەیان حوکمی کوشتنیان ئەدرێتێ، کەچی هەمان کەسێ وا فەرمانی کوشتنیان دەرئەکات بۆ خۆی جەلادەت بە برینداری ئەخاتە سەرشان و بۆ نیجات دانی ملی بیابان ئەگرێتە بەر و ئەیگەینێتە لای دکتۆرێ لە شاری تەپوتۆزە زەردەکان.

لێرەشدا پرسیارێکی‌تر دێتە گۆڕێ، پرسیارێ کە گەلاڵە ئەبێ وڵامێکی گونجاوی بۆ ببێت.ئەم کابرایە کە بۆ خۆی یەکێ لە دڕندەترین پیاوکوژەکانی بەعسە بۆ واز لە کوشتنی جەلادەت دێنێت و تەنانەت خۆی ئەخاتە مەترسیی دەرباز کردنیشی؟ ئەم کابرایە لە منداڵیا بەردەوام کۆمەڵێ سەگی هاری بە دواوەیە و دەلالەتە بۆ ویستەناو (غەریزە) ی دڕندەیی. ماوەییێکی دوور لەو سەگە دڕانە هەڵدێ؛ کەچی دواتر تێ ئەگات ئەم سەگانە بە خواستی ئەو ئەجووڵێن. ئێمە لێرەدا یەکەمین حەڵقەی بۆچوونی ناتورالیستی واتە تەواروس ئەبینین. بە ماناییێکی‌تر جۆرێ لە دڕندەیی لە ناخی سامیری بابلیدا هەیە. نووسەر لە درێژەدا حەڵقەی دووهەمی مەنتیقە ناتورالیستیەکەشی ئەخاتە پاڵ ئەو کورە کە ئەویش کاریگەری شوێنەوارە لە سەر کەسێتی. سامێری بابلی کە بۆ خۆی بە شێوەیێکی خوڕسک ئامادەیی دڕندە بوونی تیایە، هێزە نەرێنییەکانی شوێنەوار واتە ئەو کارەساتانەی لە ژیانیدا ڕووئەدەن و لە هەموویان بەرجەستەتر، مەرگی باوک و زۆربەی براکانی بە دەستی خەڵکی کورد(ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ) نفرەتێکی لە ڕادەبەدەر لە مرۆڤی کوردی تیا ئەچێنن؛ دواتریش لە کولیژی سەربازیدا ڕەوتی بە دڕندە بوونی درێژەی ئەبێ (ل ١٧٤) کەچی هەر ئەم مرۆڤە دڕەندەیە کە دەرەنجامی بارودۆخێکی ناتورالیستییە بە هۆی هۆکارێکی نازانستیانەوە ژیانی ئاوەژوو ئەبێتەوە، هۆکارێ کە ناتوانێ هیچ هێزێکی پێچەوانە دژ بەو ڕەوتەی دڕندە بوونی تیا چاندووە بێنێتە ئاراوە. شەوێک سامیر وەک هەمیشە لەگەڵ دەستەکەیدا پەلاماری شار ئەدەن و دەنگی مۆسیقاییێکی

PDF4Kurd


ئاسمانی دێتەگوێی. ئەم مۆسیقایە لە فلووتێکەوە دێت و بە یـەکجاری ژێـر و ژووری ئەکات. ئەم هۆکارە هەر چەن لە چەشنی ئەو هێزەی نییـە وا ئـەویان کردۆتە دڕەندە، یان بەواتاییکیتر دژەدانراوە(ئانتی تێز) یک نییە لـە هەمبـەر ئەو دانراوە ناتورالیستییەی بوونەوەرێکی دڕەندەیان لێ سازداوە و بۆیە بە پێ مەنتیقی دژوازانە ناتوانێ داهاتە (سەنتێز)ی لە بنەڕەتەوە گۆڕانی سامێری بـە دواوە بـێ، بـەڵام هـەر چۆنێـک بێـت ئەمـەش مەنتیقێکـە و مـەنتیقێکی داستانیشە. نووسەر وا گریمانەی کردووە سیحری مۆسیقاییێک بتوانێ مرۆڤـێ ژێـر و ژوورکـات و لـە ڕاستیـشدا گریمانـەیێکی ڕەوایـە؛ بـەڵام ئـەم مرۆڤـە دڕەندەیە کە لە هەمبەر ئەم مۆسـیقارە وەهـا دەستەوەسـتان ئـەبێت واز لـە زمانی گوللە و شەڕ ئـەهێنێت و گـوێ لـە قـسەکانی ئـەگرێت (ل١٨١و١٨٢) ئەبوایا بە هۆی ئەم هێزە متافیزیکییەوە نەختێ لـە دڕەندەییـدا پاشەکـشەی کردبـا، کـەچی ئـەمجارەوە کـە هـەمان مۆسـیقای سـیحراوی لـە فلـووتی مۆسیقارێکی ترەوە ئەبیستێ دڵی نەرمتر نابێتەوە هیچ، بەڵـکوو ئەیداتـە بـەر گوللەش و هەتا ئەمرێ سەیری ئەکات؛کەچی لە کاتی مردنـدا لـە ناکـاو ڕای ئەگۆڕدرێت و ئەیهەوێ دەربازی بکات (ل١٨٦) پاش ئەم شـەوەش دیـسانەوە سامیری بابلی بۆ چەند ساڵێکیتر درێژە بە کردەوەکانی خۆی ئەدات؛ کەچی لــەو شــەوەی بــڕیار ئــەدات جــەلادەت و دۆســتانی بکوژێــت، مۆســیقا ئاسمانییەکەی جەلادەت وەها کاری تێئەکات پاشگەز ئەبێتەوە لە کوشـتنی و ڕاسپاردەی چەن ساڵ لەوەوپێشی فلووتژەنەکەی دێتەوە یاد و تەرمەکـەی ئەخاتە سەرشان و بە بیاباندا دەربازی ئەکات. ئەمەی ئاخر عـەیبی نییـە؛ لـە بەر ئەوەی هەر چۆنێک بێت مەنتیقێکی داستانییە و کاریگەری خۆیـشی لـە سەر سامێری بابلیدا ئەبێت و بە یەکجاری ئەیگۆڕێ. پرسیار ئەمەیـە نووسـەر کە سەبەبی وا ئاسان و بێ قەرقەشەی لە بـەر دەسـت بێـت بـۆ ئـەبێ خـۆی تووشی سەر ئێشە بکات؟! دڕنـدەترین مرۆڤـیش لـە هەمبـەر دەسـەڵاتێکی

PDF4Kurd



ئاسمانیدا لاوازە و لە چرکەساتێکدا ئەگونجێ ببێ بە پەپوولە و ئیتر پێویست ناکات بە چەند قۆناغدا بیپەڕێنیتەوە و دەقەکەت تووشی دژوازی بکەیت و لە چەن شوێندا گەلالە هەڵوەشێنیتەوە. گرفتە هەرەگرنگەکانی گەلالە لێرە بەولاوە دەست پێ ئەکات. جەلادەت لە شاری تەپوتۆزە زەردەکاندا ناچار ئەبێت واز لە مۆسیقار بوونی خۆی بێنێت و مۆسیقا لە بیر خۆی بەرێتەوە. خوێنەر لە خۆی ئەپرسێ لە بەرچی؟ کەسێک کە گەورەترین هەویای مۆسیقایە و لە هەشت سالانەوە، واتە دە ساڵ لە ژیانی تەرخانکردووە بۆ مۆسیقا و فلووتێکی وا ئاسمانی ئەژەنێ جەلاد ئەکاتە پەپوولە، چلۆن ڕازی ئەبێ واز لە مۆسیقا بێنێ؟ ولامێک کە دەق بە ئێمەی ئەداتەوە خەمی نانە. جەلادەت بۆ ئەوەی بژیت ناچارە واز لە مۆسیقا بێنێ. بۆ ناچارە؟ ئایا ناتوانێ ئەو شارە بە جێ بێڵێت و لە شوێنێکیتری ئەم جیهانە مۆسیقای خۆی لێ بدات؟ بە پێ دەق جەلادەت ناتوانێ لەو شارە دەرکەوێ؛ لەبەر ئەوەی شاری تەپوتۆزە زەردەکان شارێکە لە چەشنی شارەکەی ناو ڕۆمانی ولاتی کۆتاییەکانی پول ئێستر (پول ئێستر یەکێ لەو کەسە بێ ئەژمارانەیە ناوی لەم دەقە دا هاتووە). شارێکە دەرباز بوون لێ نامومکینە. وەک چلۆن لەوێ ئانابلوم و دیکەی کەسێتییەکان هیچ دەرەتانێکیان بۆ دەرباز بوون لەو شارە نییە، لێرەشدا جەلادەت ڕوبەڕووی دۆخێکی وەها بووەتەوە. لەوێ ئەم چارە هەڵنەگرییە بە پێ مەنتیقێکی زۆر بە هێزی داستانییەوەیە (داستانی نەک واقیعی، چۆنکە لەوێش شار و کەش وهەواکەی خەیاڵییە)؛ بەلام لێرە بۆ وایە؟ بۆ جەلادەت ناتوانێ لەم شارە دەرباز بێت؟ ولامی دەق پاش زۆرێ قسەی کەم ناوەرۆک کە هیچ هۆکارێکی داستانی نانوێنن، وەکوو سەراب بوونی ئەم شارە و ئاوێنە لە ئاوێنە دووپات بوونی، ئەوەیە کە ئەم شارە گەمارۆ دراوە و جەلادەتی بێ پێناسە و بە تایبەت بەو برینانەی بە لەشیەوەیە تووشی گرفت ئەبێت و ئەگیردرێت و ئەمجارە خوداش نایهێنێتەوە. جا باشە

PDF4Kurd



ئەی سیحرەکانی نووسەر لەکوێیە؟ لە ڕێگای ئاسمانیشەوە نەبێ، لە ڕێگای دالیا و دکتۆر بابەکەوە ناتوانێ پێناسەیێکی دەسکردی بۆ بکات و بە بەلەدێ بینێرێتەوە بۆ کوردستان؟ نووسەر بە زۆر ئەیهەوێ وا پیشان بدات جەلادەت لەبەر هەندێ هۆکاری خۆرافی ناتوانێ بڕواتەوە؛ کەچی پێویستی بە هیچ کامە لەم بیانوانە نییە. جەلادەت لەو شارە ئەمێنێتەوە لە بەر ئەوەی لە کوردستاندا شوێنێکی نییە بۆی بڕواتەوە؛ کەچی لەم شارەدا دوو دۆستی باشی دۆزیوەتەوە. بێکەسی لە کوردستان و دوو دۆستەکەی ئێرەی بە تایبەت دالیا کە عاشقیەتی، سەبەبێکی باشە بۆ ڕاگیر بوونی لەم شارەدا. هەتاکەی؟ هەتا ئەو کاتەی ناچار ئەبێ مۆسیقارەکەی هەناوی خۆی بکوژێ. کام لەم سێ هۆکارە ئەتوانن ناچاری بکەن لە هەمبەر چارەنووسێکی وەها کوشەندەدا کۆڵ بدات؟ لەوانەیە بڵێین تەنیا هۆکاری سێهەم واتە هێزی لە ڕادەبەدەری عەشقی ئاسمانی ئەو بۆ دالیا ئەتوانێ لەوێ ڕایگرێ؛ بەڵام نە، ئەو عەشقە ئەو هێزە لە بن نەهاتووەی تێدا نییە؛ ئەگینا پاش تەواو بوونی شەڕ نەیدەتوانی دالیا بە جێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. کە وابوو جەلادەت بۆ ئەبێ لەو شارەدا بمێنێتەوە و لەبەر نان مۆسیقارەکەی دەروونی خۆی بکوژێ؟ ئەگەر نووسەر نەختێ شارەزاتر ببوایا ڕەنگە بیتوانیایا پاساوێکی گونجاو بۆ ناچار بوونی جەلادەت لەمەڕ مانەوە لەو شارەدا پەیدا بکات؛ بەڵام ئەمەش هیچی نەئەگۆڕی. گریمان جەلادەت لە بەر خەمی نان ناچار بێ خۆی فێری مۆسیقایێکی نزم بکات. ئەی ئەرک و بەرپرسایەتی دۆستە باشەکانی چی لێ دێ. دکتۆر مووسای بابەک کە هەموو ژیانی خۆی تەرخانی پاراستنی جوانی کردووە و گوێشی لە فلووتە سیحراوییەکەی ئەو گرتووە چلۆن ڕازی ئەبێ ئەو هونەرە جاویدانە بە بەر چاویەوە بکوژرێت؟ لە کاتێکدا بۆ پاراستنی تابلۆییێک ئەڕواتە گێژاوی هەزاران مەترسییەوە. ئایا ناتوانێ هەمان کارێ وا دواتر بۆ دالیای ئەکات بۆ ئەوی بکات و بیباتە لای

PDF4Kurd


خۆی با ناچار نەبێ مۆسیقارەکەی ناو خۆی بکوژێت؟ با لێگەڕین جەلادەت ناچار بێ مۆسیقا لە بیر خۆی بەرێتەوە؛ بەڵام چۆن دەتوانێ مۆسیقا لە بیر خۆی بەرێتەوە؟ نووسەر زۆر بە ئاسانی ئەیتوانی جەلادەت دوعا خۆر بکات و مۆسیقای لە بیر بەرێتەوە. لە وڵاتێکدا کە کەس پرسیاری هیچ ناکات ئەمە باشترین سەبەبە. گرفت لەوێدایە نووسەر نایەوێ بە فانتازیا و سیحر و جادووکاری وا بکات، بەڵکوو دەست ئەکاتە تەنکەی باخەڵی و ڕێکارێکی مۆسیقازانانەش پێشنیار ئەدات و لە ڕێگەیێکی زانستییەوە ئەیهەوێ مۆسیقا لە بیر جەلادەت بباتەوە و پێنج شەش پێشنیاری زانستیش ئاراستە ئەکات. نووسەر لەو پەڕی بێ ئاگایی لە مۆسیقا پێشنیاری وا ئەدات هیچ کوڵکە خوێنەرێکیش بۆی پێوە ناکات. خوێنەر ئەپرسێ کاکی برا هەموو ئەو وانەگەلەی تۆ باسی ئەکەی، وەک قەرەباڵغی، دەنگی تەنەکە و کەڵەشێر و زڕەی کەر و گوێگرتن لە مۆسیقای لاواز و هتد بەشێکە لە ژیانی ئاسایی خەڵکی ئەم سەردەمە؛ وەک چۆن خوێندنەوەی کتێبێ بێ سەروبەر بەشێکە لە واقیعیەتەکانی ژیانی ئەمڕۆی ئێمە. فەنێکی ساکاری وەک مەلەش لە بیر ناکرێ؛ چلۆن هونەرێکی زانستیی و قووڵێ وەک مۆسیقا بە شێوەیێکی زانستی وەها نازانستیانە لە بیر ئەکرێ. خوێنەر حەقیەتی بپرسێ کاکی نووسەر گەر شانی تۆ ئەوە هەڵناگرێ وەک دیکەی بەشەکانی کتێبەکەت سەبەب و هۆکاری خورافی و متافیزیکی بهێنیتەوە، با بە دکتۆر مووسای بابەکت بگوتبا دەستێوەردانێکی ئەو بەشە لە مێشکی جەلادەت وا پێوەندە بە بیر کردنەوە و هەستەوە بکات و نەهێڵێ گەلالەی نووسراوەکەی وەها تووشی کەلێن ببێتەوە. با زۆری پێوە نەچین. جەلادەتی بەستەزمان مۆسیقارەکەی ناو خۆی ئەکوژێت و هەتا کۆتایی شەڕی دووهەم بۆ وەدەستهێنانی نان مۆسیقای نزم ئەژەنێت. پاش کۆتایی شەڕ ئەکەوێتە کەڵکەڵەی دەر چوون لەو شارە؛ بۆیە تکا ئەخاتە بەر دالیا تا پێکەوە لەو شارە

PDF4Kurd



بڕۆن. پاش تێپەڕ بوونی پێنج ڕۆژ لە کۆتایی شەڕ دالیا بە هۆی دۆخی نالەباری جەستەیی جەلادەتەوە یان ڕاپەڕینی جەماوەر لە باشوور یان هەر هۆکارێکیتر دڵی خۆی ڕازی ئەکات لەگەڵ جەلادەت لەو شارە دەرکەون و پاش ماوەیێک لە ترسی هێرشی گاردی کۆماری کە سامیری بابلی لە مەترسییەکانی ئاگاداریان ئەکاتەوە ئەگەڕێنەوە بۆ شاری تەپوتۆزە زەردەکان؛ بەڵام جەلادەت پاش ماوەیێک لە ژیان لەو شارە بێ تاقەت ئەبێت و بڕیاری ڕۆیشتن ئەدات. دیسانەوە پرسیار زەق ئەبێتەوە. جەلادەت بۆ ئەیهەوێ بڕوات؟ لە دەرەوە یان لە ناوەوە چ گۆڕانێ ڕوویداوە وا جەلادەت بە مەراقەوە لەو شارە دەرئەکەوێ؟ جەلادەت هێشتاکە لە کوردستاندا بێکەسە و ئاشنایەتییێکی سەر پێیی لەگەڵ جەلیلی بارانیش ناتوانی شتێک لەم بێکەسییە کەم بکاتەوە.کە وابوو لە کوردستاندا هێزێ نییە ڕایبکێشێ یان ئەگەریش هەبووبێت دەق ئاماژەی بۆ نەداوە. لە شاری تەپوتۆزە زەردەکانیشدا شتێ نەگۆڕاوە. جەلادەت زۆرتر لە جاران عاشقی دالیا سراجەدینە؛ بە تایبەت پاش ئەوەی تێ ئەگا خۆشەویستەکەی دالیا مردووە و ئەم لەگەڵ دالیا بە تەنیا ماوەتەوە. ئەی باشە بۆ ئەڕوا؟ لە دەقدا چەن وڵامێ بەدی ئەکرێ؛ وەکوو ئەوەی شەڕ ئەکێشرێتە ناو شاری تەپوتۆزە زەردەکان و جەلادەت ئەگەر خۆیشی ترسنۆک نەبێت، لانیکەم دەروونی بە توندوتیژییەکانی شەڕ دێتە ژان و توانای دیتنی ئاسەوارەکانی شەڕی نییە. دیسانەوە زەنجیرەیێک لە پرسیار دێتە گۆڕێ. ئەو شارە ئاوێنەییەی تێکەڵێکە لە وەهم و خەیاڵ و تراویلکە و لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عێراقدا ئاوەدان بووگە و پاش کۆتایی شەڕ تەنیا ئاسەواری ئاشتی بە سەریدا بچووک بوونەوە و چۆڵ بوونی بووگە و لەگەڵ شەڕی کەنداودا دیسانەوە گەشە ئەستێنێ و بەردەوامیش لە شەڕ سوود ئەبینێ بە پێ کام هۆکاری داستانی گیرۆدەی شەڕ ئەبێ؟ چاو خشانێک بە دەقدا دەر ئەخات بۆ

PDF4Kurd



کێشرانی شەڕ بۆ ئەم شارە چ لە واقیعی زەمەنمەندی دەرەوە کە زۆر جار بە وەسواسەوە چاوی لێ ئەکرێت و چ لە واقیعی داستانیدا تەنانەت پاساوێکی ڕووکەشیش ئاراستە نەکراوە؛ بە مانایێکی‌تر لە باتی ئەوەی هۆکارێکی داستانی بۆ کێشرانی شەڕ بۆ ئەم شارە لە ئارادا بێ، ئەم شەڕە بووگە بە پاساوی نارێکییەکانی گەلاڵە. پاساوێکی‌تر کە دەق بۆ دەرچوونی جەلادەت لەو شارە ئەیهێنێتەوە هاندانی دکتۆر مووسای بابەک و دالیا سراجەدینە. ئەمان داوای لێ ئەکەن تابلۆیێک و فایلی خۆشەویستەکەی دالیا لەگەڵ خۆی بەرێتەوە بۆ کوردستان و لە فەوتان دەربازی کات. جا مەگەر ئەم دوو ڕاسپاردەیە ئەوەندە گرنگە کە جەلادەت ناچار بکات خۆشەویستەکەی خۆی بەجێ بێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ شارێ کە خۆی دەزانێ ڕۆژە ڕەشەکان چاوەڕوانی ئەکەن. ئایا ئەو دوو ڕاسپاردەیە گرنگترن لە مۆسیقارەکەی هەناوی خۆی کە لە بەر ئەوەی نەیدەتوانی لەو شارە دەرکەوێ پێشتر کوشتبووی؟! دواتر باسی نرخی هونەری ئەو فایل و تابلۆیە ئەکەین؛ بۆیە بڕیاردان لە سەر ئەم ئاڵقەی گەلاڵەیە دائەنین بۆ هەمان شوێن. جەلادەت لەگەڵ سامیری بابلی شاری تەپوتۆزە زەردەکان بە جێ دێڵن و بە سواری دوو ئەسپی سپی خورافی سپی ئەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. بە ڕاستی ئەمە سەبەبێکی داستانییە. دوو ئەسپ لە غەیبەوە دەر ئەکەون و ئەمان سواری ئەبن و دەوری دونیایان پێ ئەدەنەوە. بە بێ سەرئێشە و قەرقەشە؛ با ئەم تابلۆیە زۆر کۆنیش بێت و لە یۆنانی باستانەوە هەتا ئەمڕۆ لە دەیان حیکایەتدا هاتبێ. جەلادەت و سامیر ئەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. لەوێ هەندێ ڕووداوی سەیر و سەمەر ڕوو ئەدات کە پێوەندییێکی بە گەلاڵەوە نییە و ناکرێ بێ وڵام مانەوەیان وەک خەسارێ لە گەلاڵە دەسنیشان بکەین. لەوانە چوونە ئاسمانی چادرەکان و پەیدا بوونی پۆلێ کۆترە بە سەر سەری جەلادەتەوە. ئەمانە بەشێکن لە فانتازیاکانی نووسەر و لە بەشێکی تردا

PDF4Kurd


ئەخرێنە بەر باس؛ بەلام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەم تابلۆ و ڕووداوانە پێوەندییێکیان بە گەلالەوە نییە؛ بەڵام ئاشکرا بوونی هەندێ ڕووداویتر و دەرکەوتنی هەندێ کەسێتی لەم بەشەدا ڕاستەوخۆ زیان لە گەلالە، ڕیتم و بالانسی دەق ئەدەن؛ لەوانە دەرکەوتن و ون بوونی چەن جارەی مستەفای شەونم. ئەم گەمە کلێشەییە لەگەڵ ئەوەی بێ هیچ هۆکارێکی داستانی دووپات ئەبێتەوە، ئاڵقەیێکیتر لە ئاڵقەکانی گەلالەش ئەپچڕێنێ. ئەم بەشە لە دەق ئەخرێتە سەر تەپۆڵکەی ئەو بەشە ئێجگار زۆرانەی لابردنیان نەک هەر هیچ خەسارێ بەجێ ناهێڵێ، بەڵکو بە قازانجی هاوسەنگی(بالانس)، ڕەزم(ڕیتم)، خاڵبژار(فراکتووس)، کەسێتی دارشتن و دیکەی فاکتەرەکانی بنیادنەری پێکهاتەی ڕۆمانە و دواتر لە بەشەکانی خۆیدا ئەخرێنە بەر باس؛ بەڵام لێرەدا مەبەست کارێگەری نەرێنی دەرکەوتنی مستەفای شەونم و هەندێ کەسیتر لە سەر گەلالە. بە پێی دەق گرنگترین کەڵکەڵەی جەلادەت لە کوردستاندا سازدانی دادگاییێکی عادیلانەیە بۆ سزادان یان لێبوردن لە سامیری بابلی. دادگاییێک کە دادوەرەکانی ئەو کەسانە بن وا ڕاستەوخۆ ئازاری گرانیان لە سامیری بابلی بینیوە. ئەوەی کە ئایا حوکمی ئەم دادگایە عادیلانەیە یان نە، بەشێکە لە مەنتیقی دەق و پێوەندی بە گەلالەوە نییە، بەمانایێکیتر مافی نووسەرە چۆن لە عیدالەت بڕوانێ؛ بەلام ڕووداوەکانی پاش ئەوە ئاڵقەیێکی پشت گوێ خراویتری گەلالەیە. پاش ئەوەی دادگا حوکمی کوشتن بە سەر گومانلێکراودا ئەسەپێنێ، جەلادەت بە پلانی شاناز سەلیم ئەخرێتە زیندان و دوو ساڵی ڕەبەق لە لایەن حیزبە جۆراوجۆرەکانەوە ئەشکەنجە ئەدرێت و لە ئاکامدا تەنیا لە ترسی ئەوەی بمرێت و بەڵگەکان بۆ هەتا هەتایە بفەوتێ (هەرچەن ئەزانێتیش لەگەڵ درکاندنی شوێنی بەڵگەکان ئەکوژرێ)، ڕازەکەی ئەدرکێنێت و وەک پێشبێنی ئەکات ئەکوژرێ. لێرەدا دیسانەوە چەن پرسیار سەرهەڵئەدا.

PDF4Kurd



جەلادەت بەر لـە دادگاکـەش نـەک هـەر پـێش‌بـینی کارەسـاتەکانی پـاش دادگایی‌یەکە ئەکات، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لە ڕێگای شاناز سەلیمەوە هەڕەشەی لێ ئەکرێ. جەلادەت لەم ماوە دوور و درێـژەدا بـۆ بەڵـگەکان یـان لانیکـەم کۆپییێک لەم بەڵگانە نادات‌ە دۆسـتە جـوان پەرەسـتەکانی خـۆی (مـستەفای شەونم، شارۆخی شارۆخ، جەلیلی باران، موحەمەدی فیردووسـی یـان یـەکێ لەو دوازدە کەسەی بەشداری دادگاکەی ئەکەن) کە ئەگەر وای بکردایا ناچـار نەئەبوو پاش دوو ساڵ خۆڕاگری لـە ژێـر ئەشـکەنجە و ئـازار، چـی ڕسـتووە بیکاتەوە خوری و چارەنووسی ئـەو بەڵـگە گرنگانـە بـۆ هـەتا هەتایـە بخاتـە دەستی نەیارانی حەقیقـەت. پرسـیاری‌تـریش ئەوەیـە ئایـا بـە ڕاسـتی لـەو سەردەمەدا کە کورد تازە خەریکە ئەبێ بە دەسەڵات و حیزبـەکان هێـشتاکە نانەلەمی خەڵکن، پێویست ئەکات جەلادەت بکـوژن؟ ئەگـەر ئـەبێ بکـوژرێ هۆکارە داستانی و واقیعیەکانی کامەن؟ مەگەر ئەوە نییە ئەو حیزبانـەی لـەو کاتە و ئێستاش بە خوێنی یەکتر تینوون بە سروتڕی یەکتریان زانیوە و هـەر دوو لا لە ڕێگای شاناز سەلیمەوە ئاگاداری ناوەرۆکی بەڵگەکانن؟! دەی باشـە کە حیزبێک حیزبە نەیارەکەی ئاگاداری ڕازەکەی بێت ئیتر لـە درکـانی کـام ڕاز ئەترسێ؟ لەوانەیە وەک لە دەقدا باس کراوە هۆی کوشتنی بگەڕێتەوە بـۆ ئەو سەرسەختیە چاوەڕوان نـەکراوەی جـەلادەت. ترسـابێتن ئەگـەر بـەرەلا بکرێ هەموو شتێ بۆ هەموو کەس بگێڕێتەوە؛ بەلام جـەلادەتی بەسـتەزمان چی هەیە حیزبەکان لە ئاشکرا بوونی بترسـن. ئـەوە نییـە هەنـدێ بەڵـگەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لایە و زۆر خایینانە (لە چاوی حیزب و زۆرینەی خەڵـک کە چاویان لە دەمی حیزبەکانەوە بووە) وەک بەعسییێکی دەمارگرژ لە بەرەی کوردستانی ئەشـارێتەوە؟ بـە مانـاییێکی‌تـر کـوژرانی جـەلادەت بـە دەسـتی حیزبێکی ئەو سەردەمە و لە بەر بیانوویێکی وا و لە بارودۆخێکدا کـە حیـزبی دژ، ئاگـاداری حـاڵ و ڕۆژیـەتی ئەگـەر نەڵـێین کردەوەیێکـی دوورەدەسـتە

PDF4Kurd



لانیکەم بە هیچ سەبەبێکی داستانی پشت ئەستوور نییە. لێرە بە دواوە گەلاڵە گرفتێکی نییە؛ لەبەر ئەوەی جیهان، جیهانی حیکایەت و حیماسەیە و لە ئاوەها جیهانێکی سۆفیانەدا گەلاڵە بوونی نییە و خودا پاساوی هەموو شتێکە. دیارە مەبەست دەقاودەق ئەو خودایە نییە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باسی کراوە، بەڵکوو هەر هێزێکە لە دەرەوەی گریمانەکانی نووسەردا بێت. واتە مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە گریمانەی تەوەرەی نائاسایی وەک زیندوو بوونەوەی مردوو گونجاو نییە. بە پێچەوانەوە گەورەیی هەندێ ڕۆمان بە هۆی گریمانە نائاساییەکانیەوە بووگە؛ بۆ وێنە سەیری ڕۆمانەکانی پێدروپارامۆ، ئاغای سەرۆک کۆمار و بە تایبەت کار لە کار ترازای ژان پول سارتر بکەن. لەو شاکارەی سارتردا پاڵەوانی ڕۆمان کە خەباتگێڕێکە لە ڕێپێوانێکی یاساییدا ئەکوژرێت و ئەڕواتە نێو جیهانی مردووکانەوە. لەوێ حەسرەتی ڕۆژەکانی جارانی ئەخوات؛ حەسرەتی ئەو دڵدارییانەی ئەیتوانی چێژی لێ ببینیایا و نەیبینی. لە جیهانی مردووەکاندا خواست و ویستەناوەکانی ژیان لە بەرچاویەوە شیرین ئەبن. لەم کاتەدا خەبەری ئەدەنێ مەلەفەکەی بۆ جارێکیتر خوێندراوەتەوە و سەرلەنوێ ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ جیهانی زیندووەکان؛ بە مەرجێ بەر لە سەعاتێکی دیاریکراو کە هەمان کاتێکە وا تیایدا کوژراوە لەگەڵ دڵدارەکەی دەستەملان بێت. قارەمان ئەو مەرجە بەگاڵتە وەر ئەگرێ (جا مەرجی لەمە خۆشترو ئاسانتر) هەرکە ئەڕواتەوە بۆ ناو جیهانی زیندووەکان، دڵدارەکەی ئەبینێتەوە. دڵدارەکەی ئەیهەوێ لەگەڵی دەستەملان بێت، بەڵام ئەم پەلەیەتی خۆی بگەیێنێتە هاوڕێیە خەباتگێڕەکانی و پیان بڵێ ڕژێم ئیجازەی ڕێپێوانی پووچەڵ کردۆتەوە و ئەیهەوێ بە توندترین شێوە ڕێپێوانەکە سەرکوت بکات. قارەمان چەن هەوڵ ئەدات هاوڕێکانی نەک هەر باوەڕ بە حەقیقەتەکەی ناکەن، بەڵکوو بە ترسنۆک و خایین و خۆفرۆشی دائەنێن. قارەمان کە ئەزانێ

PDF4Kurd



تەنیا ماوەیێکی کورتی بەدەستەوەیە و ئەگەر ماچی دڵدارەکەی نەکاتەوە بـۆ هەمیـشە ئـەمرێ، هەوڵـەکانی تیژتـر ئەکاتـەوە و لـە ئاکامـدا بـەرەو لای دڵدارەکەی ئەبێتەوە، کەچی شەهوەتی ڕێپێوانەکە ئەیکێشێتەوە سەر شـەقام و لە هەمان شوێنی پێشوو و لـە هـەمان کـاتی دیـاریکراودا ئـەکوژرێت. ئـەو شاکارەی سارتر بە بـێ پەیـڕەوکردنی هـیچ مـەنتیقێکی ڕیـاڵ گەلاڵـەیێکی وەهای بۆ داڕێژراوە، بچووکترین پرسیاری بـێ وڵامـی نەهێـشتۆتەوە؛ لەبـەر ئـەوەی هـەموو شـتێک بـە سـتراوەتەوە بـە گریمانـە دیـالکتیکی‌یـەکانی نووسەرەوە. لەوێ ئێمە جیهانێکی بـێ خـودا ئـەبینین، بـەڵام لـەم دەقـەی بەختیار عەلیدا نووسەر نەیویێراوە لە دەقەکەی خۆی بە خاوەن دەرکـەوێت و پاساوی شتەکانی داناوە بۆ هێز و پاساوە دەرکی‌یـەکان. کـۆی قـسەمان لـەم بەشەدا ئەوەیە کە لەم دەقـەدا گەلاڵـە (plot) بـوونی نییـە و جیهـانی دەق هەمان جیهانی پرس هەڵنەگری حیکایەتە.

## دووهەم کۆڵەکە: کەسێتی

لەگەڵ وەرچەرخانی ئەندێشەی خوداناوەنـد بـەرەو ئەندیـشەی مـرۆڤ ناوەند، بۆچوونی مرۆڤیش تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی هات و کاردانەوەی ئـەم گۆڕانە بە خێرایی لە ئەدەبی تـازە «ڕۆمـان»دا خـۆی نوانـد. کـە مـرۆڤ لـە خوداکان ڕزگاری بوو، کە تاک لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی یاسـاکانی ئـەو خودایانەی دەسەڵاتە مەزهەبییەکانی سەردەمی کویلـەداری و دەربەگایـەتی دایاننابوو دەربازی بوو، پێناسەی مرۆڤیش لە ئەدەبـدا گـۆڕا. ئـەو مرۆڤـەی وا هەتا دوێنێ هیچ نەبوو جگە لە گوێڕایەڵی بەرەی خودا و ئەهریمەن و هـەموو کردەوەکـانی ئەڕۆیـشتە خانـەی خواسـتەکانی ئـەو دوو بەرەیـەوە، بـوو بـە نوێنەری خواست و دڵەڕاوکێ‌یەکانی خۆی. مرۆڤی نوێ لە بـاتی ئـەوەی بـە ئاراستە دیاریکراوەکانی خەیر و شەڕدا بڕوات، دون کیشوت ئاسا کەوتـە دوای

PDF4Kurd


پرسیار و ویستەژینەکانی خۆی. سەرهەڵدانی ڕۆمان هاوکاتە لەگەڵ مرۆڤی خاوەن هەڵوێست. ئاوەها مرۆڤێک خۆی بە خاوەنی هەموو پرسیارەکانی جیهان ئەزانێت و لە بەرجەوەندی پێویستی و خواستەکانی خۆیەوە لە جیهان و خوداش ئەڕوانێ. مرۆڤی پاش حیماسە و حیکایەتەکان ئەگەر خوداشی تووڕ نەدابێتە دەرەوە لە ژیان، لانیکەم لە شوێنێکدا دایناوە ژینکاتی لێ تێک نەدات و ڕێگای ئەزموونەکانی لێ نەگرێت. ئەم ئەزموونە تازانە هەمان تایبەتمەندییەکانی کەسێتی‌یەکانی ناو ڕۆمانن. لە جیهانی حیکایەت و حیماسەدا تاکە پێناسەی مرۆڤ خۆ بەستنەوە بوو بە بەرەی شەڕ و خێرەوە؛ تەنیا ئاراستەکانیش هەر ئەمانە بوون. مرۆڤ بۆی هەبوو قارەمان بێت و بە ئاراستەی یاساکانی خێردا بڕوات یان فریوی بەرەی شەڕ بخوات و خۆی ترۆ کات یان لە پەراوێزدا بوەستێت و حەقی هیچی نەبێ. بە مانا ڕۆحانی‌یەکەی، مرۆڤی سەردەمی حیماسەکان یان قارەمان بوون یان دژەقارەمان و پێناسەی ئەم قارەمانیەتییەی دەسکەوتەکانی بوو لە سەنگەری خێرو شەڕدا. پێوەرەکانی قارەمانەتی ئێستا زۆر گۆڕاون؛ وەک چۆن مانای قارەمانیش کرۆکی خۆی دوڕاندووە و ئێستا ئیدی مدالیایێک نییە بوونەوەرەکانی ناو دەق لە ملی خۆیانی هەڵواسن. بە واتایێکی تر لە ڕێڕەوێکی مێژوییدا کە ڕەهەندی گۆڕانی مرۆڤی کویلەیە بۆ مرۆڤی خوردچووی سەردەمی سەرمایەداری و ئیمپریالیسم، لە باری زناگناسییەوە، زناگی قارەمان ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی تووش هاتووە و ئێستە ئیتر دالێکە ئەمانباتەوە سەر مەدلوولێ بە ناوی مرۆڤ بە هەموو لاوازی و خواستە بەرتەسکەکانیەوە. ماڵئاوایی قارەمان لە دەق، ڕێگای بۆ دروس بوونی کەسێتی خۆش کرد. ئەم بوونەوەرە نوێیە لەگەڵ ئەوەی کۆڵەکەیێکی حاشا هەڵنەگری ڕۆمانە، زۆرترین نزیکایەتی هەبووە لەگەڵ مرۆڤدا لە سەرەتای ئەدەبەوە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ. کەسێتی‌یەکانی ناو ڕۆمان لە سەردەمی دون

PDF4Kurd



کیشۆتەوە بە درێژایی هەموو قۆناغە بگۆڕەکانی پاش ڕۆشنگەری، زیاترین ئاماژەیان داوەتە ئینسان و قووڵترین کەتەنەکانی هەست و نەستیان هەڵداوەتەوە و لە ڕێگای سێ فاکتەری کاری درامایی، ڕیتم و شێوە دەنگی تایبەتەوە، خۆماڵیانەترین خەڵوەتەکانی بۆ سازداوین. ئێمەش لێرەدا لە دەروازەی ئەم سێ فاکتەرەوە ئەڕۆینە نێو دەقی شاری مۆسیقارە سپی‌یەکانەوە.

کاری درامایی: مەبەست لە هەڵبژاردنی وشەی کار ئەوەیە هاوکات کردار و پەچەکرداریش لە خۆی بگرێتەوە. هەرچەن کار لە چیرۆکدا هەمان فورمولی ئەساسی $w = f\cos\theta \times d$ واتە ئاراستەی هێز زەربی جێ بە جێ بوون پەیرەو ئەکات؛ بەڵام واتای کار لە زماندا بە گشتی و لە ڕۆماندا بە تایبەت پانتاییێکی فراوانتر ئەگرێتەوە... کار لە ڕۆماندا زیاتر لەوەی جێ بە جێ بوونی پاژ و کەسێتی و فەزا مادیی‌یەکان بە هۆی هێزێکەوە بێت، کاریگەری ئەم کارەیە لە سەر گەلالە. واتە ڕادەی کار لە ڕۆماندا ئەو جێبەجێ بوون و بزاڤەیە لە گەلالەدا ڕوو ئەدات. بەم پێیە کار ئەتوانێ تەنیا کاری فیزیکی نەبێت، بەڵکو کردەوەی زمانی و تەنانەت ڕووداویش بگرێتەوە. لێرەدا جۆرەکانی کار ئەخەینە بەرباس.

یەکەم: کاری فیزیکی

لە ڕۆمانی هەژارانی ویکتۆر هوگۆدا ژان واڵ ژان لە کاتێکدا کە بەرپرسی شارەوانییە ئەڕواتە ژێر کالیسکەیێک و پیاوێ دەرباز ئەکات. ئەمە کارێکی ئاساییە لە ئاراستەی خوار بۆ بان. لە سەر ئەساسی فورمولی $W=-mgh$

w= کار

g= هێزی ڕاکێشانی زەوی

h = بەرزایی

m= گرانشیا (جێرم)

PDF4Kurd



ئەم کارەی ژان واڵ ژان کارێکی نائاساییە؛ بەڵام گرنگی دراماییی ئەم کارە بە هۆی ڕادەی فیزیکی کارەکەوە نییە؛ بەڵکوو بە هۆی ئەو کاریگەرییەیە کە ئەم کارە لە سەر گەلاڵەی ڕۆمان دایئەنێ. بەم کارە پشکێنەر ژاڤێر لێ ئەکەوێتە گومانەوە و تێئەگا بەرپرسی شارەوانی هەمان دزی هەڵاتوو ژان واڵ ژانە و بەم چەشنە جووڵانەوەیێکی گەورە لە گەلاڵەدا ڕوو ئەدات .

دووهەم: کار وەک دژەکردەوەی فیزیکی

هەر لە هەمان ڕۆماندا و بەر لەو زەمەنە ژان واڵ ژان کردەوەیێکی داستانی ئەنجام ئەدات و مۆمدانە زیوەکانی کلێسە ئەدزێت. پۆلیس ئەیگرێت و لەگەڵ مۆمدانەکاندا ئەیبەنەوە بۆ کلێسە. قەشەکە بەرامبەر کردارەکەی ژان واڵ ژان پەچەکردارێکی دراماییی ئەنجام ئەدات و بە پۆلیسەکان ئەڵێ من خۆم ئەم مۆمدانە زیوانەم پێ داوە. ئەم پەچەکردارە کە لە ڕاستیدا دژەدانراوەی لێبوردن و بەخشینە دژ بە دانراوەی دزی، داهاتە (سەنتێزی) گۆڕانی بنەڕەتی ژان واڵ ژانی بە دواوە ئەبێت و گەلاڵە تووشی هەژانێکی بنەڕەتی ئەکات.

سێهەم: کار وەک ڕوانینی جیاواز

لە ڕۆمانی بەبادا چووی مارگرێت میچێلدا، کاتێ لە نێوان باکوور و باشووردا شەڕ هەڵئەگرسێت، لە ڕوانگەی هەموو دانیشتوانی ناو ئاهەنگێکی گەورە کە پشت بە مێژووی ئازایەتی و جوامێری باشوورەوە ئەبەستن، ئەم بەرەیە بە بەرەی براوە مەزەندە ئەکرێ. سێر باتلێر بە پێچەوانەی هەموو دانیشتووان، بەرەی باشوور بە دۆڕاوی شەڕ پێش‌بینی ئەکات. ئەم ڕوانینە واقیعیە گرنگترین خاڵی کەسێتی سێرباتلێرە و زۆرترین کاریگەری هەیە لە سەر ژیانی قارەمانی یەکەمی ڕۆمان (ئێسکارلێت) و گەلاڵەی ڕۆمان.

PDF4Kurd



چوارەم: کار وەک کردەوەی خۆرسک یان بەرکاربوونی کەسێتی لە هەمبەر هێزەکانی دەرەوە

لە ڕۆمانی باباگۆریودا یەکێ لە جوانترین جۆرەکانی ئەم جۆرە کردەوەیە ئەبینین. بابا گۆریو سیمبولی باوکێکی لەخۆبردووە. بۆ بەختەوەری دووکچەکەی هەموو فیداکارییێکی کردووە. زۆربەی سامانی خۆی ئەخاتە تەک کچەکانی و بەشێکی بچووکی ئەهێڵێتەوە بۆ ساڵەکانی دواتری ژیان؛ کەچی نەک هەر ئەو پاشکەوتەش بەرەبەرە ئەداتە کچەکانی تا لە ماڵی شوودا مل کز نەبن و لە ئاهەنگە بورژواییەکاندا لە ناوی بەرن، بەڵکوو تەنانەت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی سەرشۆڕی کچەکانی نەک بە ناوی باوک، بەڵکوو وەک خزمەتکار سەردانی کچەکانی ئەکات. لە یەکێ لەو ئاهەنگە بورژواییانەدا خەبەر بە یەکێ لە کچەکانی ئەدەن باوکی مردووە. کچ قوڵپی گریان دایئەگرێت و فرمێسک بە چاویدا دێتەخوار؛ کەچی دەسبەجێ بیری ئەکەوێتەوە مکیاجەکەی خراپ ئەبێت و ئەیسڕێتەوە. ئەم کردەوە لە ناکاوە نەک هەر کاکڵەی ڕۆمانەکەیە، بەڵکوو گەورەترین زەبرێکە مێژووی ئەدەب لە بورژوازی دابێت.

پێنجەم:کار وەک ڕووداو

لە کۆتایی ڕۆمانی سالامبۆدا کچی پاشا لەگەڵ مێردەکەی، شادومان لە مەرگی گەورەترین دوژمنی خۆیان سالامبۆ پێکەکانیان هەڵئەدەن، کەچی لەم کاتەدا کچی پاشا دیق ئەکات و ئەمرێ. ئەم ڕووداوە تەنیا ڕووداو نییە؛ بەڵکوو کردەوەی ناڕاستەوخۆی خۆکوژی کچی پاشایە. کاریگەری ئەم کارە دراماتیکە وەهایە ناچارمان ئەکات جارێکیتر لە سەرەتاوە بە ڕۆمانەکەدا بینەوە و ئەمجارە لە ڕوانگەی عەشقی کچەپاشاوە لە هەموو ئەو کردەوانەی کچی پاشا بڕوانین کە ئەبێتە هۆی بەر تەعەدا کەوتنی خۆی لە لایەن سالامبۆ و دزرانی ئالای بەخت بە دەستی کچەپاشا و لە ئاکامدا مەرگی

PDF4Kurd


سالامبۆ.

شەشەم: کاری زمانی

زۆر جار کارە مەزەنەکانی کەسێتی یەکان بە زمان ئەکرێت. وەک قسە لەڕواڵەتدا شێواوەکانی شازدە لە ڕۆمانی ساویلکەی داستایوفسکی کە توکمەترین کارەکانی ئەو کەسێتی‌یەیە، یان بەردەوام ناهومێدی دەربڕینەکانی گلام لە سەفەرەکانی گالیوردا. نموونەی بەرچاوتر قسەکانی ولادێمیر و ئێستراگونە لە درامای لە چاوەڕوانی گۆدۆدا. هەموو کارێ کە ئەو شاکارەی لێ کەوتۆتەوە تەنیا و تەنیا ئەم قسانەیە.

حەوتەم: کار وەک فانتازیا

نموونەیێکی باش بۆ ئەم جۆرە کارە کۆژانەوەی ئاگری شاری لی لی‌پووتە بە میزی گالیور. هیچ کردەوەیێکی ناو ئەو ڕۆمانە هێندەی ئەم کارە کەسێتی گالیور و مەنتیقی ڕۆمانمان بۆ دەرناخات . نموونەیێکی‌تری لەم بابەتە ئەو تووتکگەلەن وا بەرازی سەرۆک لە قەلای ئاژەڵەکاندا بە دزییەوە گەورەیان دەکات و دەیانکاتە سەگی بەرژەوەندییەکانی خۆی.

هەشتەم: کار وەک نەویان

نەویان وشەیێکی ئەردەلانییە و لە شێوەزارەکانی‌تری کوردیدا وشەیێکی هاومانایێم نەدۆزیوەتەوە. مانای نەویان هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کارێکە بە بێ ڕچاوکردنی دەرەنجامەکەی. لە ڕاستیدا ئەم وشەیە باس لە قۆناغێ بەر لە سەرکەوتن یا سەرنەکەوتن لە ئەنجامدانی کار ئەکات. بۆ وێنە ئەڵێن (نەوی لە کوچکەکەو هەڵیوڕی) یان (نەوی لە کوچکەکەو پشتی هاتە ئێش) یان (نەویگیە لە چت قورس، پەوچکێ منالەکە لە باری چووگە) یان (نانەوێ لە چتێ بۆی هەڵبگیرگێ). لە ڕۆمانی قەموورەی نوتردامدا کە جەلادەت فیلمەکەی بینیوە، هەولی کازیمۆدۆ بۆ ڕزگار کردنی کچە قەرەج هەوڵێکی بە تەواوەتی فەشەلە و هەمان ئەو تێکۆشانەی کازیمۆدۆ بۆ

PDF4Kurd



ڕزگارکردنی کچەقەرەج ئەبێتە هۆی کوژرانی کچ. ئەگەرکازیمۆدۆ وەها بە کەلەڕەقییەوە بەرەنگاری دۆستەکانی کچە قەرەج نەبوایاتەوە، بە دەستی ئەو دۆستانەی (دز و گداکان) دەرباز ئەبوو. واتە هەوڵ و تەقالای کازیمۆدۆ بۆ دەرباز کردنی کچە قەرەج ئەبێتە هۆی کوژرانی؛ کەچی ئەم تەقالا کوێرانە و دەمارگرژانەیە، گەورەترین کاری درامایی ئەو دەقەیە و زیاتر لە هەر شتێکی‌تر خۆشەویستی کازیمۆدۆ ئەسەلمێنێت و باوەرکردنی دوایین تابلۆی ڕۆمانەکە ئاسان ئەکاتەوە.

تیشک خستنە سەر جۆرەکانی کاری درامایی دەسەلمێنێ کار لە ناو دەقدا پێناسە ئەکرێت و هەڵئەسەنگێندرێت. گرنگی سڕینەوەی فرمێسک تەنیا لە گشتێتی ڕۆمانی بابا گۆریودا دەرئەکەوێت و لە دەرەوەی ئەم دەقەدا هیچ بایەخێکی نییە. پێشتر وتمان کار لە ڕۆماندا خۆی ئەبێ بە هێزێک کە جێبەجێ بوونی دیکەی فاکتەرەکانی بە دواوە ئەبێ؛ بەڵام وەک لە فیزیادا باسی لێ ئەکرێت، کاریگەری ئەم هێزە گرێدراوی دەیان فاکتەری تری وەک ئاراستە، لێژایی، هێزە بەرگرەکان، فەزا و هتدە. بەر لەوەی لە دەروازەی کاری دراماییەوە کتێبەکەی بەختیار عەلی هەڵبسەنگێنین کارێکی ئاڵۆزکاوی درامایی لە ڕۆمانی خۆشەویستی ساڵەکانی سیوەڕۆی مارکێز ئەخەینە بەر باس. لە سەرەتاکانی ئەم ڕۆمانەدا فلورنتینیو ئاریزا پاش پەنجا ساڵ چاوەڕوانی لە ڕۆژی پرسەی مێردەکەی فرمێنیا دازادا پێشنیاری خۆشەویستی پێ ئەدات. کارەکەی سەرەتا زۆر بێ شەرمانە ئەنوێنێ. دەرەنجامی دەسبەجێی ئەم کارە تووڕە بوون و هەڵچوونی فرمێنیا دازایە (هیوا دارم تاماوم چاوم بە ناوچاوت نەکەوێتەوە) لێرەدا وا هەست ئەکەین فلورنتینیو ئاریزا لە خراپترین کاتدا پێشنیارەکەی ئاراستە کردووە. بە واتا فیزیکییەکەی، هێزی جووڵێنەر لەخراپترین شوێنەوە، لە خراپترین فەزادا ئاراستە کراوە و تووڕە بوونی دەسبەجێی فرمێنیا دازا کاردانەوەیێکی پڕ

PDF4Kurd



پێستە بە کردەوەکەی فلورنتینیو؛چونکە بە پێ یاسای سێهەمی نیوتۆن لە بەرامبەر هەر کردەوەیێکدا دژەکردەوەیێک هەیە بە هەمان ڕادە و لە ئاراستەی پێچەوانەدا؛ کەچی شەو کە ژنە ئەڕواتە ناو نوێن لە باتی ئەوەی مەرگی شووەکەی بیر کەوێتەوە، بیر پێشنیارەکەی دۆستی پەنجا ساڵ لەوە بەری ئەکەوێتەوە. لێرەوە تێ‌ئەگەین پێشنیارەکەی ئەمڕۆی پیاو لە ڕاستیدا دژەدانراوەیێ بووگە بەرامبەر بە دانراوەکەی پەنجا ساڵ لەوەو پێشی کچ (حەز ناکەم جارێکی تر بتبینمەوە) و داهاتەی ئەمە ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خۆشەویستییێکی هەتا هەتایی. کە بە وردی لەو ڕۆمانەی مارکێز ورد ببینەوە تێ‌ئەگەین هەموو فەزای ڕۆمان، هەموو کردەوە جنسییەکانی فلورنتینیو و خەوتن لەگەڵ ئەو هەموو ژنە بێ ئەژمارانە و زگورت مانەوەی هەتا ئەوکاتە لە لایێک و تەجرەبەی پەنجا ساڵ ژیانی بورژواییانەی فرمێنیا دازا لەگەڵ مێردە ناودارەکەی و پەی بردن بە کردەوە جنسیە ناشەرعییەکانی مێردەکەی و سەر هەڵگرتنی و... هەتا کاتی مەرگی شووەکەی، بەستێن و بارودۆخێکی گونجاویان سازداوە و نزیکیان کردۆتەوە لە خاڵی وەرچەرخان و هێزێکی بە گوڕی ئەوێ بۆ ئەوەی لە هەورازی ئەم دیوەوە ئاو دیوی سەرولێژی ئەو دیو بێت. هێزی ئەو پێشنیارەی پیاو کە بەرهەمهاتووی تەجرەبەی ناسینی لەشی سەدان ژنە، وەها لە سەر فرمێنیا کاریگەر ئەبێ، ئێوارە هەتا شەو هەورازەکەی پێ ئەبڕێت و شەو بەر لە خەوتن لە خاڵی وەرچەرخانەوە سەرەوخوار ئەبێتەوە بۆ ناو عەشقەکەی پەنجا ساڵی لەوەوبەری. کۆی باسەکە ئەوەیە کاری دراماییی تایبەتمەندییێکی دوو لایەنەیە. لە لاییێکەوە یەکێ لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کەسێتی‌یە، لە لاییێکی‌تریشەوە بۆ خۆی ڕەگی لە مێژووی کەسێتی و دەقدایە. وەک چۆن بۆ ناسینی هەر مرۆڤێ ئەبێ سەرەتا ئەو مێژووەی تیایا لە دایک بووگە بناسین و ئانجا مێژووی ژیانی خۆی وەک تاک کە بریتیە لە ساڵەکانی تەمەنی بناسین، بۆ ناسینی

PDF4Kurd



کەسێتیش ئەبێ مێژووییێکی دەقمان لە بەردەست بێت و پاشان لە ڕێگەی ئەم مێژووە گشتییەوە ئاگاداری مێژووی کەسێتی بین و لەم ڕێگەیەوە ئەو کارانەی وا کەسێتی پێ دیاری ئەکرێ دەسنیشان بکەین و بوون و ئەبێتی یەکانی بناسینەوە. بوون بە مانای واقیعی کەسێتی یە لە هەر ساتەوەختێکدا و ئەبێتی ئەوکەسەیە وا کەسێتی ئاواتی ئەخوازێت و وا بە دوایەوە. سەرەنج دان لە کارە داستانییەکان ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە هەموو جۆرەکانی کاری درامایی لە خاڵێکدا یەک ئەگرنەوە کە جۆرج لوکاچ بە تایبەتمەندی مرۆڤی خاوەن کێشە ناوی لێ ئەبات. کێشەی ژان واڵ ژان لەگەڵ کۆمەڵگا ئەوەیە کە سەرەڕای هێز و باهۆ ناتوانێ چارەیێک بۆ برسیەتی خۆی بدۆزێتەوە و بۆ پارووییێک نان ناچار ئەبێ دزی بکات (ئەمە ڕووداوێکی واقیعی ئەو سەردەمە بووگە و ویکتور هوگۆ کردویەتییە هەوێنی دارشتنی ڕۆمانەکەی). کێشەی کەسێتی یەکەی باڵزاک لەگەڵ کۆمەڵگای بورژواییدا ئەوەیە بۆ ڕاگرتنی قورسایی خۆی لەو کۆمەڵگایەدا ناچارە دژ بە هەستەکانی خۆی ڕابوەستێت و فرمێسکەکانی خۆی بخواتەوە. کچی پاشاش لە ڕۆمانی سالامبۆدا مرۆڤێکی خاوەن کێشەیە و بێ دەنگی گرتن بەرامبەر بە خۆشەویستیی سالامبۆ لە دەروونەوە ئەیکوژێت. کێشەی گالیوریش کێشەیێکی گرنگە. گالیور لە ناو کۆمەڵگایێکدا ئەژیت کە سەرەڕای ئەو دەسەڵاتەی بە سەریدا هەیەتی، کەچی ناتوانێ کێشەکانی خۆی بۆ وێنە کێشەی جینسی خۆی تیا چارەسەر بکات و میز کردن بە شارەکەدا ئەکرێ ئاماژەیێک بێت بۆ جیاوازی ئاستی ویستەناوەکانی ئەو و کومەڵگای لی‌لی‌پوت. بە وردبوونەوە لە هەموو ڕۆمانەکان، بۆمان دەرئەکەوێ ترسەکەی لوسین گولدمەن لەو جێگایەی باس لە مرۆڤی خاوەن کێشەی ڕۆمان ئەکات بێ مانایە و خاوەن کێشە بوون خاڵی هاوبەشی کەسێتی یەکانی ناو ڕۆمانەکانە، نەک زۆربەی ڕۆمانەکان و ئەو مرۆڤەی لە جیهانی ڕۆماندا بژیت و خاوەن کێشە نەبێ، وەک داستایۆڤسکی

PDF4Kurd


لە ڕۆمانی ساویلکەدا باسی ئەکات تیپە نەک کەسێتی. بەم پێشەکییەوە ئەڕۆینە سەر کەسەکانی ناو دەقەکەی بەختیار عەلی.

چاو خشانێکی خێرا بە سەر ئەم دەقەدا، کۆمەڵێ مرۆڤی خاوەن کێشەمان بەر چاو ئەخات کە هەر هەموو لە بەرەی جوانیدا جێ ئەگرن. کێشەی ئەم کەسانە کە ڕیزێکی دوور و درێژن (ئیسحاقی لیوزێڕین، جەلادەت، سەرهەنگ قاسم، شارۆخی شارۆخ، مووسای بابەک، جەلیلی باران، موحەمەدی فێردوسی، جەمیلی پروشە و..). لەگەڵ کۆمەڵگا، ڕوانینی جیاوازە بۆ جوانی و هونەر. ئەم دەقە دیان بەوەدا ئەنێ کە کۆمەڵگا بە دوای جوانیدا ئەگەڕێ؛ بەڵام گرفتی ئەم کەسانە ئەوەیە بڕوایان بەو پێناسە و پێودانگانەی وا کۆمەڵگا لە ڕێگەیەوە جوانی ئەنرخێنێ نییە. ئەم بەرەیە بە دوای هونەر و جوانییکەوەن جیاواز لەو هونەرە نزمەی کۆمەڵگا پەسەندی ئەکات. ئەمە نەک هەر کێشەیێکی دراماییە، بەڵکوو کێشەیێکی هەبووناسانەیە بە درێژایی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی. پێناسەی جوانی و دزێوی لە کۆنترین کێشەکانی مرۆڤ بووگە لە سەردەمی ئەشکەوتەکانەوە هەتا ئەمڕۆ؛ بەڵام ئایا ئەم کێشەیە تا چەن کێشەی ڕاستەقینەی کەسەکانی ناو ئەم دەقەی بەختیار عەلییە و بۆ چارەسەرکردنی کاری دراماییی بۆ ئەکرێ، جێگای تێڕامانە. وەک لە باسی گەلالەدا وتمان لە سەرەتای ڕۆماندا مانیفێستی ئەم بەرەیە بۆ جوانی لە مۆسیقادا ئەبینین. ئەم بەرەیە لە هەمبەر مۆسیقای نزمی باوی کۆمەڵگا ئەوەستێت و بە دوای مۆسیقاییکەوەیە کە وێنەکەی لە موزارتدا ئەبینێتەوە. لێرەدا کێشەکە زۆر قووڵتر ئەبێتەوە. کەسێ بە مانا موزارتییەکەی مۆسیقایێکی ئاسمانی بژەنێت و لە ناو سیستەمێکی جوانناسیدا کە موزارت و بتهوڤێن و هایدن نوێنەرایەتی ئەکەن مۆسیقاییێکی وەها لێ بدات ئاو بوەستێنێت و نەخۆش چاک کاتەوە، بێ شک کێشەیێکی ئێجگار قووڵی لەگەڵ مۆسیقای تەک دەنگ و تاکڕووبەری

PDF4Kurd


ڕۆژهەلاتی بەگشتی و کوردی بەتایبەت ئەبێت؛ بەلام خوێنەر لە خۆی ئەپرسێ ئەم کێشەیە لە کوێوە سەری هەڵداوە؛ لە کەسێتی کەسەکانەوە یان لە گریمانەی نووسەر. ڕۆمان چ ژانرێکی ئەبێ گرنگ نییە.گرنگ ئەوەیە ئەم کێشەیە کێشەی ڕاستەقینەی کەسێتی بێت. جەلادەت لە کوێوە فێری ئەم مۆسیقایە بووە؟ ئەوەی کە فلووتێ دەست بخەیت و تەرکیزی لە سەر بکەیت و بە هەموو سۆزەوە بیژەنی ئەتوانێ دەرەنجامەکەی مۆسیقاییکی ئاسمانی بێت بە مانا سۆفییانە و ڕۆژهەلاتییەکەی؛ بەلام بێشک ناتوانێ مۆسیقاییک بێت لە ناو سیستەمی مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژ ئاوادا جێگە بگرێ. لە بەر ئەوەی ئەم مۆسیقایە دەرەنجامی ئاراستەییکی زانستییە لە خوداوە بەرە و مرۆڤ. قۆناغ دوای قۆناغ شکاندنی باوەڕە چەسپاوەکانی مۆسیقای کلێسەیی گریگوریەنە. بازدان بە سەر کۆرالی تەک دەنگی ئانتی فونال و ڕێس پون سوریاڵ، گەییشتن بە دوئیسمی ئورگانوم و مۆسیقای دژخوازی موتێت، سەربەخۆیی کونترپوانی قۆناغی گواستنەوە، هاتنە ئارای بەشە هاوچەشنە چوارینەکان و چوار چێوە دانان بۆ ڕیتم لە سەردەمی بووژانەوە، تەنیا ئاڵ و گۆڕگەلێک نین لە جوانناسی مرۆڤدا ڕووی دابێ. ئەگەر باخ پاش ئەم سەردەمە بە یەکجاری دەسبەرداری گامی فیساغوورسی ئەبێت و گامە خەملێوەکان دیاری ئەکات و پاش ئەو ڕیز لە توخمە سەرەکییەکانی مۆسیقا ئەگیردرێت و ڕستە و موهمانە بەینابەینییەکان کورت ئەکرێنەوە و دینامیسمە تازەکان دێنە گۆڕێ و داکۆکی ئەکرێتە سەر پێوەندییە ڕوخسارییەکان، مەبەست تەنیا دابڕان لە مودە کلیساییەکان نییە (زۆرێک لەو مۆسیقاناسە گەورانە خاوەنی بەرهەمی کلێسەیین) بەڵکوو ڕووتکرونەوەی مۆسیقایە لە ساحەتی میتافیزیک و چوونە نێو ساحەتی فیزیک و دنیای واقیع. بە واتاییکی تر تایبەتمەندی ئەو قۆناغەی بەختیار وەک پێودانگی مۆسیقا ناوی لێ دێنێ ڕێک پێچەوانەی ئەو شتەیە لە دەقەکەیدا ئەیبینین.

PDF4Kurd


مۆسیقای سەردەمی موزارت و هایدن و بتهۆڤێن، مۆسیقای زەوینە نەک ئاسمان؛ مۆسیقای ئەندێشەیە نەک هەستی سۆفیانە. مۆسیقاییێکە چەندە هەست ئەبزوێنێ، چەند قاتی هزر ئەجوولێنێ. ئەم مۆسیقایە نەک هەر ناتوانێ نەخۆشی کورد چاک کاتەوە؛ بەڵکوو لەوانەیە مرۆڤی ڕاهاتوو بە مۆسیقای مەقامیی ڕۆژهەڵاتی نەخۆشیش بخات. گرفت لێرەدا ئەوە نییە چلۆن جەلادەت بە دەقەیێک و مانگ و ساڵێک هەموو ئەو بۆشاییانەی مێژووی مۆسیقای ڕۆژهەڵات سازی داوە پڕ ئەکاتەوە و ئەبێ بە موزارت؛ نووسەر بۆی هەیە بە بادانێکی قەڵەمەکەی ئەو کارە بکات. گرفت لێرەدا ناشارەزایی نووسەرە لەو مۆسیقایەی باسی ئەکات. نووسەر ئەتوانێ بە سەر ڕەوتی فێربوونی ئەو مۆسیقایە باز بدات و وەک لاپەڕەی سپی بیهێڵێتەوە؛ بەڵام پیشان دانی ئەو گرفتانەی کەسێتی خاوەن کێشە ساز ئەدەن، کەمترین داواکاری خوێنەری ڕۆمانە. ئێمە لەم دەقەدا هیچ گرفتێکی جوانناسانە نابینین کە دەلالەت بێ بۆ جیاوازی جۆری ڕوانینی کەسێتییەکان لەوەی کۆمەڵگا. لەم دەقەدا دەیان لاپەڕە ڕەشکراونەتەوە لە سەر مۆسیقا کە هیچ پێوەندییێکیان بەو مۆسیقایەوە نییە باسی ئەکرێ. «دەبێت خودا ڕازیبکەین بە ئاوازێ هەموو دەرگاکانمان بۆ بکاتەوە، گوێبگرن، هیچ شتێک وەک مۆسیقا دەرگاکان ناکاتەوە... مۆسیقا کلیلە...کلیلە...کێشەکە ئەوەیە نازانین چ دەرگایەکمان لێدەخاتە سەر پشت... بەڵام دوایکەون، مۆسیقا بۆ کوێی بردن دوایکەون، مەوەستن ، گەر بۆ ناو ئاگر بێت یان ناو ئاو، بۆ ناو ڕۆشنایی یان تەم، بۆ ناو خنکان یان هەناسەدان، کە پێگووتن بوەستن، بوەستن کە پێیگوتن بمرن، بمرن، مۆسیقا دەنگی خودا خۆیەتی، دەنگی ئەوە لە سافترین هەناسەیدا. ل لاپەڕە٣٢» ئەوەی بیستان پێوەرەکانی مۆسیقایە لای مامۆستا ئیسحاق. تکایە هەموو وشەکانی مۆسیقا بکەن بە شیعر، بە خۆشەویستی و... چی

PDF4Kurd


ئەگۆڕدرێ؟ دیسانەوە بڕوانن «گەردون هیچ نییە جگە لە مۆسیقایەکی بێدەنگ. هەموو شتێک لەگەڵ لە دایکبوونی خۆیدا ئاوازی خۆی هەڵگرتووە، هەموو زیندوویەک پارچە مۆسیقایەکی تایبەتە، هەموو مردوویەک ئاوازێکە بۆ خۆی، هیچ گەڵایەک نییە، مۆسیقای خۆی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت، فڕینی هیچ باڵدارێک نییە ئاوازێک لە ئاسماندا دروست نەکات. دونیا سەرتاپای مۆسیقایە... شەو سەرتاپای مۆسیقایە، باران سەرتاپای مۆسیقایە... ل٣٥» لێرەشدا دیسانەوە ئەکرێ دەیان وشە لە باتی مۆسیقا دابنین و هیچیش نەگۆڕدرێ. لە هەموو ئەو لاپەڕە بێ ئەژمارانەی سەبارەت بە مۆسیقای موزارتی ڕەش کراونەتەوە نەک هەر یەک دێڕیش پێوەندی بەو چەشنە مۆسیقایەوە نییە؛ تەنانەت باس لە هیچ چەشنە مۆسیقایێکیش ناکەن و وەک کراسی سەوز وان و بۆ شایی و شیوەنیش ئەشێن. دوور نییە لە ڕۆمانێکی دەهەزار لاپەڕەیی تردا ئەمجارە هەر ئەم قسانە لە سەر مێهرەبانی، بەخشەندەیی، وەرزش و هتد ببیستینەوە. خوێنەر حەقیەتی بپرسێ ئەم هەموو ناوە بێ ئەژمارانە چین لە دەقەکەتدا هێناوتە کە جگە لە تۆقاندنی خوێنەری ساویلکە و ترسنۆک هیچ کاریگەرییێکیان نییە. نووسەر ئەتوانێ بڵێ من ئیشم فێرکردنی مۆسیقا بە خەڵک نییە. ئەمە وڵامێکی ڕاستە؛ بەڵام بە پرسیارێکی‌تر. پرسیاری خوێنەر زۆر سادەیە: تۆ باسی دار ئەکەیت و لە دیوار ئەدوی. ئەو مۆسیقایەی تۆ ئەتەوێ بە ناوی مۆزارتەوە بیفرۆشیتەوە بە ئێمە، لە شمشاڵەکەی قالەمەڕە زیاتر هیچی‌تر نییە. ئەوە نییە نووسەر هەوڵی نەدابێ بە زمانی زانستی بدوێ، جارو بار قسەی زانستیشی لێوە ئەبیستین «لەو ساتەدا کیژەکە دەستی دەبرد بۆ زنجیری پانتۆڵەکەی گوێی لە دەنگی مۆسیقایەکی خەیاڵی دەبوو لە هەوادا، پیانۆیەکی مەزن، سۆناتی بیست وسێ بێتهۆڤێن، ف، مینور» ئەم دێڕەی دوایی (سۆناتی ژمارە... ف، مینور ) کە لەسەر هەموو کاسێت و دیسکێکدا ئەنووسرێت، چ پێوەندییێکی هەیە بە

PDF4Kurd


خوێنەرەوە؟! ئەگەر لە باتی ف مینور، سی مینور بێ ئاسمان ئەتەپێ. ئەگـەر کێشەی جەلادەت کێشەی ڕاستەقینەی مۆسیقا بایا، ئەگەر بۆ فێر بوونی ئەم مۆسیقایە ئارەقی بڕیژایا، ئەگەر بە نووکە قەڵەمێکی نووسەر فێـری نـەبوایا، وا بە ئاسان ڕازی نەئەبوو لە بەر نان (پێشتروتمان ئەو کێشەی نانـەش کێـشەی ڕاستەقینە نییە) وازی لێ بێنێ؛ کە وابوو جەلادەت و دیکەی ئـەو کەسـانەی کێشەیان کێشەی مۆسـیقایە، لـە ئەساسـدا هـیچ جیاوازییێکـان لـە دیکـەی کەسەکان نییە.

با بڕۆینە سەر کەسێکی وەکوو مووسای بابەک کە جگە لـە مۆسـیقا کێشەی نیگارکێشانیشی هەیە. مووسای بابـەک چـاک یـا خـراپ لـە چـەن شوێندا باس لە نیگار ئەکات و قسەکانیشی لە ئاستی خۆیـدا پێوەنـدییان بـە نیگارکێـشانەوە هەیـە. گرفـت لـەوێوە دەسـت پـێ ئـەکات کـە نووسـەر بۆچوونەکانی خۆی بە سەر ئەم کەسێتی‌یەدا ئەسـەپێنێ. کێـشەی مووسـای بابەک ڕزگار کردنی بەرهەمە هونەرییەکانە لە فەوتان؛ بەتایبـەت نیگـارە بـە پێز و نرخەکان. ئەم، هەموو ژیانی خۆی داناوە بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە. نـاکۆکی نێوان بۆچوونەکانی مووسای بابەک بۆ هونەر و هەڵبژاردنی بەرهەمی هونەری نموونەی تەواوی ناتەبایی و دژوازییە. وەک لە بەشی گەلاڵـەدا ئاماژەمـان دا پرسیاری ئەوەی ئایا ئـەو تابلۆیانـەی دەق باسـیان ئـەکات بـۆ ئـەوە ئەشـێن کەسێ خەمیان بخوات لە ئەساسدا پرسـیارێکی بـێ مانایـا؛ لـە بـەر ئـەوەی جوانی چۆنیەتییە و نایێتە کەماندن؛ بەڵام پرسی ئەوەی ئایا ئـەکرێ بـە پـێ بۆچـوونێکی دیـاریکراوی وەک بۆچـوونی ئابێـستراکت (دەرهەسـت) ئـەو تابلۆیانەی لە دەقدا باسیان لێ ئەکرێت بە جوان دابنرێت، پرسـیارێکی نـەک ڕەخنەگرانە، بەڵکوو جیهان بینانەیە.

لە هەموو ئەو تابلۆیانەی لەم کتێبەدا وەک شاکار ناویان لێ ئـەبرێت بـە تایبەت ئەو شاکارە جاویدان و بێ وێنەیەی نـاوی تـابلۆی شـاری مۆسـیقارە

PDF4Kurd



سپی‌یەکانی لە سەرە و کراوەتە ڕووبەرگی کتێبەکەی بەختیار عەلی، بەرچاوترین تایبەتمەندی ڕوایەتە. هەموو ئەو تابلۆیانە باس لە شت و مەوزووعاتی دنیای دەرەوە ئەکەن و ئەمە دژایەتییەکی تەواوی لەگەڵ بۆچوونی ئابێستراکتدا هەیە. لە لاپەڕەی ٢٦٢ دا لە زمانی مووسای بابەکەوە ئەیبیستن «ئەوە ماتیس و پیکاسۆن سەیر کردنی ئێمەیان بۆ جیهان گۆڕیوە نە وەک موحەممەد و مارکس، نەوەک شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی ئوکتبور» لێرەدا بە ئاشکرا ئەوپەڕی بێ ئاگایی کەسێتی و نووسەری ئەوەڵ و ئاخری ڕۆمان بەختیار عەلی ئەبینین لە مەڕ بۆچوونەکانی ئەم دوو نیگارکێشە. هەر دووی ئەم نیگارکێشانە لە توکمەترین نیگار کێشەکانی ئابێسترەن و گەورەترین تایبەتمەندی نیگاری ئابێسترە خاڵی کردنەوەی نیگارە لە ڕوایەت و وشە. پیکاسۆ وەک یەکێ لە دامەزرێنەرەکانی کوبیسم، هەوڵ ئەدات نیگار بسڕێتەوە لە وشە و ئەو ڕوایەتانەی لە ڕێگای زمانەوە خۆیان دەکشێننە ناو تابلۆوە. پیکاسۆ هەموو گرینگییێک لە زمان دائەماڵێت و گرنگی ئەخاتە سەر توخمە سەرەکی‌یەکانی نیگار واتە ڕەنگ و خەت و بارستایی. ماتیس قۆناغی لەمەش ئەڕواتە پێشتر و قوتابخانەی فوئیسم (ڕەنگی پەتی) دائەمەزرێنێت و پێناسەی خۆی بۆ نیگار لە ڕێگای ڕەنگی پەتییەوە دەر ئەبرێ. وەک لە تابلۆکانی ژووری سوور، هێڵی سەوز و...ئەبینین نیگار لای ماتیس هیچ نییە جگە لە ڕەنگ و ئەو کاریگەریەتییەی ڕەنگ لە سەر بینەر بە جێی ئەهێڵێ. ماتیس بە دوای نهێنی‌یەکانی ناوەوەی شتەکانەوەیە نەک ئەو حیکایەتانەی لە ڕێگەی زمانەوە بە سەر شت و شوێنەکاندا ئەسەپێنرێن. ئەگەر بینەرێک لە بەرهەمە هونەریەکانی ماتیس بەم ڕاستیە نەگات ئەتوانێ لە مانای ئەم ڕستە بەرجەستەیەی ماتیس ورد بێتەوە «حەقیقەتێکی ناوەکی بوونی هەیە کە ئەبێ لە ڕواڵەتی دەرەکی ئەو شتەی ئەمانەوێ بینوێنینەوە هەڵیگۆزین. ئەمە تاکە حەقیقەتی گرنگە.» جا باشە کەسێ گرنگی بۆچوونەکانی ماتیس و

PDF4Kurd


پیکاسۆ لە مارکس و موحەمەد و شۆڕشە گـەورەکانی جیهـان زۆرتـر ببینـێ، ئـەکرێ ئـەو حیکایەتـە ڕەنگیانـە کـە ڕووی کـارە ئاسمانییـەکانی بـەر لـە ڕافائێلیشیان سپی کردووە  بە جوانترین تابلۆکانی جیهـان بزانـێ؟ «بـە ڕێـز فیکەیان بـۆ سـیحری ئـەو نیگارانـە لێـدەدا کـە هـەر یەکـەیان نهێنییـەکی قووڵتری لە نهێنی تابلۆ ناودارەکانی دونیا تێدا بوو، تابلۆی ئەو درەختانەی لە ئاسمانــەوە کەوتوونەتــە خــوارێ و ئەســتێرەیان لێــدەبارێت، ئــەو گوڵانــەی گەشـاونەتەوە، منـداڵ لـە نـاو شـەونمی سـەر گەڵاکانیانـدا خـەوتووە، ئـەو کتێبانەی لـە کەشـتیەک دەچـن لـە دەریایـەکی تـوڕەدا فریـشتەی ترسـاو دەپەڕێننەوە، ئەو مامۆسـتایەی لقێـک زەیتـوونی بـە دەسـتەوەیەو سـەیری گۆمێکی خوێنین دەکـات و قوتابییەکانیـشی لـە دوایـەوە تەماشـای هـەمان دیمەن دەکەن. دیمەنی شاعیرێک لە ساتی نوسینی قەسـیدەیەکدا دەسـتی وەک چنگــی تــوڕەیی گیانــدارێکی کێــویی لێهــاتووە، پادشــایەک لــە ســەر عەرشەکەی خەوتووە و یەک دڵۆپ خوێن لە چاوی هاتۆتـە خـوارێ، تـابلۆی کۆمەڵێک باڵــندەی بـەردین، کـە لـە ژێـر ئاسمـانێکی بـەردین و بـە سـەر زەوییەکی بەردیندا دەفڕن. دیمەنی هەورێک بەر ئاوێنەیەک کەوتووە خـۆی خوێنی لێدێت و ئاوێنەکەشی شکاندوە. دوو باڵدار یەکدیان خـواردووە جگـە لە ئێسکەکانیان تەنیا دەنووکیـان بـە سـاغی ماوەتـەوە. سـێ فریـشتەی لـە مەلەکوتەوە بۆ ڕزگار کردنی پاسـارییک دابـەزیون.» ئەمانـە ئـەو تابلۆیانـەن موریدێکی ماتیس و پیکاسۆ بـە جـوانترین تابلۆکـانی دونیـای دائـەنێ!!! لـە ئاکامی ئەم بەشەدا ئەگەینـە ئـەو دەرەنجامـەی هـیچ کێـشەیێک بـە نـاوی ڕوانینی جیاواز بۆ جوانی لەم دەقـەدا بـە دی ناکرێـت و بـەم پێیـەش هـیچ کەسێتی‌یێکی خاوەن کێشەی واش لـە ڕۆمانـدا بـوونی نییـە. کـەوا بـوو لـە شوێنگەلێکی‌تردا ئەبێ بـە دوای کێـشەی کەسـێتی‌یـەکانی ڕۆمـان و کـاری درامایی بۆ چارە سەر کردنی ئەم کێشانە بگەڕین.

PDF4Kurd



ژ: ئێسحاقی لیوزێرین: ئێسحاق یەکێ لەو کەسانەیە لەم دەقەدا کێشەی ڕاستەقینە و دراماییی هەیە. کەسێکە تەمەنێک بە دوای ئەوەوە بووگە کچەکەی فێری مۆسیقا بکات و ئەو جیهانە والایەی بە دوایەوەیە لە ڕێگای کچەکەیەوە بۆ خۆی و دنیای جوانی دەستەبەر بکات. ئێسحاق ئەو کاتە ئەبێ بەخاوەن کێشە وا تێ ئەگات کچەکەی حەزی لە مۆسیقا نییە و ژنەکەشی دژایەتی لەگەڵ دەکات. دەرەنجامی هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە ئەبێتە هۆی دۆڕاندنی ژن و کچەکەی و تێک چوونی بنەماڵە و تەنیا کەوتنی. ئێسحاق پاش ئەم ناکامییە شوێن کارێکی دراماییی ئەکەوێت و دوو منالە مۆسیقاری بە توانا ئەدۆزێتەوە و هەوڵ ئەدات لە ڕێگای فێر کردنی ئەمانەوە قەرەبووی ناکامی خۆی لە پەروەردە کردنی کچەکەی بکاتەوە؛ بەڵام لێرەدا دوو شت زیان لەم کارە دراماییە ئەدەن. یەکەم جەلادەت و سەرهەنگ قاسم بەر لە ناسینی ئێسحاق بۆ خۆیان مۆسیقارن و مۆسیقایێکی ئاسمانی ئەژەنن و گەشەی مۆسیقایی ئەم دووکەسە بێجگە لە دانە پاڵی پاشگری خۆشتر و خۆشترین، جوان و جوانترین لە دەقدا هیچ گۆڕانێکی بابەتی نانوێنێ. زیانی دووەم کردەوییێکی، نادراماییە کە کاری یەکەم پووچەڵ ئەکاتەوە.

وەک لە فورموولی $W = FCOS\theta \times d$ دیمان، ئەگەر هێزێکیتر لە ئاراستەی پێچەوانەوە ڕووبەڕووی هێزی ئێمە بێتەوە، دەرەنجامەکەی ئەبێ بە وەستان و ئەنجام نەگرتنی کار. ئەم هێزە پێچەوانەیە ئەوکاتە دێتە گۆڕێ وا سنووورداشەکان لە لیواری زێدا لییان ئەپرسن ئێوە کێن. لە دەقدا دیان بەوەدا ئەنرێت کە ئەگەر ئێسحاق بیوتایا ڕاوچین، پێست فرۆشین یان هەر شتێکیتر، بەرەڵایان دەکردن. دەی باشە ئێسحاقێ کە ئاگاداری ئەم شتەیە بۆ بە درۆیێکی بەقازانج خۆی لەو کێشەیە دەرباز ناکات کە ڕێگایێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە دراماییەکەی خۆی؟ وڵامی دەق لە زمانی

PDF4Kurd


جەلادەتەوە ئەوەیەکە ئێسحاق نەیدەویست لە بەر چاوی ئێمەوە درۆ بکـات. ئەم درۆ نەکردنە ئەگەر لـە لایێکـەوە پیروزایـەتییێکی ئاسمـانی ئەبەخـشێتە ئێسحاق ئایا لە لاییێکی ترەوە نرخی کارە دراماییەکـەی ناشـکێنێ؟ ئـەم درۆ نەکردنەی ئێسحاق بەراورد بکەن بە درۆ کردنی قەشە لـە ڕۆمـانی هـەژارانی ویکتور هۆگۆ و دەرەنجامە دراماییەکەی چاو بکەن. بـا لـە خۆمـان بپرسـین ئەگەر ئێسحاق بە درۆییێکی بە قازانج خـۆی و دوو مۆسـیقارەکەی لـە مـردن ڕزگار کردایا دەرەنجامی ئەم دەقە ئەگەیشتە کوێ. ئەگەر ئەمان نـەمردایان، پێکهاتەی دەق تووشی گۆڕانێکی سەداسەد ئەبوو و زۆر کێـشەی بـۆ نووسـەر ئەنایەوە کە نووسەر ئەبوایا ڕێگاییێکی بۆ ئاراستە کردنیان بەرەو شـوێنێکیتـر بدیایاتەوە. نووسەر خۆی لەم کێشانە ئەدزێتەوە. پێشتر بڕیاری داوە بمـرن و جەلادەت سەر لە شاری تەپوتۆزە زەردەکانەوە دەربێنێ؛ بۆیە کەسێتییەکان لە باتی ئەوەی بەکاری درامایی ڕەوتی چارەسەر کـردنی کێـشەکانی خۆیـان درێژە پێ بدەن، بە کارێکی دژە درامایی ئـەمرن و ئەبنـە فیـدای پلانـەکانی نووسەر. وەک لە باسی قەمووروەی نوتردامدا وتمـان مـەرجی کـاری درامـایی دەرەنجامی سەرکەوتووانە نییە و ئەکرێ دەرەنجامی ناسەرکەوتووانـە هـەژان و جووڵانێکی زیاتر لە گەلالە دا پێـک بێنێـت و کەسـێتیمان بـۆ بەرجەسـتە بکاتەوە و یەکێ لـە جۆرەکـانی کـاری درامـایی (کـار وەک نـەویان) بێنێتـە ئەنجام.

کەسێتی دووەم: جەلادەتی کۆتر

ئەم کەسە لە هەمبەر کێشەکانی خۆیدا زۆر بەدەگمەن پـەنا ئەباتـە بـەر کاری درامایی. لە بەرامبەر ستەمی برا و براژنیدا کەسێکی دەسـتەوەسـتاوە. گوێڕایەڵی قسەکانی ئێسحاق و ئەو ڕێگایانەیە لە بەر پێی دایئەنێ. لە شـاری تەپوتۆزە زەردەکاندا لە ئاست هەموو کێشەکاندا بـێ دەسـەڵاتە؛ بـە تایبـەت

PDF4Kurd



کێشەی لە بیربردنەوەی مۆسیقا. بۆ گەیشتن بە دالیا سراجەدین هیچ هەوڵێکی درامایی نادات. لە بیر چوونەوەی مۆسیقا ئازاری ئەدات و هیچ مشوورێ بۆ خۆی ناخوات. تەنیا کاری درامایی جەلادەت سازدانی دادگاکەی سامیری بابلی‌یە. ئەوەی کە ئەو دادگایە عادیلانەیە یان نە گرفتی ئێمەیە نەک جەلادەت و ئەو کەسە مافی خۆیەتی چۆن لە عیداڵەت بڕوانێ؛ بەلام ئەوەی کە ئایا دامەزراندنی ئەو دادگایە و بڕیارەکەی لەگەڵ ئەو کەسێتی‌یەی دەق هەوڵی ناساندنی ئەدات ئەگونجێ یان نە، پرسیارێکی داستانی‌یە. وتمان هۆکاری هەموو کردەوەیێکی مرۆڤ ئەگەڕێتەوە بۆ دوو بوونەناوی «بوون» و «ئەبێتی». لە ڕۆمانیشدا بە هەمان شێوەیە؛ بەلام لەبەر ئەوەی ڕۆمان مەودایێکی زەمەنی چڕوپڕتر ئەگرێتەوە و دوورە لە درێژدادڕی، گرتنی شوێنی مەودای نێوان بوون و ئەبێتیمان بۆ ئاسان ئەکاتەوە. لە ژیاندا لەوانەیە قسەیێک بکەین و پاش بیست ساڵ کاردانەوەی قسەکەمان ببینینەوە؛ کەچی بە هۆی مەودای زەمەنیی دوور و درێژ و کێشە و زڕکێشە و سەرقاڵییەکانی ژیانەوە، قۆناخی یەکەممان لە بیر کردبێت؛ بەلام لە درێژترین ڕۆمانیشدا هەمووی چەن هەزار لاپەڕە ئەکەوێتە نێوان کردەوە و کاردانەوە، نێوان بوون و ئەبێتی. بۆیە ئەکرێ شوێنی کار بەرەو کاردانەوە و بوون بەرەو ئەبێتی بگرین و بپرسین ئایا ئەو جەلادەتی دەق پێمانی ئەناسێنێ هەڵگری ئەبێتی‌یێکی وایە؟ ئایا گونجاوە ئەو کوڕە، بەشێکی گەورە لە ژیانی خۆی تەرخانی دادگایی کردنی سامیری بابلی بکات لەگەڵ ئەوەی خاوەنی کێشەیێکی گرنگتری وەک خۆشەویستی دالیا سراجەدینە و ئەزانێتیش بە نەمانی خۆشەویستەکەی دالیا هەلێکی باشی دەست کەوتووە؟ ئایا کێشەی زیندوو کردنەوەی مۆسیقا کوژراوەکەی کە بەشێکە لەو تاوانەی ئەیداتە پاڵ سامیری بابلیەوە، کێشەیێکی گرنگتر نییە و هەوڵی ڕاستەوخۆ بۆ فێر بوونەوەی مۆسیقا زیاتر لە کەسێتی جەلادەت نزیک نییە؟ بۆ ئەوەی

PDF4Kurd



بڕیارێکی ڕخنەگرانە ئاراستەی کەسێتی بکەینەوە، لە بـوونی ئـەو لـە قۆناغـە جۆربەجۆرەکانی ژیان ورد ئەبینەوە و ئەبێتی‌یەکانی ئەو لەو کاتانەدا بـەراورد ئەکەین بەم ئەبێتییەی ئاخرەوە. جەلادەت لە ماوەی ژیانیدا چەنەها ستەمی لێ ئەکرێ. ئـەو سـتەمەی بـرا و بـراژن، ئەبێتـە هـۆی کامـە کاردانـەوە لـە جەلادەتدا؟ بۆ جەلادەت دوای گەورە بوون هەوڵ نادات مافی خۆی لانیکـەم لـە ڕووی مادییـەوە لـە براکـەی بـستێنێتەوە؟ ڕەنگـە وڵام ئـەوە بێـت ئـەو پێویستی بە پارە نییە؛ بەڵام وەک لە قسەکانی خۆیـدا دەرئەکـەوێ لای ئـەو گرنگ بەڕێوەچوونی عیداڵەتە نەک دەرەنجامەکـەی؛ بۆیـە ئـەیتوانی بەشـە ماڵەکەی خۆی لە براکەی وەربگرێت و تووڕی بداتە سەر شـەقام بـۆ ئـەوەی عیداڵەت جێ بە جێ بکرێ. ئێمـە لـەم دەقـەدا قـینی زۆری جـەلادەت لـە دادگاکـان ئـەبینین؛ بـە بـێ ئـەوەی هـیچ ئامـاژەیێکی داسـتانی درابێتـە ڕەچەڵەکی ئەو نفرەتە. با من شتێ بخەمە سەر دەقەکەی بـەختیار عـەلی و شتێ بنێمە زمانی دەقەکەی. ئایا لە ناو ئەو هەموو خیتابـە دوور و درێژانـەی سەبارەت بە عیداڵەت کراوە لە ناو ئەو هەموو جنێوانەی بـەختیار لـە زمـانی جەلادەتەوە بە دەسەڵاتی کوردی داوە، نەئەکرا بە ڕسـتەییێک ئامـاژە بکـرێ بەوەی نفرەتی جەلادەت ئەگەڕێتەوە بـۆ پـێ‌شـێل بـوونی مـافی لـە لایـەن براکەیەوە بە هۆی بڕیاری ناعادیلانەی دادگاکانەوە؟ ئەگەر ئـەم گریمانەیـەی لێرەدا دامنا بە گریمانەییێکی دروستی دابنین، هۆی بێ دەنگ بوونی نووسـەر لە هەمبەر ئەم کێشەیەی جەلادەتدا ئەبێ چی بێ؟ نووسەر لەلاپەڕەی ٢١ دا ئەڵێت ئەم کەسانە کەسی خراپن و نامهەوێ لە ڕۆمانـدا لەمـە زیـاتر باسـیان بکەم؛ بەڵام ئایا ئەگەر ئەم باوەڕە ڕەش و سپییە دروستیش بێـت، ناسـاندنی کەسی سپی بە بێ بەراورد کردنی بە کەسی خراپـەوە مەیـسەر ئـەبێت؟ ئایـا ئەبێ هەموو کەسێتی‌یەکانی ناو ڕۆمان پیاو چاک بن؟ جـا خـۆ ئێمـە دەیـان کەسی خراپ ئەبینین و بـە درێژایـی ڕومـان بـەختیار عـەلی جنێویـان پـێ

PDF4Kurd



ئەدات، لەوانە من و  سەدام و هێندێ سەرکردەی ناپیاو. «سەبارەت بەوەی کە ویستووتە سیدالرئیس بکوژیت، ئیشێکی خراپت نەکردووە، ئەو کوڕی قەحبەیە دوا جار هەر یەکێک دەبێت بیکوژێت ل ١٦٦». جا بە ڕای ئێوە کەس هەبوو لەو سەردەمەدا جنێوی بە سیدالرئیس بدایا؟ ئەگەر هەبوایا لە ڕۆژی ڕاپەڕینەوە هەتا کاتی گیرانی سەدام نووسەرێکی کورد ئەیوێرا لە بەرهەمێکی خۆیدا بە سەدامی بوتایا کوڕی قەحبە (بۆ ئاگاداری سەیری هەموو ڕوایەتەکانی پاش ڕاپەڕین بکەن)؛ کەوابوو ئەم قسەیە قسەی جەلادەت نییە و قسەی بەختیار عەلی خۆیەتی. بڕوانن بۆ لاپەڕەی ٤٩٤ لە زمانی مستەفای شەونمەوە «وەلێ من سیاسییەکی لووت قولاپی دەناسم. باریکێکی قژ ڕەشە کە قسە دەکات دەنگی لە دەنگی قەحپە دەچێت. ئەوە پێت بزانێت دەتکوژێت» کێ هەیە نەزانێ مەبەستێ بەختیار لەم سیاسییە لووت قولاپییە کییە. خوێنەر گرفتی لەگەڵ ئەوەدا نییە بۆ جنێو بە سیاسییێک ئەدرێت. خەڵک لە هەمبەر ستەمەکانی دەسەڵات بێ دەنگ نابن و هیچیان بۆ نەکرێ لانیکەم ڕۆژانە لە خەڵوەتی خۆیاندا دەیان جنێویان ئاراستە ئەکەن و ئەم کارە بۆ کەسێتیییێکی ناو ڕۆمانیش ئاساییيە، بەڵام سەیری بەرواری داستانی ئەو ڕۆژە بکەن وا مستەفای شەونم ئەم جنێوە ئەدات. ئایا لە ساڵی ٩٢و ٩٣دا ئەم کەسە خاوەن قورساییێکی وا بوو خەڵک لێی بترسن و جنێوی بدەنێ؟ کەوا بوو ئەوە جنێوی ڕاستەوخۆی بەختیار خۆیە بە خەڵک. بەختیار زۆر قسەیتری بە زمانی کەسێتییەکانەوە ناوە «لە ماوەیەکی کورتدا لە ڕێگای دەسترەنگینی ئەو وکیلانەوە کە بەڕێوەبەری دائیرەکان لە دەرەوەی ئۆفیسەکان دایاندەنان، بە پارەیەک کە بەرتەقای بەرهەمی ئیشکردنی چەند ساڵەی من بوو لە تیاتری پرتەقاڵی سپی هەموو ئەو شوناس و ڕەگەزنامە و بەڵگەنامانەمان دەستکەوت کە ئادەمیزادێک بۆ ژیان پێویستیەتی ل ٣٥.» ئایا ئەمە ئەتوانێ قسەی جەلادەت بێ لە

PDF4Kurd



سەرەتای نەوەدەکاندا کە هێشتاکە خەڵک سەرخۆشی ڕزگـاری و ڕاپـەڕینن؟ ئایا حیزبە کوردییەکان ئەوەندە بە ئەزمون بوون بە یەک دوو ساڵ بکەونە ئەو تالانەی ئێستا پاش ئەزموونێکی پـازدە ساڵـە بۆیـان لـواوە؟ لـەو سـەردەمی هەرکە هەرکێیەتیە دەسەڵات لەکوێ هەبوو تا باس لە عیداڵەت و ناعیداڵەتی دەسەڵات بکرێ. بە مانایێکی‌تر جەلادەت لەو ڕۆژانەدا لە بەرجـەوەنێکی وادا نەوەستابوو بتوانێ بڕیار لە سـەر عیداڵـەت و ناعیداڵـەتی حیزبـەکان بـدات. کەسێتی‌یێکی ئەمڕۆکەیی و لە بەرجەوەنی ئێستاو بە چـاوکردنی کـردەوەی حیزبەکان لەم ساڵانەدا ئەتوانێ باس لە ناعیداڵەتی دەسەڵاتی کوردی بکـات. مەبەست لەم قسانە ئەوەبوو بە پـێ کردەوەکـانی جـەلادەت و ئـەو بوونـەی بەشی مەنتیقی دەق پیشانمانی ئەدات، جەلادەت کەسـێ نـەبووە قـینی لـە کەس بێت. ئەگەر لە شوێنێکدا بـەختیار جنێـوی بـە شـارامی قـەوامی داوە پێوەنـدی بـە جـەلادەتی هـەژارەوە نـەبووە. بـڕوانن لاپـەڕەی ۱۳۹ «ئـەو ئەهریمەنەی من باسیدەکەم دەتوانێت تەنیا ئەو کارانە دروستبکات کە جگـە لە چەند کورتە ساتێک ناژی، بەڵام توانایەکی گەورەی لە سـەر کۆکردنـەوە و کەڵـەکە کـردن و دووبـارە کردنـەوەی ئـەو چرکەسـاتانە هەیـە؛ کـە پێکـڕا دیوارێکی فریـودەر و خەڵـەتێن دروسـتدەکەن، دیوارێکـە لـە سـەر دووبـارە کردنەوە و چنینی هەمان نەخشی سادە دروستبووە. ئـەو ئەهریمەنـەی مـن باسـیدەکەم دەتوانێـت زیـاتر بەرهەمبـهێنێت، ژمـارەی زۆرتـر لـە بکـەر و خزمەتچی هەبێت، دەتوانێت شارەکان و کووچەکان و گوزەرەکـانی دنیـا پـڕ بکات لە هونەرمەندەکانی خۆی. بە جۆرێک گەر لە ناو لەشکری پـڕ قـەوامی ئـــەوەوە هونەرمەنــدێکی ڕاســـتەقینە لـــە دایکبـــوو، ئومێـــدێکی نـــەبێت. خزمەتچییەکانی ئەم ئەهریمەنە دەتوانن خۆشحاڵ بـن، دەتـوانن بـە ئـارامی خۆیان بە گەورە بزانن، دەتوانن دەرکەون، بناسرێن، بەڵام ناتوانن یەک شـت بکـەن، ئـەویش ئەوەیـە لـە مـردن نزیکبنـەوە». کـە وابـوو ئەگـەر ئـەو

PDF4Kurd



تۆزوگەردانەی کە پێوەندیان بە کەسێتی ناو دەقەوە نییە لە جەلادەتێ داتەکێنین، جەلادەتی نابینین بە دوای تۆڵە کردنەوەدا بێت؛ یان تەنانەت هەوڵی خۆکردە بدات بۆ جێبەجێ بوونی عیدالەت؛ مەگەر ئەوەی ڕەگی ئەم تۆڵە کردنەوەیە لە خۆشەویستیدا بێت. نووسەر باش ئەم شوێنەی دیوەتەوە و لە چەندەها شوێندا باسی لە خۆشەویستی خۆی بۆ سامیر کردووە و هۆی دادگایی کردنەکەی ئەگێڕێتەوە بۆ خواستی پاک کردنەوەی سامیر لە تاوان؛ بەڵام دیسانەوە نووسەر لە نێوان گرنگیدان بە کەسێتی و پلانە پێشتر بڕیار دراوەکانی خۆی بۆ دارشتنی دەق خۆی لە مەترسی ئەدزێتەوە و لە سەر نرخی دابەزاندنی کردەوەی درامایی ئاسانکاری ئەکات. جەلادەت لە سەفەرەکەیدا بە دوای دۆزینەوەی دوازدە بڕیاردەری دادگاکەیدا لە ڕای کەسەکان ئاگادار ئەبێت. ئەو بە ئاسانی ئەیتوانی تێ بگات کۆی دەنگی بڕیار دەرانی دادگاکەی ئەبێ بە چی؛ بۆیە ئەیتوانی پێش کات دادگاکەی هەڵوەشێنێتەوە. ئەگەر وای کردایا چی ئەبوو؟ لە نێوان خۆشەویستی و عیدالەتدا، لە نێوان قارەمانەتی و خەیانەتدا، لە نێوان ژیان و پاک بوونەوەدا، دەیان پرسی تازە ئەهاتە گۆڕێ و دەق ئەبوایا وڵامیان بداتەوە. با کاری واشی نەکردایا و لە کۆتایی دادگاییەکەیدا ڕایگەیاندایا خۆیشی بە هۆی ئەو ستەمانەی چێشتوویەتی، مافی دەنگدانی هەیە و بەم پێیە دەنگی ئەرێ یان نەرێی بدایا. ئەگەر لە کۆتایی دادگاییەکە جەلادەت پاشگەز بوایاتەوە لە بڕیارەکەی پێشتری و بە دەنگدانی خۆی سامیری نیجات بدایا چی ئەبوو؟ بێ گومان دەق و کەسێتی هاوکات تووشی کێشە ئەبوون. ئایا خاوەن کێشە بوون تایبەتمەندییێکی گرنگی ڕۆمان نییە؟ کەوابوو هەر چەن نووسەر تووشی زەحمەت بوایا، بەڵام دەق بە ئاراستەییێکی داستانیدا ئەڕۆیشت و کاری درامایی کرۆکی کەسێتی پێ دەناساندین.

کەسی سێهەم: دالیا سەراجەدین

PDF4Kurd



کێشەی ئەوەڵ و ئاخری دالیا، خۆشەویستییە. سەرەتای ئاشنایەتی ئێمە لەگەڵ دالیا ئەو کاتەیە وا براکانی ئاگاداری پێوەندی دڵدارانەی ئەبن لەگەڵ کوڕێکی عەرەبدا. لێرەدا بە قەسدی کوشتن ئەیخەنە نێو بیرێکەوە؛ بەڵام چەن پیاو دەری دێنن و ڕزگاری ئەکەن. وەک ئەبینن ئاماژەیە بۆ چیرۆکی یووسف. سەیرە نووسەر تەلمیحی لە باتی کردەوەی دراماییی بە کار هێناوە. لەم دەقەدا لە چەند شوێندا ئەم هەڵەیە دووپات بووەتەوە؛ بۆ وێنە لاپەڕەی ٣٢١ کە لە خاچدرانی مەسیح لە باتی کردەوەی دراماییی نیشتووە یان لە لاپەڕەی ٤٩٣ دا حیکایەتی هەورەکانی سەرسەری موحەمەد بەبێ هیچ ئاماژەیێک بە قەرز وەرگیراو. «کە من دەوەستام باڵندەکان بە سەر سەرمەوە دەوەستان، کە دەڕۆیشتم لەگەڵمدا دەڕۆیشتن» لە دوو شوێنیشدا تەلمیح بە باشی کەڵکی لێ وەرگیراوە «دالیا ڕای وایە کە دوای چەند ساڵێک زیندووەکان بە چەشنێک دێنە کەمی و کزی هەموویان لە سەر کەشتیەک جێیان دەبێتەوە ل٢٢١» ئاماژە بۆ کەشتیەکەی نوح یان «گەنج بوون، بەڵام پێدە چوو لە ڕۆژگارێکی گەلەک کۆنەوە هاتبن، وەک ئەوە لە مێژە خەوتبن و ئێستا زیندوو بووبێتنەوە. ل٣٥٨» دالیا بە دووپات بوونەوەی کردەوەیێکی ئوستوورەیی لە مەرگ ڕزگاری ئەبێت؛ بەڵام کێشەی خۆشەویستیەکەی، وەک ترسی بنەماڵە هێشتاکە بەردەوامە. کە باسمی جەزاییری لە لایەن حکوومەتەوە ئەگیردرێت کێشەکەی قووڵتر ئەبێتەوە و ئەبێ بە کەسێتی‌یێکی خاوەن کێشە. دالیا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەی لەشی خۆی هەڕاج ئەکات. ئەمە لە دەگمەن کارە دراماییەکانی ناو ئەم دەقەیە؛ بەڵام نووسەر وەها کەمتەرخەم بە پاڵیا ڕەت ئەبێ و وەها خۆی لێ ئەدزێتەوە ئەم کارە لە باتی کردەوەیێکی دراماییی تەنیا وەک کلێشەیێکی ڕووت ئەمێنێتەوە؛ لەبەرئەوەی کەسێ مەرحەبایێکی ڕاستی لەگەڵ ژندا کردبێ ئەزانێ ئەو ژنەی کەسێکی خۆش بوێ، زۆر دژوار ئەتوانێ ڕێگە بە

PDF4Kurd



کەسی‌تر بدات لێ نزیک ببێتەوە؛ تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە مێردی خۆی بێت؛ دەی باشە دالیا کە ڕۆح و گیانی هی باسمە چۆن ڕازی ئەبێ ڕێگا بەکەسانێکی‌تر بدات لەگەڵی بخەون؟ وتم چۆن و نەموت چلۆن. چۆن بە مانای ئەوەی کەسێتی، ئەم ڕێگا پڕ دڵەڕاوکێ و دوودڵی و ترسە بە چ شێوەیێ ئەبڕێ؟ مەگەر نە ئەوەیە کاری ڕۆمان پیشاندانی کەتەنە شاراوەکان و خستنە ڕووی ژێرخانەکانی ڕەوانە. عەلی شەرەفیار ئەگەر ئەرکی وەک ڕاوییێکی ڕوایەتەکە پیشاندانی پاژنوارانەی ئەم ساتەوەختانەی هەناوی کەسێتی نەبێ ئەی ئیشی چییە و سوودی ئەو لە پەسا گۆڕاندنی گێڕانەوەیە ئەبێ چی بێ؟ کەسێتی دارشتنی دالیا سراجەدین نموونەی تەواوی ناشارەزایی کوردە بۆ پیشاندانی کەسێتی. ئایا باشتر نەبوو نووسەر لە باتی ئەو هەموو درێژدادڕیانەی لە سەر تارماییەکان کە لە دەیان ڕۆماندا گونجاو و نەگونجاو هاتووە، ئاوڕێکیشی لە هەناوی کەسێتی‌یەکەی بدایاتەوە و لە ڕێگای دڵەڕاوکێ‌یەکانییەوە، وەک مرۆڤێکی خاوەن هەست و دڵەخورپە پێمانی بناسیبا؟ وەک پێشتریش لە وتارێکی‌تردا لە سەر بەختیار عەلی باسم کرد نووسەر بە خۆ بەستنەوە بە ڕووکەشەکانی ژیانەوە، بە باس کردن لە شتە بەرچاوەکان و ئەو تەسەورە ڕووتانەی هەوڵ ئەدا وەک خەون و خەیاڵ پێمانی بفرۆشێتەوە، بەردەوام خۆی لە قووڵایی‌یەکانی ژیان ئەدزێتەوە؛ لە بەر ئەوەی لەو شوێنانەدا پرس پرسی بە دواوە ئەبێت و وڵام دانەوە بەم زنجیرە پرسانە کاری نووسەرێکە لە دەقەکەی خۆی بە خاوەن دەرکەوێ. بەختیار وەک قوتابییێکی کروچە زۆر خراپ لە مامۆستاکەی تێگەیشتووە. کروچە لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی «گشتێتی‌یەکانی جوانناسی»دا جەخت ئەخاتە سەر لایەنی شهوودی و خەیاڵیی هونەر، بەڵام بەردەوام ئامبازی تەسەوریش ئەبێتەوە و ئەو تەسەورەی لە هەست و نەستی دەقەوە هەڵنەقوڵابێ، وەک خەسارێکی گەورەی ئەدەب پێناسەی دەکات. کروچە لە

PDF4Kurd



بەشی (داوەرییە هەڵەشەکانی) ئەو کتێبەدا ئەڵێت «هونەر خەیاڵ دانە پاڵ یەکی لە خۆڕایی نییە و کردەوەی سەرمەستکەری ئاواتە نەفسانییەکانیش نییە، بەڵکو دامرکاندنی ئەم کردەوەیەیە بە یارمەتی کردەوەییێکی‌تر، ئاڵشتی ئەوە لەگەڵ خواستێکی ئاگرین بۆ سازدان و سەیر کردنی شێوە هونەرییەکان یان لەگەڵ پەشێوی و شادومانییەکانی تایبەت بە لێوەشاوەیی هونەری؛ بویە ناساندنی هونەر وەک ناوەرۆک یان چوارچێوە بایەخێکی وەهای نییە، یان تەنیا بایەخی بە هۆی ئاسان بوونی وتنە؛ بەڵام ئەو شتەی نابێ قەت لە بیر بکرێ ئەوەیە کە ناوەرۆک ئەبێ لە چوار چێوەدا داڕێژرێت و چوارچێوە بە ناوەرۆک پڕبکرێتەوە». بەختیار دەیان تەسەوری پەتی هێناوەتە ناو دەقەکەی کە نەک هەر هەڵقولاوی ناوەرۆک و هەست و نەستی دەقەکەی نین و ڕوخساری داستانیان وەر نەگرتووە، بەڵکوو کەش‌وهەوای گێرانەوەشیان قەڵباندووە و یەکانگیریان تێک‌داوە؛ بە چەشنێ کە بە ئاسانی ئەکرێ زیاتر لە ٢٢٠ لاپەڕە لەم دەقە لابەرین و ڕوخسارو ناوەرۆک و ڕیتمی دەقەکە تووشی بچکووترین گۆڕان نەبێت و بەرە و باشتر بوونیش بڕوات. دواتر لە بەشی یەکانگیریدا ئەم خەسارە زەقەی دەقی شاری مۆسیقارە سپی‌یەکان ئەخەینە بەر باس؛ بەڵام لێرەدا باسی کەسێتی‌یە و لە باسی کەسێتیشدا لایەنی کاری درامایی ئەخەینە بەر باس و لە هەوڵی دالیا سراجەدین بۆ چارە سەر کردنی کێشەکانی ورد بووینەتەوە. هەموو کاری درامایی دالیا سراجەدین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دڵدارانەی ئەوەیە سەدان جار خۆی بخاتە نێو باوەشی بەعسی‌یەکان و دیسانەوەش فریو بخواتەوە. کە وابوو ئەم کارە دراماییە بە هۆی داڕشتنی ئێجگار خراپەوە تەنیا کلێشەیێکی ڕووتە و بەس؛ کلێشەی ژنە سۆزانییێک کە هەموو جار لەگەڵ پیاوانی حکوومەتا ئەخەوێت و بەوەش خۆی فریو ئەدات کە ئەیهەوێ لەم ڕێگایەوە خۆشەویستەکەی ڕزگار بکات؛ بۆیە لە ئاستی ژنێکی جیاوازەوە،

PDF4Kurd



دائەبەزێت بۆ تیپی ژنێکی سۆزانی. دالیا بێجگە لەو کردەوەیە ڕوویێکی تریشی هەیە کە نووسەر باشتریش دایڕشتووە؛ لە بەر ئەوەی دالیا لەو ڕووەدا دەقاودەق ناستنکایە لە نوڤێلی شەوە سپی یەکانی داستایۆڤسکیدا. لەو نوڤێلەدا کوڕێ لە دۆخێکی نائاسایی و خەیاڵاویدا و لە کاتێکدا ناستێنکا لەگەڵ تارمایی خۆشەویستەکەی خەڵوەتی کردووە ئەیبینێت. پاش خەڵوەت قسەی لەگەڵ ئەکات و تێ ئەگا ناستێنکا چاوەڕوانی گەڕانەوەی خۆشەویستەکەی یەتی. پیاو هەموو شەوێ سەردانی ناستێنکا ئەکات و گوێ بۆ حیکایەتەکانی ڕائەگرێ. لەم ڕێگایەوە خۆشەویستییێک لای هەر دووکیان دروست ئەبێ. ناستێنکا ئەزانێ چاوەڕوانی دۆستەکەیەتی؛ کەچی شەو لە دوای شەو زیاتر کۆڕەکە عاشقی خۆی ئەکات. کوڕ لەگەڵ هەستە خرۆشاوەکانیدا چاوەڕوانی هاتن و نەهاتنی دۆستەکەی ناستێنکایە. لە شەوی چاوەڕوانکراودا پیاو نایێت و ناستێنکا ئاراستەی قسەکانی بەرەو لاوەکە ئەکاتەوە؛ کەچی لەم کاتەدا پیاو ئەگەڕێتەوە. ناستێنکا بێ هیچ ئاوڕدانەوەیێک لاوەکە وەک خزمی خۆی بانگ ئەکات و بۆ هەمیشە بە جێی دێڵی.

کەسی چوارەم: شاناز سەلیم

ژیانی ئەم ژنە زۆر بە جوانی داڕێژراوە. ڕووداوەکان لە سەر تێکەڵەیێکی جوان لە خەیاڵ و واقیع داڕێژراون و هیچکامە لەتمە لەوەیتر نادەن. ئەم ژنە لە سەردەمی عازەبیدا عاشقی کوڕە دەوڵەمەندێک ئەبێت، بە هۆی خراپەکاری کۆمەڵگاوە خۆشەویستەکەی بە دەستی باوکی ئەکوژرێت؛ بەڵام یادی ئەو خۆشەویستە وەک بۆنی پرتەقاڵ کە ئاماژەیە بۆ ژوانێکی دووقۆڵییان لای ئەمێنێتەوە. هەر ئەم بۆنی پرتەقاڵە بەرەو سامیری بابلی ڕائەکێشێ. ئەم وە یاد هێنانەوەی یەکەم عەشقە تووی عەشقێکی تازە لە شانازدا ئەچێنێت؛ بەڵام دادگاییەکەی جەلادەت و دەرەنجامەکەی ئەبێتە

PDF4Kurd



هۆی کوژرانی دووهەم خۆشەویستی ژیانی ئەم ژنە؛ بۆیە بەرامبەر بەو ستەمەی جەلادەت هەڵدەستێت بە تۆڵە کردنەوە و هەتا ئەو کاتەی بە کوشتی ئەدات دەسبەردار نابێ. بە ئاوەها خوێندنەوەیێکەوە ئەم کەسێتییە کەسێتی‌یێکی داستانییە و تاکە کەسێکی ئەم دەقەیە کاری داستانی لێ ئەخێزگێ؛ کەچی دیسانەوە نووسەر بە دەستێوەردانی خۆی ئەم کەسێتی‌یەش پووچەڵ دەکاتەوە. نووسەر بە لایەنگری کردنی خۆی لە جەلادەت کارە دراماییەکەی شاناز سەلیم پووچەڵ دەکاتەوە و بە هەڵە هەوڵ ئەدات ئەم کردەوە ڕەوایەی شاناز سەلیم وەک تاوان پیشان بدات و لەم ڕێگایەوە کەسێتی‌یێکی وەک کاتیای ناو ڕۆمانی براکانی کارامازوفی لێ دروست بکات. لەوێش خۆشەویستی کاتیا بۆ ئیوان و لاللووت بوونی دیمتری بۆ تایبەتمەندییە ژنانەکانی ڕەگی نفرەت لە دەروونیدا ئەچێنێت. ئەم ژنە بەڵگەیێکی بە دەستەوەیە و لەم ڕێگایەوە ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە دیمیتری ئەکات؛ کەچی هەتا کاتی دادگاکە بێ دەنگ ئەمێنێتەوە؛ بەڵام دوای ئەوەی ئیوانی خۆشەویستی ئەکەوێتە مەترسییەوە، بە پێچەوانەی خواستی ئیوان بەڵگەیێک ئەخاتە ڕوو و ئەبێتە هۆی تاوانبار بوونی ئیوان و باشیلا بوونی هەتا هەتایی دیمیتری و کرۆشنکای خۆشەویستی. لەوێ کرۆشێنکا، کاتیا بە دووپشک بانگ ئەکات؛ لێرەش مستەفای شەونم، شاناز بە دووپشکی ناو ئەم کتێبە ناو لێ ئەبات. لەوێ کاتیا بە کردەوە وەک دووپشک دەرئەکەوێت و چزی خۆی ئەڕژێنێ و بە بێ تاوان دیمیتری ئەخاتە بەردەم مەترسی مردن یان زیندانی هەتا هەتایی؛ کەچی لێرەدا شاناز بە دوای مافی خۆیدا ئەڕوات و بەر لە دەسپێکردنی دادگاکەش هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە جەلادەت ئەکات. نووسەر لێرەشدا بۆ سازدانی فەزاییکی تراژیک، یا بە سەر کەسێتی‌یێکدا ئەنێت و بۆ شان و شکۆدان بە جەلادەتی قارەمان قەڵبی ئەکات. دیارە لە دەقەکەی بەختیاردا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕۆمانی براکانی کارامازۆف و کاتیا

PDF4Kurd


نەدراوە؛ بەڵام هاوچەشنی کاتیا و ئەوکەسێتییەی نووسەر ئەیهەوێ لە شاناز سەلیمی دروست بکات هێندە زۆرە، ئەو باوەڕەمان ئەداتێ کە ئەگەر نووسەر ڕۆمانە دوور و درێژەکەی داستایوڤسکیشی نەخوێندبێتەوە لانیکەم فیلمە سێ سەعاتییەکەی بینیوە.

دووهەم: شێوەدەنگ (**noice**)

تری ئیگلتون لە کتێبی بەراییێک لە سەر ڕخنەی ئەدەبی دا ئەڵێت: «بڕوای ئەوەی تەنیا زمانێکی یەکگرتوو لە ناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا بە دی ئەکرێ، جگە لە وەهم هیچی تر نییە.» جا ئەگەر ڕخنەگرێکی بەناوبانگ سەبارەت بە زمانێکی وەکوو ئینگلیزی کە نیوەی دنیا قسەی پێ ئەکەن، بەو کتێبخانە دەوڵەمەندەوە ڕای وا بێ، سەبارەت بە زمانی کرچ و کاڵی کوردی کە لانیکەم چوار شێوەزاری سەرەکی تێدایە کە باش لە یەکتریش تێ ناگەن، ئەبێ چی بڵێین؟ زور جار لە ناوەندەکانی دەسەلاتەوە باس لە ئەرکی نووسەران ئەکرێ بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو زمانەی وا تاقمێ بە زمانی یەکگرتووی دائەنێن و لەگەڵ ئەم بانگەوازەشدا لۆمەی ئەوکەسانە ئەکرێ وا دیان بە زمانی یەکگرتووی کوردیدا نانێن و بڕێ جار وەک خایین و خۆفرۆشیش ناویان لێ ئەبەن. من لێرەدا نامەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئایا کورد خاوەنی زمانی یەکگرتووە یان نە؛ لە بەر ئەوەی هەر کەسێکی نەخوێندەواریش ئەزانێ ڕێژەیێکی زۆر لە جەماوەری کورد لەو شێوەزارە تێ ناگەن. زمانی پێوەر لە ڕێڕەوێکی دوور و درێژی مێژوویی و لە ئەنجامی ڕێبازێکی بەرفراوانی نووسین و هەوڵی جوانناسانە بۆ نزیک کردنەوەی بەشە جوراوجۆرەکانی زمان دروست ئەبێ. ئایا زمانی کوردی بە ڕێبازێکی وەهادا پەڕیوەتەوە؟ ئایا ئەم شێوەزارە زەق کراوەیە زمانی یەکگرتووی کوردە؟ ئەمە چ زمانێکی یەکگرتووە وا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەک هەر لە دیکەی شێوەزارەکان دوور ئەبێتەوە، بەڵکوو تەنانەت خەریکی دوور بوونەوە لە زمانی ژیانی

PDF4Kurd



خەڵکی سۆرانیشە. هەوڵی گەشە پێدانی زمانی یەکگرتوو لای ئێمە بە ئاراستەیێکی نادروستدا ئەڕوات و شیکردنەوەی لایەنەکانی هەڵەشەیی ئەم ئاراستەیە پێوەندی بە تەوەرەی ئەم دەقەوە نییە و مەجالێکی گونجاوی ئەویَ؛ بەڵام چاوخشانێک بە سەر هەڵسووڕانی ئەو گەلانەی هەوڵەکانی گەشە پێدانی زمانیان حاشا هەڵنەگرە، فێرمان ئەکات ئەو ڕێگایەی پیایا دەڕۆین هیچ دەرنجامێکی نییە جگە لە دوور خستنەوەی ئەم شێوەزارە لە دیکەی شێوەزارە سەرەکی یەکان. کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردی کە زۆربەی ئەزموونەکانی بە ئاراستەی لاسایی کردنەوەدا ئەڕوات، بەم ڕێگایەی گرتووەیە نەک هەر ئەبێتە هۆی غەوارە بوونی ئەم شێوەزارە لە سێ شێوەزاری سەرەکی کرمانجی، هەورامی و کەلهوڕی، بەڵکوو لە خۆیشیدا کەوتۆتە بەر مەترسی میکانیکی بوون و دوور کەوتنەوە لە زمانی هەست و سۆز و ئەزموونە ژیانییەکان. بە ڕای من هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئەم شێوەزارە هیچ نییە جگە لە سازدانی جۆریَ لە دیکتاتۆریەتی زمانی؛ هیچ نییە جگە لە بەرچاو نەگرتنی شێوە زارەکانیتر. من ناڵێم ئێمە نابیَ ببین بە خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو؛ بەڵام ڕاستی ئەوەیە ئێمە ئێستە خاوەنی وەها زمانێک نین و دروست بوونی ئاوەها زمانێک کە دەربڕی هەموو لایەنەکانی جوانناسانەی زمانی بەرفراوانی کوردی بێت تەنیا لە وت و وێژی ئازادانە و دوور لە دەمارگرژی هەموو شێوەزارەکان مەیسەر ئەبێت. پشت گویَ خستنی شێوەزارەکانیتر هەوڵێکی توتالیتەریانەیە کە تەنیا دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر ئەتوانیَ بە ڕەوای بزانیَ. کەس ناتوانیَ بە دیتران بڵێت ئەمە زمانی تۆیە مادام ئەو زمانە وڵام دەرەوەی پێویستییە ژیانییەکانی ئەو کەسە نەبیَ. ئەمە چ یەکخستنەوەیێکی زمانە کە شێوەزاریَ، زاراوە و دەستەواژەکانی شێوەزارەکانیتر هەڵنۆشێت و خۆی پیَ قەبە کاتەوە. کوردی کەلهوڕ و هەورامی و کرمانج چۆن شێوەزاریَ بە زمانی خۆی ئەزانیَ

PDF4Kurd


مـادام لـە دیـالۆگێکی ئازادانـە و ئینـسانی دا خـۆی و زمانەکـەی تیایـدا نەبینێتەوە. تا ئەو کاتەی ئێمە لە سەر مەنتیقی ئەمەیە زمانی کـوردی پـاراو، هەمووان بۆ ئەوەی کورد بن ئەبێ بەم زمانە قسە بکەن و بنووسن و بە کـاری بێنن، پێداگری ئەکەین ئاراستەمان دوور کەوتنەوەیە نـەک نزیـک بوونـەوە. ئێمە ئەگەر ئەمانەوێ بەرەو زمانێکی یەکگرتوو بڕۆین ئەبێ هەل بـۆ بەشـدار بوونی شێوەزارەکانیتر بڕەخسێنین. ئەبێ کـوردێکی هـەورامی ئەوەنـدە لـە تێنەگەیشتن لە سۆرانی شەرمەزار بێت کە کـوردێکی سـۆرانی بـێ ئاگـا لـە کرمانجی. جا مەیدانی ئەم وت و وێژی شێوەزار و بن زاراوانـە کـوێ ئـەتوانێ بێت جگە لە ئەدەب و بە تایبەت بەرفراوانترین ڕووبەری ئەدەب واتە ڕۆمـان. بە ڕوانینێکی بە پەلە لە زمانی کوردیش تـێ ئەگـەین نـەک هـەر لـە نێـوان کرمانجی و سـۆرانیدا جیـاوازی هەیـە، لـە نێـوان دوو گـەڕەکی نـاو شـاری سلێمانیشدا جیاوازی هەیە و تەنانەت لـە نێـوان ژن و پیـاوێکی دانیـشتووی گەڕەکێکی دیاریکراو و لە نێوان دوو ژنی هاو تەمەن و هاوئیشی دانیـشتووی یەک گـەڕەکی دیـاریکراو و هـەروەها لـە قۆناغـە جیاوازەکـانی ژیـانی هـەر مرۆڤێکی دەسنیشان کراویش دا جیاوازی زمان بەر چاو ئەکەوێ. کـچ پـاش گرتنی دۆست، پاش شوو کردن، پاش ئەوەی ئەبێ بـە دایـک و هتـد زمـانی تووشی گۆڕان دێت. ئەو زمانەی دەلالەت لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیان ئەکات شێوە دەنگی پێ ئەڵێن. ڕۆمانیش کە ڕەنگدانەوەی ژیانە، ناتوانـێ چاوپۆشـی بکات لەو گۆڕانە بەردەوامەی زمان لە دەڤەر و قۆناغـە جیـاوازە کـان. دیـارە ڕخنەگری ناو کۆمەڵگاییەکی دواکەوتووی وەک کورد نابێ ئەوەندەش ڕزاگران بێت و چاوەڕوانی ورد بینی وەها لە نووسەرێکی کورد بکات؛ بەڵام تەوەقوعی دیتنی بەرچاوترین جیاوازییەکانی زمـان کـەمترین داواکـاری خوێنـەرە. لـە ڕاستیدا گرفتی شێوە دەنگ لەم دەقەی بەختیاردا زۆر زەقتر لەوەیە پێویست بکات ئاماژە بە شتە وردەکان بدەین. ئەم دەقـە نموونـەی تـەواوی دەقێکـی

PDF4Kurd


تەک دەنگ و بێ لەحنە. کەمتەرخەمی وا سەبارەت بە زمان تەنانەت لە نووسەرێکی کوردیش چاوەڕوان ناکرێت. نووسەر لەم دەقەدا دەستی داوەتە هەندێ گەمەی وەک چەن ڕوایەتی کردنی دەقەکەی، بە بێ ئەوەی خۆی بە هیچ هەوڵێکی زمانییەوە ماندوو کردبێ. لە هەر کوێی ڕۆماندا، ڕوایەتی عەلی شەرەفیار بێت، یان جەلادەتی کوتر یان مستەفای شەونم، یان دالیا و مووسای بابەک، هەر لاپەڕەیێک هەڵبدەنەوە، بێ شک هەر یەک زمان ئەبیننەوە. هەر هەمان زمانێ وا بەختیار عەلی دەقی فەلسەفی، ڕۆمان، شیعر و هتدی پێ ئەنووسێ؛ کەچی ویستووشیە دەقەکەی فرە دەنگ بنوێنێ. چما بۆ فرە دەنگ و فرە ڕوایەتی کردنی دەق تەنیا ئەوە بەس بێ لە پێشەوەی بەشەکاندا بنووسرێ لە ڕوایەتی عەلی شەرەفیار یان جەلادەت یان هەر کەسی‌تر. بڕوانن بۆ ڕوایەتی کەسە جۆراوجۆرەکان و خۆتان بڕیار بدەن «وەک ئەوە وا بوو چەمکی ئاگرینی ڕەشەبایەکی گرتبێت یان بروسکەیەکی دوزیبێتەوە، یان ڕووناکییەکی لە ناکاو سەر تا پای هێنابێتە هەژان، شەوێکی تاریک بوو، ڕەشەباکانی بەهار لە دەرەوە یارییان بە دونیا دەکرد. هیچ شتێک هێمن و لەسەرخۆ نەیدەنواند، کپی پڕ ئەفسوونی شەو هیچ نەبوو جگە لە سەرەتای شێتییەکی ڕەش، کە دەستیکرد بە یەکەم وانەی فلووت، دەیگوت... عەلی شەرەفیار ل ٣٣» «هەرگیز باڵدارەکان وەها تورە و شپرزە نەبوون، ئیسحاق وەک یەکێک لە وەجدا بێت، ئیشراقێکی ترسناک لە ڕۆحیدا دروستبکات، ڕوناکییەکی کوشندە پێشچاوی ڕوناکدەکردەوە. وەک ئەوەی لەم ڕێگایە زیاتر شوێنی‌تر شک نەبات... جەلادەت ل٥٥» «دەمەوێت پێت بڵێم، ئەو ڕۆژەی سەر تا پای ئەم شارە نغرۆ دەبێت زۆر نزیکە، هەستم وام پێدەڵێت، دڵم وام پێدەڵێت، هەموو شەوێک مۆتەکەیەک ڕامدەچڵەکەنێت، هەستێک وەک شێت هەڵمدەگرێت و وەک دێوانە لە ژوورەکەی خۆم دەمهێنێتە دەرێ، من لەوە و پێش هەستی وام نەبوو...

PDF4Kurd



مووسا. ل٨٠» «سالۆنەکەی پرتەقالی سپی پڕ بوو لە جاسوس پڕ بوو لە عەرەبە شەرگاوییە سمێل زلانەی بە دیسداشەی درێژەوە دێن و جار جار لەگەڵ کچێکدا دەخەون و بە چاویاندا دیارە بۆ شتێک دەگەڕێن، وەک ئەوەی لە هەوادا بۆنی میوانەکان و بۆنی نیازی دەرونیان بکەن... دالیا،ل٩٩» «ئەویش خانمێکی جوان بوو. خۆی لە ژوورێکی پشتەوەدا چاوەڕوانیدە کردم. جلێکی سپی لە بەردا بوو، لە ژنێک دەچوو ئەو ساتە لە هەورەوە دابەزیبێت، نەدەکرا مرۆڤ شەرم لەو هەموو جوانییە نەکات. من ئەوسا وەک ئێستا شەرمن نەبووم، بەڵام ئەو هێندە جوان بوو، نەمدەتوانی سەیریبکەم. دوای سەعاتێک ئیش کردن... دوای سەعاتێک ئیش کردن... دوای سەعاتێک ئیشکردن هاتە تەنیشتمەوە گوتی من بۆیە تۆم هێناوە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بخەوین. خۆی جلەکانی خۆی داکەند و بە ڕووتی لە بەر دەممدا وەستا... مستەفا شەونم»«گوێبگرە هەر شتێک ڕوو بدات تۆ بەرپرسی، من هەموو شتێک دەزانم، هەموو شتێک دەربارەی ژیانی تۆ دەزانم، سامیر حیکایەتی تۆی بۆ گێڕاومەتەوە، ڕابوردووت، ژیانت لە ناو سۆزانییەکاندا، ئەوەی حەزت لە قەحبەیەکە ناوی دالیا سەراجەدینە. دەتوانم تووشی بەڵای گەورەت بکەم، گەر تۆ پێتوایە لە تاریکیدا دەبینێت، بزانە منیش بۆنم لە بۆنی گورگ تیژترە، دەزانم، دڵم پێمدەڵێت کە تۆ چیت دەوێت. هەموو شتێکیش دەکەم سامیر سەلامەت بێت... شاناز، ل٤٩٨».

لە سەرەوە ڕوایەتی جەلادەت، مووسای بابەک، عەلی شەرەفیار، ئیسحاقی لێو زێڕین، دالیا و شاناز سەلیمتان خوێندەوە. سەیر کەن شێوە دەنگی ئەم پێنج شەش کەسە چ جیاوازییێکی لەگەڵ یەکتر هەیە؟ لە ڕاستیدا ئێمە هیچ دەنگێکی جیاواز نابیستین. ئەوەی ئەیبیستین دەنگی زاڵ و بە کلێشە بووی بەختیار عەلییە کە هاوکات وتاری فەلسەفی، سیاسی، ڕۆمان و شیعری پێ ئەنووسێت. لەم دەقەی بەختیار عەلیدا هەموو دەنگەکان یەک دەنگن، پیاو

PDF4Kurd



بن یان ژن، دکتۆر بن یا گەواد، عەرەب بن یا کورد. تەنیا کـارێ بـۆ لـەحنی سامیری عەرەب کراوە ئەوەیە بەر لە زۆربەی ڕستەکانی (ئەی) یێک دانـراوە. لەهەندێ شوێندا نووسەر ئەمەشی لەبیرکردووە «جەلادەت من بەردەوامبووم لە سەر کوشتن، بەردەوام بووم لە سەر وێرانکردن، بەڵام لە دوای ئەو شەوەوە هەر چییکم بکردایە، لەزەتم لێ نەدەبینی، بۆهەرجێگایەک دەچووم غەمگین بووم، هەرچییەکم دەکرد تـەنهابووم، هەمووئەوشـتانەی لـەوەوپێش لـەزەتم لێـوەردەگرتن لـەزەتیان نـەما، ئـەو مۆسـیقایەی جـاران کـەیف و سـەفام پێدەهات، نرخی کەوت و بەهایەکی لـە لام نـەما، ئـەو مۆسـیقایە یەکـەمجار منی لەو دونیایەی خۆم هەڵگرت و فرێیدامە ناو دونیایەکی ترەوە... سـامیر، ل ١٨٤» جا نازانم شێوە دەنگ دانان لەوە ئاسانتر هەیە زمـانی کەسـێتی بـە هەمان پێکهاتەی زمانی خۆیەوە بـۆ زمـانێکیتـر وەربگێڕدرێتـەوە. لێرەشـدا پرسیار دێتە گـۆڕێ: ئایـا بـە ڕاسـتی نووسـەر تـا ئـەو ڕادەیـە نائاشـنایە بـە شێوەدەنگ؟ بەڕای من ئەمـە بـڕیارێکی دروسـت نییـە.نـەگونجاوە نووسـەر نەزانێ شێوەدەنگ یەکێ لـە کۆڵـەکەکانی کەسـێتییـە. نووسـەر لـە چـەن شوێندا بە جوانی لە شێوە دەنگ کەڵکی وەرگرتووە؛ بەڵام کۆی ئەم شـوێنانە لاپەڕەییێکیش ناگرێتەوە واتە لە $\frac{1}{625}$ ی ئەم دەقەدا شێوەدەنگ بۆ کەسـێتی یەکان دانراوە. لە خوا بە زیاد بێت. لە سەر ڕۆمانی کوردی زیادیـشە. ئێـستە سەیری ئەم چەن شوێنە بکەن و بڕیار بدەن ئەگەر نووسەر بیوستایا بۆ هەموو کەسەکان شێوە دەنگی وا دابنێ تووشی چ گرفتێک ئەبوو و چ دەسـەڵاتێکی زمـانی پێویـست ئـەبوو «نـازانم بـۆ بـەردەوام تـۆم لەگـەڵ ئـەو کـوڕەدا لێتێکدەچێت، کوڕێکی گەنج بوو، ماوەیەک حیمایـەم بـوو، نـاوی جـەودەت عوسمان بوو، ڕۆژێک تـوڕەییکردم، لوولـەی کلاشـینکۆفەکەیم بڕیـە قـوونی، دوای ئەوە، خوابیگرێ، ڕۆیشت هەر نەهاتەوە بەحیزبدا، تەسەور بکە لە سـەر

PDF4Kurd


ئەوە وازی لە پێشمەرگایەتی و شتیش هێنا. ئاخر میللەتی ئێمە بۆیە قەت هیچمان نابێت بە هیچ. تەسەور بکە، کەس هەیە لە سەر شتی وا واز لە پێشمەرگایەتی بێنێت، ئەگەر دڵ و دەروونی پاک بێت. ل٣٤٠» « کەللەچی وا چییە تۆ دەم دەخەیتە دەمی. ئەو ساڵە کە خوشکەکەیان هەڵگرت، بۆ بەیانی دەستی خستبووە بەر پشتێنەکەی و لە بەر چایخانەکەی ڕەوفدا چای دەخواردەوە، نە بای دی بوو نە باران... من بە عائیلە دەیانناسم، قسەم پێمەکە... دەستت ماچدەکەم قسەم پێمەکە، چۆلەکەی گوێسە بانەکانیشیان تەواو نییە، من لە نزیکەوە دەیناسم بابەگیان... تۆ سەیریت، تۆ کەی ڕەفیقی ئەویت، ل٤٥٤» بێجگە لەم دوازدە، سێزدە، دێرە لە کۆی کتێبەکە، خاوەن لەحنێکی تریش ئەبینین ئەویش ئەسیری گوڵە باخە، کابرایێکی دەشتی هەولێر. ئەمەی ئاخر هەر زۆر جەفەنگە. وەک ئەوەی هەموو کەسەکانی تری ناو ڕۆمان خەڵکی سلێمانی و قوتابی ئاکادیمیاکەی بەختیار عەلی بووبێتن و بە ڕێکەوت کوردستان زۆڵە کوردێکی دەشتی هەولێری تێ کەوتبێت و بە زمانێکی جیاواز قسە بکات «برای خۆم، برای خۆم تۆ لۆ وەهات لە من کرد. لە فیکرت دێ گووتیت: من ئەو حەفتەیە هەر کەپوویانی قرت دەکەم. گووتیت: وە خودای عەزیم قیامەت دەسازێنم و شارێکتان لێ خەلق دەکەم سەر تا پا بەنیایەمی بێکەپوو... ئێ لۆ کورم لۆ؟... کەپووی من چ دەردێکی لە تۆ دابوو. خودا عەفووت بکا... خۆ کەپووش نەبێتن بەنیایەم بە دری خۆی بە قەربی، بە عەقری دەتوانێتن بۆنی گورە باغان بکا. ل ٥١١» ورد بوونەوەی زیاتر لە دوو فاکتەری کاری دراماییی و شێوە دەنگ زیاتر تووشی ناهومێدیمان ئەکات. نووسەر لە دەرەنجامی بێ ئاگایی و کەمتەرخەمی بەرامبەر بەم دوو فاکتەرە سەرەکییەی خوڵقاندنی کەسێتی دقەکەی تووشی قەیرانی کەسێتی کردووە.

سێهەم: ڕیتمی کەسێتی: ڕیتمی کەسێتیش یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی

PDF4Kurd



کەسێتی دارِشتنە، بەڵام لە بەر بەرفراوانی ڕووبەری باسەکە لە بەشی ڕیتمـدا قسەی ئەکەین.

### کۆڵەکەی سێهەم: گۆشە نیگا (**Point of view**)

گۆشەنیگا جگە لە دیاریکەرێکی ئاستی دەسـەڵات و ڕادەی ڕەوابـوونی دەستێوەردانی نووسەر لە دەقدا، لـە گرنگتـرین کۆڵـەکەکانی فرەدەنگیـشە. چەند لە شوێنی جیاوازەوە سەیری ڕووداو و کەسێتی‌یەکان کرا بێت، چەنـدە کەسەکان ڕای ئازادی خۆیان و بە شێوەدەنگی خۆیانەوە دەربڕیبێت، هەر بەو ڕادەیـە دەق لـە تـاکدەنگـی جیـا ئەبێتـەوە و بـەرە و فرەدەنگـی هـەنگاو هەڵـدەگرێ. بـە کـردەوە کـردنی ئـەم ڕەوتـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ دووو تایبەتمەندی سـەرەکیی گێڕانـەوە واتـە بەرجـەوەن(Perspective) و مـەودا (Distance).

دیارە زیاد کردنی گۆشەنیگا و فرە کردنەوە و دابەش‌کردنی گێڕانەوە لـە نێوان گێڕەوەرەکان بە تەنێ خۆی ناتوانێ دەق بەرەو فرە دەنگـی ببـات. بـە پێچەوانەوە ئەکرێ دەقـێ تـەنیا بـە یـەک گۆشـەنیگـا و ئـەویش ڕەهـاترین شـێوەی گێڕانـەوە واتـە زانـای گـشتی (Omuniscient point of view)ش بگێڕدرێتەوە و ئاستی فرە دەنگیشی زۆر زیاتر لـە دەقێـک بێـت کـە دەیـان گێڕەوەری لە خۆ گرتبێ. بە واتایێکی‌تر گریمانە کـردنی جـۆری گێڕانـەوە و دانانی گۆشە نیگا بە تەنێ خۆی هیچ لە کێشەی تاک‌دەنگی ناکات و لەوانەیە تاک‌دەنگیش زەقتر بکاتەوە. هەنگاوی ڕاسـتەقینە ئەوکاتـە هەڵـدەگیردرێت کە گێڕەوەرەکان خاوەن سێ تایبەتمەندی گێڕانەوە واتە بەرجەون و مەودا و شێوە دەنگ بـن. پێـشتر لـە باسـی کەسـێتی‌دا قـەیرانی شـێوەدەنگ وەک لاوازیێکی دارِشتنی کەسێتی خرایە بەر باس و ئێـستا ئەڕۆینـە سـەر دیـاری کردنی دوو کۆڵەکەی تری گێڕانەوە.

PDF4Kurd


یەکەم بەرجەوەن: بەرجەوەن شوێنگەی ڕوانینی گێڕەوەر دیاری ئەکات. واتە پیشان ئەدات گێڕەوەر لە کام ئاست و لە کامە ئاراستەوە لە ڕووداوەکان ئەڕوانێت. بەرزترین بەرجەوەنێ بکرێ بۆ دەق گریمانەی بکەین، گۆشەنیگای زانای گشتییە. ئاوەها گێڕەوەرێک لە ئاستێکدا ڕاوەستاوە بە سەر هەموو دەقدا زاڵە و ئاگاداری هەموو کون و قوژبنەکانە. بۆ وەها گێڕەوەرێک گرفتی ڕوانگە و ئاراستە بوونی نییە؛ لە بەر ئەوەی نووسەر خوداییێکەو دنیای دەق لە بەر دەستیدا ئافراوەییێکی بێ دەسەڵاتە. دیارە گرفتی ئاوەها گۆشەنیگاییێک ساز بوونی پێوەندیی خودا و مەخلوق و لە ئەنجامدا تاک دەنگ بوونەوەی دەقە. ئاوەها دەقێک کە خودا بەرهەم دێنێتەوە بە کەڵکی سەردەمی مەرگی خوداکان نایێت؛ بۆیە ئەو کەسگەلەش وا ئاوەها گۆشەنیگاییێکیان بۆ دەقەکانیان داناوە هەوڵیان داوە خۆیان لەم گرفتە دەرباز کەن. بە چاو خشانێک بە سەر ئەو ڕۆمانە توکمانەی لە سەر ئەساسی گۆشەنیگای زانای گشتی داڕێژراون تێ ئەگەین لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانەوە نووسەرە بلیمەتەکان هەوڵیان داوە بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەییێکی تری ڕۆمان واتە مەودا ئەم لاوازییەی گێڕانەوە چارەسەر کەن. مەودا تایبەتمەندییێکی جیهانی گێڕانەوەیە. ئەم تایبەتمەندییە هەم پێوەندە بە بەرجەوەنەوە؛ هەمیش بە بێ پێوەندی کردن بە بەرجەوەنەوە ئەتوانێ لە قەوارەی هەندێ کەرەسەی تر، لە گێڕانەوەی داستاندا دەور ببینێ. سەبارەت بە پێوەندی نێوان بەرجەوەن ومەودا بە ڕاشکاوییەوە ئەکرێ بڵێین ئەم پێوەندییە پێوەندییێکی هاوئاراستەیە؛ واتە چەند بەرجەوەن بەرز بێتەوە هەر بەو ڕادەیەش مەودا زۆرتر ئەبێتەوە. بەپێچەوانەشەوە چەندە مەودای گێڕەوەر لەگەڵ دنیای دەق کەمتر بێتەوە، هەر بەو ڕادەیەش بەرجەوەن نزمتر ئەبێتەوە. لە زانای گشتیدا کە بەرزترین جۆری بەرجەوەن ساز ئەدات هاو کات زۆرترین مەودایان کەمترین نزیکیش لە نێوان گێڕەوەر و

PDF4Kurd



چرکەساتەکانی دەقدا دروست ئەبێت. بـە ئاراسـتەی پێچەوانـەدا هـەر چـی گێڕەوەر لە چرکە ساتەکانی دەق و ڕووداوەکان نزیکتـر بێتـەوە(مـەودا کـەم بێتەوە) بەرجەوەنیش نزمتر ئەبێتەوە. بە واتاییێکی‌تر زۆرترین ڕادەی مەودا لە گۆشە نیگای زانای گشتی‌دا ساز ئـەدرێت و هـەتا لـەو بەرجەوەنـە بـەرزەوە دابەزین بەرەو سێهەم کەسی ئاسایی بێ پێوەنـد بـە جیهـانی دەق، سـێهەم کەسی نزیک لـە دەق، یەکـەم کەسـی نـاو دەق، یەکـەم کـەس و پاڵـەوانی یەکـەم، خۆگێڕانـەوەی ناڕاسـتەوخۆ و خۆگێڕانـەوەی ڕاسـتەوخۆ، مـەوداش بەرەبەرە کەمتر ئەبێتەوە و نزیکی گێـڕەوەر لـە چرکەسـاتەکانی دەق زیـاتر ئەبێتەوە. کەمترین مەودا واتە زۆرترین نزیکی لە گێڕانەوەی دەروونبێژانـەدا ڕوو ئەدات و بەرجەوەن لە سفر نزیک ئەبێتەوە. سەیری ئەم سێ دێڕەکەن:

١- زۆر حەزی ئەکرد لەوێ بایا.

٢- زۆر حەز ئەکەم لێرەبایا.

٣- چەن خۆش ئەبوو لێرەبایە.

لەم سێ دێڕەدا بەرەبەرە بەرجەوەن نزم ئەبێتـەوە و هاوکـات مـەوداش کەم ئەبێتەوە. واتە نزیکی گێڕەوەر و زمـان زۆرتـر ئەبێتـەوە. وتمـان مـەودا ئەتوانێ بە بێ پێوەنـدی بـە گۆشـەنیگاوە لـە دەقـدا تووشـی گـۆڕان بێـت. تولستوی لە ڕۆمانی شەڕ و ئاشتیدا بە جـوانترین شـێوە لـەم تایبەتمەندییـە داستانیە کەڵکی وەرگرتووە. ڕواڵەتی ئەو ڕۆمانـە لـە سـەر گریمانـەی زانـای گشتی دامەزراوە؛ بەڵام گێـڕەوەر لـە یـەک بەرجـەوەن و لـە یـەک ئاسـتی مەوداییەوە شتەکان نابینێ، بەڵکوو دەیان بەرجـەوەنی ڕوانینمـان بـەر چـاو ئـەخات و مـەودای گێڕانـەوە و ڕووداوەکـانیش لـە هەنـدێ شـوێندا ئەگاتـە کەمترین ئاستی خۆی. لە پشت ئەو دنیا ڕەنگینەی تولستۆیەوە، میعمـارێکی بلیمــەت ڕاوەســتاوە کــە بــە کەڵــک وەرگــرتن لــە هەنــدێ کەرەسـەی یارمەتیدەری فرەدەنگیی وەک گێڕانەوەی داسـتانی، چەشـنە سـیانییەکانی

PDF4Kurd



زمان (وت و ویژ، تاک بێژی و دەروون بێژی) و... مەودای خۆی لەگەڵ هەناوی کەسێتی و ڕووداوەکان کەم ئەکاتەوە. نووسەر لە باتی ئەوەی لە بەرجەوەنەکەی خۆیەوە (نزم یان بەرز) باسی شتەکان بکات، ئەتوانێ ڕێگە بدات دەق خۆی قسەی خۆی بکات و لەم ڕێگایەوە دەق بەرەو فرەدەنگی ببات.

گۆشەنیگا لە دەقی شاری مۆسیقارە سپی‌یەکاندا: بە پەڕەدانەوەی ئەم دەقە تێدەگەین نووسەر ڕێبازی فرە دەنگی گرتۆتە بەر و هیچ نەبێ سێ گێڕەوەری بۆ گێڕانەوەی دەقەکەی داناوە. یەکەم گێڕەوەر عەلی شەرەفیارە:ئەم کەسە لە پێگەی چڕگەی دەرەکی (External focalized) ڕاوستاوە. واتە هەر چەن خۆی ڕاستەوخۆ لە ناو ڕووداو و چرکەساتەکانی دەقدا ئامادە نییە و هیچ کاریگەرییێکیشی بە سەر گەلاڵەوە نییە، بەڵام ناڕاستەوخۆ ئەتوانێ ئاگاداری هەموو کون و قوژبنەکانی دەق بێت و پێوەست بێ بە بەستێنی گێڕانەوەوە. بە پێ ئەم شوێنگەیەی بۆی دانراوە ئەتوانێ لە چەنەها بەرجەوەنەوە ببێ بە زمانحاڵی کەسێتی‌یەکانی دەق و لەم ڕێگایەوە ئەو لایەنانەی وا گێڕەوەرەکانی ناو دەق بەر چاویان نەکەوتووە یان نەیانوسیتووە باسی لێوە کەن بخاتە بەر باس و شیکردنەوەی زێدەتر. گێڕەوەری چڕگەی دەرەکی ئەتوانێ بەرجەوەنی هەموو کەسێتی‌یەکان بکاتە مەنبەری گێڕانەوەی خۆی و ئاستی ڕوانینی بەرفراوانتر بێت لە گێڕەوەری دراماییش. لە ڕووی مەوداشەوە ئەتوانێ لە ڕێگای دوانەی زمان (تەک بێژی و وت و وێژ)ەوە تا ڕادەی بینەرێکی ڕاستەوخۆ (Direct observer) لە چرکەسات و ڕووداوەکان نزیک بێتەوە (دیارە ئەم گێڕەوەرە ناتوانێ لە دەروون‌بێژی کەڵک وەر بگرێ). عەلی شەرەفیار بەم گریمانەیەی بۆی کراوە ئەیتوانێ بەستێنێکی باش بۆ فرە دەنگی ساز بدات. ئەیتوانی لە دەیان بەرجەوەن و مەوداوە باسی دنیای دەقمان بۆ بکات؛ کەچی تەنانەت خاوەن

PDF4Kurd



تاکە بەرجەوەنی تایبەت بە خۆیشی نییە و مەوداشــی لەگــەڵ دەقــدا لــە زۆر شوێندا مەودای زانای گشتی‌یە. عەلی شەرەفیار جگە لــەوەی خــاوەن شــێوە دەنگ و بەرجــەوەن و مــەوداییکی تایبــەتی نییــە، تەنانــەت لــە زۆر شــوێندا گێڕانەوە تاک دەنگانەکەی خۆیشی لێ تێــک ئــەچێت و ئــەبێ بــە نموونــەی لاوازترین جۆری گێڕانەوە کە دواتر بە نموونە ئەیهێنینەوە. گێــڕەوەری تــری ئەم دەقە جەلادەتی کۆترە: ئەم کەسە نەک هەر خاوەن شوێنگەی چرگــەی نــاوەکی (Internaly focalized)یــە و لــە نــاو گێڕانــەوەی خۆیدایــە (Homo diegetic) بەڵــکوو تەنانــەت کەســێتی‌یێکــی گێڕانــەوە (Auto diegetic)شــە، بۆیــە جگــە لــەوەی ئــەیتوانی ناوەنــدی ڕاگەیانــدن (Centeral inteligenc) بێت و لە بەرجەوەنــدی کەســەکانی‌تــرەوە ژینکــاتی دەقمان بۆ بخاتە بەر باس و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای تــەک بێــژی و وت‌ووێــژی کەسەکانەوە دەیان بەرجەوەنمان ئاراستە بکات، هاوکات ئەیتوانی بچێتە بنج و بناوانی چرکەساتەکان و جگە لە خۆگێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لــە ڕووی مەوداشەوە هەتا ئاستی گێڕانەوەی دەروون بێژانە لە چرکــەســاتەکانی دەق نزیک بێتەوە؛ بەلام لێرەشا جەلادەت نــەک هــەر هــیچ ســوودێکی لــەو گریمانەیەی بۆی کراوە نــەبینیوە، بەڵــکوو وەک عــەلی شــەرەفیار لــە ڕووی بەرجەوەن و مەداوە لە دەیان شوێندا تووشــی هەڵــەی زۆر ســاکار و منالانــە بووە. ڕەوتی گێڕانەوە ئەوکاتە جەفەنگ ئەبێت کە نووسەر لــە لاپــەڕەی ٣١٩ دا دیعایەی گریمانەیێکی وا ئــەکات هێــشتاکە لــە مێژوویــی ئەدەبــدا کــەس نەیوێراوە باسی بکــات «کتــێبی چــوارەم بــە حیکایــەتی عــەلی شــەرەفیار و جەلادەتی کۆتر» ئەو بەشەی لە ڕۆمان کە بڕیار بووە بەم چەشنە گێڕانەوەیــە بنووسرێت لە لاپەڕەی ٣١٩ هەتا ٥٤٦ واتە ٢٢٧ لاپەڕەی گرتۆتــەوە. بــە پــێ ئەم گریمانەنەیە، نووسەر ئــەبێ دوو دەســەلاتی مــەزنی گێڕانــەوەی تێکــەڵ کردبێت و ئێمپراتووریەتێکی گێڕانەوەی ساز دا بێت. بەر لەوەی لایەنــەکانی

PDF4Kurd



ئەم دیعایە پڕ شکۆیەی نووسەر شیکەینەوە، بۆ تێگەیشتن لە هەوڵەکانی نووسەر با لایەنە ئاساییەکان بخەینە بەر باس. لە لاپەڕەی ٢٠ دێری یازدە لە زمانی عەلی شەرەفیارەوە ئەبیستین «دەبێت بڵێم کە جەلادەت لە سەرەتاوە دژی ئەوە بوو. ئەو پێیوابوو هەلومەرجی ژیانی ئەوان بە جۆرێک جیاوازە دەبێت لەو جێگایەدا خودا حافیزیبکەن و هەر یەکەیان ڕێگای خۆی بگرێت، خودایە نەدەچووە عەقڵەوە کە قوتابییەکی بەویقاری وەک سەرهەنگ لە قوتابخانە هەڵبێت و دوای مامۆستایەکی مۆسیقا بکەوێت» خوێنەر ئەپرسێ کاکی گێڕەوەر خۆ گێڕانەوەکەی تۆ بێ چرگە (Non-focalized) نییە تا تۆ بتوانی وەک خوداییێک بڕیار لە سەر خواستی دەروونی کەسەکان بدەیت. گێڕەوەر لە سەرەتای ئەم بەشە بۆ خۆیشی دیان بە خودا نەبوونی خۆیدا ئەنێت «دەبێت بڵێم» واتە بە ڕاشکاوییەوە ناتوانم بڵێم. واتە من مرۆڤێکم و قسە ئەکەم. دەی باشە کە وابێ چۆن ئەزانێ جەلادەت لە سەرەتاوە دژی ئەوە بوو. یان ئەو پێیوا بوو... یان خودایا نەدەچووە عەقڵەوە» عەلی شەرەفیار لە سەر چ حیسابێ ئەم بڕیارانە ئەدا؟ ئایا لە سەر ئەو قسانەی جەلادەت بۆی کردووە. جا ئەگەر قسەکانی جەلادەت ئایەت بێ، ئیشی ئەم چییە؟ بەرجەوەنی ئەم بەرەو دەق کامەیە؟ با ئەم دێڕانە لە زمانی جەلادەتەوە ببیستین (من هەر لە سەەتاوە دژی ئەوە بووم سەرهەنگ لە ماڵ و قوتابخانە ڕابکات و خۆی بخاتە دەست سەر کێشیەکی وەها کە دەرەنجامەکەی دیار نەبوو... خودایە نەدەچووە عەقڵەوە کە قوتابییەکی ..). ئەگەر دەقەکە بەم چەشنە بگێڕدرایاتەوە ئاسمان ئەتەپی؟ مەگەر بە ڕیکەوت ئەگینا لە دێڕ بە دێڕی ئەم کتێبەدا هەڵەی ڕوانین بە زەقی بەرچاو ئەکەوێ «شەوان ئیسحاقی لیوزێڕین بێدەنگتر و کەمدووتر دەبوو. ئێجگار سەرسام بوو بە فێنکی شەوانی بەهار، بە چاکەتێکی تەنکەوە دەچووە بەردەم مانگەشەو، هەوای هەڵدەمژی، دەرفەتی بە سیحری زەردەخەنەیەک دەدا لە سەر

PDF4Kurd


سیمای دەربکەویت و دەیگوت ل٢٣» «لەو شەو و ڕۆژە بێکوتاییانەی ئـاوازدا، ئیسحاق فێریدەکردن هەموو شتێک بکەنە مۆسیقا، لە ساتەکانی مەستیدا کە هەر سێکیان وەک سێ باڵندەی تەڕ لە حەسرەت هەڵچوون و داچوونـەکانی ڕۆحیان عارەقەیان دەردەدا ل٣٥» لـەو نموونانـەی سـەرەوە دا بـە گـۆڕینی گێڕانەوە لە یەکەم کەسەوە بۆ سـێهەم کـەس بێجگـە لـە دوور خـستنەوەی مـەودا، گێڕانـەوە چ گـۆڕانێکی بـە سـەردا هـاتووە؟ وەرن لـەم کتێبـە ٦٢٥ لاپەڕەییدا لە کویدا عەلی شەرەفیار باسی ژیانی جەلادەتی کردووە، گێڕانەوە بگۆڕن بۆ یەکەم کەس، بزانن جگە لە کەم بوونەوەی مەودا و زۆر بووونـەوەی باری عاتیفی، گێڕانەوە چ گۆڕانێکی بە سەرا دێت. گرفـت لـەم دەقـەدا بـەوە نابڕێتەوە نووسەر بە بێ پێویست زمانی گێڕانـەوە دەگـۆڕێ. دەیـان هەڵـەی زەقتـرە لـەم دەقـەدا بەرجەسـتەیە؛ مەسـەلەن هەڵـەی ئاگـاداری. بـڕوانن «ئیـسحاق هەسـتیدەکرد مانـگ لـە ژوور سـەریانەوە دەیـەویت شـتێکیان پێبلێت، بەرلەوەی سەرەنجی سنوورە نادیارەکانی ئەو دەریاچەیە بدا کـە بـە تەمێکی درەوشەدار و زیوین داپۆشرابوو، سەیری مانگی کرد کە پێدەچوو بـە هێمنی بنیشێتە سەر زەوی ل ٤٣»

عەلی شەرەفیار لـە کوێـوە ئاگـاداری دەروونی ئێـسحاقە و ئـەزانێ کـە «هەستیدەکرد کە مانگ لە ژوور سەریانەوە دەیەویت شـتێکیان پـێ بـلێت» ئەمە بڕیارێکە نە ئێسحاق و نە عـەلی شـەرەفیار و نـە جـەلادەت و نـە هـیچ ناخوایێکیتر ناتوانێ بیدات. ڕەنگە گریمانەکەی ئێمە هەڵـە بێـت و نووسـەر وەک زانـای گـشتی دەرکـەوتبێت و نووسـینی نـاوی عـەلی شـەرەفیار لـە سەرەتای بەشەکانەوە گەمەیێکی نووسەر بێت و ئاماژەدانی بەردەوامی عـەلی شەرەفیاریش بۆ خۆی دیسانەوە گەمەییکیتر بێت و هـەتا دوایـی... بـا بـەم گریمانەیەوە دەقەکە بخوێنینەوە. لە هەندێ شوێنی دەقدا گێڕانەوەی زانـای گشتیمان بەر چاو ئەکەوێ. با لە بری ئەوەی وەک هەڵەی نووسەر ببینـین،

PDF4Kurd



وەک ویستی نووسەر سەیری بکەین. لە لاپەڕەی ٢٣٤ دێری سیازدەوە وەک قۆناغ ڕەوتێکی وەها ئەبینین. «ئەو ڕۆژەی دالیا گەڕایەوە بۆ پرتەقاڵی سپی و فایلەکانی باسمی جەزائیری لە بندەستیدا بوو ڕۆژێکی غەمگین بوو. جەلادەت لە نیوەڕۆیەکی زووەوە لە باڵکۆنەکەدا سەیری ئەو پەپولانەی دەکرد...» لەم شوێنەوە هەتا ٢٣٧ دێری سیازدە درێژەی ئەم گێڕانەوەیە ئەبینین «جەلادەت لەو ڕۆژەدا وەک بتێکی گەمژە دەوەستاوە و تەماشایدەکرد»؛ کەچی لە ناکاو و بە بێ هیچ مەنتیق و هۆیێکی داستانی ڕووتی گێڕانەوە ئەگۆڕدرێ «کەس نازانێت دالیا ئەو ڕۆژە چەند گریاوە، بەلام بە حیکایەتی جەلادەت خۆی گریانەکەی چەندین سەعاتی خایاندووە» لێرەدا نووسەر دائەبەزێتەوە بۆ شوێنی ڕاستەقینەی خۆی؛ کەچی لە سەرەتای لاپەڕەی دواتر دا دیسانەوە ئەبێتەوە بە خودا «سەری جەلادەت دەخاتە نێو دەستیەوە و دەیلاوێنێت، بەو هێمنیە کوتوپڕەوە کە زۆر جار لە ناکاو لە نیگاو دەنگیدا دروستدە بوون، دەیەوێت نیگاهی خۆی سەبارەت بە فاجیعەکان بۆ باسبکات، پێیوایە هەموو برینێکی قووڵ، سەدایەک دروستدەکات کە هەرگیز دەنگدانەوەی کۆتایی نایەت. دالیا ڕای وابوو لە زەمەنی و... » لە دەیان شوێنیتردا ئەم هەڵەیە دووپات ئەبێتەوە. ئەم گێڕەوەرەی ئەیتوانی دەیان بەرجەوەنی گۆنجاو بۆ خۆی دەستەبەر بکات و لە دەیان مەودای جۆراوجۆرەوە باسی دنیای دەقمان بۆ بکات، تاکە شوێنەکەی خۆیشی بۆ ناپارێزرێت و لە دەیان شوێندا وەک زانای گشتی دەرئەکەوێ «بەلام سەربازە برسییەکانی ناو سەنگەر خەیاڵێکی‌تریان لەسەر قیامەت هەبوو، قیامەت لە دیدی ئەوانەوە وەک پەلاماری کۆمەڵێک سواری ڕەشپۆش بوو کە لە ناو لمەوە دێن» پێم وا نییە هیچ زانای گشتییێکیش لە هیچ ڕۆمانێکی دەرەوی ئەدەبی کوردیدا بڕیاری وەها ڕەهای دەر کردبێت و نەک ئاست و ڕادەی هەستەکانی ناو سەری کۆمەڵێ کەسی ناو دەق، بەڵکوو

PDF4Kurd


جـۆری هەستەکانیـشیان دیـاری کردبێـت. «قیامـەت لـە دیـدی ئەوانـەوە وەک...»

سێهەم: گرفتی بەرجەوەن

پاش دوو گرفتی پێشووی گۆشـەنیگا (شـێوە دەنـگ و مـەودا) گـرفتی سێهەم، ڕوانگە یان بەرجەوەنی گێڕانەوەیە. لـە زۆر شـوێندا بەرجەوەنـەکانی گێڕانەوە تێک ئەچێت. گێڕەوەرەکان لە بەرجەوەنی یـەکترەوە قـسەئەکەن. گێڕەوەری یەکەم کەس، شوێنی زانای گشتی ئەگرێتەوە. لە لاپەڕەی ٣٠٨دا عەلی شەرەفیار لە بەرجەوەنی جەلادەتەوە باسی پیاسەیێکی ئەو کوڕەمان بۆ ئەکات؛ کەچی ئەو شتانەی باسی ئەکات تەنیا ئـەکرێ سـەربوردەی چەنـەها ڕۆژ و مانگی شەڕ بێت کە یان خەڵکی شارێ دیبێتیان و لە ڕێگـەی زمـان و وت وویژی جەماوەرییەوە چڕکرابێتـەوە، یـان ئـەوەی زانـایێکی گـشتی لـە بەرجەوەنی بەرزی خۆیەوە کە ڕەهایە لە گرفتی ئاسـت و ئاراسـتە و زەمـەن بیگێڕێتەوە «جەلادەت بێئەوەی هیچ بڵێت لە ژوورەکەی دەڕۆیشتە دەرەوە، وەک هێزێکی نهێنی ڕاکشیبکات ڕوویدەکردە نێو کوچەکان. ساتێکی سـەیر بوو، لە هەر چوار لاوە دەنگی تەقینەوە دەهات، لە هەموو لایەکەوە خەڵـکانی ئاوارە و هەڵهاتوو لە هەموو شارەکانی باشوورەوە دەهاتنە ژوورێ بۆ ئەم شارە چکۆلەیە، وەکوو ئـەوەی ئێـرە دواهـەمین پـەناگای ئـەو سـەرزەمینە بێـت. جەلادەت سەدەها ژن و منداڵی سەرگەردانی دەبینی وەک شێت دەڕژانە ناو کوچەکانەوە، دەیەها چەکـداری دەبـینی لـە ڕوخـسارياندا تـرس و شکـست هەبوو... لە چەنـدەها لاوە چەکـدارەکان برینـدارەکانی خۆیـان لـە دەسـتە بەرەدا دەهێنایە ئەو شارە و بۆ دکتۆر دەگەڕان، هەندێک لە برینـدارەکان بـە کۆڵــی هاوڕێکانیانــەوە بــوون، هەنــدێکیان لــە بەتانیــدا هەڵــگیرابوون و خوێنەکـەیان لـە بەتانییەکانـەوە دەتکایـە سـەر زەوی. ناڵـەی برینـدارەکان تێکەڵ بە هاواری ئەو ژنانە بوو کە دوێنێ شەو مێـرد و بـرا و کوڕەکانیـان لـە

PDF4Kurd



شەڕدا دۆڕاندبوو. هەندێک لە چەکدارەکان بە زۆر دەرگای ماڵەکانیان دەشکاند و بە دوای نان و ئاودا دەچوونە ژوورێ. جەلادەت وەک شاهیدێکی شێت تەماشایدەکرد و هیچی نەدەکرد، بە کوچەکاندا دەگەڕا و سەیری ئەو ژنانەی دەکرد کە بە خۆیان و عەبا ڕەشەکانیانەوە شاریان پڕ دەکرد لە گریان و فیغانێکی گەورە. لە هەندێ جێگادا چەکدارەکان لەگەڵ سۆزانییەکاندا دەبووە شەڕیان، هەندێک لە سۆزانییەکان بە ترسەوە دەیانقیژاند و دەیانگوت: بڕۆنە دەرێ بە هۆی ئێوەوە هەموو ئەم شارە خاپوور دەکەن ...»
ئەم ڕوایەتە سەیر و سەمەرانە خوێنەر ئەخاتە گومانەوە لەوەی نووسەر کتێبێکی لە سەر گۆشەنیگا خوێندبێتەوە. کوڕێ ئێوارە بە پیاسە ئەڕواتە دەرێ، کەچی بەشی مانگێ شت ئەبینێ. خۆزگە نووسەر ئەوەندە بەرامبەر بە دەقەکەی کەمتەرخەم نەبوایا با ڕەخنەگر ناچار نەبێ ئەلف و بێی نووسینی داستانی فێر بکات. جا ئەگەر نووسەر بتوانێ بە بێ لەبەرچاوگرتنی شێوەدەنگ و مەودا و بەرجەوەن چۆنی پێ خۆشە داستان بگێڕێتەوە، ئیتر چ پێویست بە گۆڕاندنی گۆشەنیگایە. مەتری خۆت لە دەست بگرە و تا دنیا دنیایە بڵێ گەزی من پێنج چارەکە. لە هەموو مێژووی ئەدەبیی جیدیدا تەنانەت لە فانتازیاییترین بەرهەمەکانیشدا نموونەیێکمان بەرچاو ناکەوێ، مەنتیقێکی شکاندبێت و بە هۆ و هۆکارێکی مەنتیقیتر پشت ئەستوور نەبێ. ژول ورن نەنکی ڕۆمانی فانتازیایی بۆ ئەوەی قارەمانێکی لە ماوەی هەشتا ڕۆژدا دەوری دنیا بداتەوە، خۆی گیرۆدەی دارشتنی ئەستەمترین جۆری گەلاڵە کردووە و بەوپەڕی وریاییەوە لە هەموو ساتێکدا تەناسوبی نێوان مەودا و بەرجەوەنی پاراستووە؛ بەلام وەک لە سەرەوە دیتان نووسەری کورد کوڕێ بۆ پیاسە ئەباتە دەرەوە و بە بێ ئەوەی خۆی بە گۆڕاندنی هیچ کەش و هەواییێکەوە ماندوو بکات و هیچ هۆییێکی داستانی هەبێت، یەک مانگ شەڕی پێ ئەبیندرێنێ. لە دەقی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا بە بێ لە بەر چاو

PDF4Kurd



گرتنی گۆشەنیگا، مەودای گێڕەوەر لەگـەڵ دەقەکەیـدا مـەودایێکی دوورە و ئەم دوور بوونەش ئەگەڕێتەوە بـۆ جـۆرێ گێڕانـەوە. لـە نزیکـەی نـەوەد لـە سەدی ئەم کتێبەدا دەق بە زمانی حیکایەت ئەگێڕدرێتەوە نەک داستان. بـە بـێ قامـک خـستنە سـەر گێـڕەوەرە جیاوازەکـان (جـەلادەت، شـەرەفیار و بەختیار عەلی) ئەوەی ئەگێڕدرێتەوە زۆر دوورە لە ڕووداو و کەسـێتی‌یـەکان. نووسەر لە باتی پیشان دانی کەش و هەواکان، لە بری ئەوەی خوێنـەر بباتـە ناو دەقەوە، لە باتی ئەوەی فەزاییێکی داستانی ساز بدات و بزوتنەوەی مـرۆڤ و پاژ و کەسێتی یەکان لەم فەزایەدا پیشان بدات، لە دوورەوە حیکایەتمان بۆ ئەگێڕێتەوە و حیکایەت بیستی کوردیش ئەبێ چاوی خۆی لێ بنووقێنێـت و گوێ بگرێ «بەر لە دەست پێکردنی پاییز بە چەند هەفتەیەک دەیەها هـەزار سەرباز لەملاولای جیهانەوە گەیشتنە ئاوە نێو دەوڵەتییەکەی کەنداو، لـەوێوە بەرەو ئەو بەندەرە زۆر و زەبەندانە کەوتنە ڕێگـا کـە شـەو و ڕۆژ بێوچـان لـە کەنارەکانی خۆیاندا پێشوازی سەرباز و زرێپۆش و نەفـەرهەڵـگریان دەکـرد. هێند ئامێری سەیر و چەکی نەبینراو دەرکەوتن کـە پێـشتر مرۆڤـایەتی لـە مێـژووی خۆیـدا شـتگەلێکی لـەو جـۆرەی نـەبینیبوو... شـاری تـەپوتۆزە زەردەکان لەو وەرزەدا وەک شوێنێکی ترسناک دەینواند، دەیان سەربازگەی تازە لە بیابان و سەحرا نزیکەکاندا کرابوونەوە، ... کۆتایی هەفتان ئـەو شـارە پڕەبوو لە هەزاران سەرباز کە بە جلە سەربازییە تۆزاوییەکانیانەوە دەهـاتن و لە بەردەم ماڵەکاندا ئاپۆرەیان دەبەست، ئەو ماوەیە پڕ بوو لە ڕۆژانی پڕتەم... لە دەرەوەی سەنگەرەکان هەموو جیهان دەیزانی شـەڕ دەبێـت، هەسـتێکی ترسـناک بـە نزیکبوونـەوەی قیامـەت لـە هـەموو ولاتـدا، وەک گـەردەلوول بڵاویبکاتەوە، وەک سەماکەرێکی ئەهریمەنساز لە سـەر هـەموو سـەحنەیەک سەمایدەکرد... ئەوانەی لە گوندە دوورەکانی ناو چیادا دەژیـان، قیامـەت لـە لایەن وەک بەفر بارینێکی هـێمن، هـێمن بـوو کـە لـە سـەرخۆ دەبارێـت و

PDF4Kurd


دەبارێت، تا هێدی هێدی لەگەڵ بەرز بوونەوەی خۆیدا ئێمەش بەرەو سەرەوە بەرز دەکاتەوە. هێندە بەرز فریشتە سپیپۆشەکانی ئاسمان دەستیان بمانگاتێ. هێندە بەرز ئەم فریشتانە دەست درێژ دەکەن و ئێمەش دەست درێژ دەکەین، وەک ئەوەی مرۆڤێک لە سەر بانێکی نزمەوە سەر کەوێت بۆ سەر بانێکی بەرزتر. ئاوەها دەستماندەگرن و سەردەکەوین بۆ ئەو دنیا، لەوێ فریشتەکان باوەشمان پیادەکەن و ماچماندەکەن و دەڵێن بەخێر بێن. ئاوەها وێنە جیاوازەکانی قیامەتی لە مسەرەو سەری ولاتدا لە هاتوو چۆدا بوون. جەلادەتی کۆترکە چیرۆکە جیاوازەکان و وێنە جیاوازەکانی قیامەتی دەبیست، خۆی وێنەیەکیتری لە خەیاڵدا بوو، قیامەت سەفەرێک بوو لە سەر ئاوازی کۆمەڵێک سەمفونیای گەورە گەورە کە پیاوێکی تەنها بە ناو دارستانێکی درێژ و ناکوتادا دەیکرد. سەفەرێکی هێمن لە ناو شنەی شەماڵ و درەختی بە ئاورینگ بەردارادا. ڕێبوارێک کە ئازادانە دەڕوات... بەر لە دەست پێکردنی جەنگ خەڵک بە گشتی ڕەفتار و ڕەوشتیان دەگۆڕێت، مرۆڤ دەتوانێت تەماشا بکات و بە وردی ببینێت کە ترسێکی تایبەتی و گومانێکی قووڵ لە چاویاندایە. هەتا شێوازی قسە کردن، شێوەی ڕاوەستان و چۆنێتی جلو بەرگەکانیان دەگۆڕێت. ئەوەی سەیرە لەکاتی جەنگدا ژنان پتر لە پیاوان دەگۆڕێن، هەندێکیان بە جۆرێکی سەیر و کوتوپڕ حەزدەکەن چی حەرام و نەکردەیە لەو وەرزەدا بیکەن و هەندێکیان بە پێچەوانەوە لە پڕێکدا خۆیان دادەپۆشن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا. جەلادەت بە شێویەکی سەیر سەرەنجی ئەو گۆڕانکارییە قووڵانەی دەدا کە لە دەنگ و گەروو و نیگا و خەندەکاندا ڕوو دەدەن، گۆڕانێک بە سەرەتای دەست پێکردنی گۆڕانی دنیای دەزانی... دوای چەند سەعاتێک لە گەیشتنی باڵندەکان و تێکەڵاو بوونیان بە فریشتەکان تەنیا وێستگەیەکی ئەو ئاڵوگۆڕە خەیاڵیانە بوو کە لەگەڵ سەرەتای شەڕدا لێرەدا ڕوویاندەدا. دوای چەند سەعاتێک لە

PDF4Kurd



گەیشتنی باڵندەکان و پێش چەند سەعاتێک لە دەست پێکردنی شەڕ، هەوای ئەو شارە وەک هەوایەکی خەیاڵی لێهات. لە ناکاو سێبەری ماسی گەورە گەورە لە هەوادا دەرکەوتن. تارمایی کەشتی خەیاڵی، تارمایی دەریاوانی خنکاو، جانەوەری ئاوی جیاواز جیاواز، ڕاوکەری مرواری خەندەدار بە ددانی زێڕینەوە، ڕۆحی کەشتیوانە مردووکانی ڕۆژگاری دێرین... تەواوی خەڵکی لە شوێنە قایمەکاندا خۆیان حەشار دابوو، دەنگی تەقینەوەکان لەوە گەورەتر و بەناڵەتر بوون مرۆڤ لێیان نەترسێت، پریشکی ئاگرینی موشەکەکان دەگەیشتنە سەر ئەو شارە و وەک فوارەیەکی ئاگرین دەهاتنە خوارێ. فڕۆکە و موشەکەکان بە سەر سەریدا دەفڕین و ڕوویانەدەکردە بنکە سەربازییە بێشومارەکانی باشوور و باکوور... جەلادەت جارێکیتر ئەو تێکەڵاوبوونە سامناکەی دەبینیەوە، تێکەڵاوبوونی ژیان و مەرگ. چاوی دەکردەوەو شارەکانی دەبینی لە بەردەمیدا دەسووتێن. باڵەخانە بەرز و دوورەکانی دەبینی گڕ دەگرن، منداڵە بەرەڵاکانی ناو زوڵمەتی دەبینی لەگەڵ هەناسەیاندا دووکەڵ دێتە دەرێ. ئەو ئافرەتانەی دەبینی کە بە ئاگرەوە دەفڕێن و خۆیان لە ڕووبارەکان هەڵدەکێشا و دەبوونە پارچە خەڵۆزێکی سەر ئاو کەوتوو، شەپۆل لە دوای شەپۆل بوونەوەری سووتاو لە تاریکیدا دەردەکەوتن و دەبوونە غوبار. دەبوونە بەشێک لە هەورێکی بریندار کە دەشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بری باران هاوار ببارێنێت. تا دونیا ڕووناک دەبووەوە بەردەوام جەلادەت لە تاریکیدا مرۆڤی دەبینی بە گڕەوە ڕایاندەکرد و دەبوونە خۆڵەمێش... ڕایاندەکرد و دەبوونە خۆڵەمێش... شار بە جۆرێکی نائاسایی پڕ بوو لە باڵندە و جانەوەر و تارمایی سەیر سەیر گەلەک جنسی سەیر و نەدۆزراوەی باڵندە لە سەر باڵکۆن و سەکۆ و کوێسەبانەکان دەرکەوتن، جەلادەت وەک چووبێتە قۆناغێکی ترسناکی هەڵوەسە و تێکچوون و لەدستدانی ڕۆشنایی عەقڵ، بە شاردا دەڕۆی و بێئەوەی سڵاو لە

PDF4Kurd



هـیچ ناسـیاوێک بکـات لـە هـەوادا ئـەو بەلەمـە چکۆلانـەی دەبـینی بـە سەرماڵـەکاندا دەڕۆی. مرۆڤـی خوێنـاوی و بێـسەری دەبـینی دەسـتیان خستبووە گیرفانیان و لە شەقامەکاندا دەگەڕان... چەندین هەفتە ژیان بـەو جۆرە بەردەوامبوو. بە درێژایی ئەو ماوەیـە هـەموو شـتێک لـە شـاری تـۆزە زەردەکانـدا وەسـتابوو. هـەمووان بـەردەوام چـاوەڕوانی قیامـەتیان دەکـرد. هەندێک لە سۆزانییەکان ئەو مانگە حیجابیان لە سەر ناو لە ماڵێکی تایبەتیدا پێکەوە نوێژی دەستە جەمعییان دەکرد. هەندێک بە حیجابە ڕەشـەکانیانەوە بە کوچەکاندا دەسووڕانەوە و بـە دەنگـی بـەرز تۆبـەی خۆیـان ڕادەگەیانـد. هەندێکی دیکەشیان بە پێچەوانەوە بە ڕووتی دەهاتنە بەر دەرگا و تارمـایی و ڕێبوار و سەربازە نەخۆشەکانیان فریو دەدا، بە هەمووانیان دەگووت گـەر بـەر لە مردن مرۆڤ تێر لە ئامێزانبوون و ڕامووسان و دەست لە مـلان نـەبێت بـە جەهەنەمی دەمرێت ل٢٧١هەتا ٢٨٠» بڕوانن گێڕانەوە چەند دوورە لە فەزای داستان و نیگا چەند گشتی نواڕانەیە وچەند سەرپێیی باس لە شت و شوێن و کەسەکان ئەکرێت. دیار نییە «هێندەی ئـامێری سـەیر و چـەکی نـەبینراو» چۆنا و چۆنن و کامەیە ترسناکی شاری تەپوتۆزە زەردەکان. خوێنەر کـەش و هەواییێکی ترسێنەر نابینـێ، تـەنیا هەنـدێ قـسە سـەبارەت بـە ترسـناکی و برسیەتی و نەداری و قیامەت و هتد ئەبیسێ. ئێمە لە ڕێگای کەسـێتی‌یـەوە ناڕۆینە نێو دەق و کارەسات و بەسەرهات و ڕووداوەکان هەست پـێ ناکـەین. نووسەر گوێی خۆی لە ئاست کەش و هەوا خەوانـدووە و لـە فـەزایێکی تـاک دەنگدا حیکایـەت ئەگێڕێتـەوە. بـۆ پتـر نیـشانداندنی ئـەم لاوازییـەتی دەق کۆڵەکەیێکی تری ڕۆمان ئەخەینە بەر باس.

## کۆڵەکەی چوارەم: کەش و هەوا (**Atmosphere**)

کەش و هەوا ئەو بارودۆخ (Codition)ەیە لە دەرەنجـامی کاریگەریـەتی

PDF4Kurd



فاکتەرەکانی پێکهێنەری فەزا لە سەر یەکتر دروست ئەبێ. لێرەدا پێویستە فەزا و ئەو فاکتەرانەی لە سەر فەزا کاریگەر ئەبن و کەش هەوا ساز ئەدەن بخەینە بەر باس.

فەزا: (Space) : بە شوێنێ ئەڵێن بکرێ شتگەلێکی تیا بگونجێنین. وەک ئەبینن ئەم تەعریفە زۆر گشتییە و هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ فرەلایەنی و بەربڵاوی جۆرەکانی فەزا. بە پێ ئەم تەعریفە مانای فەزا هێندەی (بوون) بێ سنوورە. لە ڕوانینێکی هەبوونگەرانەدا فەزا شوێنێکی بێ سنوورە کە ئەتوانێ هەموو ئەو شتانەی بوونی هەیە لە خۆیدا جێ کاتەوە؛ واتە فەزا ئەو مەزرووفەیە هەموو جیهانی لە خۆی گرتووە. فەزاکان کە بچووکتر ئەبنەوە شیاگە (Capacity) یان کەمتر ئەبێتەوە؛ مەسەلەن شیاگەی گوند کەمترە لە شار و ئەو شتگەلەی ئەکرێ لە شارێکدا بیگونجێنین، لە گوندێکدا جێی نابێتەوە. ئەگەر جێی بووەوە مانای ئەوەیە ئەوەی ئێمە باسی لێ ئەکەین شارە و گریمانە و خواستی ئێمەش هیچ لە بوونی ڕاستەقینەی ناگۆڕێ. ئێمە ئەتوانین لە شارێکدا قامک خەینە سەر گەڕەکێک، لە گەڕەکێکدا کۆڵانێ دەست نیشان کەین و لەو کۆڵانەدا سەر بە دەرگای ماڵێکدا بکەین و ژوورێک بۆ دانیشتن هەڵبژێرین. ئەو ژوورە ناوەوەی شەش دیوارێکە کە جیامان ئەکاتەوە لە ژوورەکانیتر و هاوکات بەشێکە لە ماڵێک و کۆڵانێک و گەڕەک و شار و...

فاکتەرەکانی کاریگەر لە سەر فەزا.

یەکەم: شیاگە(Capacity): شیاگە باس لە دوا ڕادە و ژمارەی ئەو شتانە ئەکات وا لە شوێنێکی دیاریکراودا جێ ئەبێتەوە.

دووهەم: مۆڤ (Material) : مۆڤ ئەو پاژانەن وا شوێن لە بۆشاییەوە ئەگۆڕن بۆ فەزا.

سێهەم: شوێنگە(Position): شوێنگە کاریگەری ئاست، ئاراستە، زەمەن

PDF4Kurd


و کەش و هەوای دەرەوەیە لە سەر شوێنێکی دیاریکراو. لە بەر ئەوەی باسی ئێمە هونەرە، لە شانۆ نموونە دێنینەوە. فەزا لە شانۆیێکی قاپیدا پێکهاتووە لە قاپێک کە بریتیە لە پانتایی، بەرزایی و قووڵایی. ئەم شانۆیە لە چاو بینەرەوە لە ئاست و مەودا و ئاراستەیێکی دیاریکراودایە و هەرکامە لەم سێ فاکتەرە بگۆڕدرێن، یاساکانی ڕوانین تووشی گۆڕان ئەبن. ئێمە حاڵەتی ئاسایی شانۆ بە میسال دێنینەوە. بینەر بەرامبەر بە قاپی شانۆ تەقریبەن هاو ئاست، لە مەودایێکەوە کە بتوانێ بە چاوی ئاسایی قاپەکە ببینێت، سەیری شانۆ ئەکات. ئەم فەزایە شیاگەیێکی دیاریکراوی هەیە کە ئەگەڕێتەوە بۆ دوایین بارستائی ئەو شانۆیە. دەرهێنەرێک بیهەوێ فەزای گریمانەیی ئەم شانۆیە بکات بە فەزایێکی ڕاستەقینە ئەبێ هەندێ شت لەم شانۆیەدا دابنێت. بەم کارە چ گوڕانێ لە فەزادا ڕووئەدات؟ ڕووکەشیترین ولاَم ئەوەیە بڵێین جۆرێ لە کەش و هەوا ساز ئەبێت و بەر بە دروست بوونی جۆڕێکیتر لە کەش و هەوا ئەگیردرێت؛ لە بەر ئەوەی شوێنە جیاوازەکانی فەزا لە بەرجەوەنی بینەرەوە نرخی جیاوازیان هەیە و ئەو شتەی لە باشترین شوێنی ئەم شانۆیەدا دائەنرێت ئەبێ بە هەڵگری بەهایێک کە دیکەی شتەکانیتر لێ بێوەرین. تەسەوری ئەوە بکەن بمانەوێ بە کورسییێک، کاتژمێرێکی گەوەرە، پەیکەرەی ئەسپێک وجڕجرەیێک شانۆیێک پڕ کەینەوە. دیارە ئەو شتەی لە ناوەڕاست و قووڵایی شانۆیەکەدا جێ ئەگرێت زیاترین سەرەنج بۆ خۆی ڕائەکێشێت و لە ڕوانگەی بینەرەوە زۆرترین نرخ پەیدا ئەکات. ئەگەر دەرهێنەر بیهەوێ بۆ ماوەیێک یان چەندەها جار سەرەنجی بینەر لەو شتە هەڵبگرێت و ئاراستەی شتێکیتری بکات ئەبێ چی بکات؟ وەڵامێک ئەوەیە لە دیکەی فاکتەرەکانی سەحنە بۆ وێنە ڕووناکی کەڵک وەربگرێ. ئەگەر هەر لەو شتە دیاریکراوەوە تیشک بڕواتە سەر شتێکیتر بۆ وێنە پەیکەرەی ئەسپ، چاوی بینەریش ئەڕواتە سەر هەمان شت. دەرهێنەر بە کەڵک

PDF4Kurd



وەرگـرتن لـە دیکـەی فاکتـەرەکانی شـانۆ وەک مۆسـیقا، جوولـە، دەنـگ و ئاماژەی کەسێتی‌یەکان ئەتوانێ پەلی بینەر بگرێت و بەرەو ئەو شوێنەی پێی خۆشە ڕاکێشی کات. بەماناییێکی‌تر زێدە بوونی هەر پاژێ بـە فـەزا جگـە لـە داگیر کردنی شوێن و بەرە و پڕ بوونەوە بردنی شیاگە، لە سەر کەش‌وهەواش کاریگەری ئەرێنی و نـەرێنی ئـەبێت. بۆیـە بـۆ سـازدانی کـەش‌وهـەواییێکی دیاریکراو، دەرهێنەر ئەبێ زۆر بە شارەزایی و ورد بینییـەوە پاژەکـانی خـۆی هەڵبژێرێت و ئاگاداری کاریگەری پاژەکان لە سەر یەکتر بێت و لـە شـوێن و کاتی دیاریکراودا لە پاڵ یەکتر دایانبنێت. ئەو تایبەتمەندییانەی لـە سـەرەوە بۆ شانۆ باسمان کرد، زۆر ئاڵۆزکاوتر لە نیگـار و مۆسیقاشـدا بـەدی ئـەکرێت. فەزا لە نیگاردا هەرچەن تەک ڕەهەندە و بریتییە لە درێژایی و پانتایی، بـەڵام بە هۆی بێ سنوور بوونی ڕادەی ئاوێتـەکاری دوو تـوخمی سـەرەکیی نیگـار واتە هێڵ و ڕەنگ، پڕ کردنەوەی گونجاوی فەزا و ئافراندنی کـەش و هـەوای دڵخواز دژوارترە. هەر خاڵەڕەنگێ هەسـتێ لـە بینـەردا ئـەورووژێنێ و هـەر هێڵێ جۆرێ لە خێرایی ساز ئەدات و نیگامان ئاراستەی هێڵ و ڕەنگێکـی‌تـر ئەکات. کاریگەری ڕەنگ و هێڵەکان لە سەر یەکتر بزاڤێکی جوانکارانـە سـاز ئەدات و لە سەر ئاوێتەکاری، هارمونیا، کونتراست و... هتد کاریگەر ئـەبێت و لابردن و دانانی هەر ڕەنگ و هێڵێک کەش‌وهەوا تووشـی گـۆڕان و تەنانـەت ڕووخان ئەکات. نیگارکێش بە کەڵک وەرگرتن لەم دوو توخمە سـەرەکی‌یـە ئەتوانێ تابلۆییێک وەک ئوقیانووسی جەکسون پـولاک بخوڵـقێنێ. لـەو کـارە ئابێسترەئێکسپرسیۆنەدا، بـە بـێ کەڵـک وەرگـرتن لـە وشـە، بـە بـێ قـەرز وەرگرتن لە ڕوایەت و حیماسەت و هیچ شتێکی‌تر، تەنیا بە گەمـەی خـەت و ڕەنگ، ئەو پەڕی فرەدەنگی سازدراوە. هەندێ جار چاومان بە دوای هێـڵێکی ڕاستدا غار ئەدات و لە ناکاو لە قەمچی هێڵێکی چـەماوەدا قـەتیس ئـەبێت و لەوێوە ڕەنگێکی گەرم وزەمان ئەداتێ و دوای هارمونیای ڕەنگ و خەتێکی‌تـر

PDF4Kurd



ئەکەوین. بینەر بە بێ هیچ ئاوڕدانەوەیێک لـە واتـا و دورشمـەکانی دەرەوە، ئەتوانێ خۆی بداتە دەست ئەو یارییە چێژبەخـشەی ڕەنـگ و هـێڵ سـازیان داوە. دیارە لێرەشدا وەک میساڵی شانۆ، پاژەکـانی فـەزا (ڕەنـگ بـە هـەموو تەیفەکانیـەوە، هـێڵ بـە هـەموو حاڵـەتەکانیەوە) لـە بـەر شـوێنی دانـران و کاریگـەریان لـە سـەر پاژەکـانی دەوروبـەر ئـەتوانن هارمۆنیـا، کونتراسـت، فراکتووس و... پێک بێنن و لە ئاکامدا کەش و هـەوایێکی فـرە دەنـگ سـاز بدەن. دیارە لە ئاوەها تابلۆییێکدا بەو هەموو یەکانگیرییەوە، لابردنی خاڵ یان هێڵێک ئەتوانێ بالانس، ڕیتم، کومپوزیسیون و بەگشتی کەش و هەوا تووشی گۆڕانی بنەڕەتی بکات. مۆسیقاش نەک هەر بە هـەمان شـێوەیە بەڵـکوو بـە هۆی نزیکایەتی یاسا جوانناسانەکانی مۆسیقا بە زانستەوە یان بە واتـاییێکیتـر زانستی بوونی جوانناسی مۆسیقا، پێوەندی پاژ و فەزا بەرچاوترە. ئەگەر فـەزا لە مۆسیقادا بێ دەنگی بێت (وەک چۆن لە شانۆدا، قـاپی والای شـانۆیە و لـە نیگاردا بوومی سپییە ) نۆتەکان ئەو پاژانەن ئەم فەزایە پڕ ئەکەنەوە. خستنە پاڵ یەکی نۆتە جیاوازەکان و تێکەڵ کردنیان لەگەڵ ڕیتم بچووکترین فەزای مۆسیقایی واتە مێلۆدی ساز ئەدات. مۆسیقازان بە کەڵـک وەرگـرتن لـە دوو توخمی سەرەکی نۆت و ڕیتم ئەتوانێ ئەم مێلۆدییە پەرە پێ بـدات؛ تووشـی گۆڕانی بکات؛ هارمۆنیای بۆ پێک بێنێ؛ لەگەڵ هەندێ مێلۆدی تردا تێکەڵـی بکات و بەکەڵک وەرگرتن لـە دیکـەی فاکتـەرەکانی مۆسـیقا وەک تێمپـۆ و بارستایی دەنگ، ڕاشیا(ڕۆباتو) و هتد گۆڕانیان بە سەردا بێنێت و لە کۆی ئەم کارە جوانناسانانەیەدا مۆسیقاییێکی فرەدەنگ بئافرێنێ. کەش‌وهەوا لە ڕۆماندا نەک هەر هەمان گرنگایەتی مۆسیقا و نیگاری هەیـە، بەڵـکوو بـە هـۆی ئـەو پانتاییە بەرفراوانەی ڕۆمان داگیری ئەکات وهەروەها زۆربوونی شت و کەسـە بەشدار بووەکـان لـە ڕۆمانـدا ئـەتوانێ ئاڵـۆزکاوترین سیـستەمی هونـەری و زمانیش پێک بێنێ. گۆڕەپانی ڕۆمان ئەکرێ پانتاییێک وەکـوو وڵاتی ڕووسـیا

PDF4Kurd



بێ لە ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی یان مەزراییێک بێت لە قەلای ئاژەڵەکاندا. ئەکرێ بە وردی باس لە ژیانێکی واقیعی بکات لە شارۆچکەیێکدا وەک ڕۆمانی ژرمینال یان ڕاپورتێکی خێرا بێ لە سەر ئەساسی خوازە (Metaphor) لە شارێکی خەیاڵی وەکوو کوێری. شوێن و فەزا چی بێت و لە سەر کامە مەنتیقی ڕاستەقینە یان خەیاڵی ساز درابێت و بە کامە ڕێبازی گێڕانەوە بێتە نواندن گرنگ نییە؛ گرنگ ئەوەیە ئەو فەزایەی نووسەر نواندنی گرتۆتە ئەستۆ کەش‌وهەواییێکی داستانی ساز بدات و ئەمە مەیسەر نابێت مەگەر ئەوەی ئەو فەزا گشتییەی هەڵبژاردووە ورد بکرێتەوە بۆ فەزاگەڵیکی بچووکتر و هەر کامە لەم فەزاگەلە پڕ بکرێتەوە بەو مۆڤە داستانییانەی واقیعی ژیان یان مەنتیقی ڕۆمان داوای ئەکات. بۆ سازدانی فەزاییێکی داستانیی بە هەمان شێوەی نیگار و مۆسیقا تێکەڵ کردنی مۆڤە سەرەکی‌یەکان پێویستە، بەم جیاوازییەوە کە ڕۆمان قەت ناتوانێ بە دەرهەستی (Abestract) بگات. ڕۆمان لە بەر ئەوەی لە ڕێگەی زمانەوە ئەگێڕدرێتەوە، لە فانتازیایی‌ترین شێوەی خۆیشیدا ناگاتە دەرهەستی. ئەو تەنراوەی لە ڕێگای ڕەنگ و هێڵەوە دروست ئەبێت، ئەکرێ هیچ واتاییێکی زمانی نەنوێنێ. ئەو پارچە مۆسیقایەی بە تێکەڵ کردنی نۆت و ڕیتم دروست ئەبێت لە ساتەوەختی ئافراندندا هیچ واتاییێکی نییە، بۆیە کەش و هەوا لەم دوو هونەرەدا کەش و هەوای دەرەزمانی‌یە؛ کەچی لە ئەدەبدا بەگشتی و لە ڕۆماندا بە تایبەت کەش‌وهەوا لە فانتازیی‌ترین شێوەش‌دا لەگەڵ ژیاندا موتربەیە؛ لەبەر ئەوەی ئەو وشانەی ئەدەبیی پێ ئەگێڕدرێتەوە بە پێی بڕیارێکی کۆمەلایەتی هەڵگری واتان. نووسەر کە نووسی (دار) بیهەوێت و نەیهەوێت باس لە دار ئەکات نەک دیوار؛ مەگەر ئەوەی وا گریمانە بکات وشەی دار مانەی دیوار ئەدات. ئایا نووسەر ئەتوانێ مانای چەن وشە بگۆڕێت لەو هەزاران وشەیەی لە کتێبەکەیدا ئەیهێنێ ؟ تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین نووسەر لە پێشەکییێکدا

PDF4Kurd


سیستەمێکی تری زناگناسیمان ئاراستە بکات و پێشتر سیستەمی باوی زمانیشی دیواندیو کردبێ دیسانەوە هیچ ناگۆڕدرێ؛ لە بەر ئەوەی ئەم کارانەی لەڕێگەی زمانێکەوە کردووە کە دیسانەوە جەماوەرییەو هەڵقولاوی ژیانە. وتمان مۆقی سەرەکی لە نیگاردا هێڵ و ڕەنگە و لە مۆسیقادا نۆت و ڕیتم. توخمی سەرەکی لە ڕۆماندا چییە؟ ئایا وشەیە؟ وەک چۆن مۆسیقا لە ڕێگای نۆتەوە دروست ئەبێت، ڕۆمانیش لە ڕێگای وشەوە دروست ئەبێت. لە مۆسیقادا تێکەڵ بوونی نۆتەکان، ڕستە، میلۆدی، تەنراو و بەشگەلێکی وەک موهمان دروست ئەکەن و خستنە پاڵ یەک و ئاوێتە کردنی موهمانەکان سەمفونیا ساز ئەدەن. لە ڕۆمانیشدا تێکەڵ کردنی وشەکان، ڕستە، تابلۆ، تەنراو و فەزا ساز ئەدەن؛ بەڵام ئایا وشە یان ڕستە بە تەنێ خۆیان ئەتوانن هەڵگری کەش‌وهەوا بن؟ ئایا ڕەستەی (کاوە مرد) کەش و هەواییێک ساز ئەدات؟ بۆ ئەوکەسەی کاوە نەناسێت، ئەم ڕەستەیە وەک ڕستەی (بەردێ خلوور بووەوە) خاڵی‌یە لە هەر چەشنە کاریگەرییێکی عاتیفی و بەم بۆنەوە هیچ کەش و هەواییێک ساز نادات. بێ شک ئەگەر کاوە خۆشەویستی ئێمە بێت ئەم ڕەستەیە ئەتوانێ ڕامانچڵەکێنێ. ئەم ڕستە ئاساییە لە ڕۆماندا ئەکرێ وەک هەواڵێکی جەرگبڕ دەرکەوێ؛ ئەگەر هەڵقولاوی فەزاییێکی داستانی بێت، واتە(کاوە) لە ناو فەزاییێکی داستانییەوە دەرهاتبێ نەک فەزاییێکی زمانی.

شێوەی نووسین(janr) و ڕوودانگە (Location) گرنگ نییە، نووسەرکامە شوێنی وەک جیهانی داستانەکەی هەڵبژارد، ئەبێ بە پێی شیاگە و شوێنگەی ئەو شوێنە بە مۆقە داستانییەکان پڕی بکاتەوە و هەموو پاژ و مۆقەکان لە شوێنی خۆیان دابنێ. گریمان نووسەر بۆ ئاسانکاری بیابانێکی ڕووتەنی دەسنیشان کرد. ئەم شوێنە لە چی پێک هاتووە؟ تا چاو هەتەر ئەکات لم و یەک یان چەن کەسێتی و ئیتر؟ لەوانەیە لەم بیابانەدا ناوە

PDF4Kurd


ناوە ڕەشەبا هەڵکات و هەندێ پووش و پڵاش و مەلی مـرداروەوە بـوو و هتـد لەگەڵ خۆی بێنێ. ئایا شوێنێکی وەها ڕووتەن بە کەڵکی داستان دێت؟ ئایـا نووسەر ئەتوانێ بەم چەن مۆڤە کـەش‌وهـەوای ڕۆمـان پێـک بێنـێ؟ بـووگن کەسانێ شوێنی لەمە ڕووتەنتریشیان وەک ڕوودانگەی داستان هەڵبژاردووە و هونەرمەندانەترین کەش‌وهەوای ڕۆمانییشیان خوڵقاندووە. بـێ شـک جـەک لەندەن لەم بوارەدا نووسەرێکی بێ هاوتایـە. ئـەم نووسـەرە فـەزای شـاکاری (ئەوین و ژیان) ی بە یەک دوو مرۆڤ و بەفر و گورگێکی شەل پڕ کردۆتەوە. هەموو فەزای ئەم ڕۆمانە لەم چەن پاژە پێک هاتووە؛ کەچی پێوەنـدی نێـوان کەسێتی، گورگ و بەفر وەها پتەوە و نووسەر وەها بە جوانی لەم سێ پاژە بۆ پـڕ کردنـەوەی فـەزای داسـتانەکەی کەڵـکی وەرگرتـووە خوێنـەر ئامـادەی وەرگرتنی سەیر و سەمەرترین ڕووداوەکانی بەرهەمهاتووی دەق ئـەبێت. لـە ئاکامی ڕۆماندا گورگی شەل و کەسێتی لە ناو ڕووتەنی بەفرا لە بەر برسـیەتی لە ڕادەبەدەر لە یەکتر نزیک ئەبنەوە. کەسێتی قەپ بە ملی گورگـا ئـەکات و خوێنی گورگ وەک شەراب دەممان پڕ ئەکات و چێژی لێ ئەبینین؛ لـە بـەر ئەوەی داستان، کەش‌وهەوایێکی وای ساز داوە ناچارین پێوەرەکـانی خۆمـان فڕێ بدەین و بە پێی پێوەرەکـانی دەق چێـژ ببیـنین. جـەک لەنـدەن لـەو ڕۆمانەدا لەم سێ نۆتەی خۆی (بەفر، گورگ وکەسێتی) کەڵکی وەرگرتـووە و دەیان مێلـۆدی جۆراوجـۆری پـێ سـاز کـردوون. ئـەم سـێ نوتـە ئـەبن بـە هارمۆنیای یەکتر؛ ڕیتمی یەکتر ئەگۆڕن و لە تێکەڵ بوونی ڕیتم و مێلـۆدی و هارمۆنیای بەرهەمهاتوو لەم سێ نۆتە تریوییێکی فرەڕەنـگ دروسـت ئـەبێت. کەسێتی بە پێ ڕیتمی ژیان بە سەر بەفرا هەنگاو ئەنێ؛ گورگ بە پێ ڕیتمـی شەل بوونی خـۆی دوای ئەکـەوێ. ڕیتمـی بـەفر ئـەگوڕدرێ؛ هەڵـئەکات و کەسـێتی و گـورگ ئـازار ئـەدات. لـە شـەڕی بـەفر و کەسـێتیدا سـەنتزی برسیەتی دێتە گۆڕێ. واتە لە تێکەڵاوی سێ نۆتەی بەفر، گورگ و کەسـێتی

PDF4Kurd



لـە سـەر ڕیتمـی بـۆران مێلۆدیـای برسـیەتی سـەر هەڵـئەدا. لـە ئاوەهـا کەش‌وهەواییێکدا لە نێوان دانراوەی ژیان و دژەدانـراوەی برسـیەتیدا، داهاتـە (سەنتیز)ی خواردنی خوێنی گورگ دێتەگۆڕێ. بۆیـە خوێنـەر لـە دەرەوەی دەقدا بە دوای هیچ بەڵگەیێکدا ناگـەڕێت و کـاری درامـایی کەسـێتی وەک کردەوییێکی گونجاو قبووڵ ئەکات. نووسەر لەو ڕۆمانەدا بۆ کردەوەی درامایی کەسێتی هیچ پاساوێکی فەلسەفی و دەروونناسانە ناهێنێتەوە تا لە ڕێگەیـەوە خوێنەر قایبل بکات. جەک لەنـدەن لـە زۆربـەی ڕۆمانەکانیـدا فـەزای تـاک چەشن و ڕووتەن بە کـار ئـەهێنێ. نووسـەرانی‌تـر لەوانەیـە فـەزاییێکی فـرە چەشنتر دەسنیشان بکەن. ڕەنگە وەکوو تولستۆی بەرینترین وڵاتی دنیـا بـۆ فەزای دەقەکەی خۆی هەڵبژێرێت. پڕ کردنەوەی ئەم فەزایە لـەو سـەردەمە مێژووییـەدا وا ڕووسـیە گـیرۆدەی شـەڕ لەگـەڵ مـەزنترین و زەنگینتـرین بورژوازیی جیهانە، هەوڵـێکی ئێجگـار هونەرمەندانەیـە و زانـستێکی بـەرینی ئەوێ لە ڕووبەر و قووڵایی‌یەکانی ژیان. خوێنەر بە خوێندنەوەی ئـەو ڕۆمانـە نەک بەرینایی وڵاتی ڕووسیا ئەبینێ بەڵکوو قووڵایی‌یەکانی ژیانیشی بەر چـاو ئەکەوێت. ئەو دەقە میعمـارییێکی بـێ وێنەیـە لـە سـەردەمێکی مێژوویـی و هەستیاری بەرینترین وڵاتی جیهان و نەک هەر وەک مـۆزەیێکی مرۆڤناسـی هەموو ئیش و کار و شێوە ژیانی کۆمەڵگای ئەو کاتەی ڕووسیا پیشان ئەدات، بەڵـکوو کەڵکەڵـە دەروونییـەکانی خەڵـکیش ئـەنوێنێ. نووسـەر لـە پێـشدا ئاهەنگێکی بورژواییمان پیشان ئەدات. فەزای ئەم ئاهەنگە بریتیـە لـە دەیـان کەس وچەنەها شت کە پێکـەوە کـەش‌وهـەوای بـورژوایی ئـەو سـەردەمەی ڕووسـیا ئـەنوێنن. هـەموو ئـەو شـتانەی لـەم ئاهەنگـدا ئـەیانبینین لـە بەشەکانی‌تردا بەشدار ئەبن؛ کار ئەکەنە سەر یەکتر، بەرەنگاریی دژوازانە سـاز ئەدەن و فەزاگەلێکی‌تر پـڕ ئەکەنـەوە و کـەش‌وهەواگـەلێکی‌تـر ئەسـازێنن. پی‌یێر لە ڕێگای مادمازێلێکی نـاو ئـەو ئاهەنگـەوە ئەبێتـە خـاوەنی سـامانی

PDF4Kurd



زڕباوکەکەی و دواتر بەرچاویترین کچی ناو ئەو ئاهەنگە ئەهێنێ. ئاندرێ پاش مەرگی ژنەکەی عاشقی ناتاشا ئەبێت. براکەی ناتاشا لە بەر گـرفتی ئـابووری خوشکە ناشیرینەکەی ئاندرێ (ماریا) ئەهێنێ. پی‌یێر ئەبێتە پردێ لـە نێـوان شەڕ و ئاهەنگەکانی نێو شارە گەورەکانی ڕووسیا و لە ڕێگای ئاندرێوە تێـزار و نـاپێلئون لـە نزیکـەوە ئەناسـین و زۆرێـک لـە کەتەنـە شـاراوەکانی ژیـانی کەسێتی‌یەکان ئەبینین؛ بۆ وێنـە تـێ ئەگـەین چلـۆن ناتاشـا، جـوانی تـازە پێ‌گەییشتوو کە بنەماڵەکەی تووشی گرفتی ئـابوورین و گـلۆڵەیان کەوتۆتـە لێژی لە ئاهەنگێکدا ئەبێتە هاوسەماکەری ئاندرێ و دواتر ئەبێ بە دەزگیرانی؛ چلۆن لەناکاو ئانـدرێی لـە بـەر چـاو ئەکـەوێت و لەگـەڵ کـوڕە خوێڕییێکـدا ئەیهەوێ هەڵبێت و دواتر لەو کاتەی شەڕ دێتە نێو شارەکانەوە کردەوەی لـە ڕواڵــەتدا فیداکارانــەی ســۆنیا کچــەمیمکی ناتاشــامان بــۆ دەرئەکــەوێ و تێ‌ئەگەین هەوڵی ئەو کچە بـۆ نیجـات دانی ئانـدرێ لـە بـەر خۆشەویـستی سەربازێکی وڵات و مرۆڤایەتی و هیچی‌تر نییە؛ بەڵکوو لە بەر ئەوەیـە ئـەزانێ بە زیندوومانەوەی ئاندرێ، ناتاشا شوو بە ئاندرێ ئەکات و بـە پێـی یاسـاکانی ئایینزای ئورتودۆکس براکەی ناتاشا ناتوانێ خوشکی ئانـدرێ بهێنێـت و ئـەم ئەگاتە مەبەستەکەی خۆی و هیوای بۆ شوو کردن بە براکەی ناتاشـا زینـدوو ئەبێتەوە ... ئەوین، قین، ئێرەیی، توورەیی، شەڕ، سەرکەوتن، سـەرنخوونی و هتد بەشـێکن لـەو کـەش‌وهـەوا ژیانیانـەی ئاسـەواری شـەڕ و ئاشـتین لـە قۆناغێکی هەستیاری مێژووییـا لـە بـەرینترین وڵاتی دنیـادا؛ بۆیـە لـە ڕووی بەرینی و فرە چەشنییەوە مێژووی ئەدەب هاوتاییێکی بۆ نەدیوەتەوە.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: نووسەر چلۆن توانیویە هەمە ڕەنگی‌یەکانی ژیـان بگێڕێتەوە بۆ ناو دەقەکەی و لە بری ئاڵۆزی، یـەکانگیریی دەسـتەبەر بکـات. ئەم پرسیارە وەکوو ئەوە وایە بڵێین نووسەر چلۆن ئەتوانێ کەش‌وهەوای ژیان بکاتە کەش‌وهەوای داستان. ئەو وڵامەی مێـژووی ڕۆمـان پێمـانی ئەداتـەوە

PDF4Kurd



ئەمەیە: نووسەر لە ڕێگای فەزاسازییەوە ئەتوانێ کەش‌وهەوا پێک بێنێت. گرفتی نووسەرانی ڕۆژهەلاتی بە گشتی و بەختیار عەلی بە تایبەت لە بواری سازدانی کەش‌وهەوادا ئەگەڕێتەوە بۆ بێ ئاگایی لە مەنتیقی فەزاسازی. بەختیار عەلیش وەک زۆربەی نووسەرە تەجرەبی‌یەکان، وەسفی پەتیی لەگەڵ فەزاسازیدا لێ تێک چووە و جیاوازییە بەرچاوەکانی وەسف و فەزاسازی ڕچاو نەکردووە. وەسف و فەزاسازی لە ڕووی داستانییەوە لانیکەم لە شەش خاڵدا جیاوازن.

یەکەم: وەسف خواست و هەویاکانی نووسەر پیشان ئەدات؛ بەلام فەزاسازی پێوەندی نێوان کەس و شتەکان ئەنوێنێ و لەم ڕێگەیەوە مەیل و خواستی کەسێتی یەکان پیشان ئەدا. بە مانایێکی‌تر پێوەندی لە وەسفدا نووسەر- خوێنەرە، بەلام لە فەزاسازیدا پێوەندی خوێنەر- دەقە. لە ڕەوتی وەسف سازیدا نرخی کەس و شتەکان ئەخرێتە پەراوێزەوە. لە ئاوەها نووسینێکدا نووسەر بە پێ خواست و سەلێقەی خۆی دنیای دەق دائەڕێژێ؛ بە بێ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەم دنیایە لە سەر کەسەکان کاریگەر بێ. لێرەدا شت و کەسەکان تەنیا ئامێری دەستی نووسەرن، بە چەشنێ کە بوون و نەبوونیان کاریگەرییێکی لە سەر گەلاڵە و کەش‌وهەوا کەسێتی‌یەکانی دەق نابێ. بە پێچەوانەوە لە فەزاسازیدا هەموو شت و کەسەکان نرخی خۆیان هەیە و بوون و نەبوونیان لە سەر گەلاڵە و کۆی کەسێتی‌یەکان و کەش‌وهەواش کاریگەرە. لەم دەقەی بەختیار عەلی دا پێوەندی نووسەر- خوێنەر لەو پەڕی زەقیدایە. بە ئاسانی ئەکرێ زۆرێک لە شت و کەسەکان لابەرین و هیچ کاردانەوەییێکی لە سەر کەسەکان، گەلاڵە و کەش‌وهەوا بە جێ نەهێلێ.

«هەندێ کۆڵەپشتی کەمیان پێبوو، تا زیاتر بەرە و باکوور بڕۆشتبانایە، سەرهەنگ قاسم سپیتر و غەمگینتر و قووڵتر دەینواند. بەیانیان گەر لە نزیک

PDF4Kurd



گوندێک بانایە یان لە نزیک شوانکارەیەک ئیسحاقی مامۆستا چی بۆ بەرچایی بشیایە دەیهێناو لە ناو هەوای پاک و لە سەر ئاورنگی بەیانی دەیانخوارد. لە گەشتیاندا بەرەو باکوور، بەرەو ئەو ترۆپکە پڕ تەم و پڕ ئەفسوونانە، سەرهەنگ هێدی هێدی شێوەی ڕۆحێکی سپی وەردەگرت، شێوەی تارماییەکی دەگرت کە شوێن پێکانی ئاسەوارێک لە سەرگیای پێدەشتەکان جێناهێڵێن. هەندێجار بە زەحمەت لەناو تەم و هالاویی سپی سوبحدا دەبینرا، بە تەنیا جیا دەبووەوە و فلووتی بۆ گوڵیچکە چکۆلە و ورد و غەمگینەکانی سەر ڕێگا لێدەدا، دڵنیا بوو گوڵەکان گوێیان لێیە، تا زیاتر لە ئاوەدانی دوور بکەوتنایەتەوە ئەو کاڵتر و کاڵتر دەبووەوە. ل٤١»

با ئەو دێڕانەی سەرەوە بەم جۆرەی خوارەوە بخوێنینەوە: (هەر کامە پریاسکەیێکی زەردیان پێبوو، تا زیاتر بەرەو باشوور بڕۆشتبانایە، ئیسحاق سەوزتر و شادتر و سووکتر دەینواند، ئێواران گەر لە نزیک شار بانایە یان لە پەنای ئەشکەوتێ، سەرهەنگ چی بۆ شێو بشیایە دەیهێناو لە ناو هەوای مژاوی و لە سەرگابەردێکی سافدا دەیانخوارد. لەگەشتیاندا بەرەو باشوور، بەرەو ئەو پاڵ مێرغوزارانە، ئیسحاق هێدی هێدی شێوەی ڕۆحێکی سەوزی وەردەگرت، شێوەی مەزارییێکی دەگرت کە سەر پەنجەی دڵۆپەکانی بارانی پێوە دیارە. زۆر جار بە ڕۆح سووکییەوە بە ناو دەشتی هەلالەدا ون ئەبوو و کەمانی بۆ هەورە ڕەش و سپی‌یەکانی ئاسمان لێ ئەدا. دڵنیا بوو هەورەکان گوێیان لێیە، تا زیاتر بەرەو ئاوەدانی بڕوشیتبانایە ئەو سەوزتر و سەوزتر دەبووەوە..). ئەم وەسفە تازەیە و دەیان وەسفی لەم چەشنە ئەتوانن لە هەمان شوێندا دابنێن و هیچیش نەگۆڕدرێت. سەدا هەشتای وەسفەکانی ئەم کتێبە بە ئاسانی ئەکرێ بگۆڕدرێن: «لەو شارانەدا کە هەمووی ڕووناکی بوو، کە تیایدا ڕێبوارەکان لە فوارەی تیشک دەخۆنەوە نە وەک ئاو، لە فوارەکان ڕوناکیمان دەخواردەوە و سەر لە نوێ دەستماندەکردەوە بە ڕا

PDF4Kurd



کردن. هەندێجار سەگەکان لە سەر ڕێگا نێچیری ئادەمیان دەستدەکەوت و دەیانخوارد، من بەرابەریان دادەنیشتم و لێمدەڕوانین، هەندێجار بە لای دیمەنی خۆرهەلاتن یان خۆرئاوابووندا تێدەپەڕین و دەوەستاین تەماشاماندەکرد. دەسەگی سەیر بوون، کاتێک لە هەندێک شاردا قوبەی مزگەوت و منارەکانیان دەبینی سەرسامانە لێیراددەمان، کاتێک بە ناو باغی پرتەقالدا دەڕۆیشتین پشووی درێژیان دەدا، لە هەموو کێڵگەیەکی گەنمەشامییدا دەخەوتن، لە نزیک هەموو تاڤگەیەکەوە دەوەستان. ل ١٧١»

ئەوەی سەرەوەش بگۆڕن بۆ هەر شتێکی لەم بابەتەی خوارەوە: (لەو گوندانەدا کە هەموو پەڵکەزێڕینە بوون، کە تیایدا گەشتیارەکان لە دارەبەرقەکان بارانیان هەڵئەنوشی نەک تیشک، لە گڵۆپەکان بەفراومان دەخواردەوە و بە کاوەخۆ پیاسەمان دەکرد. زۆر جار گورگەکان لە سەر شوستەکان جەستەی گورگیان دەست ئەکەوت و دەیانخوارد، من بە کامێراییێکەوە فیلمم لێ دەگرتن، جار و بار بە سەر پرد و بە ناو ئاودا تێدەپەڕین و بە دەم ڕێوە تەماشاماندەکرد. بیست گورگێکی ڕەش بوون. کاتێک لە هەندێک شارۆچکەدا پەردەی سینەمایان دەبینی لە ژنە رووتەکانیان دەڕوانی، کاتێک بە پاڵ لۆریە لیمۆکاندا دەڕۆیشتن دەیانقرووسکاندەوە، لە هەموو کێڵگەیێکی بیباردا دەسان ئەبوون. لە نزیک هەموو مزگەوتێکدا دەخەوتن .) وەک دەبینن، لابردن، گۆڕاندن و جێبەجێ کردنی کەس و شتەکان هیچ لە دەق ناکات و لەوانەیە لە ڕووی جوانفرۆشییەوە، جوانتریشی بکات؛ کەچی یەکێ لە تایبەتمەندییە زۆر ئاشکراکانی هونەر نرخی ئەو توخمانەیە هونەرمەند لە بەرهەمەکەیدا بەکاری ئەهێنێت. ڕەنگ و هێڵێکی زیادی لە نیگاردا، دەنگ و ڕووناکی و ئامێرێکی سەحنەی زیادی لە شانۆدا و نۆتێکی نابەجێ لە سەمفونیایێکدا بنەمای ئەو بەرهەمە تێک ئەدا. لە داستانیشدا بە هەمان شێوەیە. بەر لە سەد و پەنجا

PDF4Kurd



ساڵی لەوەو پێش ئانتوان چێخۆف وتوویە: (ئەگەر لە داستانێکدا باسی ئەوەتان کرد تفەنگێک بە قەد دیواریماڵێکەوەیە، ئەبێ لە لاپەرەکانی دواتردا بیتەقێنن) ئەم قسەیەی چێخۆف تەنیا دەربڕینی سەلیقە و بۆچوونی خۆی نییە، بەڵکوو بەرهەمی ڕوانینێکی قووڵە لە مێژووی بەرهەمە ئەدەبییەکان. چێخۆف زانیویە نەک داستان، تەنانەت ڕۆمانێکی دەیان هەزار لاپەڕەییش ناتوانێ هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکەکەسێ بگێڕێتەوە و زۆر شت لەم ناوەدا ئەڕژێ، ئەگۆڕدرێ و یان بۆ خۆی و لە چاو شت و کەسەکانی تردا بێ نرخ ئەبێ؛ کە وابوو نووسەر ئەبێ بە وردبینییەوە ئەو شت و ڕووداو و کەسانە دەسنیشان بکات وا لە خزمەتی گەلاڵە و کەش‌وهەوا دان و ئەتوانن لە سەر دەق کاریگەر بن. چێخۆف ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی خوێندۆتەوە و دیویەتی ماریا لە کاتی ڕوانە کردنی براکەی بۆ شەڕ، ملوانکەیێکی مۆفەڕک ئەکاتە ملی و تولستۆی پاش چەن سەد لاپەڕە لە بیری ناکات تا لەو کاتەی هێزەکانی فەرانسە بە بریندار ئەیکەنەکێش لە ملیدا بیچرێت و خوێنەر جگە لە سەرسامبوون لە هەمبەر کەش‌وهەوای ڕۆمان بە وەبیرهێنانەوەی دۆخ و حاڵی ماریا و ئاندرێ لەو شەوە و بەراوردکردنی بە ئێستاوە جنێوی دنیا بە شەڕ و ئاکامە تاڵەکانی بدات. لەم دەقەی بەختیار عەلیدا نەک هەر زۆرێک لە شت و کەسەکان نرخی وایان نییە و بە ئاسانی ئەکرێ لابرێن، بەڵکوو تەنانەت ئەو شتانەی نووسەر خۆیشی لە دەیان شوێندا باسی لێ کردوون و ویستوویشیە گرنگ بوونیان بە خوێنەر بسەلمێنێ، زۆر بە ئاسانی لە بیر کراون. یەک لەو شتانە فایلەکەی باسیمی جەزایرییە. ئەو فایلەی دالیا سراجەدین پێی ئەسپێرێت و ئێمە لە دەیان شوێنی دەقدا باسی گرنگ بوونی ئەبیستین؛ کەچی لەو کاتەی لەگەڵ سامیری بابلیدا بە سوار دوو ئەسپی خوارفییەوە ئەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، نووسەر لە بیر ئەکات شتێکی وا گرنگیان لەگەڵە کە لانیکەم بۆ جەلادەت هێندەی دۆزەکەی سامیری بابلی

PDF4Kurd



گرنگە «جەلادەت تابلۆکەی خۆی بە چەندەها شت پێچابووەوە تا تەڕ نەبێت، سامیری بابلیش، هەمان شێوە بەڵگەنامەکانی خۆی بە شێوەیەکی سەیر بەرابەر با و باران و بروسکە قایمکرد بوو. ئاوەها لە بەر دەروازەکانی شاردا، لە زوڵمەتی شەوێکی باراندا، هەر دووکیان ماڵاواییان لە ئەسپەکان کرد و بەرەو نزیکترین کوچە و کۆڵانی خەوتوو کەوتنەڕێ. ل٣١٧»

دووهەم: وەسف لە سەر ئەساسی بڕیاری نووسەر لە مەڕ شت و کەسەکان دروست ئەبێ؛ بۆیە لەگەڵ هەڵاواردن و پیاهەڵداندا تێکەڵە، بەڵام لە فەزاسازیدا شت و کەسەکان هیچ نرخێکی دیاریکراو و نەگۆڕیان نییە و لە شوێنە جیاوازەکاندا قورسایی جیاوازیان ئەبێت. لە دەقەکەی بەختیار عەلیدا سێ فاکتەری نەرێنی بڕیاردان، هەڵاواردن و پیاهەڵدان بە زەقی ئەبینرێن. دەقەکەی لە ڕووی نرخەوە سەر بە دوو ئاڕاستەیە. یەکەم ئەم ئەو شت و کەس و شوێنانەی لە سەر ئەساسی بڕیار و خواستی نووسەر ئەبێ بەرز بکرێنەوە؛ دووهەم ئەو شت و کەس و شوێنانەی لە سەر ئەساسی بڕیار و خواستی نووسەر ئەبێ ئیهانەیان پێ بکرێ، پشت گوێ بخرێن یان ڕەش و دۆزەخی بنوێنن. «بۆ نمونە جەودەتی کۆتر و سوهەیلەی ژنی، دووکاراکتەرن دەتوانن تەواو لە بیریانبکەن، چونکە هەرگیز شوێنێکی گرنگیان لەم ڕۆمانەی ئێمەدا نییە، من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبووم ئەمجۆرە مرۆڤە خراپانە شوێنێکی باشیان لە ڕۆماندا هەبێت، لە بیرتان نەچێت کە ئەوان لە شەوانی سەرما و تەقە و پڕ مەترسیدا جەلادەتیان لە ماڵ کردۆتە دەرەوە، بە برسێتی دەریانکردوە، لە بەشە تایبەتییەکەی خۆی لە دوکانی ئارد فرۆشییەکە مەحرومیانکردوە. ئەوانە هەموو بەهانەن مرۆڤ بەوە تۆڵەیان لێبکاتەوە کە لەم کتێبە تایبەتەدا لە سەر ژیانی جەلادەتی کۆتر شوێنییکان پێنەبەخشێت... ل٢١» «هەزارەها سەرباز کە زۆربەیان لە ژێر خودە

PDF4Kurd


ئاسنیەکانیدا لە مشکی ترساو دەچوون، هەزارەها چەکداری کورد کە دەوڵەت بۆ ئەمجۆرە شەڕانە پڕ چەکی کردبوون، بە خۆیان و سمێڵە ئەستوور و گەمژەکانیانەوە، بە هەنگاوی پان و جامانەی قووتی سەرۆکە گەلحۆکانیانەوە لە کوچەکاندا دەسووڕانەو...ل٣٦» ئەم دێڕانەی لەم دوو بەشەدا بیستتان لە زمانی نووسەری گریمانەییەوەیە نەک کەسێتی یێکی ناو دەق. نموونەکانی خوارەوە وا ئەنوێنن جیاواز بن «من بە درێژایی ئەم کتێبە هەموو ئەو دیالۆگ و قسانەی بە عەرەبی دەکرێن بۆتان دەکەمەوە کوردی، نا لە بەر ئەوەی کە کوردی بە زمانێکی باشتر دەزانم بەڵکوو لە بەر ئەوەی عەرەبی لە یادەوەری مندا زمانی جەلادەکانە، لە یادەوەری مندا وەک زمانێکی ترسناک وەهایە کە ئەوانە قسەی پێدەکەن کە دەستیان بە خوێنی ئێمە سوور بووە» ئەم بەشە هەر چەند لە زمانی جەلادەتەوە دەگێڕدرێتەوە ناکرێ وەک ڕای نووسەر تەماشای نەکەین؛ لە بەر ئەوەی ملقی ڕووناکبیرانەی نووسەری پێوەیە «نا لە بەر ئەوەی کە کوردی بە زمانێکی باشتر دەزانم». هەروەها وەک پێشتر لە باسی شێوەدەنگدا وترا ڕێک هەمان لەحنی نووسەری ئەوەڵ و ئاخری ڕۆمانی هەیە. جگە لەمەش گریمان قبووڵمان کرد جەلادەت لە بەر یادەوەری تاڵ نەیویستبێت بەو زمانە قسە بکات، بۆ لە پاش ئەو ڕستەیەی جەلادەتەوە لە زمانی نووسەر و دیکەی گێڕەوەرەکانەوە یەک دێڕی عەرەبیمان بەر گوێ ناکەوێ؟ «هەندێک لە سەربازەکان کە بەلاماندا ڕەتدەبوون بە پۆستاڵەکانیان دەیاندا بە سەرماندا و دەیانگوت کا کات، هەموویان کوڕی قەحبەن، وەلاهی هەموویان خوشک حیزن، شەریفیان تیا نییە. هەندێکیان دەهاتنە بەردەمی ئێمە و زنجیری پانتۆڵەکانیان دەکردەوەو میزیاندەکردە بەردەممان... ل ٦٣» بێ شک پیاوانی شەڕ لەمە خراپتریشیان لە خەڵک کردووە و هەر لەم دەقەدا زۆر نموونەی سەیر و سەمەرتریش نە وەک فانتازیا، بەڵکوو وەک حەقیقەتی ڕەها

PDF4Kurd



هێنراون. ئەوەی کە ئایا ئەو شتانەی لە دەقدا باسی لێ کراوە حەقیقەتە یان درۆ، پرسێکی ناڕەوایە؛ لە بەر ئەوەی خوێنەر هیچ بەڵگەیێکی دەست ناکەوێ بۆ بە درۆ خستنەوەیان؛ بەڵام ئەوەی کە هەموو ئەندامانی خوار و بانی بەرەی بەعس بخرێنە ڕیزی شەیتانەوە و تەنانەت نیجاتدەرەکەی خۆیشی شیاوی کوشتن بێت، سەلمێنەری ئەوەن نووسەر لە ڕەوتی نووسیندا نەیتوانیوە دڵی خۆی لە کەسێتییەکانی ناو دەقەکەی پاک کاتەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤانەیان لەگەڵ بکات «دوای ئەوەی کە زەکەری ئەو ئیرانییە بووە زوخاڵ، ئینجا بە چوار کەس ئەو پیاوە بێ زەکەرەمان بە دەمدا پاڵخست وەک یەکێک چوار مێخەی بکەن دەست و قاچمان بەستەوە، بە جۆرێک گەر لە ئاسمانەوەدا تەماشای ئەو پیاوەت بکردایە وەک زەربێکی چکۆلانە لە سەر زەوی دەتبینی. من دەبایە بۆرییەکی باریکی بەلۆعە لە کۆمەوە ڕا ببەمەژورێ، بۆرییەکی تازە دایسکراو، من دەبایە بەڕەحەتییەکی ئاسن ئەو پشکۆ وردە بکەمە ناو کۆمییەوە، دەبایە تۆزێک پشکۆ بکەمە کۆمییەوە و چەند دڵۆپ بانزینیش بە دوایدا، تۆزێکیتر پشکۆ ڕۆکەم وتۆزێکی دیکە بانزین. هەرجارەش تۆزێک زیاتر پاڵ بەو بۆریە دایسکراوەوە بنێم...ل٣٣٤» ئەوەی کە ئایا ڕوانینی نووسەر ڕوانینێکی بێ لایەنە قسەی زۆر ئەنێتەوە. لەم دەقە ٦٢٥ لاپەڕەییەدا هەموو ئەندامانی بەعس لە سەرەوە بۆ خوار خراونەتە پاڵ شەیتانەوە و تەنانەت نیجات دەری قارەمانی ڕۆمانیش پاش پاشگەز بوونەوەش شیاوی کوژرانە، بە پێچەوانەوە بەرەی تر واتە بەرەی جوانی وەک پەپوولە بێگەردن و بە دوورن لە هەر چەشنە خەوش و کرێژێک. ڕوانینی دوور لە دەمارگرژی و ڕق و قین، پێچەوانەی ئەوەمان پیشان ئەدات. لە ڕۆمانە سەرکەوتووەکانی مێژوودا ئێمە بەردەوام دڵمان بە بیستنی گێڕانەوەی دوور لە هەلاواردن شاد ئەبێتەوە. بێن و ئەم دەقە بەراورد بکەن بەو ڕۆمانانەی سەبارەت بە شەڕ نووسراون و ببینن چلۆن

PDF4Kurd


ڕوانگەی ڕەش و سپی بریقەدارترین شاکارەکانی لە ڕەوتێکی مێژوویيدا دائەماڵێ لە هەر چەشنە نرخێکی هونەری و تۆزی شەرمەزاری پێوە ئەلکێنێ. جیاوازی دونی ئارام و وڵاتی تازە ئاوەدانکراو(دوو ڕومانی میخاییل شولوخۆف) لە بونیاد و شێوەی داڕشتن و شتی وا نییە؛ بەڵکوو لە جۆری ڕوانیندایە. دونی ئارام کەش‌وهەواییێکی ئینسانی ساز داوە کە دەرەنجامی ڕوانینی دوور لە هەلاواردن و بێ لایەنی نووسەرە و ئاکامی هەڵسووڕانە لە بواری فەزاسازیدا. لەو ڕۆمانەدا هیچ بەرەیێکی سپی یان ڕەش نابینین. ئەوەی ئەیبینن ساتەوەختەکانی کەوتنە تاریکی و ڕووناکی مرۆڤە. بەرەی لە ڕواڵەتدا سپی واتە شۆرشگێڕەکان لە ڕوانگەییێکی ترەوە ئەبن بە جەلاد و هەمان تاڵان و کوشت و بڕین و تاوانانە ئەنجام ئەدەن وا بەرەی بەرامبەر واتە ئالا هەڵگرانی بەرەی تازە دەرکەوتووی بلشویک ئەنجامی ئەدەن. لەوێ ئەوەی خوێنەر بە لەعنەتی ئەکات، ئەو بەلا مێژووییەیە وا ژیان ئەگۆڕێ بۆ دۆزەخ و مرۆڤ ئەگۆڕێ بۆ گورگ. نموونەکانی هەلاواردن لە سەر بڕیار و خواستی نووسەر لەم دەقەی بەختیار عەلی دا ئێگجار زۆرن و هۆیەکەشی تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ڕکن بوونی گێڕەوەرەکان بەڵکوو لە زۆر شوێندا دەلالەتن بۆ جۆری ڕوانینی نووسەر. بۆ وێنە نووسەر بە درێژایی ئەم دەقەدا وەسفی سروشتی لادێیی کوردستان و دیاردە جوانناسانە هەتا هەتاییەکانی ئەکات و بە پێچەوانەوە دژایەتی خاکی عەرەب و هەروەها شار و دیاردە مودێرنەکانی ئەکات. «ئێوارەیەک بەدەم گۆرانی گووتنەوە گەیشتمە شارێکی چکۆلە لە تخوبەکانی گەرمیان، ئەو هەرێمەی کە خاکێکە تێیدا دۆزەخ و بەهەشت بە جۆرێکی سەیر لە یەکتری نزیک دەبنەوە، گەر پێوانەیەک هەبایە مرۆڤ دەیتوانی لەوێکانەدا بە ئاسانی نزیکترین دوو خاڵ بپێوێت کە تێیدا دۆزەخ لە بەهەشت نزیک دەبێتەوە. لە گەرمیاندا ئازارە جەستەییەکانی مرۆڤ، ئەو بۆن غەمەی لە خۆڵ و دار و بەردی ڕێگاکان دەهات، هەموو ئاماژە بوون بۆ ئەو

PDF4Kurd



نزیکییە سەیرە لە دۆزەخ. بە ئاراستەیەکی تردا، ڕۆحی ساف و ئاوێنەیی مەخلوقاتەکان، نیگا ناسک و ڕۆشنەکانیان، سەیر کردنە ڕوون و بێگرێکەیان، ئەو جوانییە سەیرەی کە دڕی بە ئازاردەدا و لە ڕۆحەوە دەهاتە دەرێ، ئەو دڵنیاییە قووڵەی مرۆڤ لە بەرامبەر ئەواندا هەستی پێدە کرد، ئاوازێکی بەهەشتی تیا دەبزواندیت. ئەوەی خودا و سیاسەت لەو هەرێمەیان حەرامکردبوو، مرۆڤ بە دەستەکانی خۆی دروستیدەکردەوە، ئەو ئازارانەی سروشت و دەوڵەت زەمینی ئەو دەڤەرەیان پێخنکاندبوو، جووتیارەکان، کرێکارە ماندووەکان، ژنە بێکەسەکان بە ئیرادەی خۆیان هەناسەیان دەهێنایەوە بەر...ل٤٣» بێ شک خۆشەویستی جووتیار و کرێکارە ماندووەکان و ژنە بێکەسەکان دەلالەتە بۆ ڕۆحی لادێیی نووسەر نەک بڕوای سووسیالیستی ویەکسا نخوازانە «دکتۆر مووسا هەر ئەو شەوە بڕیار دەدات کە مەنفایەکی دوور بۆ خۆی هەڵبژێرێت، دوور لە هەموو ئەو جیهانە ترسناکە، دوور لە دڕندەیی فاشییەکان و ترسنۆکی کۆمۆنیستەکان... ل١٠٧» «ئەگەر ئارەزووتان لە کەیف بێت شوێنێکی خراپ نییە، تۆ کۆمۆنیستی وا نییە، هاوڕێم لە بەینی خۆماندا بێت کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتە کوشتەی ژنن، ئەها دەردێکە پێدەچێت لەگەڵ کتێبەکانی لنیندا چووبێتە خوێنیانەوە، من جێگاکە بۆ دکتۆرێکی کۆمونیست بە شوێنێکی خراپ نازانم... ل١٠٨» ئەم دوو نموونەی ئاخرە یەکیان قسەی نووسەرە و ئەویتریان قسەی بەعسییێکە و لەوانەیە لە ڕۆمانێکدا نەکرێت بیدەینە پاڵ نووسەرەوە؛ بەڵام لەم دەقەدا نووسەر و گێڕەوەر و کەسێتی هەر هەموو بە یەک زمان ئەدوێن و ڕا و بۆچوون و تەنانەت سەلیقەی نووسەر دووپات ئەکەنەوە. وەک ئەوەی هەموو کەسە شیاوەکان ئاشقی دەنگی مەزهەری خالیقین و چاویان بڕیوەتە دەمی نووسەر لەکتێبی دوایین هەناری دنیا. ڕەنگە بەشێک لە خۆشەویستی بەختیار بۆ خالیقی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە

PDF4Kurd


چاو سەردەمی مێژووییەوە لە ناو گۆرانیبێژە ناسراوەکانی کورددا لە باری شیعر و شێوەی خوێندنەوە کەسێکی لادێیی‌تر لە مەزهەری خالقیمان نەبووبێت (ئەڵێم خالیقی لادێیی ترە ناڵێم لەوانەی تر خراپتر ئەخوێنێ)؛ بۆیە نووسەری بێزار لە شار لە کوێدا دەرفەتی کردبێ پیایا هەڵئەدات. بە پێچەوانەوە نووسەر حەزێکی وای لە شار نییە و نەک هەر پیایا هەڵنادات بەڵکوو لە هەندێ شوێندا ڕاستەوخۆ نفرەتی لێ ئەکات «من لەو باڵکۆنەوە تەماشای ئەو شارەم دەکرد. شارێکی سەیر بوو، هەموو ئەوانەی لێرەدا گەورە دەبوون دواتر عاتیفەیەکی سەیریان بۆ هەبوو، بەڵام من نا، من ئەم شارەم خۆشنەدەویست، لەوانەیە سوچێک یان گۆشەیەکیم خۆشویستبێت، بەڵام تەواوی شارەکە، تەواوی ئەو ڕووبەرە کونکرێتییە دڵڕەقە، هەموو ئەو دیوارە چیمەنتۆ وکۆڵەکە بەردین و ستوونە خەرسانییە ڕەقانە، هەموو ئەو ڕووبەرە ناکۆتایانە لە بەرد و خشت، نا ئەستەم بوو من شتی وام خۆشبوێت، شارێک بوو هەستی باڵدارێکی تیا دروستدەکردم لە ناو گمۆکەیەکی ئاسنیندا ونبووبێت. ئەو چەند ڕۆژە کە زۆر بە درێژی بە ناو شاردا دەگەڕام لەو دیوارە چیمەنتۆیانە دەترسام کە لە هەموو لایەکەوە ئابڵۆقەیان دەدام، بەڵام من جگە لەم شارە و شاری سۆزانییەکان شوێنێکی ترم نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێموا بۆ ئەو لم و تەپوتۆزەی باشوور لە چیمەنتۆ و دیوارە خوار و خێچ و بەرزانەی ئێرە بە ڕەحمتر بوون. شارێک بوو بۆ ئەوە دروستبوو بوو مرۆڤ تیا بخنکێت، شەقامە باریک و تەسکەکان کە پڕ بوون لە ماشێن، لە شۆفێری تورە، لە دوکانداری مۆن کە بەردەوام سەیری دەغیلەکانیان دەکرد، کچان کە سەریان دادەخست و بێئەوەی سەیری ئەملاولا بکەن، وەک تەنێکی قورمیشکراو بە یەک ڕێگادا دەهاتن و دەڕۆیشتن، ژنانی عەبا بە سەر کە ساڵانی دوور و درێژی مەحرومی و شەرم کارێکی پێکردبوون نەیاندەتوانی قسە بکەن یان کە دەمیاندەکردەوە دەیان شێراند، هیچ شتێک لەم شارەدا

PDF4Kurd



ئاسایی نەبوو، نە شەقامەکان...ل ٣٧٠و٣٧١» ئەم دەقە پشتی لە شار کردووە؛ نەک لە بەر ئەو دێڕانەی سەرەوە و هەندێ دێڕ لەهەندێ شوێنیتری دەق، بەڵکوو زیاتر لە بەر واقیعی پشت گوێ خستنی شار و تایبەتمەندییەکانی. لوکەیشنی ٣٠٥ لاپەڕەی ئەم کتێبە شاری سلێمانییە؛ کەچی تەنیا شتێ لەم شارە ئەیزانین ئەوەیە هوتێلێکی دە قاتی تیایە (هوتیل حەسیب ساڵح) و پارکێ بەرامبەر بەم هۆتێلەیە و برێ چێشتخانە و قەیسەرییەی تیایە و ئیتر ئاو بێنە و دەست بشۆرە. بەم وەسفەگشتییانەوە خۆێنەرێکی نائاشنا بە کوردستان لەوانەیە نەتوانێ سلێمانی لە لاس ویگاس یان شارۆچکەیێکی ئێتیوپی جیا کاتەوە. پشت کردنی بەر چاوتری خوێنەر لە واقیعەکانی ژیانی شارە و لەم دەقەدا کە لانیکەم لە ١٨٠٠٠ دێڕ پێک هاتووە هیچ شتێ لە کەتەنە شاراوەکانی ژیانی ئاڵۆزکاوی شار نابینین و هەر هەموو ئەمانە ئەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نووسەر لە سەر دوژمنایەتی کردن لەگەڵ شار؛ سەرەڕای ئەوەی بەردەوام هەوڵ ئەدا فەزاییێکی شاری بخوڵقێنێ. هەموو وەسفەکانی ئەم کتێبە لە وەسفی نیگار و مۆسیقا و سروشتەوە بگرە هەتا پیاهەڵدان بە کەسەکان هەر هەموو سیماییێکی لادێیی ئەنوێنن. لە سەرووی هەموویانەوە شاری مۆسیقارە سپی یەکان کە ڕێک ئەو بەهەشتەیە وا چەن هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کتێبە ئاسمانییەکان وەعدەیان داوەتە بەشەر. ئەو سیمایەی لە شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەیبینین لە هەندێ ڕواڵەتدا نەبێت، هەر هەمان سیستەمی وەسفی پەیڕەوئەکات وا موتەهەری لە باسی مەلی سەللەدا باسی ئەکات. بێ کەڵک نییە خوێنەر، وەسفەکانی موتەهەری لەگەڵ ئەمانەی بەختیار عەلیدا بەراورد بکات (سەر حەوزی کەوسەر ملیارەها مەلی سپیلەی جوانی لێیە، هەر کە بەهەشتییێک بۆ سەلەوات دان وشەی (سەللە) ئەڵێ، ئەم مەلە سپیانە بەر ئەبنەوە بۆ ناو حەوزی کەوسەر و ملیارەها بڵق داوێژنەدەر و فریشتەکان

PDF4Kurd


بەم بلّقانە کۆشک ساز ئەدەن بۆ بەهەشتیەکان). سەیری دەقەکەی بەختیار عەلی بکەن «چوونە ناو ئەو شارەوە وەک چوونە بەهەشت وەها بوو، شارێک بوو هیچ فریشتەیەکی تیا نەبوو ، مرۆڤ خۆی تەنیا فریشتەی ئەو شارە بوو. کە لە دەروازەکان چوون بەو دیودا،جەلادەت جلە دڕاو وکۆنەکانی داکەند و دەستێک جلی سپی لە بەر کرد. ئێستا بە ڕاستی لە باڵندەیەکی سپی دەچوو، لە چوونە ناوەوەدا جەلادەتی کۆتر ئەو باڵەخانە سپییە قەشەنگانەی بینی کە لە هێمنی و ئارامییەکی قووڵدا نوقمبوو بوون، سەرەتا لە ناو باغە سەوزەکاندا تیپێک ئەندازیاری بینی کە بە جلە سپییەکانیانەوە لە دروستکردنی کۆشکێکی تازە تێدەفکرین، کەمێک دوورتر لە باغێکدا ئەو فوارانەی بینی کە لەگەڵ هەڵقولانیاندا مۆسیقا دەهاتە دەرێ... سەیری ئەو مۆسیقارانەی دەکرد کە لە هەوادا دەفڕین، سەیری ئەو پەپولانەی دەکرد کە لە دڵی پەیکەرێکی سپی دەهاتنە دەرێ و لە دەلاقەیەکی دیکەوە دەچوونەوە ژوورێ. سەیری ئەو کۆترانەی دەکرد کە بە جۆرێکی بازنەیی بە دەوری درەختێکدا دەسووڕانەوە و لە ناو گەلاکانیدا و لە سەر کەلێنێکی دییەوە دهاتنە دەرێ... شاری مۆسیقارە سپییەکان، شارێک بوو وەک خەون پڕ لە شەقامی ڕۆشن کە هەرگیز خۆر تێیدا ئاوا نەدەبوو، پڕ لە کوچەی تەسکیش کە شەویان کۆتایی نەدەهات، پڕ لە درەخت کە لە بەهارێکی جاویداندا نوقمبوون، پڕیش لە درەخت کە لە گێژەنی پایزێکی هەمیشەیی دەرنەدەچوون. هەندێجار جەلادەت گەردە لوولی گوڵی سپی دەبینی لە ئاسماندا و هەندێجاریش بە سەر شەقامێکدا تێدەپەڕیی تا ناکۆتا بەهەوردا تێدەپەڕی... لە شەقامی «فرمیسکی کەمانچەدا» جەلادەت دەیان کەمانچە ژەنی غەمگینی بینی لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە سەریان دەرهێنابوو کەمانیان دەژەند. دەیان مۆسیقاری بینی لە باڵکۆنەکانی خۆیاندا چووبوونە سەر مێزەکانیان و بە جلی سپییەوە خوماری ئاوازی خۆیان بوون.

PDF4Kurd


هەندێکیان وەک... ل٥٥٢هەتا ٥٥٩ »

سێهەم: بونیادی وەسف بونیادێکی سەرەوخوارە لە مەبەستەوە بەرەو سەلماندن، بەڵام بونیادی فەزاسازی بونیادێکی سەرەوژوورە لە شت وکەسەوە بەرەو نواندن. نووسەر لە ڕەوتی وەسفدا هەوڵ ئەدات بۆ سەلماندنی بڕیارەکانی خۆی. لەم دەقەی بەختیار عەلیدا هەوڵ دراوە کۆمەڵێ شت و شوێن و کەس، بەرز و ئاسمانی بنرخێندرێن و بە کەرەسە داستانییەکان و لە ڕێگای مەنتیقی داستانییەوە ئەم خواستەی خۆی بە خوێنەر بسەپێنێ. پێشتر سەبارەت بە هەوڵە هەڵەشەکانی نووسەر لە بواری بەرز نرخاندنی ئەو تابلۆیە ڕوایەتیانەی نووسەر ئەیهەوێ لە کراسێکی ئابێسترەدا و بە ئیمزای پیکاسۆ و ماتیسەوە بیفرۆشێ قسەمان کرد؛ هەروەها ئەو مۆسیقا شوانییەی ئەیهەوێ لە بری مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوایی بیفرۆشێتەوە. نووسەر لە باتی ئەوەی بە شێوەیێکی پاژنواڕانە باس لەو تابلۆیە بکات وا بە کارێکی جاودانی ئەزانێ و هیچ نەبێ هێندەی تابلۆی چاوەکانی بوزورگ عەلەوی پێمانی بناسێنێ، پەنا ئەباتە بەر زمانی وەسف و پیاهەڵدان. «موسای بابەک دەیگوت: ئەم تابلۆیە، جوانترین تابلۆیە کە من لە ژیانمدا دیبێتم، ئەفسونێکی تێدایە، جەلادەت من لە هیچ تابلۆیەکی تری دونیادا نەمبینیوە.ل١١٨» «تابلۆکە شتێک لە سیحر و تەلیسمی تێدا بوو کە مرۆڤی ئالودەی داوێک دەکرد لە داوی ئەڤین دەچوو. نیگای ئەو مۆسیقارە سپییەی بە کەمانچەیەکەوە ملی لار کردبووەوە، شتێکی لە ئارامی و هیوای تێدا بوو، ئەو بە دەگمەن لە چاوی مرۆڤە زیندووەکاندا نیگای وەهای بینیبوو... کە جەلادەت لە ناو وردەکاری تابلۆکەدا نوقمدەبوو هەستیدەکرد هێدی هێدی گوێی لە مۆسیقایەک دەبێت لە تابلۆکەوە دێتەدەرێ... جەلادەت، ل٢٥٦» « لە دوای ئەوەوە یەک تابلۆ هاتۆتەماڵی من، یەک تابلۆ، یەک تابلۆی سەیر، کە شەوێکی بەفرانباری شوبات، وەک هەمان شەوەی تێیدا بریندار کرام...

PDF4Kurd



تابلۆیەکی سەیر بوو، لەو کاتەوە جگە لەو تابلۆیە ناهێڵێم نیگاری تر بێتە ماڵەکەم... مستەفای شەونم ل٤٦٢» «تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان بانگەوازی جوانییەکانە، نیشانەیەکە لەو نیشانانەی هەندێجار قەقنەسەکان دەیبەن تا ئەو تۆڕە گەورەیە بچنن کە بە سەر شوێن و زەماندا باز دەدات و هەموو پاسەوانەکانی جوانی بە یەکەوە گرێدەدات... ئیسحاقی لێوزێڕین، ل٥٥٧» «بە خۆی و ئەو تابلۆیەوە کە تەنیا تەماشا کردنێکی مرۆڤ بەرەو دونیای جوانییە جاویدانەکان بانگدەکات دەکەویتەڕێ... عەلی شەرەفیار، ل٥٨٩»

خوێنەر تامەزرۆیە بزانێ ئەو تابلۆیەی کەسەکانی ناو دەقی سەرسام کردووە چۆن تابلۆییێکە. شەڵا نووسەر هەر بە پیاهەڵدان قەناعەتی کردایا و بۆ خۆی وەسفی ئەو تابلۆیەی نەکردایا «دواجار موسای بابەک دەیبردەمە بەردەم تابلۆی مۆسیقارێک، کە لە سەر بەشێکی سەوز وەستاوە ولە پشتەوە شارێکی سپی دیارە، شارێک هەموو شتێکی سپییە، شارێکی گەورە کە ڕوخساری بەهەشتێکی هێمنی هەیە، مۆسیقارەکەش جلێکی سپی لە بەردایە سەری بە جۆرێکی نائاسایی بە لای ڕاستدا لار کردۆتەوە و بە هێمنی کەمانچەیەکی خۆڵەمێشی لێدەدات. لە سەریشییەوە کۆمەڵێک باڵندەی سپی دەفڕن. لە پشتیشیەوە ئاسۆیەکی ئەرخەوانی هەیە، کە پتر لە ڕەنگی کۆتایی دونیا دەچێت ل.١١٨). وەک پێشتر وتم ئەو تابلۆیەی نووسەر ئەیهەوێ وەک شاکارێکی مێژوویی بینرخێنێ لە ساکارترین و دواکەوتوانەترین ژانرەکانی نیگار کێشانە و چەندەها سەدەیە هونەری نیگار کێشان دەسبەرداری بووە. کۆێ ئەم تابلۆیە هیچ نییە جگە لە ویرووسێکی هونەری نیگار کێشانی ئاوانگارد واتە ڕوایەت «موسای بابەک دەیگوت: ئەم تابلۆیە، جوانترین تابلۆیە کە من لە ژیانمدا دیبێتم. جوانترین کارێکە من دیبێتم، ئەفسونێکی تێدایە، جەلادەت من لە هیچ تابلۆیەکی تری دونیا دا

PDF4Kurd



نەمبینیوە، ل١١٨». لە بیرتان نەچێت مووسای بابەک هەمان ئەو کەسەیە وا ڕای وایە «ئەوە ماتیس و پیکاسۆن سەیر کردنی ئێمەیان بۆ جیهان گۆڕیوە نە وەک موحەمەد و مارکس، نە وەک شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی ئوکتوبر،ل٢٦٢» نووسەر لە زۆر شوێنیتردا لە باتی پێشان دانی ناوازە بوونی ئەو شت و کەس و شوێنانەی باسی ئەکات، پەنای بردۆتە بەر پیاهەڵدان. نموونەیێکی تری ئەم پیاهەڵدانە، ئەو شارەیە وەک بەهەشت ناوی لێ ئەبات و لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لەو بەهەشتەی کتێبە ئاسمانییەکان وەعدەیان داوەتە بەشەر؛ ئەڵبەت نەک بەو جوانییەی لە کتێبێکی هەست ورووژێنی وەک قورئاندا باسی لێ کراوە.

چوارەم: وەسف لە ئەنجامدا ئەگاتە دەسەڵات، بەڵام دەرەنجامی فەزاسازی کەش‌وهەوایە. لە بەشی تایبەتمەندی سێهەمی وەسفدا دیمان بەختیار چلۆن هەوڵ ئەدا شت و کەسێتی‌یەکانی بەرز بنرخێنێ؛ بەڵام زەقترین نموونەی پیاهەڵدان لەم دەقەدا دەقەکە بۆ خۆیەتی. نووسەر لە چەنەها شوێندا هەوڵی داوە ئەم دەقەی خۆی وەک شاکارێکی بێ وێنە بنوێنێ؛ بۆ ئەم کارەش پەنا ئەباتە بەر هەمان هەوڵی سەرەوە بۆ شاکار نواندنی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپی‌یەکان. بەختیار عەلی بۆ بە شاکار کردنی بەرهەمەکەی خۆی لە چەنەها شوێندا قسە بە زمانی کەسێتی‌یەکانیەوە ئەنێت و ئەیانکاتە شاهێدی شاکار بوونی دەقەکەی «پێموابوو هەموو تێکستێکی گەورە هەمیشە کۆمەڵێک دوژمنی گەمژەی هەیە، منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو نووسەرانە نەبووم خەڵکی گەمژە بمترسێنن، بە پێچەوانەوە هێزی خۆم لەوەدا دەبینی کە توانایەکی سەرسورهێنەرم تێدایە بە پیاوانی بێدەماغ پێبکەنم و لە سەر ئیشکردنی خۆم بەردەوام بم – ل١١» «من ماوەیێکی درێژ باسی مۆسیقای ناوەکی تێکستەکانم بۆ کرد، باسی پەیوەندی و کیمیای نهێنی نێوان ڕستەکان و

PDF4Kurd



بەشەکان و وێنەکان، بەڵام ئەو تێنەدەگەیشت مانای چی چیرۆکێک لە ناوەوە مۆسیقا و کیمیای نهێنی هەبێت- ل٢٠٩» «هەموو شتێکی‌تری دونیا لە پەراوێزی مندا هەیە و دەژی، هەتا مێژووش، هەتا جوانییەکانیش، هەموویان بە هۆی منەوە لەم حیکایەتەدا جێگایان دەبێتەوە، من جەلادەتی کۆتر، منم خاونی ئەم موعجیزەیە- ل٢١٠» «ئاغای کۆتر، من دەتوانم دواجار ڕۆمانێک بنووسم، من عەلی شەرەفیارم، کەسێکم بەهرەی چیرۆک نوسینم تێدایە، چیرۆکیش مانای ئەوەی بڕێک لە حەقیقەت دوور بکەویتەوە- ل٣٢٣» «من کە تۆ دەخوێنمەوە، تەنیا حەرفەکانت ناخوێنمەوە. تەنیا ئەو وشانە ناخوێنمەوە کە دوای خۆت بەجێیاندەهێڵیت، بەڵکوو تۆ زیندوو دەکەمەوە، تۆ کە بۆ هەمیشە دێیتە ناومەوەو ئیدی نارۆیت، تۆ کە ئیتر لە ڕێگای منەوە هەناسە دەدەیت، دێیتەوەو دەژیت، بە زەماندا سەفەر دەکەیت، لە هەموو شوێنێک دەبیت و لە هیچ جێگایەکیش، لە مردندایت و لە زیندەگیشدا، ماڵت دەکەویتە سەر تخوبێک کە هیچ یەک لە ژیان و مردن ناتوانن داگیربکەن- لە زمانی ڕەوشەنی مستەفا سەقزیەوە، ل٣٢٥» «ئەو کاتەی من ناسیم بە دوای نووسەرێکی شایستەدا دەگەڕا لەگەڵیدا ئەم چیرۆکە بگێڕێتەوە- ل ٥٧١» «دوای چەندین هەوڵی دیکە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە وڵاتی ئێمە چیرۆکنووسێکی تیدا نییە بتوانێت چیرۆکێکی وا فرە جیهان و فرەکاراکتەر بگێڕێتەوە- ل٥٩٥» «کە دەگاتە دوا لاپەڕەی ڕۆمانی سێوێک لەو سەری زەمین کە ئەوکات دواهەمین کتێبێک بوو من چاپم کردبێت، بە چاوی پڕ ئەسرینەوە ڕادەکات بۆ ئوتێلی گێلاس سپی و دەڵێت: خوای گەورە لەم خودا نەناسە زیاتر کەسی تر نییە، ئەم چیرۆکەی تۆ بگێڕێتەوە. ئەمە ئادەمی نییە، حەیوانێکە خودا بۆ گێڕانەوەی حیکایەت دروستیکردووە- ل٥٩٦» بگەڕێنەوە بو سێهەمین تایبەتمەندی وەسف: بونیادی وەسف بونیادێکی سەرەوخوارە لە مەبەستەوە بەرەو سەلماندن.

PDF4Kurd



نووسەر ئەیهەوێ ئەم دەقەی خۆی وەک شاکار بنوێنێت و لەم ڕێگەیەوە خۆی بکات بەو (حەیوانە خودا نەناسەی خودا دروستی کردووە بۆ گێڕانەوەی حیکایەت). کێ هەیە نەزانێ عەلی شەرەفیار و هەر نووسەرێکی گریمانەیی‌تر تەنیا دەمامکەکانی نووسەری ڕاستەقینەن. پێویست بەوە ناکات ڕۆمانی سێویک لەو سەری زەمین کە دواهەمین کتێبی ئەو کاتەی عەلی شەرەفیارە لەگەڵ دوایین هەناری دنیای بەختیار عەلیدا بەراورد بکەین بۆ ئەوەی تێبگەین پیاهەڵدان بە نووسەرێکی گریمانەیی تەنیا هەوڵدانێکی بەختیار عەلییە بۆ خۆهەڵکشاندن و دەستەوەستاو کردنی خوێنەر لە هەمبەر دەقەکەی. لە ڕەوتی فەزاسازیدا نووسەر و ژیانیشی ئەبن بە بەشێک لە فەزای ڕۆمان. نووسەر لە ئاوەها ڕەوتێکدا ئیتر خوداییک نییە و بە پێ بڕیار شت و کەسەکان لە شوێنە دڵخوازەکان دابنێت و لە ئاکامدا چاوەڕوانی پەرەستش و ستایش بکات. بە پێچەوانەوە ڕەوتی وەسف ڕەوتی خۆنواندنی نووسەر و سەپاندنی هەژمۆنیا و سامداریەتییە بە سەر خوێنەردا؛ چ ئەم سامداریەتییە لە ڕێگای فانتازیا فرۆشی و وەسفی پەتییەوە بێت یان خۆهەڵکێشاندن لە ڕێگای ناوهێنان لە دەیان مۆسیقازان و نووسەر و دەرهێنەری سینما و فوتبولیست و... کە هیچ پێوەندییێکیان بە دنیای دەقەوە نییەو هیچ کاریگەرییێکیان لە سەر گەلاڵە، کرۆک، ناوەرۆک، کەسێتی و بەگشتی کەش‌وهەوا دا نییە. بێجگە لەفەزاسازیی لاواز، دوو فاکتەری بەرچاوی‌تریش زیانیان لە کەش‌وهەوای ئەم دەقە داوە.

یەکەم: یەکانگیری(**Unity**)

هەموو بەرهەمێکی هونەری بۆ ئەوەی وەک کارێکی تایبەتی سەیر بکرێت و کەش‌وهەواییکی دیاریکراو ساز بدات، ئەبێت لە خۆیدا یەکانگیر بێت. ئەبێ هەموو پاژەکانی ئەم بەرهەمە پێوەندی پتەویان لەگەڵ یەکتر هەبێت و هەر بەشێک هەڵقولاو و دەرەنجامی بەشەکانی‌تر بێت و بۆ خۆیشی

PDF4Kurd



ببێــت بــە ئەســاس و ســەرچاوەیێک بــۆ بەشــەکانی دوای خــۆی. هــەموو بەرهەمێکی هونەری بە بێ لە بەر چاو گرتنی ژانــر و بــەرچک ئــەبێ خــاوەن بنــەماییێکی پتــەو بێــت. ئــەبێ خــاوەن تێکچــڕژانێکی وەهــا بێــت، نــەکرێ دەســتێوەردانی تیــا بکــەی، لێــی هەڵــگری یــان لێــی لابــەری. مەبەســت بڕیاردانێکی بنەماخوازانە نییە، بەو مانایەی لام وابێ پێکهاتە دوایین مەبەست و هەویای دەقە؛ بە پێچەوانەوە لە سەر ئەو بڕوایەم پێکهاتە هەتا کەمتر خۆی بنوێنێ و کەمتر زەق بکرێتەوە ڕۆحێکی هونەری زیاتری ئەبێت. ئەوەی مــن باسی ئەکەم یەکانگیر بوونی پاژەکــانی دەق لــە ســەر ئەساســی توانامەنــدی ڕۆحێکــی هەســتیارانەیە، نــەک بــڕیارێکی بەرزخوازانــە و خەڵــک تــۆقێن. خوێندنــەوەی بەرهەمــە پەســەندکراوەکانی مێــژووی هونــەر ئــەوەمان بــۆ دەرئەخات یەکانگیری نەک هەر پێویستییێکی هەموو بەرهەمــە هونەریەکانــە، بەڵکوو مــەرجی سەرەکیــشە. ســەمفونیا هەرچــەن جــوانترین مێلۆدییــەکان بنوێنــێ، هەڵــگری فــرە دەنگتــرین تــەنراوەکان بێــت، بــە باشــترین شــێوە ڕەنگێندرابێ، باشترین هارمۆنیا بۆ هەرکامە لە بەشــەکان دانرابێــت، زۆرتــرین نزیکایەتی لە نێوان ڕیتم و بەشەکاندا هەبێت، فرەدەنگ و فــرەشــێوە بێــت و تەنانەت هەرکامە لە موهمانەکانی لە ناو خۆیــدا زۆرتــرین ڕادەی پێوەنــدییان هەبێت و جوانترین و نوێترین ئێستیلیش بنوێنن، کــەچی هــەتا ئــەو کاتــەی تاڵــی نادیــاری یــەکانگیری ئــەم موهمانانــە پێکــەوە گــرێ نــەدات نابێتــە بەرهەمێکی هونەری. لە مۆسیقادا لە ڕێگەی بە کارهێنانی هەندێ کەرەسەی مۆسیقایی یارمەتیدەر، یەکانگیری ساز ئەبێت؛ بــۆ وێنــە دووپــات بوونــەوەی مێلۆدییێکی دیاریکراو و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە ڕیتمێکــی دیــاریکراو لــە هــەموو بەشــەکاندا. کەڵــک وەرگــرتن لــە مێلــۆدی و ڕیتمێکــی دیــاریکراو ئاساییترین جۆری یەکانگیر کــردنی مۆســیقایە؛ بــەڵام هــەر بــەو ڕادەیــەش مۆسیقا بەرتەسک ئەکاتەوە و نزیکی ئەکاتەوە لە مۆسیقای باوی ڕۆژهــەڵاتی.

PDF4Kurd


واتە یەکانگیری دوا هەویای بەرهەمی هونەری نییە، یەکانگیری لەگەڵ ئەوەی تاکێتی ئەبەخشێتە دەق، ئەبێ بەستێن بۆ بەرفراوانی، هەست ئاژینی و ڕەنگاندن و بە گشتی فرەچەشنی بڕەخسێنێ؛ بۆیە لە مۆسیقادا هەوڵ ئەدرێ بە بێ خستنە مەترسی یەکانگیریەوە لە ڕێگەگەلێکی ترەوە کەش‌وهەوای بەرهەم فراوان بکرێتەوە؛ بۆ وێنە ئەکرێ مێلۆدی هەر جارە و بە شێوەیێک دەرکەوێ. جارێ لە سۆنگەی نۆتە ژێرەکانەوە پیشان بدرێت و جارێکی‌تر بە نوتەی بان لێبدرێت؛ یان مێلۆدی لە بەشە جیاوازەکاندا تووشی گۆڕانکاری بێت و بە بێ ئەوەی کەش‌وهەوای مێلۆدی بگۆڕدرێت لە هەر شوێنە و بە جۆرێ دەرکەوێ. ئەم تەکنیکە کە لە مۆسیقادا بە گەشە پێدان (devolopment) ناوێ لێ ئەبرێت، لەگەڵ هەندێ ڕێکاری‌تری وەک مود و واریاسیون، ڕەنگاندن، ئاراستە کردنی هاوکات یان یەک لە دوای یەکی چەنەها مێلۆدی، ڕاشیا(Rubato) و هتد، لەگەڵ ئەوەی فرە دەنگی ئەخولقێنن هاو کات وەک پۆیەکانی یەکانگیری لە یەکتر دەئاڵێن و کەش‌وهەوایێکی والای وەک سەمفونیای نوێ بێتهوڤێن ساز ئەدەن. لەو بەرهەمە دانسقەیەی مێژووی هونەر لەگەڵ ئەوەی هەرسێ تەنراوی مۆسیقایی تەک دەنگ (Monophonic) هاودەنگ(Hemophonic)وفرەدەنگ(Poly phonic) ئەبینین، لەگەڵ ئەوەی پڕە لە واریاسیونی جۆراوجۆر، لەگەڵ ئەوەی مێلۆدی سەرەتایی بە دەیان شێوە گەشەی پێ ئەدرێت، لەگەڵ ئەوەی بە جوانترین شێوە لە بارستایی دەنگ (Dinamisme) و هەر وەها چوارینەکانی دەنگ کەڵک وەرگیراوە؛ کەچی هەر نۆتەو هەڵقولاوی نۆتەی پێش لە خۆیە و هەموو تەنراوێ لەگەڵ ئەوەی بەر و دوای خۆیدا موتربەیە و هەر مێلۆدییێک تێکچڕژاوی مێلۆدییەکانی بەرەو دوای خۆیە و لە ڕێگەی دووپات بوونەوە و دەرکەوتنەوەی سەر لە نوێی ئەم توخمە مۆسیقاییانە لە موهمانەکانی تردا

PDF4Kurd


یەکـــەیێکی وەهـــا ســـازدراوە، نـــاکرێ گـــوێ لـــە هـــیچ بەشـــێکی دابخەی. سەمفونیای نوی بێتهوڤین کە بەختیار عەلی لـە دەقەکەیـدا نـاوی هێناوە، لەگەڵ ئەوەی نموونەی تەواوی بەرهـەمێکی فـرە دەنگـە و زۆریـش یەکانگیرە، کەچی ئەم میعمارییە پسپۆڕانەیە کـەمترین ڕواڵـەتی دەرەکـی و خۆنوانـدنی بنەماخوازانـەی پێـوە دیـارە. هـەموو کەرەسـەکانی یـەکانگیری (Unity ) و ئاڵوگۆڕ (Modification) ئەکرێ لە ڕۆماندا بە کار بهێنرێـت و لە واقیعیشدا نووسەرە بلیمەتەکانی ڕۆمان بـەکاریان هێنـاوە. وەک چلـۆن مێلۆدی پارچەی یەکەمی یەکانگیرییە، لە ڕۆمانیشدا کەسـێتی هـەمان دەور ئەبینێت. کەسێتی بە درێژایی ڕۆماندا دووپات ئەبێتەوە و کارە دراماییـەکانی بـە شـێوەدەنگی ژێـر و بـانی گێـڕوەرەکان ئەگێڕدرێتـەوە و لـەم ڕێگایـەوە پەرەپێـدانی کەسـێتی، مـەودا بـۆ ئـاڵوگۆڕەکـان ئەخولـقێنێ. ئـەو مـود و واریاسـیونەی لـە مۆسـیقادا ئـەیبینین لـە ڕۆمانـدا بـە نـاوی پەسـاهات (frequence) کەڵکی لێ وەرئەگیردرێت، هەروەها لە ڕێگای شـێوەدەنـگ، دەرەدەنگ و دەنگـی تەریبـەوە ئـەکرێ هارمۆنیـا بـۆ بەشـەجۆراوجورەکـان دابنرێت و لەم ڕێگەیەوە تـەنراو لـە تـاکدەنگـیـیـەوە بـەرە و هـاودەنگی و فرەدەنگی بەرین. لە ڕۆمانیشدا بە هـەمان شـێوەی مۆسـیقا ئـەکرێ ڕەزم و بارستاییدەنـگ تووشـی گـۆڕان بێـت و ڕاشـیا(Robato) پەیـڕەو بکرێـت. بەگشتی پێوەندی لە ڕۆماندا لـە سـەر ئەساسـی سـێ مـەنتیقی تەنـشتێتی، هاوچەشنی و دژوازانەیە. مەنتیقی تەنشتێتی لـە سـەر مـەجاز (Metonym) کار ئەکات و شتەکان بە هۆی ئەوەی ئەکەونە تەنشت یەکترەوە پێوەندی دار ئەنوێنن؛ وەک پێوەندی دەرگا لەگەڵ دیوار یان ڕێگا لەگەڵ شاخ یان گـەمی لەگـەڵ دەریـا. ئـەم شـێوە پێوەندییـە ئاسـانترین و ناهونـەریترین شـێوەی پێوەندیە و سووسور وتەنی دەق لە هونەری بوون والا ئـەکات و بـەرە وتـاری ئەکاتەوە. بە داخەوە لە ئەدەبدا لە بـەر ئـەوەی بـە کەرەسـەی زمـان ئـیش

PDF4Kurd


ئەکات زۆر جار ئەم مەنتیقی پێوەندییە بەکار ئەهێنرێت و بە هۆی هێندێ مکانیزمی فریو دەری تروەوە هونەرییش ئەنوێنێ، کەچی لە هونەرە نازمانیەکاندا بۆ وێنە مۆسیقا و نیگار، فاشل بوونی ئەم مەنتیقە بە ئاشکرا دیارە. قەت نۆتێک تەنیا لە بەر ئەوەی ئەکەوێتە پاڵ نوتێکی ترەوە شەرعییەت وەر ناگرێت و بێ مانایە ئەگەر مێلۆدییێک لە بەر ئەوەی ئەکەوێتە دوای مێلۆدییێکی ترەوە بە پێوەندیداری بزانین. واتە لە مۆسیقادا نۆتەکان ئەبێ بە پێ مەنتیقێکی مۆسیقایی کەونە پاڵ یەک، نەک لەبەر ئەوەی ئەکەونە پاڵ یەک مەنتیقێکی مۆسیقایی ساز بدەن. لە نیگاریشدا بە هەمان شێوەیە. ڕەنگەکان بە پێ مەنتیقی هاوچەشنی و دژایەتی ئەکەونە پاڵ یەک؛ نەک لەبەر ئەوەی ئەکەونە پاڵ یەک هاوچەشن و دژ دەرکەن. بۆیە لە نیگار و مۆسیقادا مەنتیقی تەنشتێتی بە تەواوەتی بێ مانایا. ئەگەر ئەڵێم بێ مانایا مەبەستم مەنتیقی هەنووکەیی نیگار و مۆسیقایە؛ دەنا بۆ بینەرێکی بێ ئاگا لە دەسکەوتەکانی نیگار کێشان، لە تابلۆیێکدا کە درەختی تیدایە بە پێ مەنتیقی تەنشتێتی ڕەوایە لە سەرەوەی درەختەکەدا هەورێکی ڕەش یان سپی هەبێت، گەرچی ئەم لکە ڕەش یان سپییە لەگەڵ مەنتیقی ڕەنگدا نەگونجێ. دەسکەوتەکانی ئێستای هونەر تەنیا لە ڕێگەی چۆنیەتی نواندنەوە دەستەبەر نەبووە؛ بەڵکوو ڕەگی لە ڕۆانینێکی جیاواز دایە. ئێستا درەخت لە تابلۆدا بەر لەوەی ڕوخسارێک بێت و بە پێی مەنتیقی زمان پێویست بکات پێوەندی بە شتگەلێکیترەوە بێت، پێک هاتووە لە هێڵ و ڕەنگ و ئەبێ بە پێ مەنتیقێکی جوانناسانە لەگەڵ دیکەی بەشەکانی تابلۆدا پێوەندی ساز بدات. هەر وەها لە مۆسیقادا گۆرانی بێژ بەرلەوەی بوێژێک بێت و ڕووداوێکی زمانی بگێڕێتەوە ئەبێ سازێک بێت و بە ڕێک و پێکی نۆتەکان دەرببڕێت. لە کۆمەڵگایێکی دواکەوتووی وەک کۆمەڵگای کوردیدا کە گۆرانیبێژە ناودارەکانمان تەنیا کەرەسەی گێڕانەوەن و بەوەشەوە هەموو سازەکان

PDF4Kurd



ئامێری نواندنی مێلۆدین و مێلۆدیش بۆخۆی ئامێرێکە بۆ نواندنی گۆرانیبێژ و ئەمانیش کە زۆربەیان بێ ئاگان لە مەنتیقی سەرەتایی سولفێژ، سروشتییە لە ڕۆماندا کە مەنتیقی تەنشتێتی بە ئاسانی تیایدا ئەشاردرێتەوە نووسەرانمان لە دەقەکانیاندا ئەم مەنتیقە بەکار بهێنن و مێشکی ئێمەش بەم جۆرە مەنتیقی پێوەندییە ڕاهاتبێ. ڕۆمان لە بەر ئەوەی لە ڕێگای زمانەوە ئەگێڕدرێتەوە، قەت والا نابێ لە تایبەتمەندییە نەرێنییەکانی زمان. بۆ وێنە شیعر چەندیش پاراو بێت دریدا وتەنی دایمە بەشێ لە ڕوایەتی تێکەڵە؛ لەبەر ئەوەی زمان لە کرۆکیدا ڕواییە. هەر بە پێ هەمان مەنتیقی دریدایی بە پێچەوانەی دیکەی ژانرە هونەرییەکان ئەدەب قەت ناتوانێ خۆی لە ئاژاڵی مەنتیقی تەنشتێتی دەرباز بکات. نووسەر بۆ ئەوەی لەگەڵ وەرگر پێوەندی ساز بدات ناچار لە بەکار هێنانی زمان و بۆیە ناڕاستەوخۆ مەنتیقی تەنشتێتی دەکشێنێتە ناو دەقەکەی خۆی؛ بەڵام ئەوەی کە نووسەر ئەم جەبرە زمانییە بکاتە مەنتیقی دارشتنی دەق و پێوەندی سازدان لە نێوان پاژەکان و فەزاسازی و یەکانگیری دەقەکەی بەهەمان ڕادەی ئەو نیگارکێش و مۆسیقارەی بیهەوێ بە پێ ئەم مەنتیقە، توخمە سەرەکییە هونەرییەکانی خۆی بەکار بهێنێت، بە هەڵەدا ئەڕوا. لێرەدا لە سێ ڕەهەندەوە لە مەنتیقی پێوەندی لە دەقەکەی بەختیار ئەڕوانین. ئەم سێ ڕەهەندە بریتین لە مەنتیقی کەسێتی دارشتن، پلانبەندی و ڕستەبەندی. بەپێ مەنتیقی کەسێتی دارشتن پێویستە لە نێوان کەسێتییەکاندا پێوەندییەکی پتەو هەبێت، بە چەشنێ کە نەکرێ هیچ کەسێتییێک لە کەسێتییەکانی ڕۆمان لابرێت و بە لابردنی هەر کەسێتییێک پێکهاتەی ڕۆمان تووشی گۆڕانی بنەڕەتی بێت. لەو سێ جۆرە مەنتیقەی باسمان کرد (دژایەتی، هاوچەشنی و تەنشتێتی) مەنتیقی تەنشتێتی لە کاتی لابردنی کەسێتییەکاندا کەمترین زیان ئەبینێ؛ لە بەر ئەوەی پێناسەی خۆی لە مەنتیقی ئاسایی زمان

PDF4Kurd



وەرئەگرێت و زمانی ئاساییش لە بنەڕەتدا هەڵگری ئەم مەنتیقەیە. بەختیار عەلی نەک بەشێ، بەڵکوو زۆرینەی دەقە٦٢٥ لاپەڕەییەکەی خۆی لە سەر ئەساسی ئەم مەنتیقە یەکانگیر کردووە. بە پێ ئەم مەنتیقە عەلی شەرەفیار لە فرۆکەخانەیێکدا شارۆخی شارۆخی تووش دێت و دواتر ئەکەوێتە ناو دۆخی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی. پێوەندی جەلادەت لەگەڵ برا و براژنیدا بە پێ مەنتیقی تەنیشتی‌یە نەک مەنتیقی هاوچەشنی یان دژوازانە. دواتر هەر بە پێ ئەم مەنتیقە لەگەڵ ئیسحاق و سەرهەنگا لە لێواری زێدا تووشی سەربازەکانی بەعس ئەبن و ئەگیردرێن. لێرەدا بە مەنتیقێکی حیکایەتی جەلادەت دەرباز ئەبێت و دائەخرێتە ناو شاری تەپوتۆزە زەردەکان. لێرەشا دیسانەوە هەمان مەنتیق درێژەی پێ ئەدرێ. بە پێ ئەم مەنتیقە لەگەڵ مووسای بابەک و دالیا سراجەدین و دواتر سامیری بابلیدا ئەبێ بە دۆست و لەگەڵ کەسانی‌تر نابێ بە دۆست و نووسەر بە سەریاندا باز ئەدات. لە گەڕانەوە بۆ کوردستانیشدا هەمان ڕەوت پەیڕەو ئەکرێت و جگە لە شاناز سەلیم کە بە پێ مەنتیقی هاوچەشنی لەگەڵ سامیری بابلیدا ئەبێتە دۆست (سامێر لە چەشنی یەکەمین ئەشقی شانازە، لە بەر ئەوەی بۆنی پرتەقاڵی لێ دێ) و دواتر ئەم کەسە بە پێ مەنتیقی دیالکتیکی جەلادەت بە کوشت ئەدات. بە خوێندنەوەی کتێبەکەی بەختیار تێ ئەگەین زۆربەی کەسێتی‌یەکانی ئەم دەقە ڕێکەوتی یەکتر ئەکەن و پێوەندیان لە سەر ئەساسی تەنشتێتی‌یە؛ کەچی لە زۆر شوێندا بە سەر ئەم مەنتیقەشدا بازدراوە و نووسەر بە خواستی خۆی و چۆنی پێ ڕاحەت بووە پشت گوێی خستوون؛ بە مەیلی خۆی بە سەر جەودەت و ژنەکەی و دەیان کەسی‌تر کە لە مناڵیدا ئەکرێ ڕووبەڕووی ببنەوە بازی داوە و تەنیا ئیسحاق و سەرهەنگ قاسمی هێشتۆتەوە. پێوەندی ئەم دووکەسە لەگەڵ قارەماندا بە پێ مەنتیقی داستانی هاوچەشنییە. دواتر لە شاری تەپوتۆزە زەردەکاندا هەموو شاری چڕ

PDF4Kurd



کردۆتەوە لە چەن کەسی وەکوو دالیا و مووسای بابەک و چەن کەسی تری وەک شاژنی تەپوتۆز و ئوستاز فەهمی کە لە شوێنی خۆیدا باسیان لێ ئەکەین و دیکەی کەسانی ئەو شارە کە بە پێی مەنتیقی تەنشتێتی پێوەندیان بە ژیانی جەلادەتەوە هەیە پشت گوێ ئەخرێن و تەنیا بە نازناوی سۆزانییەکان قەناعەت کراوە؛ وەکوو ئەوەی سۆزانی بوون بە مانای تەواو بوونی مرۆڤ بێت و ئەوکەسەی بوو بە سۆزانی بەری بێ لە هەر تایبەتمەندییێکی ئینسانی و بۆ ئەوە نەشێت وەک ئینسان باسی بکەین. دیارە نووسەر نەیویستووە بە دواکەوتوویی تاوانبار بکرێت و بۆیە خۆی لە هەر چەشنە بەر گومان کەوتنێ پاراستووە و یەکێ لە کەسێتیکانی خۆی لە ناو سۆزانییەکاندا هەڵبژاردووە، تا بە خوێنەر سەلمێنێ سۆزانی بوون لەگەڵ تەواو بووندا وەک یەک نابینێ؛ لە بەر ئەوەی هیچ نەبێ ڕۆمانی بولدوسویفتی موپاسان و پەڕی ماتیسنی خوێندۆتەوە و ئەزانی سۆزانی خاوەنی دەوڵەمەندترین سامانی ئینسانییە و لە ڕۆماندا ئەکرێ باڵاترین دەور بگێڕێ؛ بەڵام بەمەشەوە خوێنەر لە خۆی ئەپرسێ بۆ هەموو سۆزانییەکانی تری ئەو شارە تەنیا سۆزانین و تەنیا دالیا ئاوارتەیە. بۆ ئەو هەموو ژنە سۆزانییانەی کە ئەکرا هەر کامەیان نانایێک بوونایا پشت گوێ خراون و بوونەتە تەنەکەیێکی گوشت. ئایا ئاوارتە بوونی دالیا لە بەر ئەوە نییە خۆشەویستی قارەمانی داستانەکەیە؟ جا ئەگەر کەسێ ئاشنایێکی وەکوو جەلادەتی نەبێ ئەبێ قوڕی کوێ بە سەری خۆیدا بکات. بە پێ ئەو مەنتیقەی نووسەر دەقەکەی لە سەر یەکانگیر کردووە، زۆرێک لەو ژنانەی شەوانە ڕووبەڕووی جەلادەت ئەبنەوە، جەلادەتیش چاوپۆشی لێ کردبان، نووسەری یەکەم و دووهەمی دەق نەدەبوا چاوپۆشییان لێ بکات و لەو بەرجەوەنە زۆرانەی هەیبووە بۆ گێڕانەوە ئەیتوانی باسیان لێ بکات و نەهێڵێ مەنتیقی یەکانگیری دەقەکەی تێک بچێت؛ هەر چەن ئەم مەنتیقە لە ئەساسدا هونەریش نەبێ. لە گرنگترین

PDF4Kurd


هەوڵەکانی نووسەر و بەرچاوترین لاوازییەکانی دەق لەم ڕووەوە پارچە پارچە بوون و ناپێوەند بوونی کەسێتییەکانە بە کەش‌وهـەوا و ڕەوتی دەقـەوە. لـەم دەقەدا چەنەها کەسی وەک شاژنی تەپوتۆز، ئوستاز، محەمەدی فیردەوسـی، لەیلای نیلووفەر، جـەمیلی پرۆشـە، ڕەوشـەنی مـستەفا سـەقزی و بەشـێکی گەورە لە ژیانی مستەفای شەونم و شارۆخی شارۆخ هـیچ پێوەنـدییێکیان بـە کـەش‌وهـەوای دەقـەوە نییـە و ژیانیـان وەک حیکایەتگـەلێکی سـەربـەخۆ لکێندراوەتە دەقەکەوە. سەفەرە دەریاییەکەی شاژنی تەپوتۆز، ژیانی ئوسـتاز و چۆنیەتی لـە بـیر بردنـەوەی مۆسـیقاکەی و ژیـانی پێـشتری محەمـەدی فێردەوسی، سەردەمی پێکەوە بوونی مستەفای شـەونم و لـەیلای نیلووفـەر، هـەروەها ژیـانی شـارۆخی شـارۆخ و بەشـێ لـە ژیـانی سـامیری بـابلی و عەشقەکەی دالیا ئەگەڕێتەوە بۆ بەر لە سەردەمی داستانی سـەرەکی. ئەگـەر ئێمە دەسپێکی داستانی سـەرەکی بـە لـە دایـک بـوونی جـەلادەت دانـین، داستانی ژیانی ئەو کەسانەی سەرەوە ئەکەوێتە دەرەوەی ئەم داستانە و هیچ پێوەندییێکیان بە ژیانی جەلادەت و گەلاڵە و کەش‌وهەوای داستانەوە نییـە و لە ڕاستیدا کۆمەڵێ حیکایەتن و لکێندراون بە دەقەکەوە. بـۆ هەرکامـە لـەم کەسانە ئەکرێ دەیان حیکایـەتی لـەم بابەتـە دابـنین یـان حیکایەتـەکانیان لەگەڵ یەکتر بگۆڕینـەوە و هـیچ کاریگەرییکیـشی لـە سـەر کـەش‌وهـەوا و مەنتیقی حیکایەت کە سوێسکەگەرییە نەکات. ئەساسی ئەم مەنتیقـە پرسـی حیکایەتیی (ئیتر)ە نەک پرسـی داسـتانی (بـۆ) کـە هەڵـقولاوی گەلاڵـەیە. نووسەر لە پەسا حیکایـەتی جۆراوجـۆر و بـێ پێوەنـدی بـە کەسـەکانی نـاو دەقەوە دروست ئەکات و خوێنەر ئاڵۆسکاو و تامەزرۆی ئاگاداری ئەهێڵێتەوە. کەڵک وەرگرتن لە ئاڵۆسـکاوی ( Suspanse ) لـە کـۆنترین و سـاکارترین تەکنیکەکانی فریو دانی خوێنەرە. بە پێ مەنتیقی ئاڵۆسکاوی ئەبێ بـەردەوام خوێنەر لە دۆخێکدا بهێڵێتەوە تامەزرۆی ئاگادار بـوون لـە بەشـەکانی دواتـر

PDF4Kurd



بێت. ئەم مەنتیقە لە ڕەوتی ڕۆماننووسی ئەمڕۆدا هەوڵێکی فاشلە. مرۆڤی ئەمڕۆ لە ڕێگای میدیا جۆراجۆرەکانەوە ڕۆژانە ئەوەندە هەواڵی جۆراوجۆر ئەبیستێ ئیتر وەکوو جاری جاران خولیای ئەوە نییە بە دوای گەمەی نووسەراندا بڕوات. مرۆڤی ئەمڕۆ وەها گیرۆدەی شتە ئاڵۆزکاوەکانی ژیانە، گاڵتەی بەم گەمە سواوانەدا دێتەوە. لە سەرەتای دەقەکەدا باسی ئەوە کرا کە ڕۆمان حیماسەی جیهانی بێ خودایە، بەو پێیە خوێنەری سەردەمی ڕۆمان بە دوای وڵامی پرسیارەکاندا ئەگەڕێت نەک هەستی لادێیی تامەزرۆ بوون بۆ ئاکامی چیرۆک و چارەنووسی کەسەکان. خوێنەری ڕۆمان بە دوای ئەوەدا نییە بزانێ کەسەکان چییان لێ دێت، بەڵکوو ئەیهەوێ بزانێ کەسەکان بۆ تووشی چارەنووسێکی دیاریکراو ئەبن و نووسەر چلۆن وڵامی پرسیارە گرنگەکان کە پرسیاری خوێنەریشە ئەداتەوە. ئێمە لە سەرەتای ڕۆمانی شەڕ و ئاشتیدا ئەزانین ناپێلئون بەرەی دۆڕاوی شەڕی فەرەنسە و ڕوسیایە؛ بۆیە تامەزرۆ نین بزانین کامە بەرە سەر ئەکەوێت و کامە بەرەی‌تر سەروبن ئەبێ. لە ڕۆمانی تاوان و سزادا جوانترین و سەرەنج ڕاکێشترین بەشەکانی ڕۆمان پاش ئەوە ڕوو ئەدەن وا ڕاسکولنیکوف ژنە سووخۆرەکە ئەکوژێت و دەیان پرسیاری (بۆ) وام کرد ئاراستەی خۆی ئەکاتەوە. لە ڕۆمانی ئەمڕۆدا یان هەوڵی ڕاستەقینە ئەدرێت بۆ سڕینەوەی ئاڵۆسکاوی یان ئاڵۆسکاوی لە بەستێنی تەوەرە (Tapic) وە ئەگوازرێتەوە بۆ بەستێنی کەسێتی و کەش‌وهەوا. واتە وەرچەرخانێکی مێژوویی ڕووی‌داوە لە پرسی (چی لێهاتەوە) بۆ پرسی (بۆ وای لێهات). زۆرێک لە ڕۆمان‌نووسە بەرجەستەکانی سەدەی بیست گەییشتنە ئەو قەناعەتەی واز لەم تەکنیکە حیکایەتییە بێنن و گرنگی بخەنە سەر گەلاڵە و شیکردنەوەی جیهانی دەق و هەوڵەکانیان دەیان ڕۆمانی جوانی وەک خزمە دوورەکان، قیرە و توورەیی، مەرگ لە ئانددا، دادگایی، عاشق و ڕوومەت لە ڕوومەتی لێ کەوتەوە. بەختیار

PDF4Kurd



عەلی لەم دەقەی خۆیدا نەک هەر زۆرترین کەڵکی لەم تەکنیکە حیکایەتییە وەرگرتووە، بەڵکوو لە زۆر شوێندا زۆر ناشارەزایانە و سەرەتایی بۆ سازدانی ئاڵۆسکاوی هەوڵی شاردنەوەی بەسەرهاتەکانی داوە «هاتنی من و نهێنی گەییشتنم بە شاری ئەو کچە خراپانە هێشتا نهێنییەکی قووڵ بوو، شتەکانم لە جێگایەکەوە لە بیر بوو کە سوودێکی گەورەی بۆ تێگەیشتن لە تەواوی تەلیسمەکان نەبوو- ل٦٩» « دکتۆر بابەک دەبوایە جارێکیتر ئەو شتانەم بۆ کۆ بکاتەوە کە دالیا بەو جۆرە باسیکرد. یەکێک منی بەرەو ئەو ژێرزەمینە بردبوو، کێ؟ نازانم - ل١٠٣» « دواجاریش هەموو ئەو ڕووداوانەی لە ژیانی من و ئەودا ڕویاندا ڕێگرێکی گەورە بوون ئەو خەوە نەیێتەدی -ل٣٥٠» «بەر لەوەی تەواو دەستبکەم بە خۆ ئامادە کردن بۆ دادگاییکردنی سامیری بابلی کۆمەڵێک شتی گرنگ ڕوویاندا کە پەیوەندییێکی نەپساویان بە مانای هەموو چیرۆکەکەی منەوە هەیە- ل٣٧٧» «یەکەم پرسیار لە دکتۆر بابەکم کرد گووتم، دکتۆر پێمبڵێ، دالیا سیراجەدین ماوە یا خود نەماوە؟ دکتۆر کەمێک چاوی کز کردوو گووتی، پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئێمە خۆمان ماوین یان مردووین؟ بە هێمنی دەستی خستە سەرشانم و گووتی: دواتر هەموو شتێکت پێدەڵێم. هەموو شتێک. ئێستا گرنگ ئەوەیە من تۆم دۆزییەوە.» هەر بە پێ ئەم مەنتیقە کە لە پەسا تامەزرۆ کردنی خوێنەرە بۆ ئاگاداری، چەنەها وردە حیکایەتی گێڕاوەتەوە کە هیچ پێوەندییێکیان بە کەشوهەوای دەقەکەوە نییە. شاژنی تەپوتۆز، ئوستاز، جەمیلی پرۆشە، شارۆخی شارۆخ، مستەفای شەونم، مووسای بابەک، دالیا سراجەدین و دیترانیش هیچ کێشەییێکیان لەگەڵ دیکەی کەساکانی ناو دەقدا نییە تا لە ڕێگەیەوە لە کەتەنە شاراوەکانی ئەم کەسێتی‌یانە تێ بگەین. گرفتی زۆربەی ئەمانە لەگەڵ کەسەکانی بەر لە دەق و دەرەوەی دەقە؛ واتە ئەم دەقەی بەختیار نموونەی تەواوی دەقێکی نادیالێکتیکییە. سەفەرە دەریاییەکەی شاژنی

PDF4Kurd



تەپوتۆز و ژیانی ڕابردووی مستەفای شەونم و محەمەدی فیردوسی و هتد پێوەندی بەکامە کەسی ناو دەقەوە هەیە، جگە لەوەی کۆمەڵێ حیکایەت بن و خوێنەری ڕاهاتوو بە حیکایەتی پێ ڕابگیردرێت؟ خوێنەر ئەباتە کامە دۆخی تێڕامان و پرسیاری داستانییەوە؟ بە واتاییێکی‌تر پێوەندی ئەم کەسانە بە دیکەی کەسەکانەوە تەنیا بە پێ مەنتیقێ تەنشتێتی‌یە و لە کوێ دەقدا پێوەندی نێوان جەلادەت و شاناز سەلیمی لێ بەدەر هیچ پێوەندییێک لە سەر ئەساسی دژوازی یان هاوچەشنی نابینین. کوێ ئەو کەسانەی وەک هاوچەشن ئەیانبینین بە دەرن لە پێوانەکانی هاوچەشنی؛ لەبەر ئەوەی هیچ جیاوازییێکان تیا بەدی ناکرێ. کۆمەڵێ کەسی کوپی و لفی یەکترن و لە بەرەیێک بە نێوی بەرەی پارێزەرانی جوانیدا یەک ئەگرن. بەرەیتر بەرەی دوژمنانی جوانین و کەسیان دیار نین و لەم ناوەدا بەرەییێکی تری وەک بەرەی سۆزانییەکان ناویان هەیە و ناوکیان نییە.

پێویستی هاوچەشنی ئەوەیە کەسە هاوچەشنەکان لە هەندێ خاڵدا جیاوازیان هەبێت و بۆخۆشیان ئامادەی هەندێ گۆڕان بن. خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بەختیار ڕاست کتێبە شۆڕشگێڕانەکانی سەردەمی دەسەڵاتی بولشویک و قۆناخی خەباتگێڕیمان بیر ئەخاتەوە. وەک چلۆن لە ڕۆمانێکی وەکوو دایکی ماکسیم گورگیدا لە بەرەی شۆڕشگێڕدا هەموو کەس کوپی یەکترن و هەویا و خولیاکانیان هاوچەشنە، لەم دەقەشدا ڕێک هەمان مەنتیقی یەکالاگەری بالادەستە؛ تا ئەو ڕادەیەی ئەکرێت ئەم کتێبەی بەختیار وەک کتێبێکی شۆڕشگێڕانە ناو بەرین کە لە سەر دورشمی بالادەستی بەرەیێک و تاوانبار کردنی بەرەییێکی‌تر ئیش ئەکات. تەنیا جیاوازی لەوەدایە لێرەدا نووسەر هونەری کردۆتە دروشمی خۆی و وەک ئالا هەڵیکردووە. هونەرێ کە بە درێژایی مێژوودا خۆی لە دەسەڵات و دروشم پاراستووە لێرەدا بووەتە دروشمی دەقێکی شۆڕشگێڕانە. لەم دەقەدا جگە لە

PDF4Kurd



پێوەندی نێوان شاناز سەلیم و سامیری بابلی هیچ پێوەندییێک نابینین بە پێی مەنتیقی هاوچەشنی پێک هاتبێ. پێم وانییە لە هەموو مێژووی ئەدەبدا ڕۆمانێکی باشمان دەس کەوێ بە پێی مەنتیقی تەنشتێتی داڕێژرابێت. ئەو بەرهەمە باشانەی لە ڕواڵەتا مەنتیقی وا پیشان ئەدەن لە کرۆکی خۆیاندا یەک لە دوو مەنتیقەکەی تر پەیڕەو ئەکەن. ئەکرێ ڕۆمانی کوێری بە میسال بێنینەوە. لەو ڕۆمانەدا هەموو کەسەکان لە ڕێگەی ئەم مەنتیقەوە ڕووبەڕووی یەکتر ئەبنەوە و یەکتر کوێر ئەکەن. کێ چاوی بەویتر بکەوێ کوێری ئەکات و بەم جۆرە هەموو کەسێتی‌یەکانی ناو ڕۆمان کوێر ئەبن، ژنی دکتۆری لێ بەدەر، وە کرۆک و چرگەی ڕۆمانیش لێرەدایە. ژنی دکتۆر جیاوازە لە هەموو کەسەکانی‌تری ناو دەق. ئەمە وەکوو ئەوە وایە بێژین هەموو کەسەکانی‌تری ناو ڕۆمان هاوچەشنن. بە واتایێکی‌تر ئەو ڕۆمانە بە پێ مەنتیقی هاوچەشنی داڕێژراوە نەک تەنشتێتی و بۆیە ژنی دکتۆر وەک تاکەکەسی جیاواز کەوتۆتە ناوەندی ئەو ڕایەڵە (Lattice) ی کەسەکان پێکەوە گرێ ئەدات. شێوەی پێوەندی کەسەکان لەو ڕۆمانەدا وێنالە (Pattern )ی ڕایەڵەیی لێ کەوتۆتەوە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا باس کردن لە وێنالە سوودبەخش ئەبێت . وێنالە وێنەیێکە کە کاریگەری کەسێتی‌یەکان لە سەر یەکتر پیشان ئەدات. لە ڕۆمانی کوێری ساراماگۆدا ژنی دکتۆر کەوتۆتە ناوەندی کەسێتی‌یەکان و دیکەی کەسەکان لە ڕێگەی ئەمەوە لەگەڵ یەکتر پێوەندی ساز ئەدەن؛ بۆیە وێنالەی ئەو ڕۆمانە ڕایەڵەی‌یە. هەرچەن مێژووی ڕۆمان لە چاو نیگار و مۆسیقا مێژوویێکی دوور و درێژ نییە و لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ڕۆمانە باشەکانی مێژوو لە چاو ئەم هونەرانەدا زۆر نییە؛ کەچی بە هۆی پێکهاتەی ئاڵۆزکاو و بوونی توخمێکی ئاڵۆزکاوتری وەک مرۆڤ لە ناوەندی ئەم ژانرە هونەرییەدا، لەوانەیە لە کۆی هەموو هونەرەکانی تر زیاتر وێنالەی نواندبێ. شێوەی پێوەندی کەسێتی‌یەکان بە یەکتر و ڕەبتیان بەگەلاڵە، تەوەرە،

PDF4Kurd


کرۆک و هتدەوە جۆرەکانی وێنالـە سـاز ئـەدات. پەیـڕەو کـردنی مـەنتیقی هاوچەشنی دەیان جۆری وێنالەی وەک شاخساری نەزۆک، شاخساری بـزێ، شاخساری مەیلەو پۆپە، شاخساری لق خۆ خـۆر و هتـدی لـێ ئەکەوێتـەوە. ئەگـەر ڕۆمـان لـە سـەر مـەنتیقی دژوازی ئـیش بکـات سـەدان وێنالـەی کەهکەشانی لێ دێتە گۆڕێ. لێرەدا ناکرێ بڕۆمە سەر باسێکی دوور و درێژی وەک وێناله؛ بەڵام بۆ ئاگـاداری خوێنـەر و هێنانـە ئـارای دەرفـەتی بـەراورد، یەکێ لـە جـوانترین جۆرەکـانی وێنالـە ئەخەینـە بـەر بـاس و بـەم بۆنـەوە چڕکراوەی وێنالەی ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی ئەنوێنین. تەنیا وێنالەیێک ئـەکرێ بـۆ ئـەو ڕۆمانـەی دابـنین، وێنالـەی کەهکەشـانی تەڤگۆڕە. ناوەنـدی ئـەو کەهکەشانە شەڕی گەورەی فەرانسە دژ بە ڕووسیایە. (ناوەنـدی کەهکەشـان ئـــەتوانێ کەســـێتی، ڕووداو، چـــەمک، دروشـــم و هتـــد بێـــت) هـــەموو کەسێتی‌یەکانی نـاو ئـەو دەقـە بـە پێـی مـەنتیقی دەق کـە دەوری هێـزی ڕاکێشان ئەبینێت لە سەر یەکتر کاریگەرن و بە دەور ناوەنـدی کەهکەشـاندا ئەسووڕێننەوە. سەرەتای ڕۆمان لـە نـاو ئاهـەنگێکی بورژواییـدا دەسـت پـێ ئەکات. سەرەتا هەست ئەکەین ئەم ئاهەنگـە بـە دوورە لـە کاریگەرییـەکانی شەڕ. پاش کۆتایی ئاهەنگەکـە هێـزی شـەڕ و دژە هێـزی ئاشـتی پـەرش و بڵاویان ئەکاتەوە و هەرکامەیان ئەخاتە شوێنێکەوە. پی‌یێـر بەشـێکی زۆر لـە سامانی زڕباوکی پێ ئەگات و وەک گۆیێک ئەبێتە خاوەن گرانییێکـی زۆرتـر و جوانترین کچی ناو ئەو ئاهەنگە ئەهێنێ. ئاندرێ یەکێکی‌تر لە ئامـادە بـووانی ئاهەنگی سەرەتایی ژنەکەی ئەمرێت و ئەکەوێتە دۆخێکی خراپەوە و دواتر لە ئاهەنگێکدا کە پێوەستە بە شەڕەوە دڵی ناتاشا بە دەست دێنێ. هێزی شـەڕ، ئانـدرێ ڕائەکێـشێت و لـە سـۆنگەی ئـەوەوە تێـزار و گۆڕەپانـەکانی شـەڕ و ناپێلئۆن لە نزیکەوە ئەبینین. ئاندرێ لە شـەڕدا برینـدار ئـەبێت و بـۆ چـاک بوونەوە ڕوانەی وڵاتێکی تر ئەکرێت. برینەکانی شەڕ ئەونـدە لـەوێ ڕاگـیری

PDF4Kurd



ئەکەن هەتا ناتاشای دەزگیرانی بێ تاقەت ئەبێت و ئاندرێ لە بیر ئەباتـەوە و عاشـقی کەسـێکی تـر ئـەبێت و ئەیهـەوێ لەگەڵـیدا هەڵـبێت، بـەڵام ژنی خاوەنماڵ نەخشەی هەڵاتنەکەیان پووچەڵ ئەکاتـەوە. هـەتا شـەڕ لـە بـەرە دوورەکانەوە بەرە و مسکۆ نزیک ئەبێتەوە، کاریگـەری لـە سـەر ژیـان زۆرتـر ئەبێتەوە. لەو کاتـەی مـسکۆ گـەمارۆ ئـەدرێت هێـزی شـەڕ، ژیـانی هـەموو کەسێتی‌یەکان تووشـی ڕاژان و هەڵـسوڕان و دڵـەڕاوکێیەکی سـەیر ئـەکات. ئاندرێ لەم کاتەدا بریندارە و کەوتۆتە گیانەڵای مردن. لێـرەدا لـە خێراتـرین قۆناغی ڕیتمیکی ڕۆماندا هەوڵی بێ پسانەوە و هەلپەرەستانەی کچە میمکـی (دڵنیا نیم) ناتاشا ئەبینین بۆ نیجات دانی ئاندرێ. لەو ڕۆمانە بەرجەسـتەیەدا هێزی شەڕ وەک ناوەندی کەهکەشانێ کە دایمە لە گۆڕاندایە، لە هێز گرتن و لاواز بووندایە و بەم پێیە لە سەر کەسەکان کاریگـەر ئـەبێت و کەسـەکانیش دیسانەوە لە سەر یەکتر کاریگەر ئەبن و هەرجارە و ئەکەونە مەداریکەوە و لە یەکتر و لە شەڕ نزیک و دوور ئەبنەوە؛ بۆیە ناتاشایێک کە لـە مـاوەی شـەڕدا ئەوپەڕی چالاکی، سەربزیوی و لاساری ئەنوێنێ، پـاش کۆتـایی شـەڕ واز لـە هەموو ئاواتە بەرزەکانی خـۆی ئـەهێنێت و وەک چـۆن ئاشـتی سـەقامگـیر ئەبێت ئەمیش ژیـانی سـەقام ئـەگرێت و ئەبێتـە کابـانێکی ئاسـایی ناومـاڵ. پێوەنـدی ناتاشـا بـە شـەڕەوە یـەکێ لـە دانـسقەترین و بێوێنـەتـرین پێوەندییەکانی هەموو مێژووی ڕۆمانە و بۆیە زۆرێ لە ڕەخنەگرە بەناوبانگەکان ناتاشا بە توکمەترین کەسێتی مێژووی ئەدەب دائەنێن. لە دەقەکەی بەختیار عەلیدا لە بـەر نـەبوونی گەڵاڵـە و هـەروەها مـەنتیقێکی جەوهـەری لەمـەڕ پێوەندی ساز دان ناکرێ هیچ جۆرە وێنالەیێک دەسنیشان بکەین. زۆرینـەی کەسەکان ڕێکەوتی یەکتر ئەکەن؛ پێوەندییان لە سەر یەکتر لە سەر ئەساسی کاریگەری نییە و لابردنی زۆربەیان دەق تووشی هیچ جـۆرە گرفتـێ ناکـات. لەم دەقەدا بە بـێ ئـەوەی وشـەیێکی پێوەنـدی دەر بخرێتـە سـەر دەقەکـە

PDF4Kurd



ئەکریێ زیاتر لە ٢٢٠ لاپەڕە لابەرین و هیچ گۆڕانێ لەکەش‌وهەوا، کەسێتی دارشتن، گەڵاڵە و ڕیتم و ڕوخساری دەقەکەدا ڕوو نەدات. سەلماندنی ئەم دانراوەیە زۆر ساکارە، تکایە ئەگەر دەقەکەی بەختیارتان لە سەر کامپیۆتر لە بەر دەستە ئەم دێڕانە خوارەوە کە لە سەر یەک زیاتر لە ٢٢٠ لاپەڕە ئەگرێتە و لابەرن. بزانن لە خوێندنەوەی تازەدا هەست بە لاچوونی ئەم زیاتر لە ٦٦٠٠ دێڕە ئەکەن. بۆ خۆتان بڕیار بدەن کە لا بردنی ئەم هەموو ئاژاڵانە هیچ کاریگەرییێکی لە سەر گەڵاڵە، ڕیتم، هاوسەنگی، کەش‌وهەوا، کەسێتی دارشتن، ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقەکە ئەبێت، جگە لەوەی هەموو ئەم فاکتەرانە بەرەو باشتر بوون ببات: لاپەڕەی ٢٥ لە دێڕی بیست و حەوتەوە هەتا لاپەڕەی ٣٣ دێڕی ٥ «ئاڵۆزتر دەبوو» بسڕنەوە- ل ٣٣ دێڕی ٢٠ هەتا ل ٣٤ دێڕی ٤- ل ٣٥ دێڕی ٣هەتا ٣٦ دێڕی ١٧- ل ٣٦دێڕی ٢٠ وشەی (شەوێک) هەتا لاپەڕەی ٣٩ دێڕی١١- لاپەڕەی ٣٩ دێڕی ٢٧ هەتا ٤٦ دێڕی ٩- لاپەڕەی ٥٠ دێڕی ٢ هەتا سەرەتای لاپەڕەی ٥٥- لاپەڕەی ٦٤ دێڕی ئاخر لە وشەی (دوو ئەسپی سپیم) هەتا ل ٦٩ دێڕی ٢٢ وشەی (گوێم) بسڕنەوە- ل٧١ لە دێڕی ٨ هەتا دێڕی ١٣- ل ٧٦ لە دێڕی ٩ وشەی (نامەویت)ەوە هەتا دێڕی ٢٤- لاپەڕەی ٧٧ دێڕی ٨ وشەی (کاتێک)ەوە هەتا ل ٧٨ دێڕی ٣- ل ٨٦ لە دێڕی ٤ (مووسای بابەک)ەوە هەتا ٨٧ دێڕی ٢٣ (شاردبێتەوە)- ل ٩٠ لە دێڕی ٨ (هەستمکرد)ەوە هەتا دێڕی ٢٢- ل ١٠٩ لە دێڕی ٤ هەتا، ل١١١ دێڕی ٢٤- ل١١٢ دێڕی ٥ (بەڵام)ەوە هەتا دێڕی ١٢٩ (ئامیزاد...)- ل١١٣ لە دێڕی ١٠ هەتا ل ١١٤ دێڕی ٣- ل١١٥ دێڕی ٢١ هەتا ١١٦ دێڕی ١٣ (دەبەستنەوە) - ل١١٧ دێڕی ١ (لە شوێنێکدا)ەوە هەتا ئاخری ئەم لاپەڕەیە- ل١٣٨ دێڕی ٢٥ هەتا، ل ١٤٧ دێڕی ١٦- ل ١٥٨ دێڕی ١٣ هەتا ١٥٩ دێڕی ٢(من) بسڕێتەوە- ل ١٧٠ دێڕی ٤ لە (هەندێجار)ەوە هەتا دێڕی ٢٨- ل١٧١ دێڕی ١٧

PDF4Kurd



(لەوشارانەدا)ەوە هەتا ١٧٢ دێڕی١ (نـەدەمان) بـسڕێتەوە- ل١٧٧ دێـڕی ١٤ هەتا ل ١٧٨ دێڕی ٢٠ (سـامیری بـابلی) بـسڕێتەوە- ل١٧٩ دێـڕی ٣ هـەتا دێڕی ١٢- ل ١٨٠ دێڕی ٤، لـە (بـەڵام)ەوە هـەتا، ل١٨٥ئـاخری دێـڕی ٢- ل١٨٦ دێڕی ٢٤ هەتا، ل١٨٧ دێـڕی ١٥ (تۆیـت) بـسڕێتەوە- ل١٨٧ دێـڕی ئاخر لە (گوێدەگرێت) بەو لاوە هەتا، ل ١٨٨ دێڕی ٥ (گـەورەدا) بـسڕێتەوە- ل١٩٦ دێڕی ٢٠ هەتا ١٩٧ دێڕی ٢١ (دەیگوت:) بسڕێتەوە- ١٩٨ دێـڕی ٢٥ هەتا ١٩٩ دێڕی ٤ (دەپارێزێت) — ل ١٩٩ دێـڕی ١٧ هـەتا، ل ٢٠٠ دێـڕی ٧ (دەیگووت:) - ٢٠٢ دێڕی ٩ هەتا ٢٠٣ ئـاخری دێـڕی ٩-٢٠٤ دێـڕی ٤ لـە (من وەک)ەوە هەتا ٢١٣ ئـاخری دێـڕی ٧-٢١٣ دێـڕی ١٩ لـە (مانـگ)ەوە هەتا٢١٥ ئاخری دێڕی٣ بسڕێتەوە- ٢٢٢ دێڕی ٢٦ (دالیا)وە هـەتا ئـاخری ل ٢٢٣-٢٢٤ دێڕی ١٨ هەتا ٢٢٥ دێـڕی ٢٤ (دەگـەڕێن) بـسڕێتەوە- ٢٢٩ لـە دێڕی ٢٤ەوە هەتا ئاخر- ٢٣٠ دێـڕی ١٠ هـەتا ئـاخری ٢٦-٢٣٢ دێـڕی ١٣ هەتا دێڕی ٢٥ (بتەقێنەوە) - ٢٣٧ لـە دێـڕی ١٣ (کـەس نازانێـت)ەوە هـەتا ٢٣٩ دێڕی ١٣ (مەملەکەت وایە) -٢٤٠ دێڕی ٦ (بەجۆرێک)ەوە هەتا دێـڕی ئاخر (باسمی جەزائیری) بسڕێتەوە- ٢٤١ دێڕی ٣ لە (ئەو هـەموو)ەوە هـەتا ٢٤٢ دێـــڕی ١٧ (گەڕانـــەوە بـــۆ مـــاڵ) بـــسڕێتەوە- ٢٤٤ لـــە دێـــڕی ٢٠ (جەلادەتی)ەوە هەتا ٢٤٦ دێڕی ٤-٢٤٧ دێڕی ١٨ لە (ئەوشەوی) هـەتا ٢٤٨ ئاخری دێڕی ٢٣-٢٤٩ دێڕی ٣ هەتا دێڕی ١٢ (دەکـرد) - ٢٥٠لـە دێـڕی ٦ (پیاوێک)ەوە هەتا دێڕی ٢٥ (دەیگوت) - ٢٥١ لـە دێـڕی ٨ هـەتا دێـڕی ١٢ (دەکرد) - ٢٥١ لە دێڕی ٢٨ (بۆ شارێکی)ەوە هەتا ٢٥٢ دێڕی ٩ (دەچـم بـۆ شارێکی دوور) - ٢٥٢ لە دێڕی ٢٦ (لـەم دووساڵـەدا)ەوە هـەتا ٢٥٣ ئـاخری دێڕی ٢٧- ٢٥٤ لە دێڕی ١٠ هەتا دێـڕی ١٥ (دەڕۆی) - ٢٥٧ لـە دێـڕی ١١ (خۆشحال)ەوە هەتا ٢٥٨ دێڕی ئاخر (ئەو چەنـد ڕۆژە) بـسڕێتەوە- ٢٦١ لـە دێـڕی ١٢ (سـالونەکەی)ەوە هـەتا ئـاخری دێـڕی ٢٦- ٢٦٥ لـە دێـڕی ١٣

PDF4Kurd



(خۆشەویستی)ەوە هەتا دێڕی ٢٨ (ئەبەدییەت) بسڕنەوە- ٢٦٨ لـە دێـڕی ٧ (ئەو مردووانەی)ەوە هەتا ئاخری لاپـەڕە- ٢٧١ لـە وشـەی یەکەمـەوە هـەتا ئاخری دێڕی ١٠-٢٧٤ لە دێڕی ٢٨ (دوورەکانیـان دەکـرد)ەوە هـەتا ل ٢٧٧ دێڕی ٢١ (نەخەوت) - ٢٨٨ لە دێڕی ٢٠ (هەندێکیان دەگریان)ەوە هـەتا، ل ٢٨٩ دێڕی ١٠ (ڕایاندەکرد)-٢٩٧ لـە دێـڕی ١٧ ( داليـا لـە نزیکمانـەوە)ەوە هـــەتا ٢٩٨ دێـــڕی ١٧ (تیربارانیـــانکردوون) - ٢٩٨ لـــە دێـــڕی ٢٢ (داليـــا گوێبگرە)ەوە هەتا ئاخری دێڕی ٢٤-٢٩٩لە دێڕی ٥ (داليـا)ەوە هـەتا دێـڕی ١٥ (لێ بەرمەدە)- ٣٠٠ لە دێڕی ١٣ (کاتێک)ەوە هـەتا ئـاخری دێـڕی ٢١- ٣٠١ لە دێڕی ٤ (شارێک)ەوە هـەتا دێـڕی ١٩ (زووبـوو) بـسڕنەوە-٣٠٢ لـە دێڕی ١٣ هەتا ٣٠٩ دێڕی ٣ (دووریدەخەنەوە) - ٣١١ لە دێـڕی ٤ (حەزیـدە کرد)ەوە هەتا ٣١٣ دێڕی یەکـەم (جـەلادەت) بـسڕنەوە-٣٢٤ لـە دێـڕی ١٧ (سەرەتا)ەوە هەتا ٣٢٦ دێڕی ٤ (ژیان و مردن) بسڕنەوە- ٣٢٨ لە دێـڕی ١٠ (ئەو ڕۆژەی )ەوە هەتا دێڕی ١٥ (واقیعی دەرەوە) - ٣٢٨ لە دێڕی ٢٣ (ئـەی ئەوە)ەوە هەتا ٣٢٩ دێڕی ٢٣ (نەبەستراون) - ٣٤٩ لـە دێـڕی ٢٥هـەتا ٣٥٧ دێڕی ٦ (ڕۆژێکیان من) بـسڕێتەوە-٣٦٢ لـە دێـڕی ١٧ هـەتا ٣٦٤ دێـڕی ٥ (پرۆڤەیە) بسڕێتەوە- ٣٦٦ لەدێڕی ١١ هەتا ئاخری دێڕی ٢٣-٣٦٧ لە دێـڕی ٣ (من)ەوە هەتا دێڕی ٢٣ (هەڵیواسی بـوون) - ٣٦٨ لـە ئـاخری دێـڕی ١٨ هەتا ٣٦٩ ئاخری دێڕی ١٣-٣٦٩ لە دێـڕی ٢٠ هـەتا ئـاخری لاپـەڕە -٣٧٠ لەدێڕی ١١ (بۆهەموو)ەوە هەتا دێڕی ١٦ (نـەکردوە؟) - ٣٧٢ لـە دێـڕی ١٥ (عەدالەت)ەوە هەتا ٣٧٣ دێڕی ١٨ (هـیچ کـەس..) - ٣٧٣ دێـڕی ٢٤ هـەتا ٣٧٤ ئاخری دێڕی ١٥-٣٧٥ لە دێڕی ٨ هـەتا ئـاخری دێـڕی ٢٧-٣٧٨ سـێ دێڕی بەر لە کۆتایی (ئەو ماوەیە)ەوە هەتا ٣٧٩ دێـڕی ١٩ (سـامیری بـابلی ) بسڕنەوە - ٣٨٤ لە دێڕی ٢٤ هـەتا ٣٨٦ دێـڕی٢٢ (پێکبـهێنم) - ل ٣٨٩ لـە دێڕی ٢٥ هەتا ل ٣٩٧ ئاخری دێڕی ٩ (لابردنی ئەم بەشـە باشـترین جـۆری

PDF4Kurd



پلان گۆڕین سازئەدات. دواتر لـە بەشـی پـلان بەنـدیدا باسـی ئەکـەین) - ل٤٠٣ لە ئاخری دێڕی سیازدەوە هەتا، ل ٤١٤ سەرەتای دێڕی ٢٠-٤٣١ لـە دێڕی ١٣ (گـەرمیان)ەوە هـەتا ٤٣٢ دێـڕی ١٥ (چاوەدێریانـدەکردم) - ٤٣٦ دێڕی ١٥ (مۆزارت و باخێکی جاویدان)ەوە هەتا ٤٤٣ دێـڕی ١٧- ل ٤٤٦ لـە دێڕی ١٧ هەتا ل ٤٦٣ دوو دێڕ بەر لە کۆتایی (ڕۆژی دواتـر) بـسڕنەوە- ٤٦٥ لە دێڕی ١٨ هەتا ٤٦٧ دێڕی ٢٢-٤٧٢ لـە دێـڕی ٢٠ (جـەلادەتی کـوتر)ەوە هەتا ٤٧٤ دێڕی ئاخر (هاوارەکان) - ٤٧٥ لە دێڕی ١٦ هـەتا دێـڕی ٢٦ (بـیر بردبوونەوە) - ٤٧٨ لە دێڕی١٦ هەتا دێڕی ئاخر (دیکەبوو) - ٤٧٩ لـە دێـڕی ٩ (جەلادەت)ەوە هەتا دێڕی ١٧ (وندەبێت) بسڕنەوە - ٤٨٣ لە دێڕی یەکەم (زۆر کەمن)ەوە هەتا دێڕی ١٩ (جەلادەت) - ٤٨٥ لە دێڕی ٢٨هـەتا ل ٤٨٧ دێڕی ٢٦ (گووتی:) بسڕنەوە- ل ٤٨٨ لە دێڕی ٢٣ هەتا ل ٤٩٠ دوو دێـڕ بـۆ ئاخر- ٥٠٢ لە دێڕی ٥ (من)ەوە هەتا ٥٠٦ دوو دێـڕ بـۆ ئـاخر (دەمگـووت:) بسڕنەوە- ٥٠٧ دێڕی ٣ هەتا ئاخر- ٥٥٠ لە دێـڕی ٦ (شـەوێکیان)ەوە هـەتا ٥٥٣ دێڕیِ ٢٥-٥٥٥ لە دێڕی ١٣ (ئیـسحاقی)ەوە هـەتا ٥٦٥ کۆتـایی دێـڕی ٨-٥٦٧ لە دێڕی ٣ هەتا ٥٧٢ کۆتایی دێڕ ١٤-٥٧٢ لـە دێـڕی ١٨ (دوای)ەوە هەتا ٥٧٣ کۆتایی دێڕی ٢١-٥٧٦ لە دێڕی ٢٦ (بای تـۆزێکی)ەوە هـەتا ٥٧٩ کۆتایی دێڕی ٢-٥٨٧ لەدێڕی ١٨ هەتا ٥٩٢ کۆتایی دێڕی ١٨-٦٠٢ لە دێڕی ئـاخر (بـەزەریای)ەوە هـەتا ٦٠٣ کۆتـایی دێـڕی ١٧-٦٠٤ لـە دێـڕی ١٩ (ئەومۆسـیقارە)ەوە هــەتا ٦٠٥ ئـاخری دێـری ١٩-٦٠٦ لــە دێـڕی ٥ (کاریگـەری)ەوە هـەتا دێـڕی ١٦ (بەڵـکوو) بـسڕنەوە - ٦٠٨ لـە دێـڕی ١٩ (کەمن)ەوە هەتا ٦٠٩ ئـاخری دێـڕی ١٧- ل ٦١٠ لـە دێـڕی ١٤ هـەتا ٦١٧ دێڕی ١٢ (لە سەر بێت) بسڕنەوە - ٦٢٠ لە دێڕی ٧ هەتا ٦٢١ ئاخری دێـڕی ٣-٦٢٢ لە دێڕی ١٣ هەتا ئاخری دێڕی ٢٢ بسڕنەوە.

دووهەم: ڕستەبەندی:

PDF4Kurd



دووهەم هۆکاری یەکانگیر نەبوونی ئـەم دەقـەی بـەختیار، بـە هەڵـەدا ڕۆیشتن لە مەنتیقی ڕستەبەندییە. ڕستەبەندی نەک هەر لە ئەدەبدا بەڵـکوو لـە دیکـەی هونـەرەکانی‌تـر و بـە تایبـەت لـە مۆسـیقادا لـە بنـەڕەتیترینی چەمکەکانـە. وەک چلـۆن لـە مۆسـیقادا نۆتـەکان بـەر لـەوەی بچـووکترین مێلۆدی ساز بدەن بە کەوتنە تەنشت یەکتر، ڕستەی ناتەواو، ڕستەی تـەواوی ناسەربەخۆ و ڕستەی تەواوی سەربەخۆ دروست ئەکەن، لە ئەدەبیـشدا ڕێـک بە هەمان چەشن، وشەکان ئەکەونە پاڵ یەکتر و ڕسـتەی ناتـەواو(،) ڕسـتەی تەواوی ناسەربەخۆ (؛) و ڕستەی تەواوی سەربەخۆ (.)ساز ئەدەن و پاشان لـە ڕێگەی ئەم ڕستانەوە تەنراو، تابلۆ، فەزا و کەش‌وهەوا ساز ئـەدرێت. جیـاوازی ڕسـتەبەندی ئـەدەب و مۆسـیقا لـە چـەن خاڵـدایە. یەکـەم لـە ئەدەبـدا ڕستەبەندی بە پێ هەر سێ مەنتیقی تەنشتێتی، هاوچەشنی و دژوازانە دێتـە ئەنجام؛ بـەڵام لـە مۆسـیقادا تـەنیا بـە دوو مـەنتیقی هاوچەشـنی و دژوازی ئەنجام ئەدرێت؛ بۆیە لە مۆسیقادا هیچ سنوورێ بـۆ دارشـتنی ڕسـتە بـوونی نییە؛ کەچی لە ئەدەبدا بە هۆی ئەوەی هەڵقولاوی مەنتیقی زمانە بە ناچار لە ڕستەبەندیدا ئەبێ یاسای تەنشتێتی ڕچاو بکرێ؛ مەسەلەن ڕستەی (کاوە بـە درەختەکەدا هەڵزنایە خوار) یـان (لـەحەوشـەوە داپەڕیـە سـەربان) بـە پـێ مەنتیقی تەنشتێتی زمان دوو ڕستەی هەڵەن. پێچەوانەی ئەمەش دیـسانەوە لە ئەدەبدا موسیبەتە. ئەگەر لە نێوان وشەکاندا مەنتیقی تەنـشتێتی هـەبێت، ڕستەکان بێ عەیب ئەنوێنن؛ بە بێ ئەوەی ئەم ڕستانە هیچ سنوورێکی زمانی ئاساییان بەزاندبێت. سەیری ئەم ڕستەیە بکەن (کوترێ لـە سـەر درەختـەوە بەرە و ئاسمان فڕی و لە هەورەکان خۆی تێر ئاو کرد) مەنتیقی ئەم ڕسـتەیە پڕاوپڕ تەنیـشتێتی‌یـە و سـەرەڕای ئـەو دیمەنـەی وێنـای ئـەکات لـە ڕووی ئەدەبییەوە یاکوسن وتەنی نەسـرێکی پەتییـە. ئـەم ڕسـتەیە بـەراورد کـەن بەمەی خوارەوە (ئەی یار ئەی تاقانەترین یـار چـەن مێهرەبـان بـووی کاتـێ

PDF4Kurd


درۆت ئەکرد) ئەم ڕستەیە لە دوو مەنتیقی هاوچەشنی و دژوازانە پێک هاتووە. وشەگەلی یار، تاقانە، مێهرەبان کە لەگەڵ یەکتر هاوچەشنن؛ کەچی لە ناکاو وشەیێکی دژواز لەگەڵ ئەم وشانە دەرئەکەوێت و زمان ئەهەژێنێ. فرووغ ئەگەر بیوتایە چەن مێهرەبان بووی کاتێ پێ ئەکەنیت، ئەگریایت، یارمەتیت ئەدام یان هەر وشەیێکی هاوچەشنیتر، زمان وەک خۆی ئەمایەوە و هیچ بزاڤێکی زمانی دروست نەئەبوو. ئەم دێڕە شیعرەی خواریشەوە دیسانەوە هەمان میعماری هەیە. (پێم ئەڵێن فەرمووتە شێتم ئەی بە قوربان ئەو دەمە). ئەم ڕستەیەش دیسانەوە بە پێ مەنتیقی تێکەڵ کردنی هاوچەشنی و دژوازی ساز دراوە. ڕوانین لەو بەرهەمانەی لە پێودانگی داوەری مێژوویی پەڕیونەتەوە، تێمان ئەگەیێنێ ئەدەب لەو شوێنانەدا سەر کەوتووە وا مەنتیقی ئاسایی زمانی بەزاندووە و بەیەک یان هەر دوو مەنتیقی ئەدەبی، شێوەیێکیتری بە کار هێنانی زمانی داهێناوە، (سەرم بەرزەوکرد ئاسمان تەم بوو نەمزانی دووکەڵ هەناسەی خۆم بوو) ئەم دێڕە شیعرە لەگەڵ ئەوەی بە پێ مەنتیقی تەنشتێتی ساز دراوە (خوار بۆ سەر)؛ کەچی خاڵی سەرەکی پێکەوە لکانی هەر دوو ڕستەکە هاوچەشنی و تا ڕادەیێکیش دژوازییە. سەیری ئەم دێڕەی مەولەوی بکەن

«دەوڵەتەکەی وەسڵ پا نە زەواڵەن
جارێوتەر دیدەن باڵات مەحاڵەن»

ئەم دێڕە پێک هاتووە لە ئاوێتەی دەوڵەتەکەی وەسڵ و دوو وشەی زەواڵ و مەحاڵ کە دژی وشەی وەسڵن. وشەی باڵاتیش کە ئاماژەیە بۆ دووری زەوین و ئاسمان، هەمان دەور ئەبینێ. لەوانەیە دێڕێکی ئەدەبی یەکسەر بە پێ مەنتیقی هاوچەشنی پێک هاتبێت (سەرینەکەم بۆ دوو کەسە دوو کورسی تامەزرۆم هەیە دوو پیاڵەشم هەیە بۆ چا)، بەڵام بە ورد بوونەوە لەم جۆرە شیعرانە تێ ئەگەین، لە کرۆکی ئەم هاوچەشنییەدا جۆرێ لە

PDF4Kurd



دژوازیش بەدی ئەکرێ. کۆی قسەمان ئەویە ئەدەب هەوڵ ئـەدات خـۆی لـە ئاسـاییەتی زمـان و لاسـایی کردنـەوە دەربـاز بکـات؛ بۆیـە هـەوڵ ئـەدات ئاراستەکانی زمان بگۆڕێت و لە نێو زمانی ئاساییدا هاوچەشـنی و جیـاوازیی دەربخـات. ئـەفلاتوون لای وابـوو ئـەوەی گـۆزە دروسـت ئـەکات لاسـایی کەرەویە؛ لە بەر ئەوەی بە پێ موسولی گـۆزە شـتێ ئەخولـقێنێ، وە ئـەوەی نیگاری ئەم گۆزەیە ئەکێـشێ دوو جـار لاسـایی کەرەوەیـە؛ جـارێ لاسـایی ئایدیای گۆزە و جارێکیتر لاسـایی کەسـی گـۆزە ساز ئەکاتـەوە. مـەنتیقی تەنشتێتی مەنتیقی مشەخۆرییە لە زمان و هونەرەکانیتر؛ بەڵام پێشتر وتمان ئەدەب لە بەر ئەوەی ئافراوەییێکی زمانییە ناتوانـێ بـە تـەواوەتی خـۆی لـەم مەنتیقە دەرباز بکات. بۆیە ناکرێ دەقێکی وەک ئەمەی بەختیار عـەلی بـەوە تاوانبار بکەین کە بۆ لە مەنتیقی تەنشتێتی کەڵکی وەرگرتووە لە ڕستەبەندی دەقێکی دوور و درێژدا؛ بە تایبەت لە وڵاتێکدا کە مەنتیقی شـێرکۆ بێکەسـی سەر تاپای ئەدەب و بە تایبەت شیعری گەناندووە ؛بەڵام ناکرێ چاوپۆشی لەو ڕاستیەش بکەین کە زیاتر لـە سـەدا نـەوەدی دەقەکـەی بـەختیار تەنانـەت خەون، فانتازیا و وتـو وێژەکانیش بـە پـێ ئـەم مەنتیقـە داڕێـژراوە؛ لەگـەڵ ئەوەی ئەم بەشانەی زمـان (خـەون، فانتازیـا، وتوویـژ و دەروونبێـژی) بـە تەواوەتی ڕەهـان لـە دەسـەڵاتی تەنـشتێتی «ئـەو وایـدەگووت و مـن وەک یەکێک خەوم لێبخات هەستمدە کرد لە شوێنێکدام پڕە لە کاتژمێری گـەورە گـەرە، زەوییـەک هـەزارە کـاتژمێری گـەورەی تێدایـە، کـاتژمێر لـە سـەر بورجەکان، لە سەر ترۆپکەکان، لە سەر دیـواری شـەقامەکان، لـە نـاو قـەدی درەختەکان، لە ناو سنگی باڵندەکان، لە ناو غونچەکان و ژێر ئاوی کانیاوەکان و ژێر کاشییە شوشەییەکاندا. کاتژمێری شکاو، کـاتژمێر کـە هـیچ سـاتێک و هیچ ڕۆژێک و هیچ سەردەمێک نیشاننادەنەوە. من سەیری ئـەو کاتژمێرانـەم دەکرد و دەمزانی ئەوان هیمایەکم سەبارەت بە مـردنی کـات دەدەنـێ. مـن

PDF4Kurd



دەمگوت بڕۆ سامیری بابلی بڕۆ. دەکەوتینە ناو باغێکی ناکۆتـای پرتەقاڵـەوە، دەکەوتینە زەوییەکەوە، لەگەڵماندا پرتەقاڵ خلدەبوونـەوە، ئـەو پرتەقاڵانـەی دەبوون بە زارێکی کراوە بۆ هاوار و بە نیگایەکی کراوە بۆ فرمێسک، ڕامانـدە کرد و پرتەقاڵەکان لەگەڵماندا خلدەبوونـەوە، سـەری مرۆڤـەکان لەگەڵـماندا خلدەبوونەوە ل٥٠٢-٥٠١). ئەو دێڕانەی سـەرەوە مەسـەلەن شـێوەخەون و فانتازیان. هەمووتان بە وە بیرهێناوەی خەونەکانیشتان نەبێ کە جۆرێکـە لـە خەیاڵ، بە بێ نووقاندنی چاویشتان تێ ئەگەن ئەساسی پێوەندی لە خەیاڵـدا خوازەیە و ئەساسی خوازە لە سەر هاوچەشنیـیـە نـەک تەنـشتێتی و ئەوسـا ئەتوانن لەسەر ئەم فانتازیایـە پاسـتۆڕێزانەی نووسـەر وکەسـێتیـیـەکان کـە زۆردەسکرد و بە پێ مەنتیقی تەنشتێتی سەعات ئەیداتە دەست بورج و بورج ئەیباتە سەر ترۆپک و ترۆپک ئەیداتە دەسـت شـەقام و شـەقام ئەیخاتـە نـاو قەدی درەخت و لەوێوە بۆ ناو سنگی باڵـندە و... لـە هـەموو ئـەو دێـڕە بـێ ئەژمارانەی نووسەر وەک فانتازیا هێناویەتی یەک دێڕیش لـە سـەر ئەساسـی مەنتیقی فانتازیا کە مەنتیقی خوازەیە ئیش ناکات. فرۆید لـە دوایـین بەشـی کتێبە بە ناو بانگەکەی خۆیدا (خەو پەژرێن) باسی لێکچوونی شیعر و خـەون ئەکات و لەوێدا تیشک ئەخاتە سەر ئەو واقیعـەی شـیعر و خـەون و خـەیاڵ، زەیـن بـە ئاراسـتەی نەسـتدا ئەبـەن؛ مـەنتیقی ئـەم نەسـتەش جـۆرێ لـە جۆرەکانی لێکچوونە. لە خەیاڵدا لەوانەیە زناگی (مار) قەتار، باوک، کێر، کەر، مەنارە، مەرگ و هتدمان بیر بخاتەوە؛ لەبەر ئەوەی خەیاڵیش وەکوو خەون و شیعر جۆرێکە لە بێئاگا بوون؛ بۆیە لادانە لە مەنتیقی ئاسـایی زمـان کـە بـە زۆری هەڵقولاوی ساتەکانی هۆشـیارییە. هـەروەها فرویـد وتـەنی خـەون و خەیاڵ و شیعر لە بەر ئەوەی بە ڕەهەندی بژاری نەستدا تێپەر ئەبن شـتەکان پچڕ پچڕ ئەکەنەوە؛ بۆیـە لـە خـەون و خـەیاڵ و دەقـی هونەریـدا مـەنتیقی تەنـشتێتی ئەپچـڕی. بـڕوانن بـۆ شـێوە زمـانییێکی وەکـوو مـشتومـڕ

PDF4Kurd


(Discussion) کە دەرەنجامی سەدا سەدی دژوازییە؛ کەچی لێرەشا دیسانەوە هەمان مەنتیقی تەنشتێتی پەیڕەو ئەکرێ «بە زەردەخەنەیێکی شەڕانییەوە گووتی هیچ شتێک پێچەوانەی مەرگ نییە، هیچ شتێک. من بە هێمنییەکی زۆرەوە، بە سەبری پیاوێکەوە بیەوێت وڵامێکی ڕاستەقینەی دەستبکەوێت گووتم: بەڵام مردن تەنیا ئەوە نییە زەوی جێبهێڵیت، مردن تەنیا ماڵاوای نییە لەم جیهانە بە مانا مادییەکەی، وانییە؟

گووتی هەموو مرۆڤێک تابلۆیەکی ناتەواوە، هەموو ژیانێک تابلۆیەکی ناتەواوە و بە ناتەواویش دەمێنێتەوە...ل٣٦٨» لەم دێڕانەی هێنامان کامە دژوازی لە ڕستەکاندا ئەبینرێ. پێوەندی ئەم ڕستانە تەنیا بە دوو پات بوونەوەی وشەی مەرگ (مەنتیقی تەنشتێتی) دروست ئەبێ. دووهەم جیاوازی ئەدەب و دیکەی هونەرەکان لە ڕووی ڕستەبەندیدا لە بارستایی پێوەندی کردن دایە. ئەدەب بێجگە لە خەساری پێوەند بوون بە لاوازییەکانی زمان (ڕوایەت و مەنتیقی تەنیشتێتی) هەڵگری لاوازیێکی‌تریشە کە تاک کەتەن بوون یان بەرتەسک بوونی بارستایی هەستکردنە. لە کاتی خوێندنەوەی ئەدەبدا ئێمە بە ناچار تەنیا ئەو بەشانەی شیعر یان چیرۆک یان شانۆنامەیێک هەست ئەکەین وا خەریکی خوێندنیەتین و لە جاری یەکەما ناتوانین هیچ جووڵەیێک بە تایبەت بەرەو بەر بکەین و تەنیا پێوەندی بە ڕووبەری ئەو وشە و دێڕانەوە ئەکەین وا چاومان بە سەریدا ئەڕوات؛ کەچی هونەرەکانی‌تر بە دوورن لەم لاوازییە. لە هونەرێکی وەکوو مۆسیقادا بە هارمۆنیا ئەکرێ تەنراوێکی تاک دەنگ بکرێتە هاودەنگ وفرەدەنگ یان بە ڕەنگاندن و خستنە تەنشت یەکی مێلۆدییەکان هاوکات چەندین مێلۆدی تێکەڵ بکەین و خوێنەریش ببیستێ. گوێیێکی ڕاهاتوو بە مۆسیقا ئەتوانێ هاوکات دەنگی دەیان ساز ببیستێت و بیانناسێتەوە. ئەم تایبەتمەندیە لە لاییێکەوە ئەگەڕێتەوە بۆ توانامەندی گوێ لە سەر فرەبیستی و لە لاییێکی

PDF4Kurd



تریشەوە ئەگەڕێتەوە بۆ کەرەسەی پێوەندی کە دەنگە؛ کەچی لە ئەدەبدا لە بەر ئەوەی پێوەندی لە ڕێگای چاوەوە ساز ئەدرێت، خوێنەر تەنیا ئەو ڕووبەرەی لە بەر دەستدایە وا چاو خەریکی دیتنیەتی. لە نیگاردا چاو هاوکات و ئازادانە ئەتوانێ بە سەر تابلۆییێکدا بگەڕێت و بە هەر ئاراستەییێکدا پێ خۆشە بیگێڕێت؛ لە سینەما و شانۆش‌دا دیسان ئەکرێ لە نێوان توخمە جیاوازەکاندا هارمۆنیا ساز بدرێت و خوێنەر هاوکات ئەتوانێ پێوەندی بە ڕووبەر و دواڕووبەری دیمەنەکان، دەنگی کەسێتی‌یەکان و دەنگی مۆسیقاییێکی فرەدەنگیشەوە بکات. واتە سینەما هەڵگری بەرینترین بارستایی هەستاژینییە و هاوکات ئەتوانێ گوێ و چاومان بورووژێنێ. بێ شک لە داهاتوودا بە هاتنە ئارای ئەو سینەمایانەی بۆنیش بڵاو ئەکەنەوە، یان لە داهاتوویێکی دوورتردا بە دروست بوونی سینەماییێک کە بکرێ شتەکان بلەمسێنێ یان تامی شتەکانیش بڵاو بکاتەوە، سێ هەستەکەی تری وەرگریش ئەکەوێتە ئیش. وا ئەنوێنێ مانای ئەم قسانە ئەوە بێت لە سەردەمی سینەمادا و بە تایبەت ئەو سینەمایانەی پێش‌بینی ئەکرێن، هیچ شوێنێ بۆ ژانرێکی وەکوو ڕۆمان نەمێنێتەوە. نووسەر ئەبێ چەند خۆی ماندوو بکات هەتا وەسفی تابلۆییێکمان بۆ بکات و پیشان بدات کچێ لە ناو باخێکدا دانیشتووە و خواردنێکی خۆش ئەخوا. وەسفی کچ، وەسفی وردبینانەی باخ، وەسفی دەنگی ڕووبار و بۆنی گوڵ و تامی ئەو شتەی ئەیخوات، بۆ کارامەترین نووسەرانیش کارێکی ئەستەمە؛ کەچی ئەو سینەمایەی باسمان کرد، لە ئان و ساتێکدا ئەو تابلۆیەمان بۆ ئەهەستێنێ. ئایا سینەمایەکی وەها ئەتوانێ کۆتایی و مەرگی ڕۆمانی بە دواوە بێت؟ بێ‌شک بەشێکی زۆر لەو ڕۆمانانەی لە سەر وەسف کاریان کردووە لە ئاوەها قۆناغێکدا تووڕ ئەدرێن. کە سینەما بە پلانێکی چەن چرکەیی بتوانێ خوێندنەوەی دەیان لاپەڕە لە کۆڵ بکاتەوە و بە زیندوویی پیشانی بدات، خوێنەر بۆ ئەبێ

PDF4Kurd



خۆی بە خوێندنەوەی ڕۆمانەوە ماندوو بکات؟ ئەگەر وەسف یان بەگشتی نواندن کۆڵەکەیێکی ڕۆمان بێت، بە بای پلانێکی سینەما ئەڕووخێت و لە ڕاستیشدا وایە؛ بەڵام ئەی بۆ هێشتاکە خەڵک ڕۆمانە دوور و درێژەکان ئەخوێننەوە و خۆیان ئەدەن لە قەرەی ڕۆمانێکی دوور و درێژی وەک شەڕ و ئاشتی تولستۆی لەگەڵ ئەوەی دەرهێنەرێکی بەناوبانگی وەک سێرگەیی باندارچۆک فیلمێکی ١٢ ساعەتەی لێ دروست کردووە؟ وڵام لە خاڵی جیاوازی ئەدەبدایە لەگەڵ دیکەی ژانرە هونەرییەکان... ئەدەب ڕاستەوخۆ دەربڕی زمانە بە هەموو قووڵاییە زەینییەکانیەوە. ئێمە کە وێنەیێک دەبینین تەنیا لەو ڕووکەشەی لە ڕێگای چاوەوە ئەبینین تێ ئەگەین؛ مەسەلەن ئەبینین کچێ پێئەکەنێ، بەڵام ئایا لە ڕاستیدا ئەو کچە پێئەکەنێ؟ لەوانەیە ئەو کچە دڵی گیرابێت و کەنینەکەی ڕووکەشی بێت، هەر ئەم کچە لە فیلمێکدا ببیننەوە، لەوێشدا دیسانەوە ئەوەی ئەیبینین تەنیا ڕووکەشێ گوزارشت ئەکات. لەوانەیە ئەم کچە قینی لە بەرامبەرەکەی بێت. ئەمە کەتەنێکیتره کە ڕۆمان ئەتوانێ لە ڕێگای دێڕەکانیەوە بۆمانی هەڵبداتەوە. ڕۆمان دیسانەوە لەمەش زیاتر ئەتوانێ قووڵ ببێتەوە. لەوانەیە ئەم کچەی وا بە دەم بەرامبەرەکەیەوە پێئەکەنێت و پێ وایە قینی لێیە لە قووڵایی دەروونییەوە حەزی لە بەرامبەرەکەی بێت و... کە وابوو ئەدەب بە مکانیزمێ ئیش ئەکات کە بازدانە بە سەر نواندنی ڕووکەشدا؛ تایبەتمەندییێک کە سینەما لە هیچ کاتێکدا تەنانەت لەو دۆخە گریمانەییەش وا گریمانەمان کرد پێ ناگات. ئەو ژن و پیاوەی لە سێکانسێکدا باوەشیان بە یەکترا کردووە، لەوانەیە هەرکامەیان بیریان لە شوێنێکیتر بێت. دیارە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە ئەم ژن و پیاوە یاریوانن و لە جێگای کەسێکی ڕاستەقینە دانراون. ئێوە وا هەست بکەن لە کونی دەرگاییێکەوە سەیری خەڵوەتی ژن و پیاوێ ئەکەن و کردەوەی سێکسیان ئەبینن و گوێتان لە کەف و کوڵیانە؛ ئایا ئەو شتەی

PDF4Kurd



ئەیبینن و ئەیبیستن و بۆنی ئەکەن، دەلالەتـە لـە خۆشەویـستی ئـەم ژنـە و پیاوە بۆ یەکتر؟ بێ شک وا نییە. لەوانەیە هەر کامەیان بیریان لە شوێنیکی‌تر بێت، نەک ئێمەیێک کە لە کونە دەرگاییێکـەوە سـەیریان ئەکـەین، تەنانـەت خۆشیان ئاگاداری دەروونی یـەکتر نـین؛ کـەچی لـە ڕۆمانـدا و لـە ڕێگـەی دێڕەکانەوە دەروونی ئەم ژن و پیاوە ئەبینین و لە ڕێگەی دەیـان میکـانیزمی زمانییەوە بـە تایبـەت دەروون بێـژی (Soliloguy)ەوە ئاگـاداری دەروونی کەسەکان ئەبین. لەو فیلمەی شەڕ و ئاشتیدا کە شەش ساڵ ئیشی لـە سـەر کراو بەس شەسەد هەزار سەربازی سۆپای سۆڤـییەت دەوریـان تیـا گێـڕاوە، دەیان شوێنی وای تیایە لە ڕێگەی کامێراوە نایێتە نواندن. لـەو دیمەنەیـدا وا ئاندرێ قارەمانانە شەڕ ئەکات، ئێمە بەس ئەمە ئەبینین؛ کەچی لە ڕۆمانەکەدا ئاگاداری زەینی ئاندرەین و شەپۆلی بیری ئەبینین چلـۆن لـە نێـوان خـەمی مەرگی ژنەکەیدا و خۆشەویستی ناتاشا و خەیاڵی ساتەوەختی بەختەوەرانە و پڕ شانازیی دیتنەوەی دوبارەی تزار و هەروەها ترس لە سەرشۆڕی دیـسانەوە دیل بوون و دیتنەوەی ناپێلئون و هتد شەپۆل ئەدات؛ سینەما قـەت ناتوانـێ ئەم شەپۆلی مێشکانە پیشان بدات، تەنانەت ئەگەر ئەم سێکانـسە بـە دەیـان سێکانس‌دا بەش بکات و لە هەرکامەیدا بەشـێ لـە زەیـنی قارەمـان پیـشان بدات؛ لە بەر ئەوەی ئەم کارە جگە لەوەی یـەکانگیری فـیلم تووشـی گرفـت ئەکات، ئەو سێکانسەی ئەیخوڵقێنێ دیسانەوە هەر دیمەنی پەتییە و ماناکانی ناوەوەی دیار نین. کە وابوو ڕازی مانەوەی ڕۆمـان لـەو کەتەنانـەی مێـشکی کەسـێتی‌یەکاندایـە وا هەڵـی‌ئەداتـەوە؛ لـە قـووڵبوونـەوە لـە واقیعـی ئـەو ڕووداوانەدایە بە هیچ وەسفێ نانوێندرێت. وەک پێشتر لـە باسـی فەزاسـازیدا وتم ئەم ڕۆمانەی بەختیار عەلی ڕۆمانێکی وەسفییە و زیاترین هەوڵـی خـۆی تەرخانی نواندن کردووە و تەنانـەت لـە شـوێنە زەیـنی‌یەکانیـشدا دیـسانەوە خەریکی وەسف کردنە. بـۆ وێنـە سـەیری لاپـەڕەی ٢٨١ هـەتا ٢٨٣ بکـەن،

PDF4Kurd



لەوێدا نووسەر باسی دەروونی جەلادەت ئەکات لە یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی جینسی خۆیدا «کچێکی منداڵکاری سپیکەلە کە لە تەمەنی خۆیدا دەبوو، دستی دەگرت و بە هێمنی لێوی لە لێوی نزیک دەکردەوە ماچیکات، جەلادەت وەک بترسێت، نیگای‌دەکرد و لێیدەپرسی، تۆ کێیت؟ کچەکە وڵامینەدەدایەوە، دەستی دەگرت و بە ناو تەمی ئێوارەدا دەیبرد، حەوشەکە بە جۆرێکی سەیر درێژ دەبووەوە، بە جۆرێکی نائاسایی، جەلادەت ماوەیەکی درێژ لەگەڵ ئەو کچە منداڵکارە ڕووتەدا بە ناو تەمدا دەڕۆی، نەیدەزانی هەر لەو ماڵەیە یا خودنا، لە ناکاو هەستی بە باڵی مراوییەکان دەکرد لە هەوادا. وەک ئەوەی بەناو تەمی دەریاچەیەکدا بڕۆن، بە سەر بەحرێکدا بڕۆن کە دەڕژێتە نادیارەوە، دوای ئەو کیژە دەکەوت کە بەردەوام بە زەردەخەنەیەکی سیحراوی و پاکەوە تەماشای دەکرد، دەموچاوێکی خڕ و منداڵانەی هەبوو، جووتێک چاوی بادەمی کە پڕ بوو لە موژدەی بەهەشت. تا دەهات پتر بە ناو بێدەنگیدا شۆڕدەبوونەوە، وەک ئەوەبوو لە حەوشێکی تەماوییەوە بچنە ناو حەوشێکی تەماوی‌تر، وەک ئەوەبوو گوێی لە دەنگی فوارەیەکی سیحری بێت، وەک ئەوەی...).

سێهەم: پلان‌بەندی

بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم کەرەسەی پێوەندییە میسال هێنانەوە لە سینەما باشترین سوود ئەبەخشێ. بچووکترین پاژی فیلمێکی سینەمایی فرێمە. هەر سانیەیێک لە فیلمێکی سینەمایی پێک دێت لە ٢٤ فرێم. لە ماوەی کورت خایەنی یەک چرکەدا مەنتیقی پێوەندی بە ناچار تەنشتێتی‌یە (مەگەر ئەوەی دەرهێنەر مەبەستێکی دیاریکراوی هەبێت، وەکوو ئەوەی بۆ هەراڵەی ئابووری یەک یان چەن فرێم لەم بیست و چوار فرێمە بە وێنەی ئەو شتەی هەراڵەی بۆ ئەکات پڕکاتەوە)؛ مەسەلەن کاتێ کەسێتی لە چرکەیێکدا سەری بائەدا، کامێرا بیست و چوار یان بیست وپێنج وێنەی لێ

PDF4Kurd



ئەگریَ (بەپیَ ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوەی تەلەفیزیۆنی بێت یان سینەمایی) کـە پێک هاتووە لە بیست وچوار یان بیست وپێـنج دیمـەنی تەنـشت یـەکتر بـە ئاراستەی سووڕانی ڕوومەتدا. دیارە کامێرا پـاش گـرتنی ئـەم ژمـارە وێنەیـە ڕاناوەستێت و درێژە بە گرتنی وێنەکان ئەدات. مەسەلەن سەد سانیە لە سەر یەک کامێراکەی ناوەستێنیَ. لەم ماوەیەدا ٢٤٠٠ وێنە ئـەگرێت و بزاوتێکـی سروشتی ئەنوێنیَ. هەتا ئەو کاتەی کامێرا ناوەستێت، پێوەندی بە پیَ هەمان مەنتیقی تەنشتێتی‌یە. ئەو بەشە لەو سەد سـانیەیەی لـە چێـنین (مونتـاژ)دا ئەمێنێتـەوە پلانـیَ دروسـت ئـەکات، یـەعنی پـلان ئـەو ماوەیەیـە بـە بـیَ کەرت(کات) فرێمە بەردەوامەکان ئەبینین یان بە واتـایێکی‌تـر لـە سـینەمادا پلان ئەو ماوەیەیە ئەکەوێتـە نێـوان دوو کەرتـەوە و بۆیـە بـە ناچـار بـە پـیَ مەنتیقی تەنشتێتی ئیش ئەکات. کامێرا بـەردەوام ئـیش ئـەکات و وێنـە لـە شتەکانی تەنشت یەکتر ئەگرێت و بە هیچ تەکنیکێکی سـینەماییش نـاکریَ مەنتیقی تەنشتێتی لە پلاندا تێک بـدرێت. هـەر ئەوەنـدەی یەکـەم کـەرت ڕوویدا و لەگەڵ تەواو بوونی پلانـدا، ئـەم مەنتیقـە ئەپچـڕی؛ بـەڵام کۆتـایی نایێت. ئەگەر پلانی دواتر کە ئەلکێتە ئەم پلانـەوە پێوەنـدی لەگـەڵ پـلانی پێشوودا بە پیَ هاوسێتی بێت، دیسانەوە مەنتیقی تەنشتێتی پەیڕەو ئەکرێت. یەعنی بە گۆڕینی پلان، سێکانس نەگۆڕدرێت، یان بگۆڕدرێت، بەڵام پێکـەوە لکانی پلانی دواتر بە پیَ مەنتیقی تەنشتێتی بێـت؛ مەسـەلەن ئەگـەر پلانـیَ قەدپاڵیَ پیشان بدات و پلانی دواتـر یاڵـێک و پـلانی پـاش ئـەوە لووتکـەی شاخیَ بنوێنیَ (نەگۆڕینی سێکانس)، یان پلانـیَ جەنگەڵـێکی سـەوز پیـشان بدات و پلانی دواتر گەڵاڕێزان و پاش ئەوە دابـارینی بـەفر ببیـنین (گـۆڕینی سێکانس، بەڵام درێژەی هەمان مەنتیق). زۆرترین ئاسـتی کەڵـک وەرگـرتن لەم مەنتیقە تەکنیکی پلان سێکانسە. لەم تەکنیکەدا کامێرا بە بـیَ وەسـتان ئیش ئەکات هەتا فیلمەکە تەواو ئەبێت و نە پلان ئەگۆڕدرێت و نە سـێکانس.

PDF4Kurd



دروست کردنی فیلمی هونەری بەم مەنتیقە شتێکی نەگونجاوە؛ مەگەر لە فیلمی کورتدا؛ لە بەر ئەوەی کامێرا لێرەدا ڕێک لە جێگای چاو دائەنرێت و دەقاودەق واقیعێکی دەسکرد یان ژیانی دووپات ئەکاتەوە و بۆیە زۆر خێرا بینەر بێزار ئەکات. دەرهێنەر کە فیلمەکەی کەرت کرد و پلانێکی دروست کرد ناچارە بە یەک لە سێ مەنتیقی تەنشتێتی، هاوچەشنی و دژوازانە پێکەوەی بدوورێنێتەوە. ئاشکرایە دەرهێنەرێکی شارەزا تا ئەو شوێنەی بۆی ئەکرێ خۆی لە مەنتیقی تەنشتێتی کە لە ڕاستیدا لاسایی کردنەوەی واقیعی ژیانە ئەپارێزێت و لە بری ئەوە لە دوو مەنتیقەکەی‌تر کە دەربڕی هەست و نەستی خۆیە کەڵک وەر ئەگرێ. بە پێ مەنتیقی هاوچەشنی بەستنەوەی پلان بە پلانی دواتر، بە پێی یەکێ لە جۆرەکانی لێکچوونە (بارستایی، ڕەنگ، دەنگ، واتا، هەست ئاژینی و...) بۆ وێنە لە کانییێکەوە بلکێتە دەریاییێکەوە، یان چاوێ بلکێتە دەریاییێکەوە، ترپەی پێی کچێ لە کاتی خەت بازیدا بلکێتە سمکۆڵانی ڕەوە ئەسپێکەوە، یان لافاوێ بدرێتە پاڵ پیاوێکی شەڕانخۆ و... فیلمی کراش نموونەیێکی زۆر باشە لە پەیڕەو کردنی مەنتیقی هاوچەشنی. لەم فیلمەیەدا پاش هەرکەرتێ فیلم لە بارودۆخ یان کەسێکی هاوچەشنەوە کە ئەویش کێشەی ڕەگەزپەرەستی هەیە دەست پێ ئەکاتەوە. کەڵک وەرگرتن لە مەنتیقی دژوازانە بەو مانایایەیە پێوەندی شت وکەسەکان بە پێ دژایەتی نێوانیان بێت و بەم پێیە پلانەکان پێکەوە بدروون. بۆ وێنە لە کەندنی ئارامی گێلاسێکەوە بۆ گرمە و هۆڕی مەیدانی شەڕ. لە ڕووت بوونەوەی کچێکەوە بەرەوتۆف وکڕیوە و بۆران، یان وەک سێکانسی (پلیکانی ئودیسا) لە «پاپۆڕە شەڕی پوتنکینگ» یەکسەر مەنتیقی دیالکتیکی بەکار بهێنرێت و پاش بە کار هێنانی هەر پاژێ دژەکەشی پیشان بدرێت. زۆربەی دەرهێنەرەکان بەر لە دێکوپاژی دەقە سینەماییەکەیان ئەم مەنتیقی پێوەندییانە ڕچاو ئەکەن و لە کاتی دێکوپاژی دەقدا گرنگی ئەخەنە سەر

PDF4Kurd


چۆنیەتی بزاوتی کامێرا و چنینی قاپ و دیار کردنی هێڵی گریمانەیی(imagainary line) و هتد. لە سینەمادا هەتا ڕەوتی دارشتن بەرەو لاسایی کردنەوەی ژیان و ڕیالییەت بڕوات، مەنتیقی تەنشتێتی زاڵتر ئەبێت و بە پێچەوانەوە هەتا بەرەو زەینی بوونیش ببێتەوە مەنتیقی دەق لە هاوچەشنییەوە بەرەو خوازەیی بوون یان لە کاریگەریەتی‌یەوە بەرەو پێوەندی دژوازانە و دیالکتیکی ئەبێتەوە. دیارە ئەمە مانای ئەوە نادات فیلمی ڕیال ناچارە لە پەیڕەو کردنی ئەم مەنتیقە. فیلمنامەنووس و دەرهێنەر ئەتوانن لە هەمان ڕەوتی هێڵداری زەمەنی ئاساییدا بە گۆڕاندنی شوێنەکان مەنتیقی تەنشتێتی بگۆڕن بۆ دوو مەنتیقەکەی‌تر. لە ڕۆمانیشدا ڕێک هەمان سیستەمی پلان چنین و سکانس بەندی بوونی هەیە. هەتا ئەو کاتەی گێڕەوەر خەریکە بە پێ مەنتیقی تەنشتێتی شتەکان ئەگێڕێتەوە، لە ناو پلانێکدایە و گۆڕانی مەودا و ئاراستەش نابنە هۆی گۆڕانی پلان. لەگەڵ یەکەم پچڕانی مەنتیقی تەنشتێتی پلانی داستانی ئەگۆڕدرێت و بەستێن بۆ گۆڕانی سێکانس، بەرجەوەن و شێوە دەنگ خۆش ئەبێ. لە گێڕانەوەدا وەکوو سینەما گێڕانەوەی پلان سێکانس یان پلان ڕۆمان وەک گریمانە مومکینە؛ بەڵام گریمانەی شتی وا هاوکات گریمانەی ئەوپەڕی دوورکەوتنەوەیە لە نووسینی هونەری بە مانا سوسوورویاکوبسێنی‌یەکەی. بۆیە ڕۆماننووسەکان تەنانەت لە سەردەمی بەرهەمە هێڵدار و ڕیاڵەکانیشدا هەوڵیان داوە لەگەڵ ئەوەی زەمەن بە یەک ئاراستەدا ئەڕوات، شوێن و کەس و شتەکان بە پێ دوو مەنتیقەکەی‌تر دارێژن و خۆیان لە ڕاپۆرت‌نووسی و لاسایی‌کردنەوەی ژیان دوور خەنەوە. ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی دیسانەوە نموونەیێکی زۆر باشە. لەم ڕۆمانەدا لەگەڵ ئەوەی زەمەن بە ئاراستەی ئاسایی و تاک ڕەهەندی خۆیدا ئەڕوات، کەچی شوێن و شوێنکات بە دەیان ئاراستەی جۆراوجۆردا ئەڕۆن. جارێ لە ناو ئاهەنگێکی بورژوایانەی شاری مسکۆدایە و تاوێکی‌تر لە

PDF4Kurd

بەرەکانی شــەڕدا؛ لــەوێوە ئەگەڕێتــەوە بــۆ نــاو خەڵــۆەتە تاکەکەسـییەکان و دیسانەوە بەرەو ئاژاوەی شەڕ. زۆربەی ئەمانەش لە ڕێگای کەسێتی و بــە دوو مەنتیقی هاوچەشنی و دژوازانە دێتە ئەنجام. لەو ڕۆمانەدا لە بەر فرەڕەنگی و فرەکەسێتی بوون، نووسەر هەڵی ئەوەی بۆ ڕەخساوە لە کەسێتییێکــەوە بــۆ کەسێتییێکیتر بڕوات و لە دیمەنێکەوە باز بدات بۆ دیمەنێکیتــر و هاوکــات لەگەڵ گۆڕینی ئاراستە، مەودا و بەرجەوەن و شوێن بکاتە کەرەسەی گۆڕینی کەسێتی و کەسێتی بکاتە سەبەبی گۆڕینی شــوێن. لــە دەرەنجــامی تیــشک خستنە سەر مەنتیقی هاوچەشنی و دژوازانــە ســەدان پــلان و سکانــسی تیــا ئەگۆڕدرێت و لە ئەنجامدا ئەبێتە نموونەی ڕۆمانێکی فرەڕەنگ.

مەنتیقی پلان بەندی لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا

ئەم کتێبــە لــە ڕووی پــلان بەندییــەوە بــە زۆری مــەنتیقی تەنــشتێتی پەیڕەوئــەکات. نــەک هــەر لــە نــاو سێکانــسەکاندا ئــەم مەنتیقــە، مــەنتیقی باڵادەستە، بەڵکوو لە زۆربەی شــوێنەکاندا مــوتربــە بــوونی سێکانــسەکان بــە یەکترەوە بە پێ هەمان مەنتیق ئەنجام ئەدرێت. لە کۆی شەست و نۆ کــەرت (بەش)ی ئاشکرای ئەم دەقە، شەست و یەک کەرت بەم مەنتیقە دووراوەتەوە کە بریتین لە لاپەڕەکانی

١٠-١٢-٢١-٣٤-٤١-٤٩-٥٣-٧١-٩٢-١٠٣-١٢١-١٢٦-١٤٧-١٥٢-
١٦١-١٦٨-١٧٧-١٩٠-١٩٣-٢٠١-٢٠٦-٢٥٥-٢٦٠-٢٦٦-٢٧١-٢٨٣-
٢٩٣-٢٩٧-٣١٥-٣١٩-٣٤٢-٣٥٠-٣٥٨-٣٧٢-٣٧٦-٣٧٨-٣٨٦-٤٠٣-
٤٣٦-٤٤٣-٤٥٠-٤٦٢-٤٨٤-٤٩٣-٥٠١-٥٠٤-٥٣١-٥٤٧-٥٥٩-٥٦٨-
٥٨٠-٥٩٨-٦٠٢-٦١٢-٦٢٢- لەم شەست و یەک بەشە، دە بــەش ڕێــک لــە هەمان شوێنێ بڕانەوە دەست پێ ئەکاتەوە کە بــریتین لــە لاپــەڕەکانی ٢١-٣٤-٧١-١٠٣-١٢٦-١٦٨-٢٩٣-٣٥٨-٣٧٦-٦١٢ «ئـــــــەو وەک هـــــــەر حیکاتخوانێــک بیــەوێت گوێکرەکــانی شــێتبکات، هەمیــشە لــە شــوێنە پڕ

PDF4Kurd



مەترسییەکاندا دەوەستا، باوێشکی دەدا و دەیگـوت، جـەلادەتی کـۆتر، ئـەی هەرزەکاری بە نەزاکەت، ئیدی بخەوە سبەی شەو بۆت تەواو ئەکـەم (کـات) جەلادەتی کۆتر، ئەی منداڵی نەجیب، ئەی هەرزەکارێکی تازە کـە زۆر شـت لە دونیا نازانیت، کەمێک سەرسامی بەدبەختی خۆت و کەمێک لە خۆبـایی و غرووری گەنجێتی ل١٦٨» وەک ئەبینن لێرەدا ڕێک لەو شوێنەی چیرۆکەکە کەرت کراوە، دەست پێ ئەکاتەوە. ئەمە وەکوو ئەوە وایە لـە فیلمێکـدا کـات بدرێت و بە بێ ئەوەی هیچ شتێ بگۆڕدرێت، پلانی تازە ڕێک لە هـەمان دۆخ و شوێندا دەست پێ بکاتەوە. نووسەر لە چەن بەشدا تەنانەت دەرەوەی ئـەم مەنتیقەش نەهاتووە و هێڵی گریمانەیی شکاندووە «من هەر لە سەرەتاوە بـە موعجیزە دەگەڕامەوە بۆ سەر زەوی. ژیانم لە جۆلانییەکی بەردەوامدا بوو لـە نێوان مـردن و زینـدوو بوونـەوەدا. جۆلانێیەکـە دواتـر ئیقـاعێکی خێراتـر و سەیرتر وەردەگرێت، وەک ئەوەی یەکێک لە ناکاو گوژمێکی گـەورەی پێـوە نابێـت و دیلانێکردنەکـەی مـنی بـە جۆرێـک خێـرا کردبێـت، بـە کـەس نەگیرسێتەوە. (کات) ئەو بەیانییەی چووم بۆ لای مووسای بابەک لە مێژ بـوو نەمبینیبوو، هەستمدەکرد ئـەو تاکـە کەسـێکە دەتوانێـت یارمـەتیم بـدات. دەستمکردە ملی و گووتم: سەیرکە، دکتۆری خۆشەویستم چییان لێکردووم، سەیرکە، منیان کوشت؟ سەیرکە مۆسیقارەکەی ناویـان کوشـتم... ل ١٩٣» لەم شوێنەدا لە نێوان دوو سێکانسەکەدا هـیچ مـەنتیقێکی پێوەنـدی بـەدی ناکرێ؛ مژار، کەش‌وهەوا، ڕەزم، ڕاکورد، هارمۆنیا و هێلـی داسـتانی لـەم دوو فەزایەدا بە تەواوەتی جیاوازن. «لەو ساتەدا باڵـندە سـپییەکان بـە جـۆرێکی شێتانە بـە سـەر سـەرماندا دەفـڕین. وەک ئـەوەی دڵـنیا بـن ئیـدی مـن و مستەفای شەونم تا زیاد لە دوو ساڵی دیکە یەکتری نابینینەوە (کات). شـاناز سەلیم تەنیا خانمێک نەبوو کە کوشتەی خەوتن بوو لە ئامێزی مردندا، بەڵکو خانمێکیش بوو بۆنی مردنیشی دەکرد... ل ٤٩٧» لێرەشـا دیـسانەوە هێـڵی

PDF4Kurd



گریمانەیی شکاوە. لەم کتێبەدا گـۆڕینی هـیچ سێکانسێ بـە پـێ مـەنتیقی دژوازانە نییە و لەو هەشت بەشەی لە مەنتیقی هاوچەشنی کەڵک وەرگـیراوە بێجگـە لـە دوو کـەرتی لاپـەڕەکانی ٦٥و ٥٨٦ نـەبێ لـە دیکـەی شـەش بەشـەکەی‌تـردا ڕەوتی موتربـەکـردن بـە نـاڕێکی کـراوە. لـەم دوو بەشـەدا شەتەکدان بە باشی ئەنجام دراوە «دوو ئەسپی سپیم لـە تاریکیـدا دەبـینی، دوو ئەسپی سپی کە ڕۆژگارێکی‌تر، لە تەپوتۆزی جـەنگێکی دیکـەدا هاتنـەوە ڕێگام (کەرت) ئێستا دەبێت لە جێگایەکی‌تـرەوە دەسـت پێبکـەم. زۆر دوور لەو سـەرەتایی یەکـەمجار. دەبێـت لـە نـەقیب سـامیری بابلییـەوە دەسـت پێبکەم. ئەو پیاوەی چەند ساڵێک دواتر من بە دیلی بەرەو شـارەکەی خـۆم، شاری ئومێدە بەباچووەکان خستمە پێش خـۆم... ل٦٥» بـەڵام پـاش چـەن لاپەڕەوە گێڕانەوە ئەڕواتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی لە ڕابردوودا و دیـسانەوە بـە هەمان مەنتیقی تەنشتێتی و لە سەر هێڵی زەمەنمەنـد درێـژەی پـێ‌ئـەدرێ «من شەوێک لەوێ بە ئاگا هاتمـەوە، هێنـدەی هوشـیار بوومـەوە گـوێم لـە دەنگی گۆڕانی‌بێژێکی کچ بوو گۆرانییەکی لادێی عـەرەبی دەگـوت... ل٦٩» بۆ ئەوەی لە لاوازییەکانی پـلان‌بەنـدی ئـەم دەقـەی بـەختیار عـەلی باشـتر تێ‌بگەن لە نموونە ڕیال و زەمەنمەندەکاندا بەراوردی بکـەن بـە دوو ڕۆمـانی ژرمینالی ئیمیـل زولا و شـەڕ و ئاشـتی تولـستۆی و لـە بەرهەمـە تازەکانـدا بەراوردی بکەن بە بـڕوا حەقیقییـەکانی (ویرجینـاولف)، بنەماڵـەی جـوولای (نادین گوردیمێر) و قیزی (ژان پول سـارتر). لـەم نموونەیانـەدا هـەر چـەن زەمەن بە ئاراستەیێکی دیاریکراویـشدا ئـەڕوات؛ کـەچی نووسـەرەکانیان بـە کەڵک وەرگرتن لە مەنتیقی هاوچەشـنی و دژوازانـە پـلان بەنـدیێکی وایـان داڕشتووە خوێنـەر لـە ڕێگەیـەوە بـە نـاو فـەزاییێکی بـەرین و بـێ سـنووردا ئەگەڕێت؛ بە شێوەیێک کـە لـە ژیـانی ئاسـاییدا سـەفەری وا مـرۆڤ مەگـەر خەونی پێوە ببینێ.

PDF4Kurd


## کۆڵەکەی پێنجەم: ڕەزم (**Rhythme**)

لــەگرنگترین تایبەتمەندییــە هاوبەشــەکانی هونــەر ڕەزم یــان ڕیتمــە. سەبارەت بە ڕۆمان ئەکرێ بڵێین: (ڕۆمان ژیانێکی خاوەن ڕیتمە). هەوڵـدان بۆ نووسینی ڕۆمان بە جۆرێ هەڵاتنە لەو ژیانەی لە زۆر کاتدا ڕیتمی خـۆی ئەدۆڕێنێت. مرۆڤ لە زۆر کاتی ژیاندا ڕیتمی لێتێکئەچێت و تووشی مەنگی و ڕۆژدانەسەر ئەبێت؛ کەچی ڕۆمان بە تووڕدانە دەرەوەی ئاژاڵەکانی ژیان، بـە ڕەخساندنی بەردەوامی هەلی کاری درامایی، بە فەزاسـازی و بـە کردنـەوەی ئەو درگایانەی ڕێگای ئەزموونەکانمان لـێ دائەخـەن، بـە پچڕانـدنی کـۆت و زنجیرەکانی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان، بە پشت کردن لەو شتە بێ نرخانـەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەبێ ڕێزیان لێ بگیردرێت، هەلی تەجرەبەی جیاواز و دەرباز بوون لە تەنگەژەکانی ژیانی واقیعیمـان بـۆ ئەڕەخـسێنێت. لـە ژیـانی واقیعــدا زۆر جــار گــڵۆم دامــان ئــەگرێت و ناهومێــدی ئەمانتــەنێ. ژاکــان، بێقەراری، ناهومێدی، خەمۆکی، ڕۆژدانەسەر و دیکەی ئـەو ئازارانـەی مرۆڤـی ئەمڕۆ گیرۆدەیەتی هیچ نین مەگەر لە ڕیتم کەوتنی ژیان. هیچ کردەوەیێکی ئینسانی نییە ڕیتمی خۆی نەئافرێنێ؛ بۆیە لـە ڕۆمانیــشدا کـە ڕەنگدانـەوەی ژیانی مرۆڤە، ڕیتم دەوری سەرەکی ئەگێڕێت و بەرچاوترین کاریگەری ئـەبێ لە سەر خولقاندنی کەشوهــەوا. هــەر کامــە لــە ئێمــە ڕیتمــی ڕێگــەکـردن، ئاخاوتن، خواردن، خەوتن و تێکەڵاوی تایبەت بە خۆمان هەیە کـە دەلالەتـە بۆ جوانناسی و دۆخی جەستەیی و ڕۆحیمان و چی بتوانێ لـە سـەر ڕوانـینی جوانناسانە و سەلامەتیمان کاریگەر بێت، هاوکات لە سەر ڕیتمی ژیانیـشمان کاریگەر ئەبێت. بەم پێیە چـی بتوانـێ لـە سـەر کـەشوهـەوا و کەسـێتی و دیکەی پاژەکانی دەق کاریگەر بێت، هاوکات کار ئەکاتە سـەر ڕیتمـیش. لـە تــەعریفی جوانیــدا ئــەوترێ (جــوانی چۆنیــەتی‌یێکــە کــە بــە مــرۆڤ چێــژ

PDF4Kurd


ئەبەخشێ). بەم پێیە هونەر هەوڵدانە بۆ خولقاندنی جوانی؛ واتە هونەرمەند هەوڵ ئەدات لە ڕێگای ئافراندنەوە بە خۆی و وەرگری بەرهەمەکەی چێژ ببەخشێ و بیهێنێتە فڕ. وشەی (فڕ) لای من وشەیێکی زۆر کلیلییە و ئەکرێ لە باتی وشەی ڕیتم دابنرێت. زۆر جار لە زاری خۆمان و دیترانەوە ئەبیستین (گۆرانییێک هێنایەنیە فڕ) یان (هەڵپەڕکێکەی خەڵکەکەی هێنایە فڕ) هەر بەم پێیە خوێنەرێکی ڕۆمان ئەکرێ لەگەڵ دەقێکی پۆختەدا بێتە فڕ وسەمای پێوە بکات. ئایا سەما ئەوپەڕی ڕیتم بەخشین بە جەستە و ڕۆح نییە؟ ئەرەستوو لە بوتیقادا گرنگترین تایبەتمەندی جوانی لە تەناسوبدا ئەبینێتەوە. بە نەختێ وردبوونەوە لە دێڕەکانی ئەو کتێبە تێدەگەین ئەو تەناسوبەی ئەرەستوو باسی ئەکات لە مانای ئەمڕۆکەیی ڕیتم زۆر نزیکە. تەناسوب لە نیگارێکی جواندا ناکرێ بارسەنگی نێوان بەشە جۆراجۆرەکانی بێت، بە پێوانە فیزیکی یەکەی. بە پێچەوانەوە ئەو هەست بە بارسەنگ بوونەیە لە بینەردا ساز ئەبێ. بە ڕای من ئەگەر بڕیار بێت چی شتی جوانی دنیایە بە دەرکێشانی تاقە توخمێ دزێو بکرێت، ئەو توخمە ڕیتمە. ڕاستەوخۆترین هونەر واتە مۆسیقا بە بێ ڕیتم بوونی نییە. مۆسیقا لە بچکووترین یەکەی خۆیەوە واتە ڕستەی ناتەواو هەتا تەنراو و دروست بوونی مێلۆدی و تێکەڵ کردنی ئەم مێلۆدییانە و سازبوونی چەشنەکانی مۆسیقا لەگەڵ ڕیتمدا موتربەیە. ئەساسی هەموو بەشەکانی مۆسیقا تێکەڵ بوونی ڕیتمە لەگەڵ مەودای پەیژەکان. ڕێک ئەم شتە لە نیگار و دیکەی هونەرە وێناییەکانیشدا هەیە. تێکەڵ بوونی سێ توخمی سەرەکی نیگار (ڕەنگ، هێڵ، ڕووبەر) ڕەزمێکی سەرەتایی ساز ئەدات لە هەمان چەشنی ڕەزمی ئاسایی مۆسیقا. توخمە سەرەکییەکانی نیگار ئەکرێ بە دوو بەشی بزاف ئافرێن و ڕەزم ئافرێن دابەش بکەین. توخمێکی وەکوو هێڵ زیاتر بزاڤی لێ ئەکەوێتەوە و بە پێ ئەوەی هێڵ ڕاست بێت یان چەماوە بزاڤی جیاوازی ئەبێت. هێڵی ڕاست

PDF4Kurd



بزاڤی نیگار توند ئەکاتەوە و هێڵی چەماوە ئەبێتە هۆی هێور بوونەوەی بزاڤ. بە پێچەوانەی هێڵ، خاڵ ئافرێنەری ڕیتمە و دووپات بوونەوەی خاڵـەکان لـە تابلۆدا ڕیتم ساز ئەدات؛ هەروەها ئەکرێ لە تابلۆدا بە چەشـنێ خـاڵ بـە کـار بێــنین وەک هــێڵ دەرکــەوێت. لــە ئاوەهــا کاتێکــدا خــاڵ هاوکــات تایبەتمەندییەکانی خـاڵ و هێـڵیش ئـەنوێنێ. جگـە لەمـەش هێـڵەکان بـە تایبەت هێڵی چەماوە لە دووپات بوونەوەی خۆیاندا ئەتوانن ڕیتم سـازبـدەن؛ بە تایبەت ئەگەر ئەم هێڵانە ئەندازەیان جیاواز بێت. لە حاڵەتێکی وەهادا بـە هۆی چمایی چاو (Perspective)ەوە ئەو هێڵانەی گەورەترن، نزیکتر ئەنوێنن و ئەوانەی بچووکترن دوورتر دیار ئەبن و بۆیـە بـە سـازبوونی بارسـتایی، لـە قووڵاییدا ڕیتم دروست ئەبێ. کە وابوو لە نیگاردا کە وەک نـەگۆڕترین و بـێ بزاوتترین جۆری هونەرەکان چاو ئەکرێت لە دەرەنجامی تێکەڵ بوونی ڕەنگ و هێڵ و خاڵ و کەڵک وەرگرتن لە ڕووبەر و قووڵایی، ڕیتم دروست ئـەبێت و ئێمە ئەم ڕیتمە لـە قـەبارەی کونتراسـت و کومپوزیـسیوندا ئەبینینـەوە. لـە مۆسیقاشــدا بــە هــەمان شــێوە تێکــەڵ بــوون و دووبــارە بوونــەوەی پــاژە مۆسیقاییەکان ڕیتم ساز ئەدات. دوبارە بوونەوەی بگـۆڕ و تەنانـەت نـەگۆڕی مێلۆدی لە موهمانێکدا ڕیتمێ ساز ئەدات لە ڕووبەردا و کەڵک وەرگـرتن لـە ئاکورد، هارمۆنیا و پەرەپێدانی مێلۆدی لەگەڵ ئـەوەی تـەنراوی مۆسـیقا لـە تەک دەنگی‌یەوە بەرەو هـاودەنگی و فرەدەنگـی ئـەبات، هاوکـات بارسـتایی ئەبەخشێتە بەشەکان و لە قووڵاییدا ڕیتمێکی‌تر ساز ئەدات و گـوێگر ئـەتوانێ لەگەڵ ڕیتمی زەق و دیار، گوێ لە دیکەی ڕیتمەکانی‌تـریش بگرێـت. ڕیـتم جگـە لـەوەی بەرهـەمهاتووی پێوەنـدی نێـوان پاژەکـانی پێکهێنـەری هـەر پێکهاتەیێکـە، ڕاسـتەوخۆ پێوەسـتە بـە جوولـە و بزاوتیـشەوە. هـەر شـتێ بجووڵێتەوە ئەبێ بە هەڵگری جـۆرێ لـە ڕیـتم. لـە جیهانـدا هـیچ شـتێکی وەستاو بوونی نییە، بۆیە هەموو شتەکان جیهان ڕیتمـی تایبـەت بـە خۆیـان

PDF4Kurd



هەیە. کاتێ لە ناو شەمەندەفەرێکداین، ئەوانەی تەنشت خۆمان بێ بزاڤ و وەستا و ئەبینین؛ کەچی بە هەمان خێرایی شەمەندەفەر لە بزاوتن داین. لێرەدا ڕیتمی پێگەیی ئێمە لە بەرجەوەنی ناو و دەرەوەی شەمەندەفەردا جیاوازە. لە ناو شەمەندەفەردا یەکتر بێ جوولە ئەبینین؛ کەچی لە ناوسیستەمێکی بزاڤناسانە(kinematical)ی تردا لەگەڵ زەویندا ئەسوڕینەوە و بە خێراییێکی زۆر زۆرترەوە بە دەور هەتاودا ئەخولینەوە. کە وابوو دۆزینەوەی ڕیتمی هەر دیاردەیێکی دیاریکراو لە سیستەمێکی دیاریکراو و بە دەسنیشان کردنی جۆری بزاوت مەیسەر ئەبێ. هەرچەن هیچ کامە لە پارامێترەکانی بزاوت (خێرایی، لەز، مەودا و..) ڕاستەوخۆ لە سەر ڕیتم کاریگەر نین و بۆ وێنە لە بزاڤی خوار بۆ سەرەوە لە ڕێگای فورمولی $y = \frac{1}{2}gt^2 + V_{\circ}t$

Y= *بەرزایی*

V= *خێرایی*

T= زەمەن

G =لەزی ڕاکشانی زەوی

ئەکرێ لە هەر ساتەوەختێکدا خێرایی و شوێنی ئەو شتە دیاری بکەین و هەروەها کاتێ کە بۆ گەیشتنی شت بە شوێنی دیاریکراو پێویستە پێشبێنی بکەین و یان هەر لە دڵی ئەم فورموولە و بەتێکەڵکردنی لەگەڵ فورمولی کار، ڕادەی کاریش دیاری بکەین؛ بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە، ئەم فاکتەرانە ڕاستەوخۆ لە سەر ڕیتم کاریگەر نین؛ کەچی ڕیتم لە کرۆکی خۆیدا پەیوەستە بەم فاکتەرە فیزیکییانەوە. بۆ وێنە هەر چەن لە مۆسیقادا لە بەستێنێکی دیاریکراودا لەگەڵ خێرا کردنەوە و گۆڕینی دینامیسم، ڕیتم ناگۆڕدرێ، بەڵام ئەو تەناسوبەی ڕیتم ئەخولقێنێ جگە لە هاوئاهەنگ بوون

PDF4Kurd



لەگەڵ کێشێکی دیاریکراوا مەسەلەن(٧/٨)، کەوتنە پاڵ یەکی ئەو نۆتانەیە بە هۆی بزاڤێکی شەپۆلی و لە ڕێگای ئامێرێکی ورووژاوەوە خولقاوە و لە مەودایێکی دیاریکراو لە یەکتر دائەنرێن. هەرهەمووی پارامێترەکانی ئەم بزاوتە ڕیتمیکە ئەکرێ لە ڕێگای فورموڵی ($ay = \omega^2 A\sin(\omega t + Q)$) دیاری بکەین. مەبەست لێرەدا ئەوەیە بۆ ئەوەی ساکارترین ڕیتم دروست بکرێت، ئەبێت سەرەتا لە ئامێرێکدا بزاڤێکی شەپۆلی کەوێتە ڕێ و ئەم بزاوتە شەپۆلییە لە ڕووی خول و مەوداوە وەها بێت ئەو ڕیتمەمان بۆ ساز بدەن. لە هەموو هونەرەکانی تریشدا بزاوت ڕەچەڵەکی ئافراندنە. لەم ڕووەوە ئەکرێ هونەرەکان دابەش کەینە سەر دوو کەوت: یەکەم ئەو هونەرانەی لە خۆیاندا هیچ جووڵە و بزاوتێکیان نییە؛ وەک بینا سازی، پەیکەرەتاشی، نیگار و دەقی نووسراو. دووهەم: ئەو بەرهەمانەی لە خۆیاندا خاوەن جووڵە و بزاوتن؛ وەک سەما، فیلم، شانۆ و ئەو مۆسیقایەی لە ڕێگای ئامێرەکانەوە یان بە تومارکراوی ئەیبیستین. دەستەی یەکەم تەنیا ئەتوانن جووڵانەوە پیشان بدەن، بەڵام بۆخۆیان مەنگ و نەگۆڕن. بزاوت لە نیگاردا لەو کاتەوە دەست پێ ئەکات وا بینەرێ سەیری ئەکات. لەم کاتەوە ڕەنگ و هێڵ و پاژەکانی نیگار لە ڕێگای شەپۆلەکانی تیشکەوە ئەگەنە چاو و لە بزاوتێکی سیناپس و نورونیدا ئەگەنە مێشک و لەوێدا گۆڕانێ ساز ئەدەن و دەرەنجامی ئەم گۆڕانە وەک جووڵەی چاوی ئێمە بە سەر نیگاردا درێژەی ئەبێ. لەم ساتە بەولاوە وتووێژی نێوان بینەر و نیگار دەست پێ ئەکات و وەرگر بە چاوگێڕاندن بە سەر تابلۆکەدا هاوکات لەگەڵ بزاوتی هێڵ و تەنراوەکاندا و لە سەرئیعاع و ڕیتمی پێک هاتوو لە هاوسەنگی توخمەکانی نیگاردا ئەڕوات. پێوەندی نێوان وەرگر و پەیکەرە جگە لە چاو ئەکرێ لە ڕێگای سەرپەنجەشەوە درێژەی ببێت و ڕیتمی بزاوتنی سەرپەنجە لە ڕووی لەرەچرکەوە دەلالەت بێ بۆ ڕیتمی دەروونی وەرگر. خوێنەری ڕۆمانیش لە بەستێنێکی وەهادا پێوەندی

PDF4Kurd



بە دەقەوە ئەکات. پێوەندی ئەمیش بـە دێـڕە بـێ گیانەکانـەوە سـەرەتا لـە ڕێگای شەپۆلەکانی تیشکەوە دێتە ئەنجام. لێرەشدا خوێنەر شوێنی وشـەکان و بـزاوتنی دێـڕەکان ئەکـەوێت و لـەم ڕێگایـەوە بـزاوتنی دەروونی ڕۆمـان ئەبینێت و لەگەڵ بزاوتی شوێن و کەسەکاندا ئـەڕوات. خوێندنـەوەی ڕۆمـان لـەم قوناغـەدا ڕێـک وەک ئـەوە وایـە مۆسـیقازانێکی شـارەزا پاتیتورێـک بخوێنێتەوە. لەوێشدا مۆسیقازان لە باتی ئەوەی گوێ لە مۆسیقایێک بگـرێ، لە ڕێگای نۆتەکانی سـەر پـاتیتور و بـەهۆی بـیرەوەری دیتنـەوە مۆسـیقاکە ئەبیستێ. دیارە ئاوەها پێوەندییێک تـەنیا لـە نێـوان مۆسـیقایێکی نووسـراو و مۆسـیقازانێکی بلیمەتـدا سـاز ئـەبێت (پـێم وانییـە لـە هـەموو کوردسـتاندا مۆسیقاناسێکی وەهامـان هـەبێت)؛ بۆیـە خەڵـکی ئاسـایی سـوودێکی وا لـە بینینی پاتیتور نابینن و مانای مۆسیقا لای ئەوان تەنیا ئەو کاتەیە وا لە زمانی ئامێرەکانەوە گوێی لێ ئەگرن. خوێندنەوەی فیلمنامەش هەر لـەم ڕیزەدایـە؛ هەرچەن شـارەزایی کـەمتری ئـەوێ. کـەوابوو بەشـێ لـە بـزاوت و ڕیتمـی بەرهەمە هونەرییەکان ئەگەڕێتەوە بۆ وەرگر. کەسێ خوێندن نەزانێ یان ئـەو زمانەی دەقی پێ نووسراوە تێنەگات ناتوانـێ هـیچ پێوەنـدییێک بـە دەقـەوە بکات، وەک چۆن کەسێ دەسەڵاتی تەواوی بە سەر زمانی مۆسـیقادا نـەبێت ناتوانێ پێوەندی بە پاتیتوری پارچە مۆسیقاییەکانەوە بکات؛ چێژی لێ بەرێت و هەست بە بزاوت و ڕیتمی ناوەکی ئەو پارچـە مۆسـیقایە بکـات. کـە وابـوو هونـەرەکان لـە ڕوویێکـی تریـشەوە، ئـەکرێ دابـەش بکـەین: یەکـەم ئـەو هونەرانەی بەشداری شـارەزایانە و سـەلامەتی جەسـتەیی وەرگـر لـە ڕەوتی بزاوت و دیتندا دەوری سەرەکی ئەبینێ؛ وەک مۆسیقای نووسراو و ڕۆمـان و نیگار و دووهەم ئەو هونەرانەی وەرگر ناچار ئەکەن لەگـەڵ بـزاوت و ڕیتمـدا بڕوات، وەک سەما و فیلم و مۆسیقای تۆمار کراو. بینەری فیلم ناچارە لەگەڵ فرێم بە فرێمدا بڕوات هەتا فیلمەکە تـەواو ئـەبێت و بـۆ خـۆی ناتوانـێ هـیچ

PDF4Kurd


دەستێوەردانێ لە ڕەوتی پێوەندیدا بکات. دیارە مەبەستم لێرەدا بینەرێکە خواستی پێوەندی گرتنە بە دەقەوە و وەک ساموئێل جانسون ئەڵێ (بە دوای کاردانەوەی بەر لە ڕخنەوەیە). ئاوەها بینەرێ لە هەمبەر بەرهەم دەستەوەستاوە و ناتوانێ یەک چرکەش چاو لە دیتنی فیلم هەڵگرێ یان ڕایوەستێنێت و بەرەو دوای پێ بکات. بە پێچەوانەوە لە نیگاردا بینەر ئەو پەڕی دەسەڵاتی هەیە. لە چرکەساتێکدا هەموو دەق (لێرەدا تابلۆیە)ەکە ئەبینێت و هاوکاتیش ئەتوانێ لە سەر هەر پاژێکی بە ساعەتان ڕابوەستێ؛ لێی‌نزیک بێتەوە و دوور بکەوێتەوە و بزاوت و ڕیتمی دەروونی خۆی کە دەرەنجامی سەلامەتی چاو و جۆری پەروەردە و ئەزموونەکانی پێشتریەتی لە بواری ناسینی نیگاردا لەگەڵ بزاوت و ڕیتمی نیگاردا ڕێک بخات و ڕیتمێکی سێهەم ساز بدات. لێرەدا دەسەڵات لە دەستی بینەردایە؛ بۆیە مێژووی نیگار بە تایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەولاوە هەوڵی داوە بۆ بالادەست کردنەوەی نیگار لە ڕێگای دروست کردنی جووڵە و بزاڤ لە نیگاردا. هەوڵەکانی فوتوریستەکان بۆ بزاوت بەخشین بە نیگار بەشێکن لەم هەولانە. ئەمان ئەیانویست پیشان بدەن نیگاریش ئەتوانێ جووڵەو بزاوتی خۆی ببێت و بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێ تابلۆشیان خوڵقاند کە تیایاندا هەوڵیان داوە بۆ وێنە سەرکەوتنی کچێ لە قادرمەکانەوە بە جووڵە پیشان بدەن؛ کەچی ئەم هەوڵەیان زۆری نەخایاند و بۆیە دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیەش (مارسل دووشان) وازی لە فوتوریسم هێنا و دواتر دوو قوتابخانە (نیگاری مەفهوومی) و (هونەری حازر و ئامادە) ی دامەزراند و هەوڵەکانی ئەم بەرچکە بزوزنوێنی (Animaition) لێ کەوتەوە.

ڕیتم لە ڕۆماندا:

هەموو جۆرەکانی ڕیتم لە ڕۆماندا پێوەستە بە بزاوتەوە. بەم پێیە

PDF4Kurd


ئەکرێ ڕیتم لە سێ ڕووبەری: ڕیتمی ڕستە، ڕیتم لە بزاوتی ڕوو لە پێش، ڕیتم لە بزاوتی بسووڕ، دەسنیشان بکەین. ڕواڵەتی‌ترین و ساکارترین جۆری ڕیتم لە ڕستەسازیدا دروست ئەبێت؛ وەکوو ئەوەی ڕستەکان لە سەر کێشێکی دیاریکراو (عەرووزی یان بڕگەیی) دابەزێن و بە پێی ئەم کێشگەلە ڕیتم بگرن. ئەم شێوە ڕیتم سازییە لە کۆندا زۆر باو بووگە؛ مەسەلەن شانامەی فیردەوسی لە سەرکێشی عروزی (فعولن) دانراوە یان مەنزوومەی مەم و زین کە لە سەر کێشی (مفعول و مفاعیل و مفاعیل) وتراوە. دیارە لە مێژەیە ئەم جۆرە ڕستەبەندییە نەک لە چیرۆکدا بەڵکوو لە شیعریشدا باوی نەماوە؛ بەڵام هێشتاکە شێوەگەلێکی‌تری ڕیتم بەخشین بە ڕستە بەدی‌ئەکری؛ وەک دانانی قافییەی ناوەکی و خستنە پاڵ یەکی ئەو وشانەی بە هۆی جیناس و خزیان بە سەر یەکتردا ڕیتم ساز ئەدەن. ئەم شێوەیەش لە پەخشانی کۆندا مەسەلەن لە گوڵستانی سەعدیدا بە ناوی نەسری موسەجەعەوە زۆر بەکار هێنراوە و نموونە تازەکانیشی لە پەخشانەکانی ئەمبریکویسی یونانی و نەزار قەبانی و جبران خەلیل جبراندا ئەبینین. ئەم جۆرە ڕستەبەندییە ناڕواتە خانەی ئەو ڕیتمەی مەبەستی هونەری داستانە؛ لەبەر ئەوەی خەسار لە ڕەوتی فەزاسازی و جۆرەکانی تری ڕیتم ئەدات: ڕستەی ڕیتمیک ئەو کاتە دروست ئەبێ، نووسەر بتوانێ یاکوبسن وتەنی (زناگەکان بێنێتە لەمساندن) واتە لە بری ئەوەی ئەم زناگانە بۆ پێوەندی و دەربڕینی واتا بە کار بهێنێ، بایەخ بداتە چۆنایەتییە مادییەکانیان. لێرەدا پێوەندی نێوان زناگ(Signe) ودەربڕ (Refrense) ئەڕووخێت و هەلی ئەوە ئەڕەخسێ زناگ وەک تەوەرێکی ڕەگ‌لەخۆ کە لە خۆیدا هەڵگری نرخە چاوبکرێ . بە مانایێکی‌تر ڕستەی ڕیتمیک لە شیعر یان چیرۆک یان پەخشان و... لە ڕێگای کەسێتی و مادییەت بەخشین بە زناگەکان، وێنایان ئەکات و دیمەن‌سازی ئەکات؛ یان ئەکرێ بڵێین هەلی ئامادەیی شتەکان

PDF4Kurd



ئەڕەخسێنێت و وائەکات ڕستەکان لە بری ئـەوەی کەرەسـەی گواسـتنەوەی پەیغام و گەیاندنی مەبەستی نووسەر بن، ببن بە دیمەن و نیـشانەکان تیایـدا دەرکەون و لە ڕێگای فەزاسازییەوە بکەونە وتوویژ لەگەڵمان. سـەیری ئـەم چەن ڕستەیەی خـوارەوە بکـەن (ژیـان بـە بـێ خۆشەویـستمان جیهـانێکی جیاوازە: عومرێ لە چاوەڕوانی مەرگدا، بە بێ هیچ هیواییێکی داهاتوو، ئاوێتـە لەگەڵ ئازاری پیربووندا. لە وەهـا کاتێکـدا هـەموو شـتەکان کـۆن ئـەنوێنن، هـەموو شـتێ بێزارکـەرە، تەنانـەت خۆشەویـسترین کەسـەکان). نـەجیب مەحفووز لە ڕۆمـانی ڕۆژی کـوژرانی سـەرۆک کۆمـاردا زۆر بـە جـوانی ئـەم ڕستانەی ڕیتماندووە «بـەڵام جیهانـێ کـە لـەم سـاتەوە ئـەبێ تیایـدا بـژیم جیهانێکی تازەیە. جیهانێ کە تیایدا عەلوانم بەرچاو ناکەوێ، جیهانێ کـە دڵ ئەبێ لەسەرخۆ بێت، تا بە مردن کرانەوەییێک ڕوو بدات. لە کاتێکـدا دەرگـای تورشاویی بە هیواییێکی پووچەڵ لێ ئەدەم، هەستی کوشەندەی هەڵقولاو لـە بە سالاچوون دەروونی تەنیوم. ژووری خەوتنم بـەو دوو تەختـە کـۆن و ڕفـە سواو و فەرشە پەڕپووتانەوە وا لە نەخش و نیگارەکەی جگە لـە خـەیاڵ هـیچ نەماوە، لە بەر چاومدا کۆن ئـەنوێنێ؛ تەنانـەت سـەفای خۆشکیـشم لاسـار و بێزارکەرە. بەخەمسارییەوە وتی: ئەبێ پـیرۆز باییـت لـێ بکـەم.» جیـاوازی نێوان ئەو دوو ڕستەیەی سـەرەوە لـە ئامـادە بـوون، ورووژان و جووڵانـەوەی شتەکانە. ڕستەکانی بەشی یەکەم بە کار هێنـراون بـۆ گەیانـدنی مەبەسـت؛ بۆیە چەندەش هەوڵ بـدرێت بـۆ ڕازاندنـەوەیان و تەنانـەت ئەگـەر لـە سـەر کێشێکی عـەرووزیش بـوترێنـەوە، ڕیتمـی ئـەدەبی هەڵـناگرن؛ کـەچی لـە ڕستەکانەی‌تردا نەجیب مەحفووز مادییـەتی بەخـشیوەتە زناگـەکان و نـەک وەک کەرەسەی پێوەندی، بەڵکوو وەک دیاردەی زینـدوو تـەعامولی لەگـەڵ کردوون و لە ڕێگای مەنتیقی هاوچەشنی و دژوازانەوە بزاڤێکی ڕیتمیکی ساز داوە و دیمـەن و کـەش‌وهـەوای داسـتانی وای ئافرانـدووە لـە وەرگێـڕانی

PDF4Kurd



دووهەمیشدا دیارە. وەک لە باسی فەزاسازیدا وترا زۆرینەی دەقەکەی بەختیار لە وەسف و گێڕانەوەی پەتی پێکهاتووە؛ بۆیە نەیتوانیوە بە فەزاسازی کەش‌وهەواییکی داستانی ساز بدات، بە هەمان شێوە، ناسەرکەوتوویی نووسەر لە خولقاندنی فەزا لە ڕووی ڕیتم بەخشین بە ڕستەکانیشەوە دۆڕاوییکی تەواوی بە دواوە بووە. بەختیار وەک هەموو دەقەکانی‌تری خۆی (شیعر، پەخشان، خیتابی سیاسی، وتار و هتد) گرنگی داوەتە خەملاندنی وشەکان بە مانا کلاسیکی‌یەکەی و لەو شوێنانەش وا هەوڵی داوە فەزاییکی داستانی پیشان بدات؛ نیشانەکان لە بری ئەوەی لە فەزاییکی مادیدا و بە تایبەتمەندی و قورساییەکانی خۆیانەوە دەرکەون و یەکتر بجووڵێنن و ڕیتم ساز بدەن، بوونەتە کەرەسەی بڕیارەکانی نووسەر. نووسەر تەنانەت لەو شوێنانەی بەکەڵک وەرگرتن لە ناوی تایبەت (اسم خاص) ویستوویە فەزاییکی بابەتی دروست بکات، لە بەر ئەوەی ئەم زناگانە تەنیا وەک ناو هاتوون و لە دەقدا بەشدار نین، سازدەری هیچ جۆرە ڕیتمێ نین؛ بۆیە بە ئاسانی ئەکرێ ئەم ڕستەگەلە جێبەجێ بکەین، ئەکرێ هەموو ناوەکان بگۆڕین، لێیان لابەرین، بخەینە سەریان، تەواوی ئەو کارانەی دەقێکی ئەدەبیی مەجالمان پێ نادات ئەکرێ لەم دەقەی بەختیاردا بێ خەم ئەنجامی بدەین و هیچیش نەگوڕدرێ « کپی شەو و دەنگی ئەستێرە و خەوتنی پاساری و خەیاڵی گوڵەکانیان دەکردە مۆسیقا. بایان دەکردە مۆسیقا، جریوەی چۆلەکە برسییەکان، سروەی فێنکی سەر گۆمە مەنگەکان، ئاگری دووری شارۆچکەکان، نیشتنەوەی پڕ لە ترسی کۆترێک لە کاتی پێکاندا، فڕینی تیترواسکێک بە زامداری لە ناو پەڵەیەک گەنمدا، ڕاکردنی ژیژکێک لە تاو بروسکەکان، خەونی سمۆرەیێک لە ژێر باراندا، دەنگی پێی بولبولێک لە ناو هێمنی قەفەزێکی ئەزەلیدا، دەنگی هەناسەی چۆلەکەیەک لە کاتی تەماشا کردنی ئەستێرەیەکدا... ل٣٥» هەموو ڕستەکانی سەرەوە

PDF4Kurd


ئەکرێ بەم شێوەیەی خوار و سەدان شـێوەی تـریش بگـۆڕین و لـە هـەمان شـوێنی کتێبەکەیـدا دایبـنین.(هـەرای ئێـوارە و بـێ دەنگـی خۆرنـشین و قریشکەی ئایلەمـەن و گـڕووژەی بارانیـان دەهۆنیـەوە. سـیمای کـوڕێ لـە خەیاڵی کچێکی تینوودا، تەڕ بوونی گوڵەگەنم لە ژێر باراندا، شەپۆلانی دەریـا دوورەکان، ئاسمانێ کە مرۆڤ لە ژێریا چـەتری ئـاگر هەڵـئەدات، دووکەڵـی کارگــەکان، کچــێ کــە کلاوەکــەی بائــەدا، پۆلــێ کــۆتر کــە بەئاسمانــدا ئەخولێننەوە، قریوەی پێکەنینی کانییێک، بەر بوونەوەی با بۆ نـاو دۆڵـەکان، فڕینی کڵاوی کچ و دوورکەوتنی باڵندەکان، شەقەی باڵی شاقەشین و لەتری ڕووبارەکانیان دەهۆینەو».  ئەم ڕستەگەلەی بـەختیار عـەلی بـەراورد بکـەن بەم ڕستانەی خوارەوەی یاشـار کـەماڵ لـە ڕۆمـانی ئەگـەر مارەکـە بکـوژن. سەیرکەن ڕسـتەی خەبـەریی «پەڕەسێـڵکە قـەت نایێتـە گـرتن» لـە پـەرە پێدانێکی داستانیدا، چلۆن لە سیستەمی ڕسـتەڕیتم و بـە ناوەندیـەتی تاکـە مرۆڤێک دێتە جووڵان و بزاڤێکی ڕیتمیک سـاز ئـەدات. «پەڕەسێـڵکە قـەت نایێتە گرتن. لەم گوندەدا تاقە کەسێ توانیویـە پەڕەسێـڵکە بگـرێ حەسـەن بووە. حەسەن بە لەوری خۆی هەموو ڕۆژێ دە پازدە پەڕەسێڵکەی ئەگرت و بە بەنێکەوە دەیبەستنەوە و حەوایانی ئەدا. بڕێ جار هەر ئەیدایـە ئێـوارە بـە بەستراوی بەری ئەدان. حەسـەن لـە یـەکێ لـە ئەشـکەوتەکانی «ئانـاوارزا» بێچووە هەڵۆشی بەخێو ئەکرد. ئەو هەموو ڕۆژی سەر لە بـەیان لـە مـاڵ دەر ئەکەوت و دوای خۆرنشین، لەو کاتەی چاو چـاو نابینێـت و هـەموو شـوێنێ چۆڵ و هۆڵە ئەگەڕایەوە بۆ گوند. هەمیشەش تفەنگە بە سەدەف ڕازاوەکـەی لە دەست بوو؛ هیچ کاتێ ئەوەی لە بـیر نەئـەکرد. حەسـەن مێمـڵی گیـانی زەردەواڵـە و مارەکـانیش بـوو. هـیچ مـەل و ئاژەڵـێکی داوێـنی «ئانـاواراز» تەنانەت موورەکانیش بە دەستیەوە ئارامیان نـەبوو. زۆری حـەز ئـەکرد لـەم گونــدە هەڵــبێ. هــەموو حەفتــەیێک یــەک دوو ڕۆژ ئەکەوتــە ڕێ بــەرەو

PDF4Kurd



گوندەکانی‌تر و دواتر لە بەر هەر هۆیێک بووبێت، ڕەنگیشە لە بەر ترس ئەگەڕایەوە بۆ گوندی خۆیان. جارێکان ببوو بە هاوڕێی شوانێک و هەتا «کۆزان» و تەنانەت «فەرسەگ» چووبوو و گەڕابووەوە. نەیدەزانی چ بکات. تەنیا ئەیزانی نابێ لەم گوندەدا بمێنێتەوە. یا ئەبوا دایکی بۆ شوێنێ بڕۆیشتبایا... دایکی، دایکی ئەبوایا بڕوات، هەمووان دوژمنی دایکی بوون» ئەم ڕستەبەندییەی یاشار کەماڵ نەک هەر لە بزاڤێکی داستانیدا بووەتە خاوەنی ڕیتم، بەڵکوو وەک وێنەبژار(Monad)ێ، کەسێتی حەسەن و ڕیتمی ژیانی پیشان ئەدات. درێژەی ئەم ڕیتمی ژیان (ڕیتمی کەسێتی)ە ئەبێتە هۆی کوژرانی دایکی بە دەستی حەسەن.

دووهەم ڕیتمی ناوەکی ڕوو لە پێش

ئەم ڕیتمە ترپەی بەشە جۆراجۆرەکانی دەق وەک شت، شوێن، کەسێتی، بۆنە و هتدە...

جیاوازی زۆر لە نێوان شایی، پرسە، میوانی و دیکەی ئاهەنگ و بۆنەکانی چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگادا هەیە و زۆربەی ئەم جیاوازییانە ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕیتم. ڕیتمی بۆنەکانی شار و لادێ، چینی سەروو، ناوەنجی و خواری کۆمەڵگا لە هەموو وڵاتێکدا لەگەڵ یەکتر جیاوازە. ئاهەنگە هاوچەشنەکانی وڵاتانی فەڕانسە و ڕووسیا و بریتانیای دووسەد ساڵی لەوەو پێش جیاواز بووگن، دەنا هەر هەموو بە ناوێ بانگ ئەکران؛ بۆیە لە ڕۆمانە مەزنەکانی ئەم وڵاتانەدا زۆر بە ئاشکرا ئەم جیاوازیانەمان بەر چاو ئەکەوێ. ڕیتمی هاتوچۆ، هەڵس‌وکەوت و قسە کردنی خاوەنماڵ و میوان و میوانە تایبەتییەکان، ڕیتمی چنینی سفرە و خواردن و خواردنەوە و خزمەتکردن نەک لە هەر وڵاتێکدا و لە بەرهەمی نووسەرە جیاوازەکاندا جیاوازە، بەڵکوو تەنانەت لە یەک ڕۆمانی دیاریکراوی وەک جین ئەیری شارلوت برونتە یان ئاناکارنیناشدا بە پێ ڕیتمی دەروونی خاوەنماڵ و میوان و خزمەتکارەکان و

PDF4Kurd



بە گشتی تەنراوی پێگەیی و سەردەمی زەمەنی جیاوازە. ڕیتمی ئاهـەنگێکی بورژوایی بهێننە پێش چاوی خۆتان. گریمانەی ئەوە بکـەن هەواڵـێ، نیـازێ یان بڕیارێکی خانەخوێ ئەم ڕیتمە تونتر کاتەوە؛ یان کۆمەڵێ میـوانیتـر لـە ناکاو سەر بەو ئاهەنگەدا بکـەن. خزمـەتکارەکان ناچـار ئـەبن خێراتـر ئـیش بکەن، میوانەکان ناچار ئەبن توندتر خواردن بکەن و خاوەنماڵ زۆر بەلەسـەتر بەو ناوەدا بخولێتەوە. لەوانەیە بینەر هەست بکات ڕیتم تووشی گۆڕان بـووە؛ کەچی ڕیتم هیچ گۆڕانێکی بەسـەردا نـەهاتووە. ئـەوەی لێـرەدا ئـەگۆڕدرێ خێرایی یان بە واتا مۆسیقاییەکەی تێمپۆیە. هەموو ڕیتمـێ هـەتا ڕادەیێکـی دیاریکراو ڕێ ئەدات بە گۆڕانی خێرایی؛ بە بـێ ئـەوەی کرۆکـی ڕیتمەکـەی بگۆڕدرێ. ئەگەر لە ئاهەنگە گریمانەییەکەی سـەرەوەدا لـە ناکـاو هەواڵـێکی دڵتەزێن، مەسەلەن هەواڵی تابلۆقە درانی شـاری مـسکۆ لـە ڕۆمـانی شـەڕ و ئاشـتی، ڕەوتی ئاهەنگەکـە بگـۆڕێ یـان وەک لـە ڕۆمـانی دکتـۆر ژیواگـۆدا ئەیبینین، تەقـەکردنی ژنـێ لـە فاسـقەکەی ئاهەنگەکـە بئاڵـۆزێنێ، ئـەوەی ئـــەگۆڕدرێ ڕیتمـــە نـــەک خێرایـــی. بـــە مانـــا فیزیکییەکـــەی لێـــرەدا هێڵبزاڤ(vector) ئەگۆڕدرێ نەک خێرایی و لەز؛ هۆیەکەشـی دەرکـەوتنی هێزێکی کاریگەرە لە ئاراستەیێکی جیاواز لە ئاراستەی بزاوت. لەم دەقە دوور و درێژەی بەختیار عەلیدا جگە لەو شوێنەی مـستەفای شـەونم و جـەلادەت سەر بە چێشتخانەیێکدا ئەکـەن، لـە هـیچ شـوێنێکیتـردا، ڕیتمـان بـەرچاو ناکەوێ. لە هەموو شوێنەکانی تردا (شاری تەپوتۆزە زەردەکـان، سـالۆنەکەی پرتەقاڵی سپی، هۆتێلی گێلاسی سپی و هتد) ئەوەی ئـەیبینین یـان بـزاوتی ڕستەکانە لە ڕێگەی مەنتیقی تەنشتێتیـیـەوە یـان بـزاوتی نواندنـە لـە سـەر بڕیاری نووسەر و بە کەرەسـەی داڵۆسـکاوی ( Suspanse). لـەم کتێبـەی بەختیاردا مەگەر بە ڕێکەوت، دەنا بزاڤێکی داستانی وەهامان بەر چاوناکەوێ؛ لەبەر ئەوەی پێگەی ئەو سیـستەمەی بـزاڤ تیایـدا ڕوو ئـەدات لـە زۆربـەی

PDF4Kurd



شوێنەکاندا دیار نییە. لە شوێنی وادا ئەبینین جەلادەت و دالیا بە پێ ڕێ ئەکەن، کەچی ڕۆیشتنەکەیان وەها خێرا پیشان دراوە چما سواری بەلەزترین سەیارەن و بە خێراترین شێوە لێ ئەخوڕن «ڕێگایەکی درێژیان لە بەردەمدا بوو، کە دەبایە بەشەقامێکی غەمگینـدا بیبـڕن، بەناو دەیەها ئۆردووگـای سەربازی خاپووردا ڕابوردن، ئەو بنکە گەورانەی سوپایان بینی کە بووبوون بە کەلاوەی گەورە، بە ناو سەدان جەمەلۆنی گەورە گەوردا تێپەڕین کە تەنیا چێوەکانیان مابووەوە، بە سەر هەزاران شـێلمانیتـواوە و کۆڵـەکەی ئاسـندا ڕۆیشتن کە وەک مۆم ڕژابوونە سەر زەوی. دەیان مرۆڤی برینداریان بینی لە ژێر دار و پەردووەکاندا کەس نەبوو دەریانبـهێنێت، سـەدان ژن و منداڵـیان بینی لە ناو پاشماوەی ئەو سەربازگە و ئوردوگا سووتاوانەدا خـواردن و جـل و چەکیان دەردەهێنا و بە سەر خۆیاندا دابەشیاندەکرد. جەلادەت بـە درێژایـی ڕێگاکـە بـە دەگمـەن قـسەیدەکرد، وەک شـێت بـە لۆقـە درێـژ و هـەنگاوە گەورەکانی بە ڕێگادا دەڕۆیشت و سـەری بـە جـۆرێکی سـەیر داخـستبوو... ل٢٨٧» بە ڕاستی زۆر سەیرە نووسەرێ کە پێشتر چەندەها کـتێبی نووسـیوە، وەها بێ ئاگا بێت لە بزاڤی ڕێکردنی ئینسان لە کاتێکدا ئەم بزاڤە ساکارترین و ئاسـانترین جـۆری بزاڤـە تـا ڕادەیێـک کـە ئـەکرێ بـە ئێتالۆنـەکـردنی هەنگاوەکان (مەبەست لە ئێتالونە کـردن ئەوەیـە دیـاری بکرێـت کەسـێکی دیاریکراو سەد مـەتر بـە چـەن هـەنگاو ئەبـڕێت) خێرایـی و لـەم ڕێگەیـەوە هێڵبزاڤ و ڕیتم دەسنیشان بکـەین؛ کـەچی بـەختیار وەک لـە بـاتی پـێڵاو تایەی لامبورگێنی نابێتە ژێر قاچی کەسەکانی لە دەرفەتی ئێوارەیێکدا بە ناو دەیەها ئوردووگای سەربازی و بنکە گـەورەکانی سـوپا و سـەدان جەمـەلۆنی گەورە و بە سەر هەزاران شێلمانی تواوە تێپـەڕیان ئـەکات و دەیـان مرۆڤـی برینـدار ئـەبینن و سـەدان ژن و منـاڵ سـەیر ئەکـەن کـە جـل و چـەک دەرئەهێنن و بە سەر خۆیاندا دابەشی دەکەن؛ کەچی دوای چەند سـەعات و

PDF4Kurd



لە کاتێکدا هێشتا ئێوارە تەواو نەبووە سواری سەیارەیێک ئەبن و... هەر زۆر سەیرە تەنیا دەرهێنانی جل و چەک و دابەش کردنیان بە سەر سەدان ژن و مناڵدا چەنەها سەعاتی ئەویَ! ئەو لاپەڕانە بخوێننەوە تیَئەگەن نووسەر بە فانتازیا ئیش ناکات، بەڵکوو هەوڵ ئەدات هۆی ئەم مەنتیقە سەیر و سەمەری ڕیَکردنە بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی جەلادەت وەک شێت بە لۆقە درێژ و هەنگاوە گەورەکانی بە ڕێگادا دەڕۆیشت. مرۆڤ بە خوێندنەوەی ئەم دێڕانە بیر نوکتەییێکی لای خۆمان ئەکەویتەوە. ئەڵێن کابراییێک باس ئەکات کە شێتیَ ئەناسیَ دوو مەتر درێژە و سیَ مەتر پانە. خەڵک ئەڵێن کاکە شتی وا چۆن ئەبیَ؟ دوو مەتر درێژی و سیَ مەتر پانی!!!... کابرا وڵام ئەداتەوە، خۆ وتم شێتە. بە ڕاستی ئەم مەنتیقی بزاڤە و دەیان مەنتیقی تری لەم بابەتە کە لەم دەقەدا بەدی ئەکریَ ئەگەر لەو نوکتەیە سەیر و سەمەرتر نەبن کەمتر نین. لە دێڕەکانی لاپەڕەی دواتردا جەلادەت و دالیا سواری سەیارە ئەبن. لێرەدا نووسەر ژیرانەترین کاری کردووە وخۆی نەداوە لە قەرەی بزاڤ و ڕیتمی داستانی؛ وەک چۆن لە لاپەڕەی ٣١٦ دا خۆی لە بزاڤ و ڕیتمی ڕێکردنی ئەسپ دزیوەتەوە. من پێم وا نییە نووسەر نەزانیَ ڕیتمە جۆراوجۆرەکان جوانییێکی بیَ وێنە ئەبەخشنە دەق. هیچ نەبیَ کۆمەڵیَ ڕۆمانی خوێندووە (بەس ناوی دەیان ڕۆمان و نووسەری لەم کتێبەیدا هێناوە) و دیتوویە چلۆن لە ڕۆمانێکی وەک دکتۆر ژیواگویَ بوریس پاسترناکدا نووسەر لە بزاڤی ڕێکردنی شەمەندەفەرە، پاس، کالیسکە و ئەسپ و هتد کەڵک وەرئەگرێت و ئەیەنکاتە مەترێک بۆ ڕیتم بەخشین بە دیکەی بەشەکانی ڕۆمانەکەی. نووسەر ئەمانەی بینیوە؛ بۆیە جار و بار هەوڵ ئەدات لە ڕیتمە جۆراوجۆرەکانی بزاڤ کەڵک وەربگریَ. لە لاپەڕەی ٤٢٢ دا جەلادەت سواری ئەسپ ئەکات و ڕێی سەفەرێکی ئەداتە بەر؛ کەچی ئەوەی نایبینین بزاڤ و ڕیتمی ئەسپ سوارە « لە سەر ئەو ئەسپەوە دەمتوانی نیشتمان جوانتر

PDF4Kurd


ببینم، وام هەستدەکرد ئەسپێکە لـە قـوولایی ئەفسانەکانەوە هاتۆتـە دەرێ، بەڵام چـاوێکی ڕوونتـر و ڕۆحێکـی سـافتری پێدەبەخـشیم، تـەنیا مـنی بـە ئەستێرە دوورەکانەوە گرێنەدەدا، بەڵکوو منی توند بە زەویشەوە دەنووساند، هێمایەکی گەردوونی لە ڕەوتکردن و غاردانەکەیدا هەبوو، بە ئەسپێک دەچوو کە پێغەمبەرێک لە جێگایەکەوە ببات بۆ جێگایـەکی دیێ ... ل٤٢٢» بـە ڕای ئێوە ئەم بوونەوەرەی جەلادەت سواری بووە ئەسپە و لێرەدا ڕیتمی ڕێکردنی ئەسپ ئەبینین؟ بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن بڕیار بدەن، سەیری ئەو شوێنەی ڕۆمانی دونی ئـارام بکـەن وا گریگـوری لەگـەڵ ئەسـپ سـوارەکاندا دەوری شاخەکان ئەدەنەوە. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ڕیتمـی ڕێکـردنی ئەسـپ پێوەندی ڕاستەوخۆی بە هێواش چوون و غاردانی ئەسپەوە نییە، واتـە خێـرا ڕێکردنی ئەسپ تێمپۆ ئەگۆڕێت نەک ڕیتم. لە ڕووی ڕیتمی گرێدراوی بزاڤی هێڵی ڕاستەوە واتە ڕیتمی دەرەنجامی فورمولی $v^2 - v_0^2 = 2a\chi$ جگە لـەو شوێنەی جەلادەت و دوو دۆستەکەی بـە قایـەخ لـە زێیەکـە ئەپەڕنـەوە لـە هەموو شوێنەکانی تردا بـزاڤ و ڕیـتم گـیرۆدەی هەڵەشـەیێکی قووڵـە. لـە ڕیتمی شوێنەواریشدا هەمان لاوازی ئەبینین. جگە لەو لاپەڕانـەی مـستەفای شەونم و جەلادەت سەر بە چێشتخانەکەدا ئەکەن و قسە کردنی فیتـەرەکان و هاتوچۆی خەڵکەکە ڕیتم ئەخولقێنێ، هیچ ڕیتمێکمان بەر چاو ناکـەوێت و وەک باسمان کرد ئەوەی ئەیبینین یان بزاوتی ڕستەکانە لە ڕێگەی مـەنتیقی تەنشتێتی و یان بزاوتی نواندنـە لـە سـەر بـڕیاری نووسـەر و بـە کەرەسـەی داڵۆسکاوی؛ بۆیە لەو شوێنانەی هێزێکی کاریگەر دێتە ئاراوە لە بـری ئـەوەی ڕیتم تووشی گۆڕان بێت تەنیا تێمۆ ئەگۆڕدرێت.

هەموو ئەو فاکتەرانەی لە سەر ڕیتمی ڕستە و ڕیتمی شـوێن و بۆنـەکان باسمان کرد لە سەر ڕیتمی کەسێتیش کاریگەرن. جیـاوازی تـەنیا لەوەدایـە کە داڕشتنی ڕیتمی کەسـێتی ئەسـتەمترین و گرنگتـرین کـاری نووسـەرە.

PDF4Kurd



هەموو کەسێتی‌یێک ڕیتمی جووڵانەوە، خواردن، ئەویـنـداری، خـەوتن، قـسە کردن و بە گشتی ڕیتمی ژیانیی تایبەت بە خۆی هەیە و ڕۆمان ئەبێ هـەموو ئەم ڕیتمانە پیشان بدات و گرنگتـرین فاکتـەری کەسـێتی دارشـتنیش ئـەو ڕیتمەیە. پێشتر وتمان خێرا بوونەوەی بزاڤ نابێتە هۆی گۆڕانی ڕیتم؛ بـەڵام هێزێکی کاریگەر ئەتوانێ ڕیتمی ژیـانی کەسـێتی بگۆڕێـت و ئـەم گۆڕانـەش کاری درامایی، مژار (Topic) و تەنانەت کاکڵەی ڕۆمانی لێ بکەوێتـەوە. لـە مێژووی ئەدەبدا لە بواری ڕیتمی کەسێتی‌یەوە کە بەشێکە لە ڕیتمی نـاوەکی ڕوو لەپێش کاری زۆر کراوە. یەکێ لە باشترین نواندنـەکانی ئـەم ڕیتمـە لـە ڕۆمانی بەرزاییی‌یەکانی بەربادا ئەبینرێت. لەو ڕۆمانەدا هەموو کەسـێ ڕیتمـی ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە. هیت کلیف وەک کوڕێکی لاسار، سەرەڕۆ، ڕکن و کەلــەڕەق کــە ئــەم تایبەتمەندییانــەی لــە نیگــاییێکی بەڵــگەخوازانە (پوزیتیویستی) یان ناتورالیستی‌یەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سیمای جیاواز، بێکەسی، سووکایەتی و ئازارەکانی هیندلی و بە تایبەت عەشقی بۆ کـاترین، ڕیتمێکـی تەڤگۆڕ و ئاڵۆزە. نێلی کەسێکی ئـارام، سـووچ‌پـشکێن و ورداژینـە و ڕیتمـی ژیانی ڕێک وەکـوو گێڕانـەوەکانی، ئـارام، ورد و یەکدەسـتە. ڕیتمـی ژیـانی کاترین تێکەڵێکە لە تەڤـگۆڕی هیـت کلیـف و ئـارامی و یەکدەسـتی نێلـی. جۆزێف ئیماندارێکی فزوول، فرەڕێس و ئامۆژگاریکـەرە و ڕیتمێکـی ناڕێـک و بێزارکەری هەیە و... ئێمە بە درێژایی ڕۆمانـدا کەسـەکان لـە ڕیتمەکانیانـدا ئەناسینەوە و پێوەندییان پێوە ئەکەین. لە زۆر شوێندا بزاڤـی ئـەم کەسـانە و کەسانێکی‌تری وەک هیرتن و لاک ڤوود، توند و هێواش ئەبێتەوە. هیندلی و ئیزابێلا و چەن کەسی وەک ئێدگار لینتون، دکتۆر کنێتس، ڕیتمیان تووشـی گۆڕانی کاتی دێت. لە ناو هەموو کەسێتی‌یەکاندا تەنیا سـێ کوچکـەی قـین واتە هیت‌کلیف و هیندلی و ئێدگار لینتۆن ژیانیان تووشی گۆڕانی سەداسـەد دێت. ئەم ڕیتم گۆڕانە لە هیندلیدا زۆر لـە ناکـاو و بـە مـردنی ژنەکـەی ڕوو

PDF4Kurd



ئەدات و بە یەکجاری لە پیاوێکی بەویقارەوە ئەیگۆڕێ بۆ قوماربازێکی دایمە مەست کە هەموو ژیانی ئەدۆڕێنێت. گۆڕانی ڕیتم لە هیت کلیفدا زۆر بە ئارامی ڕووئەدا. ڕەچەڵەکی ئەم گۆڕانە ئەگەڕێتەوە بۆ نەهامەتییە یەک لە دوای یەکەکانی ژیان لە سەردەمی منداڵی، جیا بوونەوە لە کاترین و شووکردنی کاترین بە ئێدگار لینتۆن؛ بەڵام ئەو کاتە ڕیتم بە یەکجاری ئەگۆڕدرێت وا کاترین بە سەر سکەوە ئەمرێت. بە پێچەوانەی هیندلی و ئێدگار، گۆڕانی ڕیتمی ژیانی هیتکلیف زۆر بەرچاو نییە؛ بە چەشنێ کە خوێنەر سەرەڕای سەر هەڵگرتنەکانی شەوانەی، تەنیا ئەو کاتە هەست بەم گۆڕانی ڕیتمە ئەکات وا پاش هەژدە، نۆزدە ساڵ لە مەرگی کاترین لە کەش‌وهەواییێکی داستانی بێ وێنەدا ڕیتمی ژیانی ئەوەستێت و لە سەر قەبرەکەی کاتریندا دیق ئەکات و لە سەر دوایین وەسیەتی خۆی لە نێوان کاترین و شووەکەیدا ئەنێژرێت و یەکێ لە جوانترین کارە دراماییەکانی مێژووی ئەدەب ئەخولقێنێ (ئەم تابلۆیە بەراورد بکەن بە دوایین تابلۆی داستانی مەم و زین لەو شوێنەی بە پێ وەسیەتی مەم، بەکری مەرگەوەر لە تەنشت قەبرەکەی خۆی و زیندا ئەنێژن و دواتر مەرگەوەر ئەبێتە دڕکێک و سەرلەنوێ ئەم دوانە لە یەکتر جیا ئەکاتەوە). لە هەموو ئەم دەقە ٦٢٥ لاپەڕەییەدا یەک کەسمان بەرچاو ناکەوێ خاوەن ڕیتمێکی ژیانی تایبەت بێت و هۆکارەکەشی لە لایێکەوە ئەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و پچڕانە یەک لە دوای یەکەکانی بزاڤ و لە لایێکی‌ترەوە باڵادەستی وەسف و نەبوونی فەزای داستانی و پەیڕەوکردنی شێوەی حیکایەتیی گێڕانەوە و هەروەها خەمسار تێپەڕ بوون بە سەر ئەرکی کەسێتی‌دارشتن و فیدا کردنی کەسێتی لە بەر بڕیار و ئاسانکردنەوەی ڕەوتی گێڕانەوە؛ بۆیە لەو شوێنانەش وا هێزێکی داستانی کاریگەر دێتە گۆڕی لە بری گۆڕانی ڕیتم، یان تێمپۆ ئەگۆڕدرێت یان نووسەر بە گۆڕانێکی ڕووکەشی و لاوەکی ڕازی ئەبێت و دۆخەکە پاساو

PDF4Kurd



ئەدات. درۆزن دەرکەوتنی جەلادەت پاش ئەوەی مۆسیقا ئاسمانییەکەی لە بیر ئەبرێتەوە یان واز هێنانی دالیا لە سۆزانی بوون پاش بیستنی هەواڵی مەرگی باسمی جەزائیری نموونە زەق و دوور لە مەنتیقەکانی ئەم جۆرە گۆڕانانەن نووسەر لە باتی گۆڕانی ڕیتم دایناون.

سێهەم: ڕیتمی ناوەکی بسوور

ئەم ڕیتمە بە هۆی دووپات بوونەوەی شوێن و کەس و ڕووداوەکانەوە دروست ئەبێ. هەر توخمێکی داستانی بتوانێ هەست بورووژێنێ بە تێپەڕبوونی خۆی جۆرێ لە نەست دەسازێنێ. ئەگەر ئەو توخمە لە شوێنێکی‌تری دەقدا دەرکەویتەوە، هاوکات هەستی پێشوومان بۆ زیندوو ئەکاتەوە و بەشێ لە بیر و هەستمان ئەگێڕێتەوە بۆ کات و ساتی پێشوو. ئەگەر دیسانەوە ئەم توخمە لە شوێنەکانی‌تریشدا ڕوویداتەوە، بزاڤێکی بازنەیی ساز ئەدات و زەین و هەست و نەستی خوێنەر لە نێوان هەر سێ ڕووبەری زەمەنی هەنووکە، ڕابردوو و داهاتوو، ئەکەوێتە شەپۆلان و ئەم بزاڤە تەڤگەرە ڕیتمێکی بازنەیی ساز ئەدات. چەندە ئەو توخمانەی لە دەقدا دووپات ئەبنەوە زۆرتر بن و یەکتر بورووژێنن، دەق بەرەو بزاڤێکی کەهکەشانی ئەڕوات و کەتەن و ڕووبەرەکانی دەق زۆرتر ئەبنەوە. بزاڤی داستانی لە سیستەمە ڕیتمێکی وەهادا زۆر خێرایە و بە چرکەساتێ، لە نێوان سێ ڕووبەری زەمەندا پرد لێ ئەدات و لە چاوترووکانێکدا نەستی دەق ئەورووژێنێت و لەم ڕێگەیەوە نەستی خوێنەریش وەک بەشێ لە ژیان زیندوو ئەکاتەوە؛ بۆیە بە وورووژاندنی نەستی ڕاستەقینەی خوێنەر ئەگونجێ بەشە لە بیرکراوەکانی زەینی هەڵبداتەوە و نەک هەر خۆی لە ڕیتمی تەڤگۆڕی دەقدا ببینێتەوە، بەڵکوو ڕیتمی ژیانی خۆیشی تووشی گۆڕان بێت. لە ڕۆمانی ئەمڕۆدا کەڵکی زۆر لەم جۆرە ڕیتمە وەرئەگیردرێت. بەرچاوترین ڕیتم لە ڕۆمانی شەپۆلی زەیندا ئەم ڕیتمەیە. لە بەرچکی شەپۆلی زەیندا خوێنەر

PDF4Kurd



دوای شەپۆلانی زەینی‌گێڕەوەر ئەکەوێت و هەرجارەو ئان‌وساتێکی بەرچاو ئەکەوێت و بەشێ لە زەینی گێڕەوەری بۆ زیندوو ئەبێتەوە و زەین و هەست و نەستی ئەم و گێڕەوەر بەر یەک ئەکەون و بەشدار بوونی خوێنەر لە دەقدا ئەگاتە ئەوپەڕی خۆی. جگە لە ڕۆمانی شەپۆلی زەین لە جۆرەکانی‌تری ڕۆمانی هێلناشدا ئەم ڕیتمەمان بەرچاوئەکەوێ. یەکێ لە نموونە باشەکان ڕۆمانی بنەماڵەی جوولای نادین گوردیمرە. لەو ڕۆمانەدا نووسە لەگەڵ ئەوەی لە گۆشە نیگای سێهەم کەسی ئاگادار کەڵکی وەرگرتووە، کەچی لە نێوان گێڕەوەری سێهەم کەس و زانای گشتیدا سنوورێکی زۆر هەستیار هەیە و هەتا کۆتایی ڕۆمان ئەم سنوورە تێکناچێت؛ بەڵام بە کەڵک وەرگرتن لە سێ شوێن و زەمەنی جیاواز (ماڵی جوولای خزمەتکار، شاری ئاغا و ژنەکەی و هەروەها ناو ئەو ماشێنەی مەودای نێوان ماڵی ئاغا و ماڵی جوولایان پێ بڕیوە) ڕیتمێکی سێ نۆتی وەها ساز دراوە، کاری کردۆتە سەر ڕستەڕیتم و ڕیتمی ناوەکی ڕوو لە پێشیش. خوێنەر بەر لەوەی ڕیتمی ئێستا بێ تاقەتی بکات خۆی لە ناو ڕیتمێکی‌تردا ئەبینێتەوە. جۆرێکی فرەچەشنتری ئەم شێوە ڕیتمە لە ڕۆمانی خزمە دوورەکانی فوێنتس دا ئەبینینەوە. لەو دەقەدا دەیان جۆر یاری بە شوێن، زەمەن، ناوەندی گێڕانەوە، ساتەوەختەکان، ڕووداو، بیرئانین و بە تایبەت جۆرێکی تایبەتی لە یاری، کراوە. ناوەندی گێڕانەوە ڕێستوورانێکە کە بە سەر مەیدانی کونکوردی شاری پاریسدا ئەڕوانێت؛ کەچی شوێنی بەسەرهاتەکان هەر جارە و لە شوێنێکدایە؛ جارێ لە مکزیک یان وڵاتێکی‌تری ئامریکای باشوور، دەمێ لە ئێسپانیا یان شارێ لە شارەکانی فەڕانسا. گێڕەوەریش هەر جارە و کەسێکە؛ دەمێ براندلیە، دەمێ هرێدیا، دەمێ ویکتور و هتد. دەیان بیرەوەری لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕۆماندا دووپات ئەبێتەوە؛ وەک تابلۆی منداڵەکانی پارکی مونسو، بیرەوەری دایک لە یادەوەری هێکتۆردا و هتد؛ بەڵام جوانترین

PDF4Kurd


توخمی ڕیتم سازی ئەم ڕۆمانە یارییێکی سەیر و سەمەری نێوان هرێدیا و کوڕەکەیەتی کە ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەن کەسی‌تری ناو ڕۆمانەکە. ئەو یارییە ساکارە ئەمەیە: هرێدیا و ویکتوری کوڕی ئەگەنە هەر شارێ لە ناو دەفتەری تەلەفۆنی ئەو شارەدا بە دوای هاوناوی خۆیاندا ئەگەڕێن و ئەوەی هاوناوی خۆی بدۆزێتەوە براوەیە و خەلات وەرئەگرێ. ئەم یارییە بە دووپات بوونەوەی خۆی بزاڤێکی داستانی لە نێوان ڕووبەرەکانی زەمەندا ساز ئەدات و ڕیتمێکی ناوەکی بسووڕ ساز ئەدات. نموونەیێکی‌تری کەڵک وەرگرتن لەتوخمی وەها بۆ سازدانی ڕیتمی ناوەکی بسووڕ ڕستەی (کاتێ پیاو خەمینە، کێوی دەردی هەیە) لە نوڤێلێتی داشاکولی سادێق هیدایەتە کە بەردەوام دووپات ئەبێتەوە و ئەم جۆرە ڕیتمە درێژە پێ ئەدا. ئەم دەقەی بەختیار عەلی هەر چەن هەوڵی داوە خەتی نەنوێنێ، بەلام دەقێکی خەتییە. وەک لە باسی گەلالەدا وتم سەرەتای کتێب، ئەو شوێنەی عەلی شەرەفیار لە ئوروپا شارۆخی ئەبینێت پێشەکی و پرۆلوگێکە وەک پرۆلوگەکەی ناو ڕۆمانی دوکتور ژیواگو ( لەو شوێنەی ژنراڵ کچەکەی لارا ئەدۆزێتەوە). لێرەشا وەکوو ئەوێ بزاڤی داستانی لە پاش ئەم پرۆلۆگەوە دەست پێ ئەکات. دیارە نووسەر نەیویستووە دەقەکەی سەداسەد خەتی بنوێنێ؛ بۆیە لە لاپەڕەی ٦٥دا هەوڵی داوە ئەم هێڵی ڕاست و ساکارەی گێڕانەوەیە بشکێنێ؛ کەچی لە لاپەڕەی ٦٩ دێڕی ٢١ەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سەر زەمەنی ئاسایی دەقەکە و خۆی لە سەرئێشە لا ئەدات و هەتا کۆتایی کتێبەکەی بە سەر هەمان هێڵی ڕاستدا ئەڕوات. واتە نووسەر بەکەڵک وەرگرتن لە گێڕانەوەیێکی خەتی خۆی لە ئەو ڕیتمە ناوەکییەی لە دەرەنجامی شکاندنی زەمەندا ئەخوڵقێ بێبەری کردووە؛ هەروەها وەک لە بەشی یەکانگیریدا باسمان کرد لەبەر ئەوەی مەنتیقی پێوەندی دەقەکەی لە سەر مەنتیقی تەنشتێتی داناوە خۆی لە ڕیتمی گۆڕانی شوێن و کەسەکانیش بێ بەهرە

PDF4Kurd



کردووە؛ بەڵام بەمەشەوە ئەیتوانی بە دەیان شێوەی‌تر لە ڕیتمی ناوەکەی بسووڕ کەڵک وەرگرێ. لەم دەقەدا دەیان شت و کەس و ڕووداو و توخمی داستانی‌تر هەن کە نووسەر ئەیتوانی بە سەریان بکاتەوە و لەم ڕێگەیەوە ڕیتم ببەخشێتە دەقەکەی. لە چەنەها شوێندا باسی جل و ملوانکەی ملی کەسێتی‌یەکان و شتی لەم بابەتە ئەکات و لاپەڕەی پێ پڕ ئەکاتەوە؛ کەچی بۆ خۆشی لە بیر ئەکات ئەو ملوانکەی لە شوێنێکدا کردویەتیە مل سامیری بابلی چی بە سەر دێت. نووسەر لە بری ئەوەی خۆی بە فانتازی تەریک و بێ کەڵکی وەک فریشتەکانی دەور سەری دالیا و باڵندەکانی سەر سەری جەلادەت و ئەسپەکانی ناوسەری سامێر و هتد کە سەرچاوکەی دەرکەوتنیان لە دەقدا دیار نییە و ئەکرێ بە هەر شتێکی‌تر بگۆڕدرێت و لابردنیان دەیان لاپەڕە لە کۆڵ خوێنەر ئەکاتەوە، ئەیتوانی خۆی بە توخمە بەکەڵکەکانی دەقەکەی بۆ وێنە بۆنی پرتەقاڵەکەی سامیری بابلی مژوول بکات. ئەو پرتەقاڵانە لە ناو دڵی دەق و لە ژیانی سامیری بابلیەوە دەرکەوتوون؛ بۆیە خوێنەر بە ئاسانی وەک واقیعێکی بە نرخی داستانی وەری ئەگرێت و بە هۆکارێکی باشیشی ئەزانێ بۆ ئەوەی کەسێکی وەکوو شاناز سەلیمی پێ ئاشق بکات. لاپەڕەی ٣٤٥ دوو دێڕی تیایە بە تەنێ خۆی نرخی هەموو فانتازیا سازییەکانی ناو ئەم دەقەی هەیە (ئەو شەوە زانیم سامیری بابلی دەیەوێت قسەم بۆ بکات، ئەو ساتانەی بیویستایە ڕاستگۆیانە قسە بکات؛ لە کاتی ئاسایی زیاتر بۆنی پرتەقاڵی لێ‌دەهات). پرتەقاڵ تەنیا توخمی ڕیتم سازی ناو ئەم کتێبەیە و لە ناو ئەو هەموو توخمە فانتازیاییە بێ سەروبەرەشدا وەک بەشێکی جوانناسانەی ڕیتم ساز دیارە؛ بەوەشەوە نووسەر ئەیتوانی باشتر لەم تاکە توخمە بەنرخە کەڵک وەرگرێ. لە ڕۆمانی دوکتور ژیوا گۆدا توخمێکی هاوچەشنی ئەمەی بەختیار ئەبینین؛ بەڵام لەوێ ئەو توخمە دەورێکی وەها ئەبینێ بە نەبوونی بەشێکی گەورە لە ڕیتمی ڕۆمان هەرەس

PDF4Kurd



دێنێ. لەو ڕۆمانەی بوریس پاستەرناکدا ئامێرێکی مۆسیقای ڕووسی (بالالایکا) ئەرکی ڕیتم سازی پێ سپێردراوە.یەکەم جاری دەرکەوتنی ئەو توخمە پاش ئەسپەردە کردنی دایکی دوکتۆر ژیواگۆیە و لە لایەن دۆستێکی دایکیەوە وەک تاکە میراتی دایکی ژیواگۆ پێی ئەدرێت. پاش تێپەڕ بوونی سیازدە چواردە ساڵ و بە دکتۆر بوونی ژیواگۆی منداڵ، لە سەردەمی شۆڕشدا و لەو کاتەی سەربازەکانی ئەرتەشی سوور خەریکن بە زۆر ماڵ بە زڕباوکەکەی چۆل بکەن، دیسانەوە ئەو بالالایکایەمان بەر چاو ئەکەویتەوە. ژیواگۆ هەوڵ ئەدات لە دەستی سەربازەکانی دەربێنێت و لەم کاتەدا چێوە دزراوەکانی ژێر عەباکەی دائەکەوێت و سەربازەکان لە دزییەکەی ئاگادار ئەبن و هەر ئەمە ژیانی دیواندیو ئەکات. جارێکی تر لە شەوێکی سارددا کە خەڵکی بۆ هەڵاتن لە برسیەتی و ئاسەوارەکانی‌تری ڕاپەڕین چاوەڕوانی شەمەندەفەرن، ئاهەنگی دڵتەزێنی بالالایکامان بەر گوێ ئەکەوێتەوە. پاش ساڵانێکی‌تر و دوای ئەوەی ژیواگۆ لە شەڕ هەڵدێت و ئەگەڕێتەوە بۆ لای لارای خۆشەویستی دیسانەوە ئەو بالالایکایە ئەبینینەوە. ئەمجارە ژنەکەی ژیواگۆ (تونیا) وەک نیشانەی ئەمەگداری هێناویە بۆ(لارا) دۆستی شووەکەی تا بیداتەوە بە ژیواگۆ. پاش تێپەڕ بوونی قۆناغێکی‌تری ژیان لەو کاتەی کاموروفسکی (ئەو کەسەی لە تەمەنی ١٨ ساڵاندا تەعەدای لە لارا کردبوو) ژیواگۆ ڕازی ئەکات لارا لەگەڵ خۆی بەرێت. لارا ئەو ئامێرە وەک شتێکی پیرۆز لەگەڵ خۆی ئەبات و چەن جاری‌تریش دەرئەکەوێتەوە؛ بەڵام گرنگترین جار لە کۆتایی ڕۆمان کە درێژەی هەمان پرۆلۆگی ڕۆمانە، بالالایکایێک لە ئەستۆی تونیا (کچەکەی ژیواگۆ و لارا) دا ئەبینینەوە کە پاش پەنجا، شەست ساڵ بێ دەنگ بوونی ئەو ئامێرە وەک نەنکی (دایکی ژیواگۆ) بە جوانی ئەیژەنێ. لەو ڕۆمانەی ژیواگۆدا جگە لەم توخمە سەرەکی‌یەی ڕیتمی ناوەکی بسووڕ ساز دەیان توخمی‌تریشمان بەر چاو ئەکەوێ کە لێرەدا دەرفەتی باس‌کردنیان نییە.

PDF4Kurd


ئەوەی باس‌کردنی لێرەدا گرنگە، لاوازی زۆر زەقی بەختیارە لە هەر سێ ڕووبەری ڕستەی ڕیتمێک، ڕیتمی ناوەکیی ڕوو لە پێش و ڕیتمی ناوەکی بسوور؛ بە چەشنێ کە پێم وایە زۆر ئەستەمە لە هەموو مێژووی ئەدەبدا دەقێکی هێندە لاوازمان بەر چاو کەوێت.

## کۆڵەکەی شەشەم: جیهان‌بینی

لە خوێندنەوەی لایەنی جیهان‌بینیەدا بۆمان دەر ئەکەوێ ئەم دەقە دەقێکی ئایدیالیستییە. دواهەویای دەق گەییشتن بە بەهەشتێکە بە ناوی شاری مۆسیقارە سپی‌یەکان؛ شارئامانجێ کە بەرەی سپی ئەم حیکایەتە بە دوایەوەن. ئەوەی دەق بە ئێمەی ئەدات هەمان تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەموو جۆرەکانی بەرواتاگەری(ئایدیالیسم) واتە جوانیی پەتی، حەقیقەتی ڕەها، مانەوەی هەتا هەتایی و بەختەوەر بوون لە ناو سیستەمێکی دیاریکراوە. ئەم ڕێبازە لەوەتەی هەبووە هەوڵ بۆ پێناسە کردن و بالادەست کردنی سیستەمێکی داوە تیایدا حەقیقەت و والایی و جوانیی نەگۆر یەکانگیر بێت و لە ڕێگای بیر کردنەوەی تەریک و تەسەورەوە دنیاییکی زەینیمان بۆ بئافرێنێ هەڵگری ئەو تایبەتمەندیانە بێ وا بە فاکتەرەکانی جیهانی ئیدیالی ئەزانێ. ئایدیا زەینی‌یە جۆراوجۆرەکان ئەو دوروشمە بریقەدارانەن مێژووی دەسەڵاتەکان بەرانبەر کۆمەڵگای بندەستی ئەکەنەوە و ئەیکەن بە ساریژی ستەم و کلۆڵییە هەنووکەییەکان. زۆربەی ئایینەکان دەستەبەر بوونی جیهانە پرشنگدارەکانیان ئەهێڵنەوە بۆ پاش مەرگ و بەم شێوەیە هەوڵی کەم نرخ کردنی جیهانی واقیع ئەدەن. بەرواتاگەری زۆربەی هەرە زۆری ئایینەکان و باڵە لە سێ باڵی گرنگەکەی مێژووی ئەندیشەی لە خۆ گرتووە. لە ناو ئایینەکاندا بودیسم و جیتائیسم و میترائیسم و هەندێ وردەئایینی‌تری ئەم جیهانی نەبێ دیکەی ئایینەکانی‌تر ئەڕۆنە خانەی ئەم جیهان‌بینی‌یەوە؛ لە ناو

PDF4Kurd



ڕێبازەکــانی ئەندێــشەشدا کۆمەڵــێکی زۆر لــە بیرمەنــدەکانی مێــژوو لــە پارامنیدێس و ئەفلاتوون و فلوتین و دیکارت و نیچە و کرۆچــەوە بگــرە هــەتا زۆرێک لە بیرکارانی ئەمڕۆی بەرەی سەرمایە، لەوانــە لیــوتــار، میــشل فوکــو، فوکویاما و هتد ئەگرێتەوە. ڕێبازی ئەندێشەیی ئەم بەرەیە ســەرەڕای ئــەوەی فرەڕەنگ و جیاواز ئەنوێنێ، کەچی لە چەن خاڵی سەرەکیدا یەک ئەگرنەوە. یەکەم: وێنا کردنی جیهان لەسەر ئەساســی دانراوەیێکــی زەیــنی؛ دووهــەم: بایەخ نەدان بە واقیعەکانی دەرەوەی زەین؛ سێهەم: دابەش کردنی جیهان بە سەر دوو لایــەنی ئایــدیا و دژەئایــدیا؛ چــوارەم: ئیــدعای هەتاهــەتایی بــوون؛ پێنجــەم: ڕازی نــەبوون بــە هــیچ چەشــنە گــۆڕانێکی بنــەڕەتی لــە یاســا زەینی‌یەکاندا؛ شەشەم: کەوتنە خزمەتی شــێوازێکی تایبــەتی لــە دەســەڵاتی نەگۆڕ؛ حەوتەم: هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی بارودۆخی هەنووکــەیی پــاش گەیــشتن بە دەسەڵات.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە مێژووی ئەندێــشە بــڕوانین و بــە تایبــەت گرنگــی بدەینە خاڵەکانی شەشەم و حەوتەم بەشێکی زۆرتر لە ڕێبازەکانی ئەندێــشە و ئایینــەکان ئەکەونــە نێــو بازنــەی بەرواتاگەرییــەوە؛ بــۆ وێنــە ئەندێــشەی ئەرەستوویی کە بە سەرەتای ئەندێشەی وەکهەسگەری(ڕیــالیزمی) دائــەنرێ، هەمان دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەندێــشەی پارامنیدســی لــێ ئەکەوێتەوە و لە خوێندنەوەیێکی وەهــادا هەوڵــدانە بــۆ ســازدانی جیهــانێکی ئایدیاڵ لە ڕێگای بەڵگە هێنانــەوە لــە نموونــە هەڵــبژێردراوەکــانی جیهــانی دەرەوە؛ بۆیە دەرەنجامی سیاسی، کۆمەڵایەتی ئەندێشەی ئەرەستوویی و ئەو شــێوە دەســەڵاتانەی ئــەم بیرمەنــدە پێــشنیاری داوە هــەر هــەمان شــێوە دەسەڵاتەکانی ئەفلاتوون گەورەترین شیکاری ئەندێــشەی پارامنیدیــسی‌یــە. باسی جۆرەکانی بەرواتاگەری و تەشەنەی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیــە بــۆ نــاو ڕێبــازە ســەرەکی‌یــەکانی‌تــری ئەندێــشە، باســێکی زۆر دوور و درێــژە و لــە

PDF4Kurd



دەرفەتی ئەم دەقەدا ناگونجێ. مەبەستی من لێرەدا پیشاندانی باوەڕی خۆمە لە سەر ئەوەی ئەم دەقەی بەختیار نەک هەر لە سەر ئەساسی باوەڕێکی ڕەهاخواز دارێژراوە بەڵکوو مشەخۆری دژەزانستی‌ترین جۆری بەرواتاگەری واتە ئەندێشەی سۆفیگەرییە. ڕەنگە سەلماندنی هیچ ڕاستییێکی ئەم دەقە وەکوو ئەمەی ئاخر ئاسان نەبێ. هەموو خوێنەرێ لە سەرەتاکانی دەقەوە تێ‌ئەگا نووسەر باس لە جیهانێکی والاّ و سپی و بێگەرد ئەکات و بە دوای سازدانی دەسەلاّتێکی نەگۆڕ و هەتاهەتاییەوەیە و هەوڵ ئەدات جیهانێکی وا ساز بدات هەڵگری هەموو خواست و هەویا مێژووییەکانی بەشەر بێت و بۆیە بە دوو ئاراستەدا دەستی داوەتە دابەش کردنی جیهان و دوو بەرەی جوانی و دزێوی لە جێگای بەرەکانی خێر و شەڕ داناوە و لە ڕێگای ئەم دوئیسمەوە دەقێکی بە تەواوەتی ئایدیالیستی پێک ئانیوە کە زۆر جار بەرەو سۆفیگەری ئەبێتەوە.

نووسەر مەراقی هەمان جیهانی بەردەوام بڕیار دراوی ئەندێشە ئایدیالیستیەکانمان دەخاتە دڵەوە و ئامادەمان ئەکات بۆ وەرگرتنی هەموو ئەو بابەتانەی هزر و ئاوەز و مەنتیقی جیهانی واقیع و دەقیش بۆ ڕەتکردنەوەی پاڵمان پێوە ئەنێ. مل‌دان و وەرگرتنی دەق وەک جیهانێکی داستانی مرۆڤێکی گوێڕایەڵی ئەوێ لە چەشنی کەسێتی‌یەکانی ناو دەقەکی. ئەو کەسانەی مافی پەیڤین و ڕوانینی جیاوازیان نیە و ئەگەر لە دەرەوەی سنوورەکانی خواستی نووسەرەوە بێنە گۆ و کردەوەیێک بنوێنن، ڕاستەوخۆ ئەکەونە دەرەوەی سیستەمی نرخداریەتی دەق و ئەبنە بەشێک لە بەرەی تاوان و دزێوی. بە پێچەوانەشەوە ئەوەی پاشکۆی نووسەر بێت ئەکەوێتە بەرەی جوانی و بەهەشتی بوونەوە. دوو چەمکی جوانی و دزێوی زۆربەی بارستایی دەقیان قۆرخ کردووە. بەرەی دزێوی ئەو بەرەیەن وا پرۆژەی ئەنفال و لە ناو بردنی جوانی بەڕێوە ئەبەن. هەموو کەسەکانی پێوەندیدار بەم

PDF4Kurd



چەمکە یان تاوانباری تەواو و ڕەش و ئەهریمەنین و یان بێ تـاوان و سـپی و بەهەشتین. پینەوپەڕۆی وا ڕەش و سپی بە بەری ڕۆماندا زەق ئەنوێنێ؛ دەنـا هەموو کەس ئەزانێ کوشتنی کەسە بێ تاوانەکان، تاوانە. زۆر کـەس لـە بـەر بەرژەوەنـدی و خۆهەڵکێـشاندنیش بووبێـت خۆیـان ئەدەنـە پـاڵ بـەرەی ستەملێکراوان و بە تاوانبار کردن و ئیدانـە کـردنی بـەرەی تاوانبـار، پـاکێتی خۆیان ئەسەلمێنن. ئەگەر ئەنفال یەکێ لە بەڵگەکانی سـتەم و بـێ ڕۆحمـی مرۆڤـە دژ بـە مـرۆڤ، هـەر بـەو ڕادەیـەش سـفرەیێکی ڕاخـراوە بـۆ بـەرە جۆراوجۆرەکان. پاش تێپەڕبوونی هەژدە ساڵ لەم پرۆژەیـە، زۆر لایـەن ئـەم کارەساتە مێژوییەیان کردۆتە ئـامێری پڕوپاگەنـدە، فریـودان و داپۆشـاندنی لاوازی و ستەمکارییەکانی خۆیان. زۆر لایەن هێشتاکە نانی ئەنفال ئـەخۆن و لە ڕێگای زلکردنەوەی مەترسییەکانی ئەنفالـەوە لـە بـوارە جۆراوجۆرەکـانی دەسەلات و ئابووری و ئەدەبدا خەریکی دەسـەلاتدارین. لـەم نێوانـەدا ڕووی دەمم لەوکەسانەیە وا بە ناوی ئەنفالەوە نیشتوونەتە سەر سفرەیێکی ڕەنگـین و خەریکی گەمژاندنی خەڵکن و بە ناوی ناسـاندنی لایەنـە سـتەمکارانەکانی ئەنفالەوە خۆیان کردۆتە مـەلا و ڕێبـەری ئـەم خەڵـکە دایمـە مـەنفاکراوە و ئەنفالیان کردۆتە پاساوی لاوازی و بێ بایەخ بـوونی بەرهەمـەکانیان. ئـەنفال ڕەشـترین کارەسـاتی مێـژووش بێـت، لـە ڕووی ئەدەبییـەوە بریتیـە لـەو ساتەوەختە شیرینانەی بە هـۆی بـەرز بوونـەوەی ئەندێـشەیێکی چەواشـەوە فەوتاون و ئەو ساتەوەختە پڕ دڵەڕاوکێ و ترس و ئازارانەی دیسانەوە بە هۆی بالادەستی شێوەیێکی بیرکردنەوە بە سـەر مرۆڤـدا سـەپاون و لـەم نێوانـەدا کاری هونەر پیشاندانی لایەنەکانی ئەو ئازارانەیە وا مرۆڤی زیندوو ئەهاڕێت و ئەو چێژ و ساتەوەختە شیرینانەیە وا لە مرۆڤی خاوەن هەست زەوت ئەکرێن. پاش تێپەڕ بوونی هەژدە ساڵ بە سەر پـرۆژەی ئـەنفال یـەک دوو بەرهـەمی وەک وەرزی سەهۆڵ بەندانی لێ بەدەر دیکەی بەرهەمـەکانیتـر هـیچ نـین

PDF4Kurd


جگە لە مشەخۆری لە خوێنی خەڵک و بە تریبون کردنی خۆێنی ئینسانەکان بۆ هەراڵە دان. من لێرەدا نامەوێ لە سەر ویستەناو و خواستی دەروونی کەسێکی وەک بەختیار بڕیار بدەم؛ لەبەر ئەوەی ئاگاداری دەروونی نیم، بەڵام ڕەوای ئەبینم بڕیار لە سەر دەقەکەی بدەم و وەک خوێنەرێ ڕای خۆم سەبارەت بە جۆری ڕووبەڕوو بوونەوەی دەقەکەی لەگەڵ پرۆژەی ئەنفال بدەم. ئەو ئەنفالەی دەق بە ئێمەی ئەناسێنێ بەر لە هەر شتێ جۆرێکە لە سازدانی باوەڕی ئەنفالگەرانە. نووسەر هەموو هۆکارەکانی ئەنفالی گەڕاندۆتەوە بۆ تاوانبار بوونی تاقمێ ئینسان و بێ تاوانی و پاک بوونی بەرەییکی‌تر. ئایا ئەمە بڕیارێکی هونەرمەندانەیە؟ ئایا ئەرکی ئەدەب سەلماندنی قرێژی و نگریسی بەشێ لە مرۆڤ و پیرۆزایەتی بەخشین بە بەرەییکی‌ترە؟ ئایا ئەو کەسانەی پرۆژەی ئەنفالیان بەڕێوە دەبرد خۆیان یەکەم قوربانییەکانی ئەندێشەی پاکتاو نین؟ ئایا لەم دەقەدا زۆر هۆکاری‌تری سازێنەری ئەنفال پشت گوێ نەخراون؟ ئایا دواکەوتوویی کورد بەشێک نەبووە لە هۆکارەکانی ئەنفال؟ ئایا ئەو پێشمەرگانەی وا بۆ گەییشتن بە خواست و ئامانجێکی خۆیان خەڵکیان ئەکوشت، زەمینە خۆش‌کەری ئەنفال نەبوون؟ بێ شک بەرەی شۆڕشگێری ئەو سەردەمە کە ئەم دەقەی بەختیار بە سەریاندا بازی داوە و دەستیان هەبووە لە کوشتنی بکەرەکانی ئەنفالدا پەپوولە نەووگن دەنا وا زوو نەئەبوون بە گورگ و لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ئاوەها دەوری ستەمکاریان نەئەگێڕا و لە بەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان جەماوەری ڕەش و ڕووتی یارمەتیدەری خۆیانیان تووشی ڕۆژڕەشی و نەهامەتی نەئەکرد. ئایا جگە لەم دوو بەرەیە واتە عەرەبی ئەنفالکەر و پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ دەیان‌چینی‌تری وەک بەکرێگیراو، هەل‌پەرەست، فریوکار، ئاگرخۆشکەر و هتد بوونی نەبووە؟ لە سەروو هەموو ئەمانەوە ئایا دەیان دەستی‌تر لەسەرەوە، جێبەجێکەری کردەوەکانی مرۆڤ کوژی نەوگن؟ ئایا

PDF4Kurd



ئەو مرۆڤ دۆستانەی وا ئەمڕۆ بە ناوی دیموکراسی و ڕەهایی بەشەرەوە ڕوویان کردۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ژێر دروشمی بریقەداری لیبراڵ دێموکراسیدا خەریکی ڕاوڕووت و تاڵان و بڕینن و جەماوەری هەژار و بندەست بە گژی یەکتر ئەدەن، دەورێکی زۆر بەرچاوتریان لە پرۆژەی ئەنفالدا نەبووە؟ بەختیار جگە لەوەی زۆر تەک ڕەهەند و بەرتەسک ڕوانیویەتیە ئەم پرۆژەیە، هیچ هەوڵێکی بۆ بە ئەدەب کردنی ئەم کارەساتە مێژوویە نەداوە؛ واتە لە ڕوانگەیێکی گشتیی‌نوارەوە خەریکی خیتابە خوێندن بووگە و لە بری ئەوەی لە ڕێگەی چرکەساتە پڕ ئازارەکانی کەسێتی‌یەکانەوە، لە ڕێگەی دڵەڕاوکێ و ترس و مەینەتیەکانی کەسێتی یەکانەوە ئەنفالمان پێ بناسێنێت و لەو شۆینانەی دەروونمان بدات وا ئەنفال و ئەنفالگەری پاساو ئەدەن و ناچارمان بکات بە خۆماندا بچینەوە، هەوڵ ئەدات بەرامبەر بەو دەسەڵاتەی وا بەرهەمهاتووی دروشمی ئەنفالە دەستەوەستاومان بکات. ئەوەی لە دەقدا ئەیبینین تەنیا و تەنیا پیاهەڵدان و تێ‌هەڵدانی دوو بەرەیە. بەرەی بکوژانی جوانی و ئەنجام دەرانی پرۆژەی ئەنفال و هەر وەها بەرەی قوربانییە جوانەکان. لەم ناوەدا ئێمە هیچ کەسێکی ئاوارتە نابینین. سۆزانییەکانی شاری تەپوتۆزە زەردەکانیش تەنیا بەشێکن لە قوربانی‌یەکانی ئەنفال؛ تەنانەت سامیری بابلیش وا لە ڕواڵەتدا ئاوارتە ئەنوێنێت، دیسانەوە هەر ئەندامێکی دەمارگرژی بەرەیێکە و پاش تۆبە کردن و وازهێنان ئەڕواتە نێو بەرەیێکی‌تر. وتمان جگە لە باسی ئەنفال کە لەگەڵ بەرەی تاوان و ڕەش و نگریسیدا هاو واتایە، چەمکی جوانیش لایەنێکی بەرچاوتری تەک ڕەهەندی و ئایدیالیزمی ئەم دەقەیە. لێرەدا جوانیی پەتیی ئەو سیما شکۆدارەیە نووسەر لە بری بەرواتا(ئایدیا)ی ئەفلاتوونی و ناخواتا(جەوهەر)ی ئەرەستوویی دایناوە. والایی و جوانیی پەتیی دوو مژاری گرنگی مێژووی ئەندێشە و جوانناسین و ڕووبەرێکی زۆریان لە ئەندێشەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی

PDF4Kurd


داگیرکردوو. لە کونترین بەشەکانیوداو و ئەویستاوە بگرە هەتا ڕاسپاردەکانی کونفوسیوس و جیتا و هتد و لە ئەندیشەی ڕۆژئاواییشدا لە یەکەم دەقەکانیانەوە جوانی و والایی لە تەورە سەرەکییەکان بووە و دەیان لاپەڕە لە کتێبەکانی کۆمار، بوتیقا و ئەو پەڕی سروشتی قۆرخ کردووە؛ بەڵام ئەوەی بەختیار لەم کتێبەیدا ئەینێتە زمانی کەسەکانەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەو جوانی و والایییەیە کانت لە کتێبەکانی (لێکدانەوەی ئاوەزی پەتی) و هەروەها (لێکدانەوەی هێزی داوەری) باسی لێ کردوون. ئەگەر لەو کتێبانەدا کانت هەوڵی داوە جوانی بسڕێتەوە لە ئاکامپەرەستی و گشتی خوازی و بڕیاری ئاپۆرەیی، بەختیار لێرەدا ئەو جوانییە پەتییەی کردۆتە بەرواتایێک و وەک پارناسیستەکان لە جێگای خێری تەواو و بەرانبەر بە شەڕی تەواو واتە دزێوی دایناوە. لەم کتێبە دوور و درێژەی بەختیاردا بە دەگمەن دێرواتایێک ئەبینین هەڵقولاوی دەق بێت و دەلالەت بێ بۆ خەڵوەتێکی بیرکردنەوەی نووسەر. ئەو باسانەی لێرەدا کراوە، زۆربەیان لە تەوەرە سواوەکانی مێژووی جوانناسی و ئەندێشەن و زۆر جاریش بەختیار ڕێک بە هەمان زمان و ستایلی خۆیانەوە هێناویەتیە ناو دەقەکەی. لێرەدا لە بەر دوو هۆکار واز لە بەراورد کردنی ئەم دەقە لەگەڵ دەقەکانیتر دێنم. یەکەم: ڕخنەی بەراوردکارانە لە ناو کۆمەڵگاییێکی دواکەوتووی وەک کومەڵگای کوردی دەرەنجامی پێویست نابەخشێت و ڕاستەوخۆ دوو دەرەنجامی ناهۆشیارانەی فیکەکێشان و داکۆکی دەسبەجێی بەرهەڵستکاران و جنێودان و تووڕەبوونی دەروێشانی لێ ئەکەوێتەوە. دووهەم: ئەم دەقەی بەختیار لە ڕووی ناوەرۆک، شێوە و تەکنیکەوە ئەوەندە نارێک و لاوازە دوو کەرەسەی مونتاژ و کولاژیش نەیتوانیوە فریای کەوێت و ئەوەی هێناویەتیە نێو دەقەکەیەوە دەقەکەی زیاتر قەڵباندووە و لە ئیلتیقات نزیکی کردۆتەوە؛ بۆیە بە بێ لە بەر چاوگرتنی ئەوەی ئەم باس و مژار و پەچەوتارە فەلسەفی و جوانناسانانەیە لە کوێوە

PDF4Kurd



هاتوون لە ڕووی جیهانبینییەوە دەقەکەی ئەخمەد بەر باس و هەوڵ ئـەدەم تیشک بخەمە سەر ئەو لایەنانەی، ئەم دەقەی کردۆتە دەقێکی ئایدیالیـستی. نووسەر لێرەدا بە پێچەوانەی بەرهەمەکانی پێشووتری و بە تایبـەت ئێـوارەی پەروانە بڕیار لە سەر جاوید بوونی هونەر ئەدات. ئەگەر لە ئێـوارەی پەروانـەدا نووسەر دوای هێگل ئەکەوێت و بانگەشە بـۆ مـەرگی هونـەر ئـەدات، لێـرەدا کەڕەنای هەتا هەتایی بوونی هونـەری گرتۆتـە دەسـت و هەراڵـە بـۆ جاویـد بوونی هونەر ئەدات. تاکە کەسێکیش وا هێشتاکە بۆنی کەسێتییـەکانی نـاو ئێوارەی پەروانەی پێوە ماوە (موحەممەدی فێردەوسی) و بەردەوام لـە سـەر بێ بایەخ بوونی هونەر پێداگری ئەکات لـە ئاکـامی دەقـدا و لـە دەرەنجـامی بیستنی مۆسیقا موزارتییەکەی جـەلادەت لـە کـەری شـەیتان دائەبـەزێت و ئەشهەد و ال هونەری جاوید ئەڵێت و بە کـافری نامرێـت. نووسـەری دەقـی شاری مۆسیقارە سپییەکان جوانی پەتیی لە جێگای خێـری پـەتیی و دژ بـە دزێوی یان شەڕی پەتیی داناوە و لەم دوئیسە فیکرییەدا دیـسانەوە جیهـانی دابەش کردۆتە سەر دوو ئاراستەی جوانی و دزێـوی. جـۆرێ لـە جۆرەکـانی هونەر پەسـەند ئـەکات و نازنـاوی جاویـدی پـێ ئەبەخـشێت. مـوزارت ئـەو کەسەیە کەوتۆتـە بـەر ڕەحمـەتی نووسـەر و بـە درێژایـی دەقەکەیـدا وەک پێوەری مۆسیقای جاویـد باسـی لـێ ئـەکرێت و بەشـێکی دوور و درێژیـشی «موزارت و باخێکی جاوید» بۆ تەرخان کردووە و لەم بەشـەیە و لـە دیکـەی لاپەڕەکانی دەقەکەیدا هەوڵـی بـێپسانەوە ئـەدات بـسەلمێنێ وەک چـۆن موزارت لە ڕێگای مۆسیقاوە جاوید بووەتـەوە، دیکـەی مرۆڤـیش بـۆ ئـەوەی نەفەوتێن ئەبێ پەنا بەرنە بەر هونەر. واتە مانەوەی موزارتی کردۆتە بەڵگە بـۆ ئایدیا بوونی هونەر و بەم پێیە زلپرسێ دەورووژێنێ: ئایا بە ڕاستی موزارت لە ڕێگای مۆسیقاوە هەتا هەتایی بووەتەوە تا ببـێ بـە بەڵـگە بـۆ هـەتا هـەتایی بوونی هونەر؟ نووسەر لە کوێی مێژوودا ڕاوەسـتاوە وا بـڕیاری جاویـد بـوونی

PDF4Kurd



موزارت ئەدا؟ ڕاستە ئێستا موزارت وەک مۆسیقازانێکی گەورە چاو ئەکرێ بەڵام ئایا دە هەزار ساڵی‌تر موزارت هەر بە هەمان چاوی ئەمڕۆ سەیر ئەکرێت؟ بێ‌شک تا ئەو کاتە دەیان مۆسیقازانی‌تر دێنە گۆڕێ و دەیان ڕێباز و بەرچکی‌تری مۆسیقا دێنە ئافراندن و ئەمەش دەرەنجامی ماتریالیزمی مێژوویی و بزاوتی زمانە. تەنیا نووسەرێکی ئایدیالیست و بێئاگا لە مۆسیقا ئەتوانێ بڕیاری جاوید بوونی هونەر بدات؛ ئەویش بە بەڵگە هێنانەوە لە کەسێ کە لە سەردەمی خۆیشیدا کەسی یەکەم نەبووە. ڕاستە موزارت یەکێ لە بەناوبانگترین مۆسیقازانانی سەردەمی کلاسیکی ڕۆژئاوایە، بەڵام شاسواری مۆسیقا نییە و ئەدرێتە پاڵ چەند مۆسیقازانی گەورەی وەک باخ و بتهۆڤێن و هایدن و ڤاگنێر و شوپێن و چایکوڤسکی و هتد. دیار نییە نووسەرێ کە کۆی دەقەکەی لە بواری مۆسیقادا نەزانینی لێ ئەبارێ چلۆن وێراویە بڕیاری وا دەربکات؟! با لێ‌گەڕین مۆسیقای موزارتی گەورەترین ئایدیا و پێوەری هونەری واڵا و جوانی جاوید بێ. لەم دەقەدا بەشێ لە هونەرەکان ئەدرێنە پاڵ ئەم هونەرە و وەک جوانی جاوید سەیر ئەکرێن و بەشێکی تریش دژ بەم هونەرە پیرۆزانەن و ئەکەونە خانەی دزێوییەوە. هەر بەم پێیە ئەو کەسانەی خزمەتی ئەم جۆرە هونەرە ئەکەن کەسی باش و قارەمانن و پاش کوژران شەهیدن. کە وابوو ئەم دەقەی بەختیار دەقێکی شۆڕشگێڕانەیە؛ بەڵام ئەم ڕادەربڕینەی من لە خۆیدا بڕیارێکی گشتی‌نواڕانەیە و پێویست ئەکا زیاتر لە جیهان‌بینی ئەم دەقە ورد ببینەوە و پاژنواڕانەتر سەیری ناوەڕۆک و ڕوخساری بکەین؛ بۆیە وەک سەرەتای دەسپێکردنی ئەم وتارە دیسانەوە بە دانراوەیێکەوە ئەڕۆمە نێو باسەکەوە «شاری مۆسیقارە سپی‌یەکان لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە دەقێکی بە تەواوەتی سۆفییانە و شۆڕشگێڕانەیە» پێم وایە ئەم دانراوەیە نەک هەر هیچ چەشنە ناکۆکیێکی لەگەڵ بەشەکانی پێشتری وتارەکەدا نییە، بەڵکوو ڕوونکەرەوەی زۆرێ لە لایەنە

PDF4Kurd



لێڵەکانیشیەتی. لە هەموو بەشەکانی بەر لە باسی جیهانبینی و لە تیشک خستنە سەر پێنج کۆڵەکە دەسنیشان کراوەکەی ڕۆماندا هێندێ سەبەب و هۆکار ئاراستە کرا بۆ بە حیکایەت زانینی دەقەکەی بەختیار؛ بۆیە ئەگەر ئەو بەڵگە و هۆکارانەی باسکران جێگای خۆی گرتبێت، هاوکات یەکێ لە لایەنەکانی سۆفییانە بوونی ئەندێشەی دانەر واتە پەنا بردنە بەر حیکایەت و هەست ئاژینی بۆ سەلماندنی باوەڕە حیماسی و میتافیزیکییەکان ئەسەلمێت. هەروەها ئایدیالیست بوونی دەقیش پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئەو شێوە سۆفیگەرییەی ئەم دەقەی لێکەوتۆتەوە. وشەی سۆفی ئەبووڕەیحان وتەنی لە وشەی سۆفیای یۆنانییەوە هاتبێ یان بە مانای خوریپۆش بێت یان هەر شتێکیتر، لە خوێندنەوەیێکی دیروکیدا و بە ورد بوونەوە لە هەر سێ سەر چاوەی گرنگی سۆفیگەری عیراق و نێوان دووچەم، سۆفیگەری هیندو ئێرانی، سۆفیگەری میسر و مەراکیش و شامدا دەرئەکەوێ هەڵگری دوو تایبەتمەندی هاوبەشن. یەکەم ئەوەی هەر هەموو ئاخێزگەی هیند و ئورووپاییان هەیە و دووەم تایبەتمەندی هاوبەشیشیان ئەوەیە هەر هەموویان لە ناو دڵی نابەرابەری و لە دژایەتی کردن لەگەڵ ئەندێشە و دەسەلاتێکی پاوانخواز و ئایدیالیستدا سەریان هەڵداوە. هۆی سەرهەڵدانی هەموو بزووتنەوەکانی سۆفیگەری لە مێژوودا بەرەنگاری کردن لەگەڵ دەسەلاتێکی ئایدیالیستی بووگە کە شەرعیەتی بەخشیوەتە چینە نەگۆڕەکانی کۆمەڵگا. چ ئەو ڕێبازەی لە سەردەمی کویلەداری لە یۆناندا لە ژێر ناوی سوفیستائیسم سەری هەڵداوە و چ بودائیسمێ کە لە ناو دڵی سیستەمی چینایەتی براهماییەوە هاتۆتە گۆڕێ و چ ڕێبازی شعووبیە، هەر هەموو کاردانەوە بووگن بەرامبەربە سووکایەتی پێ کردنی دەسەلاتداران و نەتەوەی سەردەست. هەروەها هەموو ئایینە کۆنەکانی هیندوئورووپایی (مەبەست ئەو ئایینانەیە وا دەقیان لێ ماوەتەوە) لە سەر دوو باوەری بنەڕەتی

PDF4Kurd



میتامورفیس و تەجەسود دامەزراون. هەر دووی ئەم دوو واتایە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بزوات و ماتریالیزمەوە هەیە. لەو ئایینانەدا کە باس لە تەناسوخ ئەکرێ لە ڕاستیدا باس لە حەرەکەتێک ئەکرێ لە نزمییەوە بەرەو بەرزی. ئایینە دێرینەکانی هیند و ئورووپایی ئەم بزاوتە بە حەوت قۆناغی ڕچاوی، ڕوەکی، ئاژەڵی، مرۆڤی، ماگتی، مایا و نیروانا ئەزانن. زۆربەی ڕێبازەکانی سۆفیگەری باوەڕیان بەم حەوت قوناغە بووگە؛ هەر چەند ناوگەلێکی تریان بۆ دانابێتن؛ بۆ وێنە مەلەکانی حیکایەتی سیمورغی عەتاری نەیشاپووری هەتا گەییشتن بە واتای سیمورغ بە حەوت قۆناغی: خواست، ئەڤین، ناسین، بەسێتی (قیناعەت)، تاکپەرەستی، شاگەشکەبوون، هەژاری و توانەوە ئەپەڕنەوە. لەم ڕێبازە ماتریالیستییەدا کەس ئاست و پلەیێکی دیاریکراو و هەتا هەتایی پێی نەبەخشراوە و هەر کەسە و بە پێ پالاوتن و پێشوەچوون بەرز ئەبێتەوە یان بە پێچەوانەوە بە هۆی دەست لەخۆ داشۆردن و بێ پارێزی دائەبەزێ. باوەڕی تەناسوخ خاڵی سەرەکیی هەموو ئایینە هیندوئورووپاییەکانی بەر لە سەرهەڵدانی دوئیسمە و دەرەنجامەکانیشی بریتین لە: ١- نەبوونی چاک و خراپی ڕەها و هەتا هەتایی ٢- دیار نەبوونی چین و پلەی کۆمەڵایەتی نەگۆڕ ٣- باوەڕ بە تەجەسود. بە پێ باوەڕی تەجەسود حەزرەتی حەق لە ڕوخساری مرۆڤدا دائەبەزێتە سەر ئەرز. لە ئایینەکانی سەر بەهێنددا تەجەسودی حەزرەتی حەق لە ڕواڵەتی کەسانێکی وەکوو کریشنا و ڕاما ڕوو ئەدا. هەر بەم پێیە لە ئایینە کوردییەکانی وەک ئێزەدی و یارساندا کە لە دڵی ئەندێشەی میتراپەرەستییەوە هەڵقولاون، باوەڕی تەجەسود باوەڕێکی هێشتا زیندووە؛ بۆ وێنە ئەهلی حەقەکان ڕایان وایە دوایین تەجەسودی حەزرەتی حەق لە هەیئەتی سوڵتان ئیسحاق (سان سهاک) دایە؛ هەروەها ئێزەدییەکان ئەم تەجەسودە لە سیمای کەسانێکی وەکوو شێخ هادی یان شێخ عەدێ ئەبیننەوە. میتراپەرەستی یەکێ لە

PDF4Kurd



بەرجەستەترینی ئەو ئایینانەیە کە لە سەر ئەساسی بڕوای تەناسوخ دامەزراوە. هەر چەن ئایدیای ئەم ئایینە تیشکە، بەڵام تیشک تەنیا وەک چەمکی تیشک خاوەن پێودانگە و بوونێکی ڕەها و چەسپاو نییە کە پێچەوانەکەی تاریکی بێت؛ بەڵکوو ئەم ئایینە و دیکەی ئایینە هێند و ئورووپاییەکانی بەر لە سەرهەڵدانی دوئیسم، تاریکی و خراپە، برسیەتی و هەموو نەبوونییەکانیتر بە بەشێ لە ئیرادەی حەزرەتی حەق ئەزانن و دنیا دابەش ناکەنە سەر دوو ئاراستەی ڕەشی تەواو و سپییەتی تەواو. یەعنی لە لایێکەوە تیشک لە جووڵانەوەیێکی بەردەوام ئەبینن لە نێوان قۆناغەکانی بەرز بوونەودا و هەروەها وەک لە ئەندێشەی پروتاگۆراسی یۆنانی ئەیبینین لە هەموو تاریکییێکدا بەشێ لە ڕووناکی و لە هەموو نەبوونی و خراپییێکدا بەشێ لە هەبوون و چاکی ئەبینن. ئەم ئایینە لە سەدەکانی ٢ و ٣ ی بەر لە زایین (پاش هێرشی ئیسکەندەر) لە ڕۆژهەڵاتی تورکیەی ئیستاوە کە ئەو کاتە ناوەندی میتراپەرەستی بووگە ڕۆیشتووتە ئورووپا و لەوێدا بووەتە ئایینی زاڵ و لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەو کاتەی ئورووپادا بووەتە ئایینێکی وەها زاڵ کە لە سەدەکانی ٢و٣ ی پاش زایینیشدا و پاش ئەوەی ئایینی مەسیحییەت لە درێژەی باوەڕی نوێ ئەفلاتوونیەکاندا تەشەنەی کردە نێو ئورووپا، زۆرێک لە بنەماکانی تیشکپەرەستی و سیمبولەکانی ئەم ئایینە وەک خاچ، ئەڵقەی زەماوەند و شێر ڕۆیشتە نێو ئایینی مەسیح و تەنانەت ئەو باوەڕەی کە عیسا پاش مەرگ هەڵکشاوە بۆ ئاسمانی چوارەم و لە ناو دڵی هەتاودا گیرساوەتەوە ڕێک باوەڕێکی میتراییە؛ بۆیە ئەکرێ هەر سێ ڕەهەندەکەی سۆفیگەری بگێڕینەوە بۆ سەرچاوکەی میتراپەرەستی و باوەڕە هیند و ئورووپاییەکانی بەر لە میتراپەرەستی. سەلماندنی ئەم باوەڕە لە سەردەمی ئێستا و پاش وەرگێڕانی دەقەکانی میتراپەرەستی لە لایەن هاشم ڕەزی و داوودپوور و هەروەها لێکۆڵینەوەکانی ورماوزن و لومێل و

PDF4Kurd



ڕۆژهەڵاتناسەکانی‌تر ئاسانە. ئێستا شک لەوەدا نییە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکان‌دا ئایینی زەردتوشتی بووەتە ئایینی باڵادەست و لە لایەن دەسەڵاتەوە هەوڵ دراوە بە زەبر و بە هەراڵە بە سەر خەڵکدا بسەپێندرێت. ئەم ئایینە لە ڕاستیدا ئایینی دەرباری ئەو سەردەمە بووگە و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی پەیڕەو کردووە. هەر بەم پێیە وەک هەموو دوئیسمەکانی‌تر جیهانی‌دابەش کردۆتە سەر دوو ئاراستەی چاکە و خراپە و لەم ڕێگایەوە پلە و پایەی چینایەتی نەگۆڕی دیاری کردووە و بەرزترین شوێنەکانی ناوەتە لاوە بۆ دەسەڵاتداران و بەکرێگیراوانیان؛ بۆیە لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا کاردانەوەیێکی نەرێنی هێناوەتە ئاراوە و لەم کاتەدا ئایینی بوودائیسم کە بۆ خۆی چاکگەرییێکە لە ئایینی براهماییدا و بە دوورە لە هەڵاواردنی چینایەتی، ئەبێتە سەرچاوکەیێکی بنەڕەتیی دامەزرانی سۆفیگەری لەو سەردەمەدا. سۆفییەکانی ئەو سەردەمە بە نزیکبوونەوە لە بودیسم و گەڕانەوە بۆ تیشک‌پەرەستی لە خەباتێکی کۆمەڵایەتیدا کەوتوونەتە دژایەتی کردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سەردەم و ئایدولۆژیای زەرتوشتیگەری. پاڵدانە پاڵ بودیسم لەو سەردەمەدا لە ڕاستیدا دوور کەوتنەوەیە لە باوەڕی (کن فیکون) کە خاڵی سەرەکیی باوەڕی فلوتین، زەردتوشتیگەری و هەروەها ئەو سێ دینە گەورەیەیە وا بە ئایینە ئاسمانییەکان ناویان لێ ئەبرێت. سۆفیگەری لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەوڵی سڕینەوەی باوەڕی ڕەش و سپی و لە ناو بردنی چینە خەڵاتکراوەکانی داوە. سۆفیگەری هەوڵی داوە پلە و پایەی مەعنەوی مرۆڤ بگێڕێتەوە بۆ ڕادەی هەنگاونانی بەرەو پاک بوونەوە و پارێز؛ ویستوویە جوانی و واڵایی و چەمکە ئەرێنییە کۆنەکان بگێڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی بەشەر بۆ خۆی نەک ئەو نازناوانەی دەسەڵات دەیبەخشێ؛ بۆیە ئەندێشەی سۆفیگەری بەردەوام لە هەموو قۆناغە ستەمکارانەکاندا بووەتە بزوتنەوەیێکی جەماوەری و

PDF4Kurd



بە پێی هەل‌ومەرج خۆی نوێ کردۆتەوە. بۆ وێنە پاش هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووکایەتی کردنی عەرەب بە نەتەوەکانی‌تر، دیسانەوە ئەم ئەندێشەیە و ئەمجارە لە ڕواڵەتێکی ئیسلامیدا بەرز کرایەوە و بە بەڵگە هێنانەوە لە ئایەتی «إنا خلقناکم من ذکر و انثی و جعلناکم شعوباً و قبائل لتعارفوا، ان اکرمکم عندالله اتقیکم، ان اللّه علیم خبیر» بزوتنەوەی شعووبیەی لێ کەوتەوە کە دیسانەوە نرخی مرۆڤی گێڕایەوە بۆ ئیمان و زاخاوی ڕۆح و پارێز نەک سەر بە زمانی عەرەب بوون و ڕەگەز و هتد. لە خوێندنەوەیێکی مێژوویدا تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێبازەی سۆفیگەری کە ئاخێزگەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ میترا پەرەستی و تا بەر لە والا بوونەوەی لە ناوەرۆکی خۆی بریتی بوون لە یەکەم: ئەم ئەندێشەیە بەردەوام ڕێباز (تەریقەت)ی پەیڕەو ئەکرد نەک شەریعت و بەم پێیە هەموو ئایین و باوەڕە جیا جیاکانی لە خۆی ئەگرتەوە. دووهەم: دەلاقەی ڕوانینی ئەم ئەندێشەیە دڵنواڕی (شهوود) یە نەک ئاوەزمەندی. سێهەم: لەم ئەندێشەیەدا هیچ ڕەش یان سپی‌یێکی تەواو بە دی ناکرێ. چوارەم: ئەم ئەندێشەیە بەردەوام بەرەنگاری سیستەمە ناعادیلانە و دابەشکەرەکانی مێژوو بووەتەوە. پێنجەم: شێوەی بەرەنگار بوونەوەی ئەم ئەندێشەیە جگە لە هەندێ لقی وەک جوامێرەکان (فەتیی‌یەکان) ڕووبەڕوو بوونەوەی قەراخ بێوەییانە بووە نەک شۆڕشگێڕانە (بەردەوام لە پلانی خۆپاریزی(تەقییە) و شاردنەوەی ڕاستیەکانی دەروون کەڵکیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی نەکەونە بەر توند و تیژییەکانی دەسەلات.) شەشەم: زمانی ئاخاوتنی ئەم بەرەیە زمانی هێما و سیمبولەکانە نەک زمانی پەیقینی ڕاستەوخۆ.

لە پاڵ ئەم ڕێبازە ئەندێشەییە چاکخوازانەیە ڕێبازێکی‌تریش هەر بە ڕواڵەتی سۆفیگەرییەوە گەشەی کردووە کە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو بنەما فیکرییەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ دوئیسمی

PDF4Kurd



مانەوییەت. مانی ئەو پەیغەمبەرە نیگارکێشەی نیگارەکانی بە موعجیزە ئەزانن و خاوەن کتێبە نیگاری ئەرژەنگ بووە لە دەوری ٢٣٠ی زایینیدا ئایینەکەی خۆی ڕاگەیاند. ئەو لە درێژەی ئەو باوەڕانەی لە سەر دوئیسم دامەزراون لای وابوو هەر دوو لایەنی شەڕ و خێر لە کۆنەوە هەبووگن و هەر سێ توخمە سەرەکییەکانی هەوا، خۆڵ و ئاگر دوو سروشتیان هەبووە: یەکەم چاکی و خێر و دووهەم سروشتی خراپە و شەڕ و لەم نێوانەدا شەڕی ڕاستەقینە لە نێوان ڕووناکی و تاریکیدا بووگە. ئەم دوئیسم (سەنەوییەت)ی گەیاندە ئەو پەڕی خۆی؛هەروەها جیهانی دامەزراوە لە سەر دوو کۆڵەکەی نەگۆڕ و هەتاهەتایی شەڕ و خێر یان ڕووناکی و تاریکی ئەزانی. ئەهوورامەزدا وەک ئافرێنەری ڕووناکی و چاکە و ئەهریمەن ئافرێنەری خراپە و تاریکی. کەوشەنی هەر دوو لایەنی بە بێ سنوور دائەنا. خودای گەشەسەندوو لە ئاراستەکانی بەرزایی، قووڵایی، باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەزانی و کەوشەنی ئەهریمەنی تەنیا بە باشوور دائەنا و پێی وا بوو ئەم دوو بەرەی پرشنگ و تاریکییە لە ئاراستەیێکەوە ئەبن بە سنووری یەکتر. لە سەردەمێکدا تاریکی دەسدرێژی ئەکاتە سەر ئەم بەشە لە تیشک و جیهانی مادی و چەپەڵی لێ دێتە گۆڕێ. بۆیە پاژەکانی تیشک لە ڕێگەی بزوات و بەرز بوونەوە ئەیانەوێ چاک ببنەوە و ببن بە مرۆڤ و لە ڕێگای هێندێ پارێزی وەک خونڕێژی نەکردن، گۆشت نەخواردن، پالاوتنی دەروون و زەجرکێشان زاخاو بدرێن و ببن بە شیاوی ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ جیهانی پرشنگ و قۆناغی بەر لە دەسدرێژی تاریکی بۆ سەر تیشک؛ هەروەها لای وا بوو لە جیهانی هەنووکەییدا ئەهریمەن باڵادەستە. بنەمای کۆمەڵایەتی ڕاسپاردەکانی مانی لە سەر ئەساسی

PDF4Kurd



هەڵوەشـــانەوەی خەلاتـــە چینایـــەتی و ڕەگەزییـــەکان بووگـــە و بۆیـــە ئـــەمیش گـــەورەیی مرۆڤـــی لـــە تێفکـــرین و گەشـــەی مەعنـــەوی دەزانی؛ بەڵام پلـەکانی سـەرکەوتن کـە لـە زۆربـەی لقـەکانی تەناسـۆخ خـوازدا بـە حەوت پلە دائەنرا گـۆڕی بـۆ چـوار پلـە کـە لـە ڕاسـتیدا ئـەکرێ بـە چـوار چـین و تەبەقـە دابنـرێن. مـانی پـەیژەکانی سـەرکەوتنی لـە دۆخـی هەبووناسـانەوە گـۆڕی بـۆ پێگـەی چینایـەتی مامۆسـتا، خوێنـدکار، هەڵـبژاردە و بیسەر (بـەراوردی بکـەن بـە چـوار چـینی پـیر، دەلیـل، دەبـیر و جـەنگی لـە نـاو ئـەهلی حەقەکانـدا). ئەندێـشەی مـانی بـوو بـە سـەرچاوەیێکی‌تـری سـۆفیگەری و ڕێبـازێکی‌تـری لـێ کەوتـەوە و لـە سـەدەکانی دواتـردا بـەرە بـەرە خزایـە نێـو ڕێبازەکـەی‌تـری ئەندێـشەی سۆفیگەری و لـە هەنـدێ لقـدا کۆتـایی بـە ڕەوتی تەریقـەت بـوون هێنـا و بە تـەواوەتی خـستنیە نێـو بازنـەی شـەریعەتەوە. بـەرچکی لۆمـەیی‌یـەکان کـە دەقەکـەی بـەختیار زۆرتـرین نزیکایـەتی لەگـەڵ هەیـە یـەک لـەو لقانەیـە. لۆمـەیی‌یـەکان (مەلامـەتیان) یـەکێ لـە لقـە گرنگـەکانی سـۆفیگەرین. ئـەم دەسـتەیە لـە تونـد و تۆڵـترین و دەمـارگرژتـرین دەسـتەکانی ئەندێـشەی سـۆفیگەرین؛ بۆیـە گـەورەکانی تەریقـەتی دواتـر دەرکـەوتووی قادرییـە (بایزیـدی بـەسـتامی و غەوسـی گـەیلانی) خۆیانیـان دەخـستە ڕیـزی ئـەوان و لایـان وابـووە «گەیـشتوونەتە ئاسـتێ لـەوە سـەرووتر مەگـەر تـەنیا پەیغەمبـەری بێـت». هـەروەها گـەورەکانی تەریقـەتی نەقـشبەندیش لەوانـە محەمـەدی پارسـا خۆیانیـان بـە درێـژە دەری ئـەم تەرێقەتـە دەزانی. ئـەم دەقـەی بـەختیار لـە ڕووی جیهـانبـینی‌یـەوە ئەگـەر لـە چـاو گوڵـشەنی ڕازی مـەحموودی شەبـستەری و کیمـای سـەعادەت و مـەنتیقولتـەیر نزیکتـر نـەبێ بـە ئەندێـشەی مەلامەتیانـەوە، دوورتـر نییـە. کتـێبی شـاری مۆسـیقارە

PDF4Kurd


سپییەکان لە زۆر شوێندا مانیفێستە فیکرییەکانی ئەم بەرەیەی ڕاستەوخۆ گوازتۆتەوە؛ بۆ وێنە ژیانی ئیسحاق و جەلادت و سەرهەنگ قاسم و سەرهەڵگرتنیان بەرەو سەفەری نادیاری زووخاوادانی دەروون زۆر لە سەرهەڵگرتنەکانی بودا و ئیبراهیمی ئەدهەم بۆ پاک بوونەوە نزیکە؛ هەروەها ئەو حیکایەتە بەناوبانگەی مەلامەتیان وا باسی ئەوە ئەکات: (حەقیقەت ئاوێنەیێکی گەورە بووگە و ڕۆژێ لە ئاسمان داکەوتە خوار و هەر لەتێکی کەوتە شوێنێک و هەر کەسێک و پارچەیێک لەو ئاوێنەیەی بەرکەوتووە؛ بۆیە دروست بوونەوەی حەقیقەت گرێدراوی ئەوەیە ئەم پارچە بچووکانە بلکێن بە یەکترەوە) هێناوە و بە گۆڕانی وشەی حەقیقەت بۆ عیدالەت سووک و ئاسان کردویەتییە مانیفێستی دەقەکەی خۆی «عەدالەت وەک وێنەیەکی گەورەیە کە لە چەندەها پارچەی بچووک دروستبووە، هەر یەکێک لە ئێمە کە لە دایکدەبین و یەکێک لەو پارچە بچووکانەی وێنە گەورەکە لە دەستماندایە، دواتر کە گەورە بووین ئیشی ئێمە ئەوەیە ئەو پارچەیە لە عەداڵەت لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا لە ناو تابلۆکەدا دابنێین و... ل ٣٧٢ هەتا...» ؛ بەڵام وەک چۆن گۆڕینی وشەی حەقیقەت بۆ وشەی عیدالەت ناتوانێ کرۆکی ئەو مانیفێستە بگۆڕێ، بە هەمان چەشن، هێنانی ناوی بیرمەند و مۆسیقار و هونەرمەندە ئاوانگاردەکانیش ناتوانێ ئاخێزگەی ڕاستەقینەی جیهانبینی ئەم دەقە بشارێتەوە. سەرەتاکانی ئەم دەقە بە تایبەت لەو شوێنەوە وا جەلادەت و سەرهەنگ ئەکەونە تەک ئیسحاق، ڕەنگ و بۆی میتراپەرەستی پێوە دیارە. لە لاپەڕەکانی بیست و دووەوە هەتا پەنجا، لە دەیان شوێندا باسی هەتاو و تیشک و ئاو کراوە و ئیسحاقی مامۆستا لە سیستەمێکی میتراپەرەستانەدا وانەکانی خۆی

PDF4Kurd



بـۆ دوو شـاگردەکەی ئەڵـێتەوە. ئیحـساق لـە زۆر شـوێندا باسـی ئـەو سـەرکەوتن و فڕینـە مەعنەوییـەی ئـەکات بـە قـوول بوونـەوە لـەم توخمـە سـەرەکی‌یانـەی سروشـت و تـەرکیز کـردن لـە سـەریان دەسـتەبـەر ئـەبێت. ئیـسحاق بـەردەوام تیـشک ئەخاتـە سـەر دوو تـوخمی سـەرەکی میتراپەرەسـتی (تیـشک و ئـاو) و ناڕاسـتەوخۆ ئەمانبەسـتێتەوە بـە میتـرا و ئاناهیتـا، دوو خـودای سـەرەکیی تیـشک‌پەرەسـتی «دەبایـە ئـەو دوو کـوڕە گەنجـە بـە سـەعات لـە بـەردەم بارانـدا بوەسـتن و دڵـۆپ دڵـۆپ هەست بە بـاران بکـەن، دەیانەویـست تیـشک بـە تیـشک هـەموو ڕوونـاکی دونیـا بچێتـە ناویانـەوە. ئـەزموونێکی سـەیر بـوو سـەرهەنگ قاسـم و جـەلادەت هـەر لـە یەکـەم ڕۆژەوە هەسـتیاندەکـرد خـۆر و بـاران لای ئیـسحاق مانایـەکی‌تریـان هەیـە. ل ٢٢» «بـەیانییان ئیـسحاق لـە هـەر کـات گەشـتر و جـوانتر دەینوانـد، هەمیـشە بـەیانییان لـە ئێـوارێ و شـەو گـەنجتر بـوو، تـا ڕۆژ پتـر هەڵبکـشایە، ئـەو پیرتـر دەینوانـد، تـا وای لێـدەهات بـەر لـە خـەوتن ڕوخـساری پیرێکـی کەفتـەکاری دەگـرت. ل ٢٣» «مـن ئـاوم، ڕۆژێـک لـە ڕۆژان ئێـوەش دەبنـە ئـاو، ئـاو جگـە لـە خـوڕەی خـۆی ناتوانێـت بـە زمـانێکی‌تـر قـسە بکـات. ل ٢٤» «دەبێـت ڕۆحتـان ڕووناکبکەنـەوە، شـەو و ڕۆژی ڕۆح وەک شـەو و ڕۆژی جەسـتە نییـە. هەنـدێجار ڕۆح دەچێتـە خـەوێکی قووڵـەوە هەڵناسـێت، دەچێتـە شـەوێکی درێـژەوە و نایەتـە دەرێ. ل ٢٥» «لـە هـەتاو بارانیـان دەباراند، لـە بـاران خۆریـان دروسـت دەکـرد، شـەویان دەکـردە بـەیانی و بـەیانیان دەکـردە شـەو. ل ٤٠» «تێکەڵـبوونی بـە ئاوەکـان هـەموو دونیـای دەوروبـەری ڕووناکـدەکردەوە، هێنـدەی ئـەو تێکـەڵ دەبـوو مـانگی نـاو دەریاچەکـە دەبـوو بـە هـەزاران مانـگ، هـەر یـەک لـە ئەسـتێرە بچووکـەکان دەبـوون بـە هـەزاران ئەسـتێرە سـەرجەمی دەریاچەکـە

PDF4Kurd



دەبووە گۆمێک لە تیشک. ل ٤٤» دوو پات بوونەوە و داکۆکی کردنی بەردەوام لە سەر توخمە سەرەکی‌یەکانی ئەندێشەی میترایی ئەو کاتە زیاتر وەهمی فەزاییکی میتراپەرەستانەمان لا بەرجەستە ئەکاتەوە لە ڕێگە و شوێنی ئیسحاقی مامۆستا لەم دەقەدا تێ‌بگەین. پێگەی ئیسحاق لەم دەقەدا نەک دەبیری ئەهلی حەقەکان بەڵکوو ڕێک وەکوو سوڵتان ئیسحاقی ئەم لقەی هێشتاکە زیندووی میتراپەرەستییە. سەرجەمی ئەم هۆکارانە و هەروەها ئەو گرنگییەی ئەهلی حەقەکان و میتراپەرەستەکان بە مۆسیقایان داوە وا ئەکات خوێنەر سەرەڕای ئەو ناکۆکی‌یانەی لە دژایەتییکی تەواو دان لەگەڵ ئەندێشەی میترایی، هێشتاکە هەر ڕەچەڵەک و ئاخێزگەی ئەم بەشە لە دەق بگێڕێتەوە بۆ میتراپەرەستی؛ بەڵام لە درێژەی حیکایەتەکە و لە سەروبەندی خوێندنەوەی دەقدا بۆمان دەر ئەکەوێ خوێنەر هیچ ئاگادارییکی لە ئەندێشەی میتراپەرەستی و گوتاری ئەهلی حەقەکان نییە و بە زۆری لە ژێر کاریگەری مانەوییەتدایە و زۆرترین نزیکایەتی لەگەڵ سۆفیگەری و بە تایبەت لقی لۆمەییەکاندا هەیە. ئەم بڕیارە بەم هۆکارانەی خوارەوە پشت ئەستوورە. یەکەم: ڕوانگەی ڕەش و سپی کە بە سەر کۆی ئەم بەرهەمەدا سەپاوە و لە بەشەکانی پێشتردا لایەنە جۆراوجۆرەکانی خراوەتە بەر باس.

دووهەم: تەسلیس یان دابەشکردنی هەبوون بە سەر سێ کەرتی مرۆڤ، سروشت، خودا. ئەم بیرۆکەیە هەڵقوڵاوی ئەو بەشە لە فەلسەفەیە کە بە ئایینە ئاسمانیەکان ناویان لێ ئەبرێت. قورئان دەیان ئایەتی تیایە کە تیایدا مرۆڤ بانگهێشت ئەکاتە سەر سروشت تا لە ڕێگەی قووڵ بوونەوە لە دیاردەکانیەوە خوا بناسن. «بل کذبوا بالحق لما جاءهم فی امر مریج[٥] افلم ینضروا الی السماء فوقهم کیف بنیناها و زیناها و مالها من فروج[٦] و الارض

PDF4Kurd



مددناها و القینا فیها رواسی و انبتنا فیها من کل زوج بهیج[٧] تبصره و ذکری لکل عبد منیب[٨]» سوورەی ق= ئایەی ٥ تا ٨

سێهەم: لادان لە بیرۆکەی هەرە گرنگی سۆفیگەری واتە (یەکانگیری بوون) یان (Pantheism). ئەم ئەندێشەیە کە تا بەر لە زەقبوونەوەی جیهانبینی دوئیسم و ئایینە ئاسمانییەکان کۆڵەکەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەندێشە و بە تایبەت میتراپەرەستی بوو، لەگەڵ دەسپێکی ئیمپراتووریەتی ئایینەکان ناوەرۆکی خۆی دۆڕاند. کرۆکی واتای یەکانگیری بوون ئەوەیە کە خودا ڕۆحی جیهانە و جیهان لەشی خودایە و هەر بەم پێیە خودا هەموو شتێکە یان هەموو شتێ خودایە. هەروەها شرۆڤەی فەلسەفی ڕەنگی ئاو ڕەنگی زەرفەکەیەتیشی لێ ئەکرێ. ئەم ئەندێشەیە وەها لەگەڵ ناوەرۆکی دەسەلاتداریێتی و سیستەمی خاوەنداریێتی ئەندێشەی خەلیفەکانی خودا ناتەبا بووە کە هێندێ گوتاری بەرجەستەی وەک «من عرف نفسه فقد عرف ربه» یان «الطریق الی‌الله بعد نفوس الخلائق» نەیتوانی بەر بە کوشتنی مەنسووری حەلاج لە سەر کفری «ان الحق» وتن بگرێ. لەم دەقەی بەختیاردا، ڕێک وەکوو باوەڕی شەریعەتی ئیسلام جیهان دابەش کراوەتە سەر سێ کەرتی خودا، سروشت، مرۆڤ (بڕوانە بەشی تەسلیس) بەم پێیە ئەرکی سەرشانی مرۆڤ لە هەرسێ بوارەکەدا قووڵبوونەوەیە بۆ گەییشتن بە خودا. واتە خودا بەرز کراوەتەوە بۆ شوێنێک و مرۆڤی دەرکراو لە بەهەشتی خودا هەموو هەوڵێکی ئەبێ بۆ سازدانەوەی ئەو پێوەندییە پچڕاوە بێت (تەریوە بوونی ئادەم و حەوا لە ئایینی ئیسلام یان مشیک و مەشیانەی ئایینی زەرتوشتی بەراورد بکەن بەو بەشەی لە تیشک وا بە پێی ئەندێشەی مانی لە لایەن تاریکی‌یەوە دەسدرێژی کراوەتە سەر و ئەبێ تا ماوە هەوڵی پاک بوونەوە بدات بۆ گەڕانەوە بۆ جیهانی تیشک). «گووتی کە ئینسان لە بەردەم سێ سەفەری گەورەدایە، سەفەرێکیان بۆ ناو سروشت و سەفەرێکیان

PDF4Kurd



بۆ ئاسمان و سەفەرێکیان بۆ ناو خـۆی. ئینـسان بـۆ ئـەوەی ببێتـە ئینـسان دەبێت لایەنی کەم یەکێک لـەو ڕێگایانـە بگرێـت، ئیـسحاق دەیگـوت «لـەم سەفەرانەدا مرۆڤ تەنیایە، هیچ کەسێک ناتوانێت کومەکێکی گرنگی ئەوی تـر بکات، کە مرۆڤ دەچێتەوە ناو خۆی، کە دەڕوات بەرەو سروشت، کە دەڕوات بەرەو خودا، بە تەنیایە. ئەوە تەنیا چاوی خۆمانە فێرمان دەکـات ئـەو مرۆڤـە ببینین کە لە ناوماندایە، بە تەنیا دەبێـت تەبیعـەت بهێنینـە زمـان و گـوێی لێبگـرین. بـە تـەنیا دەبێـت خـودا بدۆزینـەوە، خـودای دینـدار و وشـکە سۆفییەکان‌نا، خودای ئێمە... ل ٢٣» دیار نییە بەختیاریێ کە ڕێک بـاس لـە خودای وشکترین سۆفییەکان ئـەکات بـۆ خـۆی لـە خـودای ئـەو سـۆفییانە ئەدزێتـەوە؟! ڕەنگـە لـە لاپـەڕەی ٢٦دا وڵامـی گونجاومـان دەس کـەوێ «پیاوێک بوو لە سەر دەستی سۆفی و فەیلەسوفان و سروشتدا پەروەردە بـوو، بەڵام سادە و ساکاری جووتیارێکی تیا بـوو». لـەم گوتەیـە ئـەکرێ دوو مانـا هەڵـگۆزین. یەکـەم: نووسـەر ئاگـای لـە سـادە و سـاکار بـوون و شرپۆشـی سۆفییەکان نییە و نازانێ کە سۆفی‌یەکان زۆرجار لە جووتیارەکانیش سـادە و ساکارتر بووگن. ئەگەر وابێ نووسەر تووشـی هەڵـەیێکی قـووڵ هـاتووە. بـۆ چاککردنەوەی ئەم هەڵـەیە ئـەکرێ وشـەی سـادە و سـاکار لـە سـیفەتێکی ڕواڵەتی کە دەلالەت بێ بۆ جلوبەرگ و سیمای ئیسحاق بگۆڕین بۆ ساویلکە بوون یان لە گەشبینانەترین واتایدا خۆش باوەڕ بوون، بـێ ئاگـا بـوون یـان هەر شتێکی‌تری لەم بابەتە. بە ڕای ئێوە مامۆسـتا ئیـسحاقی لێوزێـڕین بـەم واتایە کەسێکی سادە و ساکارە؟ دووهەم دەرەنجامێ کە ئەکرێ لـەم گوتەیـە هەڵـنجێنین ئەوەیـە کـە بـەختیار دەسـتەیێکی تایبـەتی لـە سـۆفییەکانی مەبەستە؛ چونکە لە ناو کۆی سۆفییەکاندا لانیکەم لقێک ئـەبینرێ کـە نـەک هەر جل و بەرگی سادە و ساکار لە بەر ناکەن، بەڵکوو ئەو پەڕی پۆشـتەیی و تەڕپۆشییان کردۆتە پیـشە و ئـەو دەسـتەیە لۆمـەیی‌یـەکانن؛ بـەڵام ئەگـەر

PDF4Kurd



بەختیار ئەم دەستەیەی مەبەست بوویێت، سەروبەری دەقەکەی تووشی هەڵەشەیی و نارێکی ئەبێتەوە؛ لە بەر ئەوەی جیهان بینی دەقەکەی زیاترین نزیکایەتی لەگەڵ ئەم ڕێبازەی سۆفیگەری هەیە. بەشێکی زۆری ئەم دەقەی بەختیار لە سەر سێ کۆڵەکەی مەلامەتیان واتە کەمتەرخەمی بەرامبەر بە خەڵک، گرنگیدان بە مۆسیقا و سەما، دڵنواڕی یان شهوود دامەزراوە. کەمتەرخەمی و خەمسار بوونی مەلامەتیەکان لە مەڕ ڕێسا باوەکانی سۆفیگەری پێش خۆیان وەک شرپۆشی و پارێز لە سووچ و تاوان لە نیشانە هەرە زەقەکانی ئەم ڕێبازەیە. ئەمان بە پێچەوانەی زۆربەی سۆفییەکانی پێش خۆیان لە بەر دوو هۆکاری شکاندنی لە خۆبایی بوونی نەفس و هەروەها خۆپاراستن (تەقییە) زۆر بە ئاسانی بنەماکانی شەریعەت و تەنانەت تەریقەتیشیان دەشکاند و بۆ وێنە لە مانگی ڕەمەزاندا بە بەر چاوی خەڵکەوە شتیان دەخوارد یان وەک لە داستانی شێخی سەنعاندا هاتووە، پاش پەنجا جار حەج کردن خۆیانیان ڕیسوای عەشقی کچە تەرساییێک ئەکرد. بەشێکی زۆر لەم دەقەی بەختیار لە شاری سۆزانییەکاندا ڕوو ئەدات. مانەوەی هەر سێ کوچکەکەی جەلادەت، مووسای بابەک و دالیا سراجەدین لە ناو ئەو سۆزانییانەدا ڕێک لە بەر مەنتیقێکی مەلامەتیانەیە. هەر سێکی ئەم کەسانە بە پێچەوانەی خواستی خۆیان بۆ پاراستنی خۆیان و خزمەتی بیر و باوەڕی خۆیان لەو شار و دۆخەدا گیرساونەتەوە و لە ڕاستیدا لە بیر بردنەوەی مۆسیقا لە لایەن جەلادەتیشەوە ئەکرێ ڕاستەوخۆ ببەستینەوە بەم ئەندێشەیەوە ئەگەر درێژدادڕی و ناشارەزایی نووسەر و دیکەی هۆکارە زەقکراوەکان دەرفەتی بە خوێنەر بدایا. هەوڵە شۆڕشگێرانەکانی مووسای بابەک و دەست و پێوەندەکانی بۆ پاراستنی هونەر و بە تایبەت نیگارەکان جگە لەوەی ڕێک هەوڵی لایەنگرانی مانیی پەیغەمبەری نیگارکێشە، لە بەر کاریگەری مانەوییەت لە سەر مەلامەتیان هەوڵێکی سۆفیانەشە. لە

PDF4Kurd



تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی سۆفیگەری خەبات بـۆ پاراسـتنی باوەڕەکانـە بـە شاراوەیی و بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەی تەقییـە. ئـەم چەشـنە خەباتـە شاراوەیە و هەروەها خۆ خستنەبەر لۆمەی سۆزانی بـوون گـەورەترین بەشـی دەقەکەی بەختیاریان داگیر کردووە.

بەراورد کردنی دووهەمین تایبەتمەندی مەلامەتیان واتە گرنگیدان بـە مۆسیقا و سەما بەم دەقەی بەختیارەوە لە بەر زەق بوونی باسەکە ناپێویـستە، بۆیـە ئەڕۆمـە سـەر تایبەتمەنـدی سـێهەمی مەلامـەتیان واتـە گرنگـیدانی لەڕادەبەدەر بە دڵنواڕی (شهوود) و پشت کردن لـە ئـاوەز و بەڵـگەهێنانەوە. وەک لە سەرجەمی حیکایـەت و شـیعرەکانی ئـەم بەرەیـە دەرئەکـەوێ لـە ڕەوتی بـە دواداچـوونی حەقیقەتـدا ئـەوەی بـە لایانـەوە گرنگـە شـهوودە و ئاوڕێکی وا لە ئیستدلال و سەبەب و بەڵگە هێنانەوە نادەنەوە.

«پای استدلالیان چـــوبیـــن بـــود    پای چوبین سخت بیتمکین بود»

لە بەشەکانی گەلاڵە و کەسێتی داڕشتن و کەشوهەوادا باسی ئـەوەمان کرد مامۆستا ئیسحاق لە باتی گرتنە بەری ڕەوتێکی زانستییانە بۆ فێر کردنی دوو خوێندکارەکەی، لە ڕێگـای پـالاوتن (تزکیـە)ەوە هـەوڵ ئـەدات بـۆ بـە موزارت کردنیان. ئیسحاق ڕێک هەمان سیستەمی فێرکاری پەیڕەو ئەکات وا مەلامەتیان و تاقمێکیتر لە سۆفییەکان بۆ گەییشتن بە حەقیقـەت و جـوانی بە دوایەوەن. محەمەدی غەزالی لە «احیاء العلوم»دا حیکایەتێکی هێناوە کـە تیایدا باسی خوڵقاندنی هونەر و گەیشتن بـە جـوانی لـە ڕێگـای پالاوتنـەوە ئەکات. لەم حیکایەتەدا کە جەلالەدین محەمەدی مەولەویش لـە مەسـنەوی مەعنەویدا هێناویەتی باسی ئەوە ئەکات کە چینییـەکان و ڕۆمییـەکان هـەر دەستە و بە جیا باسی هونەری شێوەکاری خۆیـان دەکـرد. پاشـا (ئامۆژگـار) کێبەرکێیێکیان بۆ دائەنێ. ئەو شوێنەی بـۆ تاقیکردنـەوە پیـان ئـەدرێ دوو دالانی بەرامبەر یەکترە. شێوەکارە چینییەکان لە پاشا داوای فرچە و ڕەنـگ

PDF4Kurd



و دیکەی ئامێرەکانی نێگارکێشان ئەکەن؛ بەڵام ڕۆمییەکان هیچ ئامێرێکی نیگارکێشانیان ناوێت و هێڵیش بە سەر دیوارەکانی خۆیاندا ناهێنن؛ بەڵکو لە بری ئەوە ئەکەونە ساوین و خاوێن کردنەوەی دیوارەکە. بەم شێوەیە دەرگا بە سەر دیتراندا دائەخەن و بەردەوام دیوارەکان زاخاو ئەدەن و لووسی ئەکەن. چینی‌یەکان پاش تەواو بوونی کارەکەیان ئەیکەن بە قوولە و چەپڵەڕێزان. پاشا بە دیتنی هونەرەکەیان شاگەشکە ئەبێت. پاش تاوێ ڕوو ئەکات لە ڕۆمییەکان و ئەو پەردەیەی کەوتبووە نێوان هەر دوو دالانەکەوە لا ئەدات. لەگەڵ لادانی پەردەکە، نەخش و نیگاری چینییەکان ئەکەوێتە سەر دیواری زاخاو دراوی ڕۆمییەکان و جوانتر لە نیگاری چینی‌یەکان وێنا ئەبێ. نیزامی گەنجەیی لە ئێسکەندەرنامەدا جێگای ڕۆمی و چینی‌یەکانی گۆڕیوە

به صورتگری بود رومی به پای مصقل همی کرد چینی سرای

بۆیە زیاتر ئەسەلمێت مەبەست لەم حیکایەتە گرنگی‌دان بە هونەری هیچ وڵاتێ نییە، بەڵکوو تەمسیلە بۆ واتایێکی فەلسەفی و دەربڕی ئەوەیە کە بۆ خوڵقاندنی جوانی ئەبێ بەر لە هەموو شتێ دەروون و ڕوانین زاخاو بدرێت؛ هەروەها دووپاتکەرەوەی واتای Pantheism یان یەکانگیری بوونە (ڕەنگی ئاو ڕەنگی زەرفەکەیەتی)؛ کەچی بەختیار کردوویەتیە مەنتیقی داڕشتنی ڕۆمان کە لە ئەساسدا زانستی و ئاوەزمەندانەیە. نەک ڕۆمان کە بەرهەمهاتووی جیهانی بێ خودایە، بەڵکوو تەنانەت دەق و حیکایەتە میتافیزیکییەکانیش، بەدەر لە واتای ناوەکییان، لە خۆیاندا هەڵگری مەنتیقێکی دیالێکتیکی یان ڕیالیزمین. لەو حیکایەتەی سەرەوەدا هەرچەن پەیامی حیکایەت ڕێنوێنییێکی سۆفییانەیە، کەچی سیستەمی زناگناسی بە تەواوەتی واقیعگەرانەیە. یەعنی ڕۆمییەکان لە بری ئەوەی دوعا بە دیوارەکەدا بخوێنن، فوو بە دیوارەکەدا بکەن یان هەر سەبەبێکی تری ناواقیعی بە کار بهێنن، خەریکی سواندن و لووس کردنی دیوارەکە ئەبن. واتە دەرەنجام ناتوانێ پاساودەری ڕەوت بێت. پەیامی دەق چ دەبێ بلا ببێ،

PDF4Kurd


مەنتیقی دەق ئەبێ بە پێ تایبەتمەندییەکانی خۆی بێت. ئەم پێویستییە لە هەموو حیکایەتە ڕێک و پێکەکانی میتافیزیکیانەترین بەرهەمەکانیشدا لە کلیلە و دەمنە و داستانەکانی هەزار و یەک شەوەوە بگرە هەتا حیکایەتەکانی گوێی ئاگردانیش ڕچاو کراوە؛ کەچی بەختیار مەنتیقی سۆفیانەی

«شمعی‌ست دل مراد افروختنی چاکیست ز هجر دوست بردوختنی
ای بی‌خبر ز سوختن و سوختنی عشق آمدنی بود، نە آموختنی»

کردۆتە پاسای دەسکورتی خۆی لە بواری ڕۆماننووسی و هەروەها پیشان دانی ئەو مۆسیقایەی وەک مۆسیقای ئیدیال و جاوید باسی ئەکات. بەختیار لەم دەقەدا زۆرتر لە بەرهەمەکانی پێشتری سنووری نێوان واقیع و فانتازیا، هۆ و هۆکار (دلیل و علت)ی ون کردووە و دوای وەهمی ڕیالیزمی سیحراوی نووسەرانی ئامریکای لاتین کەوتووە و بیری لەوە نەکردۆتەوە ڕیالیزم بەر لە وشەی سیحراوی هاتووە. واتە ئەو فانتازیایانەی ئێمە لە دەرەوەدا وەک خەیاڵی نووسەر ئەیبینین، لە ئاخێزگەی خۆیدا وەک حەقیقەت ئەبینرێن؛ وەک چۆن لای زۆرێک لە خەڵکی کورد مێردزمە و مۆتەکە واقیعین و ڕێکردنی دیوار بە داخوریانی خاس‌خواکان حاشا هەڵنەگر ئەنوێنن. نووسەری شاری مۆسیقارە سپی‌یەکان لە نێوان تەسەور و حیماسە و فانتازیای تەریکدا وەها سەر لێ‌شێواوە، هەتا کۆتایی دەقەکەشی دەرک بەوە نابات مەنتیقی تەسەور، حیماسە، سیحر و فانتازیای تەریک گەلێک جیاوازن. کەسێتی‌یەکانی ناو ڕۆمان ئەکرێ خورافیانەترین شێوەی بیر کردنەوەیان بێت (وەک کەسێتی‌یەکانی ناو ڕۆمانەکانی بارگاس یووسا و کارپێنتی‌یێر)، پێوەندی نێوان کەسێتی‌یەکان ئەکرێ بە دەر بێت لە هەر چەشنە مەنتیقێکی ڕیال (وەک ڕۆمانەکانی شهوودی فلانێر ئوکانێر یان سەرۆک کۆماری ئاستۆریاس)؛ تەنانەت گشتێتی دەقیش دەلالەت و بانگهێشت بێ بۆ

PDF4Kurd



خورافــە و ســیحر (وەک پــەیامی سلێــستینی جیمــز ڕێکفیلــد) یــان یەکــسەر لــە ســەر ئەساســی فانتازیــای نووســەر داڕێژرابێــت (وەک سـەفەرەکانی گـالیور، هـەری پـاتێر و...) بـە مـەرجێ ڕێبـازی نووسـین ڕێبـازی ڕۆمـان بێـت و سـیحر و فانتازیـا و حیماسـەکانی نـاو دەق نەبێتـە پاسـای نـەبوونی مـەنتیقی ڕۆمـان.ڕۆمـان ئەگـەر حیماسـەش بـێ، حیماسـەی جیهـانی بـێ خودایـە و بۆیـە شـهوود و ئـیرادەی خواکـانی کاریگـەر لـە سـەر کەسـێتییـەکان قـەت نابـێ بـە هێـزی پێکهێنـەری. دیارە ئەمە بە مانـای ئـەوە نییـە لـە جیهـانی ئەمـڕۆدا دەقـی سـۆفییانەمان بـەر چـاو ناکـەوێت و بـە نـاوی ڕۆمـان و داسـتانەوە دەرخـواردی جـەماوەر نــادرێن. لــە بــشێوکەی ئەمــڕۆدا دەیــان بەرهــەمی پوپولیــستی و فریوکارانــەی وەک بەرهەمــەکانی «پــائولو کوئیلــو» و «کــارلوس کاســتانێدا» بــە ئــەژماری ســەرووی بیــست میلیونــەوە دەرخــواردی جـەماوەری گـشتی و نەخوێنـەوار ئـەدرێت. ئەگـەر ئاوەهـا بەرهەمگـەلێ بـە پوپولیـستی بـزانین، ئـەم دەقـەی بـەختیار دوو جـار پوپولیـستییـە؛ لـەبـەر ئـەوەی سـەرەڕای پێکهاتـەی تـەواو سـۆفییانە و مێتافیزیکیانـە بـە نـاو هێنـانی بـەردەوام و خۆدانـە پـاڵ ڕێبـاز و کەسـێتییـە ئاوانگاردەکـان بـەردەوام هەوڵـی خـۆ ئاوانگـارد نوانـدنی داوە. ڕەنگـە ئەگـەر بـەختیار نـەختێ زیـاتر لـە ئەندێـشەی سـۆفییانە ورد ببوایاتـەوە و مەبەسـتی لـە خوێندنـەوە لـەم بـوارەدا ولام دانـەوەی کەسـێکی وەک فـاروق ڕەفێـق نـەبوایا، وەهـا دەقەکـەی تووشـی نـاکۆکی نـەکردایات و بەرهەمەکـەی خۆی لـە خانـەی بەرهەمـەکانی پـائولو کوئیلـو و دیکـەی پوپولیـستەکانـدا بدیایاتــەوە کــە لــە ســەر ڕای گــشتیی و ڕووبــەریی کــار ئەکــەن و هەوڵــەکانیان لــە پێنــاو ئاســانکاری خۆیــان و ڕاکــشان و ڕاهێنــانی خوێنــەری حیماســییە. وەک لــە کتــێبی ئیمــان و جــەنگاوەرانیدا دەر ئەکـەوێ، نووسـەر توێژینـەوەیێکی زۆر بـە پەلـە و سەرسـەری هـەبووە لـە

PDF4Kurd



سەر مێتافیزیک و فێندامێنتالیسم و ئەندێشەی سۆفیگەری و بۆیە ئەم دەقەی ئێستاشی لەگەڵ ئەوەی یەکێ لە کۆنترین ڕەهەندەکانی ئەندێشەی کردۆتە هەوێن، کەچی تیایدا سەر نەکەوتووە. ئەو نووسەرەی وا لە کتێبی ئیمان و جەنگاوەرانیدا هەموو وزەی خۆی خستبووە گەڕ بۆ کوتاندن و داماڵینی فێندامێنتالیسم و کۆنەپەرەستی، وەک خۆی کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەو مەنتیقەی وا خەریکی ڕەتکردنەوەی بووە، وەک بە حەیفی زانیبێ دەسکەوتەکانی بواری سۆفیگەری سووک و ئاسان لە بیری بڕواتەوە، کردویەتیە هەوێنی تازەترین بەرهەمی خۆی «شاری مۆسیقارە سپییەکان». پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بەختیار بیر نوکتەیێکی تری لای خۆمان کەوتمەوە: ڕێبوارێ لە کابرایێک ئەپرسێ ئەو چەن کەسە بۆ لەوێ ڕاوەستاون. کابرا بۆ گاڵتە ئەڵێ گۆشتی نەزری ئەبەخشنەوە. ڕێبوار دەسبەجێ هەڵدێ بۆ وەرگرتنی گۆشتی نەزری. پاش ئەو، چەن کەسی تریش بەرەو ئەوێ هەڵدێن. کابرا کە ئەبینێ ئەو ناوە جەنجاڵ ئەبێ، گومان و تەماح دایئەگرێت و ئەڵێ:

نەکا ڕاست بێ...